# فانتازیای گەڕانەوە

## خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی

ناوی کتێب: فانتازیای گەڕانەوە

نووسینی: عەتا قەرەداخی

بابەت: ڕەخنە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: 1000 دانە

نرخ: 4000دینار

ژمارەی سپاردن: 42 ی 2008

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی 2008

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.org

# فانتازیای گەڕانەوە

## (خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی)

عەتا قەرەداخی

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (424)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 7 |
| 1-گەڕانەوە بۆ سەرچاوە لە چیرۆکی (کانییە ڕەحمانی)ی حسێن عارف دا. | 13 |
| 2- کوشتنی ئازادی و رووتکردنەوەی مرۆڤ لە شوناس لە چیرۆکی (خەڵکەکە چۆن بوون بە گا) ی مەم دا. | 32 |
| 3- فانتازیای گەڕانەوەی زێوەر لە چیرۆکی (شار لە پێشوازی زێوەردا) ی محەمەد فەریق حەسەن دا. | 49 |
| 4- خوێندنەوەی مێژوو لە ڕێگای خەونەوە لە چیرۆکی (شایەتی بەردێك) ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا | 76 |
| 5- پاڵەوانی چیرۆکی (ئەو باڵندە بریندارە کە منم) لە نێوان قوربانی و جەلاددا. چیرۆکی عەتای نەهایی. | 92 |
| 6-فایلی نهێنی شارو کاریگەری رابردوو لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) ی جەبار جەمال غەریب دا. | 136 |
| 7-دەسەلاتی رابردوو لە کوشتنی ئێستاو ئایندەدا لە چیرۆکی (خوێنی کونەپەپوو)ی کاروان عومەرکاکەسور | 167 |
| 8- بوون لە جوگرافیای خەیاڵدا لە چیرۆکی (تەتەری مێژووە ئەندێشەییەکان)ی عەتا محەمەددا | 209 |
| 9-پێشبینیکردنی مەرگی شار لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا لە چیرۆکی (ئەو کاتەی سلێمانی ئەسووتیٚ)ی  نەجات نوری دا. | 229 |

# پێشەکی

ئایزەر لە کتێبی (کرداری خوێندنەوەو تیۆری وەڵامدانەوە)دا دەپرسێت چۆن دەق لای خوێنەر مانای دەبێت و بە پێی چ هەلومەرجێك؟ ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم پرسیارە بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە دەق بەلای ئایزەرەوە دوو جۆرن. یەکەمیان ئەو دەقانەی کە مانایان هەیە یان مانا دەبەخشن یان مانا بەرهەم دەهێنن. دووەمیان ئەو دەقانەی کە مانایان نییە یان مانا نابەخشن یان مانا بەرهەم ناهێنن. کە دەشێ ئەم بۆچوونەی ئایزەر لە ژێر ناوی دەقی زیندوو دەقی مردوودا پۆلێن بکرێت. ئایزەر باسی مانای دەق لەلای خوێنەر دەکات کە دەشێ ئەوەش جێگای لەسەر وەستان بێت چونکە ئەو شوناسی ئەو خوێنەرەی دیاری نەکردووە کە مەبەستیەتی و هەروەك ئاشکراشە ناکرێت دەق لای هەموو جۆرە خوێنەرێك مانا بەرهەم بهێنێت. بەڵام ئەو خوێنەرەی کە دەشێ بکرێت بە پێوانە بریتییە لە نوخبەی جدی لە خوێنەر. هەروەك هەندێ جارو بەتایبەتیش لە روانگەی ریبازی رەخنەی وەڵامدانەوەی خوێنەرەوە، وەڵامی خوێنەر بە هێند وەردەگیرێت.

مەبەست لە هێنانەوەی ئەم قسەیەی ئایزەرو ئەم چەند رستەیەی سەرەوە ئەوەیە کە لە کاری رەخنەشدا هەم ئاستی ئەو مانایەی کە دەق دەشێ لای رەخنەگر درووستی بکات و هەم ئاستی وەڵامدانەوەی رەخنەگر لە کاتی خوێندنەوەدا بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم چەند کارەی کە لە دوو توێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە لە کاریگەری ئەو بۆچوونەی ئایزەر خاڵی نین ، بەڵکو گەڕان بە دوای ماناو ئەو گاریگەریەشی کە هەریەکە لەو دەقانە لە کاتی خوێندنەوەیاندا درووستیان کردوون دەشێ مۆتیگی سەرەکی بن لە هەڵبژاردنی ئەم دەقانەدا بۆ کار لەسەر کردن.هەرچەندە ئەو میتۆدەی کە من لێرەو لە زۆربەی ئەو کارانەی لەسەر ئەدەب کردوومن میتۆدی رەخنەی تەواوکارییە کە بە روانینی من ئەم میتۆدە

بواری کارکردن تێیدا فراوانەو ڕێگاش دەدات کە بە ئاراستەی جیاوازو تەنانەت دژ بەیەکیش لەنێو هەمان دەقدا کار بکەیت لە کاتێکدا بڕوا وایە کە لە جیاوازی و دژیەك و بەرامبەر یەك و دووانە ناکۆك یان بەرامبەر یەکەکاندا دەشێ زیاترین ماناو زیاترین ئاستیش لە ئێستتیکا بەرهەم بێت.

خوێنەری خۆشەویست ئەم چەند خوێندنەوە ڕەخنەییەی لێرەدا دەیبینیت لەسەر هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی هەوڵێکە بۆ قسە کردن لەبارەی بەشێك لە ئەزموونی ئەو چەند چیرۆکنووسەوە لە سێ نەوەی جیاواز لە رووی مێژووییەوە کە نەوەی یەکەمیان سەرباری جیاوازی لە تەمەن و دەستپێکردنیندا بریتین لە حسێن عارف و محەمەد مەولوود مەم و محەمەد فەریق حەسەن و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل. نەوەی دووەم بریتین لە عەتای نەهایی و جەبار جەمال غەریب. نەوەی سێیەم بریتین لە کاروان عومەر کاکە سوور و عەتا محەمەد و نەجات نووری. دیارە دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێم کە مەرج نییە تەنیا ئەم ناوانەی کە لێرەدا هاتوون و چیرۆکەکانیان قسەیان لەسەر کراوە تەنیا ناوی دیاری نەوەکەی خۆیان بن ، نەخێر چەنین ناوی تریش هەن کە شایانی لەسەر وەستان و قسە لەسەر کردن کە هیوادارم بتوانم لە کتێبی سێیەممدا لەسەر چیرۆك لەبارەی هەنێ لە چیرۆکی ئەو ناوانەوە بدوێم کە شایانی قسە لەسەر کردنن. ڕاستییەکی تریش هەیە کە جێگای خۆیەتی لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بە گشتی و لە بواری ڕەخنەدا ئاماژەی بۆ بکەم ئەویش ئەوەیە کە بەداخەوە لەم نێوەندەدا و تەنانەت لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستانیش کاری ڕەخنە کارێکی دەگمەنەو کەم کەسی وامان هەیە تواناى بەسەردا بشکێت یان توانایو بوێری ئەوەی هەبێت خۆی بخاتە بواری ئەو موجازەفە کردنەوە. هەروەك لە هەمان کاتدا بێویژدانییەکی گەورەش دەکرێت لە بارەی ڕادەربڕین لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە بە تایبەتی لەلایەن کەسانێکەوە کە دوورو نزیك

نازانن رەخنە چییە و بێ هەستکردن بە بێ هیچ بەرپرسیارێتییەك باسی ئەوە دەکەن کە ئێمە رەخنەمان نییە. من خۆم لەو کەسانەم هەمیشەو بەخۆڕسکی بەسادەو متەوازیع درووست بووم و هەرگیزیش نە بەدوای ناوبانگ و نە بەدوای سامانیشدا نەچووم و ناشچم بەلاّم ئەوەش بە چاکی دەزانم کە ئەو کارە متوازیعانەی تاکو ئێستا کردوومن بەبەراورد بە بەشێکی دیار لە رەخنەی ئەدەبی ئینگلیزی و رەخنەی ئەدەبی هەندێ لە نەتەوکانی تریش لەچ ئاستێکدان و لەو روانگەیەشەوە بە ئاشکرا ئەوە دەزانم کە تا چ ئاستێك غەدر لەو کارانەی من و هەندێ کەسی تریش دەکرێت لە لایەن ناوەندێکەوە کە تا ئەندازەیەکی زۆر بێ ئاگایە لە رۆشنبیری بە گشتی و لە قوتابخانەو رێبازە رەخنەییەکان و زۆر کاری رەخنەیی دیاریش لە ئەدەبی جیهانیدا. خوێنەری خۆشەویست دەمەوێت لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانەی کە لێرەدا خۆێندنەوەیان بۆ کراوە دەشێ تاکە باشترین چیرۆکی ئەو چیرۆکنەدەسە نەبن بەلاّم بێگومان لە چیرۆکە باشەکانی ئەو چیرۆکنووسانەن. هەرچەندە بە گوێرەی هەندێکیان من لە کتێبی (گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع) لە سەر چیرۆکی تریان دواووم. قسەیەکی تریش کە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە دوای ئەوەی من لەسەر چیرۆکی (تەتەری مێژووە ئەندێشییەکان)ی عەتا محەمەدم نووسی هەلاّیەك لەسەر ئەو چیرۆکە درووست بوو کە گوایە ئەو چیرۆکە لە چیرۆکێکی تاهیر بن جەلونەوە وەرگیراوە. بەهەرحاڵ من لەسەر دەقێکم نووسیووە کە دەقێکی کوردیە هەرچەندە من پێشتریش من لە نووسینەکەی خۆما گوتوومە خەیاڵی نووسین لای عەتا محەمەد خەیاڵێکی کوردی نییەو جیاوازە لەو خەیاڵەی کە زۆرێك لە چیرۆکنووسانی کورد چێی دەنووسن ، دیارە ئەمەش ئەوەندەی کە پەیوەندی بە خوێندنەوەی ئەزموونی نووسینی دەرەوەی واقیعی کەلتوری ئێمەوە هەیە وەکو سەرسام بوون بەو ئەزمونانە ئەوەندە پەیوەندی بە وەرگرتنی راستەوخۆوە نییە.

خوێنەری خۆشەویست ئەم بەرهەمەی لەبەر دەستی تۆی خۆشەویستدایە وەکو هەر شتێکی تری نێو ئەم گەردوونە بێ کەم و کورتی نییە بە تایبەتیش قسەکردن لەسەر دەق جیاوازیی هەیە لەسەر نووسینی توێژینەوەیەکی تەقلیدی یان ئەوەی کە پیێ دەگوترێت لێکۆڵینەوەی زانستی کە دەبێ بە وتەو قسەی نووسەران و بیرمەندان و توێژەران بابەتەکە بەهێز بکرێت. نەخێر لە لێکۆڵینەوەی دەقدا ئەرکی رەخنەگر کارکردنە لەنێو بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکەدا کە ئەویش دەبێ بە پەیڕەوکردنی میتۆدی تایبەتی رەخنەیی ئەنجام بدرێت. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە دوای بلاْوبوونەوەی کتێبی (گەڕان بە دوای ماناکانی شیعر)دا کەسێك خوێندنەوەی بۆ ئەو کتێبە کردبوو ، بەلاْم رەخنەی لەوە گرتبوو کە من لە شیکرنەوەی ئەو شیعرانەدا پشتم بە سەرچاوە نەبەستووە. لێرەدا من هەر ئەوەندە دەڵێم کە کەسێك رۆشنبیری رەخنەیی ئەوەندە لاواز بێت نەزانێت رەخنەی شیکاری چییەو چۆن کاری پێ دەکرێت ، ئایا بەچ بەرپرسیارێتیەکەوە دەنووسێت و بڕیار دەدات و هەڵدەسەنگێنێت؟

دەبێ لێرەدا باسی ئەوەش بکەم کە کارکردن لە بواری رەخنەدا زۆر کێشەی بۆ من درووستکردووە، لە جۆری تەکلیفی کەسانێکی زۆر کە نەمتوانییوە تاکو ئێستا هیچ کام لەو تەکلیفانە جێبەجێ بکەم و ئومێدەوارم نەگەمە ئەو ئاستەی کە بەتەکلیف بنووسم. هەروەك هەندێ لەوانەشی لە لەبرەی بەرهەمەکانیانەوە دواوم لەبەر ئەوەی نووسینەکانم بە دڵی ئەوان نەبووە ، لێم زویر بوون. بلاْم ئەوەی کە وام لێدەکات کە بنووسم ئەو خوێنەرە خۆشەویستانەمە لەدەرەوەی ناوەندی ئەدیب و نووسەران کە رۆژانە لە سەر رێگاو لە چایخانەو لەملاو لەولا رامدەگرن و گفتوگۆی نووسینەکانم لەگەڵ دەکەن ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە تاکو ئێستا هەژدە کتێبم چاپ کردووە ، هیچ کام لە کتێبەکانم نەکەوتوونەتە سەررەسیفی شەقامەکان و لە کتێبخانەکانیشدا نەماون. ئەمەش ئەو ئاماژەیەم دەداتێ کە

خۆێنەرێکی تایبەتی هەن بکە بەرهەمەکانم دەخوێننەوە. من لە راستیدا یەکەم بۆ چێژو خولیای خۆم دەنووسم و دووەمیش بۆ ئەو خوێنەرە خۆشەویستانەی خۆم. کە هیوادارم لە هەمان کاتدا نووسینەکانم بەشدارییەك بن لەکاروانی هەژاری رۆشنبیری کوردیدا و نەخش و کاریگەرییەکیان هەبێت لە درووستکردنی عەقڵی رەخنەیی کوردیدا.

سلێمانی 6ی ئابی 2007

# گەڕانەوە بۆ سەرچاوە لە چیرۆکی
# (کانییە ڕەحمان)ی حسێن عارف دا

کانییە ڕەحمان یەکێکە لە چیرۆکە دیارەکانی چیرۆکنووسی دیاری کورد حسێن عارف کە لە ساڵی 1978 دا نووسیوویەتی. ئەم چیرۆکە بەرهەمی قۆناغێکە کە بە قۆناغی پڕ بەخشش و داهێنانی ئەم چیرۆکنووسە دادەنرێت.حسێن عارف سەرباری ئەوەی کە زمانی شار لە نووسیندا بەکار دەهێنێت دیسان لە بواری بەکار هێنانی تەکنیکەکانی چیرۆکنووسینیشدا بە شارەزایی و وریاییەوە کار دەکات. ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی دەقەکانی بە دەقی زیندوو وکراوە دادەنرێن و هەڵگری هەندێ پرسیاری گرنگی مەعریفین سەبارەت بە مەسەلەکانی بوون و پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و بە خودی خۆشیەوە وەکو مرۆڤ.

کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە کە (پیاوێکی تەمەن شەست و شەش ساڵان کە لە گەڵ کوڕو بووك و دوو کوڕەزاکەیدا دەژی ، ڕۆژێك لەگەڵ حەمەدی کوڕەزایدا ماسیەکی بچووك دەهێنێتەوە و پاشان پێکەوە ئەو ماسیە بچووکە دەبەن بۆ حەوزی مزگەوتی گوندەکەیان.ماسیەکە لەوێ گەورە دەبێت و دواتر هاوەڵی تری بۆ پەیدا دەکەن و زاوزێ دەکەن و زۆر دەبن. ئەم پیاوە دووچاری بارێکی دەروونی نائاسایی دەبێت وهەڵس و کەوتی بە جۆرێك دەگۆڕێت کە کوڕو بووکەکەی ئاسایی هەستی پێدەکەن. بۆ ڕۆژی دواتر بارە دەروونیەکەی بە جۆرێك فشاری بۆ دێنێت توانای خۆ ڕاگرتنی نامێنێت ، بۆیە دەمی عەسر لە ماڵ دێتە دەرەوەو بەرەو لای سمایل دەکەوێتە ڕێ کە لە ڕاستیدا سمایل جگە لە ناوێك کە تەنیا ئەو جارە لە چیرۆکەکەدا ناو دەبرێت ئیتر هیچ ئامادە بوونێکی نییە. تا دەمی تاریك داهاتن ڕێگا دەکات و پاشان ڕاستەوخۆ ڕێگای مزگەوت دەگرێتە بەر بە

ئومێدی سەردانی ماسیەکە. کاتێ دەگاتە ئەوێ دەبینێ ماسیە گەورەکە لە ناو ئاوی حەوزەکەدا مردووە. ئەوەش دووچاری خەمێکی گەورەتری دەکات.دادەنیشێت و جگەرەیەك پێدەکات و بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور کە نزیکەی چل و حەوت ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە. بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە قۆڵی لێهەڵماڵی و ئەو تەراپییەی کە لە بەردەمی ئەو دوو تاشە بەردەدا بوو کە دواتر ناوی کانییە رەحمانی لێنرا هەڵێکەندو کردی بەو کانییە کە لەو ساوە تاکو ئێستا بە ناوی ئەوەوە ناو دەبرێت.بە خەیاڵ بەرەو کانییەکە دەڕوات و لە تەنیشتیدا دادەنیشێت و قاچ دەخاتە ناو ئاوەکەوەو بە هێواشی شان دەدات و دوای سەفەرێکی پڕ لە ماندوو بوون دەکەوێتە خەوێکی قوڵەوە.)

سەرەتا ئەگەر سەرنجی ناونیشانی ئەم چیرۆکە بدەین (کانییە رەحمان) ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئەم ناوەیە کە ئێستا بووەتە ناوی شوێنێك لە راستیدا رۆڵ و دەوری کەسێك ئەو ناوەی دروست کردووە ، واتە ئەم ناوە بەرهەمی کردنی کارێکە کە ئەو بکەرە ئەنجامی داوە کە شوێنەکەی بە ناوەوە ناو نراوە کە دیارە ئەویش کەسێکە کە ناوی رەحمانە. ئەگەر سەرنجی چەمکی ناو بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ناو لەگەڵ دەرکەوتنی مێژووی مرۆڤدا پەیدا بووەو پێش مێژووی تۆمار کراوی مرۆڤ ناو بوونی نەبووە. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە لەپێش مێژووی زانراوی مرۆڤدا هیچ شتێك لەم گەردوونەدا پێناسەی نەبووە بەڵکو ئەوەی کە مانای بە شتەکان بەخشیووەو پێناسەی کردوون مرۆڤ بووە.کەواتە مرۆڤ لەگەڵ دەرکەوتنیدا لەسەر ئەم هەسارەیە پەیوەندی راستەوخۆی بە سروشتەوە هەبووەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە دەسەلاتی بەسەردا بکات و نهێنیەکانی ئاشکرا بکات.بە واتایەکی دی مرۆڤ بەردەوام لە پێناوی سەپاندنی دەسەلاتی خۆیدا هەوڵی داوە لەم گەردوونەدا کار بکات و لە رێگای کار کردنەوە

خاوەنداریێتی خۆی بۆ گەردوون بسەلمێنێت.لە ئەنجامی کارکردنیدا لە سروشتدا گۆڕانکاری ئەنجام داوە. واتە جۆرێك لە رووداوی درووست کردووەو بۆ ناسینەوەی ئەو کارو چالاکیانەی کە لە سروشتدا درووستی کردوون پێویستی بەوە هەبووە کە  هەموو ئەو شتانەی کە درووستی کردوون یان لە شێوەیەکەوە گۆڕیونی بۆ شێوەیەکی تر ناویان لێ بنێت بۆ ئەوەی بیان ناسێتەوە.

ئەو کەسەی کە ئەم کانییەی هەڵکەندووە ناوی رەحمانە واتە ئەو کەسەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیەو هەندێ جاریش دەبێتە گێڕەرەوە. وشەی (رەحمان) وشەیەکی ئایینیەو یەکێکە لە ناوەکانی خودا و بە مانای خاوەن بەزەی و بەخشندە دێت. ئەم واتایەش لەگەڵ کانی دا یەکدەگرێتەوە کە ئاو دەبەخشێت ، ئەوەش ئاشکرایە کە ئاو سەرچاوەی هەموو ژیان و زیندەگانییەکە.هەموو زیندەوەران لە ئەنجامی کرداری جووت بووندا درووست دەبن کە هەم تۆوی نێرینەو هەم هێلکەی مێینە ئاو هەڵیان دەگرێت و لە رێگای ئاوەوە دەگوازرێنەوە و پیتاندنیش هەر لە ناو ئاودا روودەدات و کۆرپەلەش لە منداڵدانی دایکیدا هەر لەناو ئاودا دەژی و دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی لە دایك دەبێت و دێتە سەر زەوی ئەو کاتەش بە شلەمەنی دەژی کە ئەویش دیسان لە ئاو پێك دێت. ئەمە سەرباری بەکارهێنانی ئاو وەکو یەکێك لە توخمە سەرەکیەکانی ژیانی رۆژانە. هەروەك ئەوەش ئاشکرایە کە ئاو توخمی سەرەکیە بۆ خاوێن کردنەوەو پاکژکردنەوەش بە پاکژ کردنەوەی رۆحیشەوە. رەحمان پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کاتێ کانییەك هەڵدەکەنێت مانانی وایە وەکو بەخشندەیەك ژیان دەبەخشێت و سەرچاوەی بوون بەرهەم دێنێت ، هەر ئەوەشە وای لێدەکات بە جۆرێك لە شانازیەوە سەیری ئەو کارە بکات کە پێش چل و حەوت ساڵ ئەنجامی داوەو لەوەش دەدوێت کە جگە لە خۆی کەس نازانێت ئەم بە چ جۆرێك عاشقی

ئەو کانییە بووە. ئەمەش لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهە دێنێت کە رەحمان خۆی دەزانێت چ شتێکی پڕ بایەخی بەرهەم هێناوەو دەشیەوێت پێمان بڵێت کە ئەم چ عەشقێکی ژیان و زیندەگانیەو چەند بە بایەخەوە دەڕوانێتە ژیان و زیندەگانی و ئەو رەگەزو توخمانەش کە ژیان درووست دەکەن و درێژەی پێدەدەن و هۆی بەردەوامی و مانەوەین.

ناونیشانی ئەم چیرۆکەی حسێن عارف دەمانگێڕێتەوە بۆ شیعرێکی بە ناوبانگی شاعیری ئینگلیزی کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە سامۆیل تایلەر کۆلێرەج بە ناوی (قوبلە خان) کە تیایدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە هەڵقوڵینی سەرچاوەی ئاوێکەوە ژیان دروست بووە. بە هەرحاڵ ئەمە روانینێکە رەهەندێکی قوڵی لێکدانەوەی هەیەو کاتێ باسی دروست بوونی ژیان دەکرێت ناکرێت باسی ئاو نەکرێت کە راستەوخۆ پەیوەندی بەو درووست بوونەوە هەیە.

لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە وەسفی ئەو دوو تاشە بەردە دەکات کە چۆن سەریان ناوە بە یەکەوە ، هەروەك لەوەش دەدوێت کە چۆن ئاوەکە وەکو شیر لە گۆی مەمکی زەویەکە هەڵدەقوڵێت.لە راوەستانیاندا هەر یەکە لەو دوو تاشە بەردە پشتی بەوی تریان بەستووەو ئەگەر یەکێکیان لابرێت ئەوا ئەوی تریشیان دەکەوێت ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە چۆن لە سروشتدا هەموو رەگەزەکان بە زیندوو نازیندووەوە پێویستیان بە یەکترییەو یەکتری تەواو دەکەن تەنانەت ئەگەر لەگەڵ یەکتر ناکۆك و دژیش بن.ئەمەش ئەو بنەمایەیە کە هاوسەنگی سروشتی راگرتووەو هارمۆنیای سروشتی بەرهەم هێناوە .

لە لایەکی ترەوە ئەو وەسفەی کە گێڕەوە بۆ هەڵقوڵینی ئاوەکە دەیکات هاوشێوەیە لەگەڵ هاتنە دەرەوەی شیر لە مەمکی دایك ، هەرچەندە ئێمە ئەوە دەزانین کە شیر لە خۆیەوە نایەتە دەرەوە ، بەڵکو لە رێگای مژینەوە ساوا دەتوانێت شیر لە مەمکی دایکی بمژێت نەك شیرەکە خۆی هەڵبقوڵێت.بەلاّم رووی لێکچوونەکە لەوەدایە کە هەر چۆن شیر سەرچاوەی ژیانی کۆرپەلەیە لە هەموو زیندەوەراندا بە هەمان شێوە ئاویش سەرچاوەی ژیانی هەموو زیندەوەرانە لەم گەردوونەدا و کاتێ ئاوەکە هەڵدەقوڵێت واتە سەرەکی ترین رەگەزی ژیان و زیندەگانی دەڕژێتە سەر زەوی.لەم بارەشدا هاوشێوە بوونێکی ئاشکرا لە نێوان زەوی و مەمکی دایکدا درووست دەبێت کە زەوی دەبێتە هاوشێوەی مەمکی دایك و بەو پێیەش ئاو دەبێتە هاوشێوەی شیر لە راستیشدا هەردووکیان هەمان بایەخی گرنگیان هەیە بۆ ژیان و ناشێت بە بێ بوونی هەرکام لەو دوو توخمە تەسەوری بوونی ژیان بکەین.

گێڕەرەوە کە خودی چیرۆکنووسە بە جۆرێك وەسفی ئاوەکە دەکات کە لە کانییەکەوە هەڵدەقوڵێت تا دەگاتە حەوزی مزگەوتەکە و لەژێر تیشکی مانگا شەوەکەدا بریسکە دەداتەوە مرۆڤ بتوانێت بە جۆێك ئەو وێنەیە لە زیهنی خۆیدا بەرجەستە بکات. لە هەمان کاتدا وەسفی دوو تاشە بەردەکەو دەوروبەرەکەی روویەکی ئاشکرای جوانی شوێن دەردەخات کە دەتواین وەکو بەرهەمهێنانی ئێستاتیکای شوێن لە چیرۆکەکەدا سەیری بکەین. هەر لێرەشەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات داخۆ بەرجەستە کردنی ئێستاتیکای شوێن هیچ دەورێکی دەبێت لە بنیادنانی جیهانبینی گشتی چیرۆکەکەدا؟ یان تەنیا دەوررەکەی ئەویە کە چێژێکی ئێستاتیکی بەرهەم دێنێت؟ بێگومان ئێستاتیکا یەکێکە لە رەگەزە سەرەکیەکانی بنیادی دەقی زیندوو چونکە ناشێت تەسەوری هیچ دەقێکی زیندوو بکەین کە لە جوانکاری رووت کرابێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە سەرباری پرسیار لە بارەی

نەزانراوەوە و سەرباری بەرهەم هێنانی جیهانبینی مەعریفی ، دەقی زیندوو دەقێکی چێژ بەرهەم هێنە.کەواتە ئێستاتیکای شوێن لەم چیرۆکەدا سەرباری ئەوەی کە دەلالەتی پەیوەست بوونی مرۆڤ بە شوێنەوە هەڵدەگرێت لە هەمان کاتدا ئاستێکی دیاریکراویش لە چێژ دەبەخشێت کە دەشێ بە چێژی ئێستاتیکی ناو ببرێت. کەواتە لێرەدا جۆرێك لە هاوشێوە بوون لە نێوان سەرچاوەی کانییەکەو جوانی شوێنەکدا هەیە لە کاتێکدا کە سەرچاوەی کانییەکە ئاو دەبەخشێت کە سەرچاوەی ژیانە جوانی شوێنیش لە وەسف کردنی چیرۆکنووسدا چێژ دەبەخشێت کە یەکێکە لە خاسێتەکانی دەقی زیندوو.

گێڕەرەوە دوای وەسف کردنی شوێنی رووداو لە چیرۆکەکەدا راستەوخۆ کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەمان لە ساتێکدا پێشکەش دەکات کە نزیك کۆتای چیرۆکەکەیە و لەوێوە لە رێگای گەڕانەوەوە بۆ یادوەری رابردوو هەم ئەم کەسێتیەمان پێ دەناسێنێت هەم درێژەی رووداوی چیرۆکەکەمان دێنێتە پێش چاو. کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە لە چرکە ساتێکدا دەردەکەوێت کە لە بەردەم دەرگای هەیوانی مزگەوتەکەدا شانی داداوەو مژ لە جگەرە دەدات و بە خەم ونیگەرانیەوە سەرنجی ئەو ماسیە دەدات کە لە نێو حەوزی مزگەوتەکەدا مردووە. ئەویش ئەو ماسیەیە کە پێش ماوەیەك لە گەڵ حەمەدی کوڕەزایدا هێنایان وخستیانە ناو حەوزەکەوەو خزمەت و چاودێرییان کرد تا بەو جۆرە گەورە بوو کەچی ئێستا مردووە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا ئەم ماسیە چ دەورێکی هەیە لە چیرۆکەکەدا؟ ئایا دەشێ تەنیا ماسیەکی ئاسایی بێت و پەیوەندی پالەوانی چیرۆکەکە پێیەوە تەنیا مەسەلەی خولیاو ئارەزوو بێت یان دەشێ ئەم ماسیە وەکو هێما بەکار هێنرابێت؟ ئەگەر لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا سەیر بکەین دەشێ چ هەڵکەندنی کانییەکەو چ هێنان و چاودێری کردنی ماسیەکەو چ بێزاری و بێتاقەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە

هەموویان وەکو کۆمەڵێ شتی سادەی ژیانی رۆژاتە بێنە پێش چاو ، بەڵام لە راستیدا ناشێت ئێمە تەنیا لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا بووەستین و پێمان وابێت ئەم چیرۆکە هەر ئەوە دەگەیەنێت کە لە ئاستی بینراودا خوێنەری ئاسایی دەتوانێت بیبینێت.

ئەگەر بتوانین جۆرە پەیوەندیەك لە نێوان چیرۆکنووس خۆی و پاڵەوانی چیرۆکەکەدا درووست بکەین ئەوا دەشێ بە چەند ئاراستەیەکی جیاواز خوێندنەوە بۆ ماسیەکەو کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکە بکەین و لەوێشەوە ئاراستەی پرسیارەکانی ئەم چیرۆکە دەست نیشان بکەین. ئەوە ئاشکرایە کە چیرۆکنووس هەر لە سەردەمی لاوێتیەوە خۆی بە هەڵگرو داکۆکیکەری بیری چەپ زانیووە بۆیە دەشێ ئەم روانینەی گواسترابێتەوە بۆ نێو دەقەکەو کانییەکە هێما بێت بۆ بیری چەپ و پاڵەوانی چیرۆکەکەش ئەو رابەر یان سەرکردەیە بێت کە ئەو بیرەی هێناوەتە نێو زەمینەی کۆمەڵایەتی ئێمەوەو هەڵکەندنی زەوی دەوروبەری دوو تاشە بەردەکەو رێگا کردنەوە بۆ ئاوەکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێتە دەرەوەو بگات بە زۆربەی خەڵکی ئاوایی بریتی بێت لەو هەوڵ وکۆششەی کە لە پێناوی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی ئەو بیروباوەڕەدا بە خەڵکی دراوە. دیارە ئەو کەسەشی کە ئەو دەورە گرنگەی بینیووە کەسێتی رەحمانی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا ئەم کەسێتیە کێیە؟ ئایا دەشیَ کەسێتیەکی راستەقینەی نێو ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیە بێت کە چیرۆکەکەی تیا بەرهەم هاتووە؟ یان دەشێ هێما بێت بۆ هەر کەسێك کە هەڵگری بیروباوەڕێك بێت و لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرو باوەڕەدا خەبات بکات؟

هەروەك دەشێ وای بۆ بچین کە مەبەست لە هەڵکەندنی کانییەکە رێکخستن و ئامادەکردن و خستنە جووڵەی شۆڕش یان راپەڕینێك بێت بە مەبەستی گۆڕینی ژیانی

خەڵکی لە کاتێکدا کە ئێمە دەزانین ئاو بۆ خۆی سەرچاوەی ژیانە دەشێ گەیشتنی ئاو بە خەڵکی ئاوایی بەخشینی ژیانی ئازادی بێت پێیان کە ئەویش سەرچاوەکەی لە کانییە رەحمانەوە هەڵدەقوڵێت.بە واتایەکی دی دەشێ مەبەست لە کانییە رەحمان ئەو سەرچاوەیە بێت کە ئیلهامی شۆڕش و گیانی خەباتگێڕی لە پێناوی ژیان و ئازادیدا دەبەخشێت. گەیشتنی ئاوی ئەم کانییە بە خەڵکی ئاوایی مانای گەیشتنی گیان و ئیلهامی شۆڕشگێڕیە پێیان. دەشێ لێرەدا وای لێکبدەینەوە کە ئەو کانییە بریتیە لە سەرچاوەی بیری چەپ کە هەمان شێوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە خودی چیرکنووس و زۆرێك لە خەڵکی وڵاتی ئێمە ئومێدی گۆڕانکاری و بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆییان لەسەر بنیاد نابوو. بەڵام بەو ئەندازەی کە هەوڵ و کۆششی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە هەڵکەندنی کانییەکەدا بەرهەمدار بوو ئەوەندە خودی ئەو بیر باوەڕە لە سەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە بەرهەمدار نەبوو.

ئەگەر وامان لێکدایەوە کە حەوزی مزگەوت و گەیشتنی ئاوی کانییەکە بەو حەوزە بریتی بن لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری ئامادەی ئێمە بۆ وەرگرتن یان جێگابوونەوەی هەر بیرو باوەڕێکی نوێ ، ئەوا دەشێ لەم بارەیاندا ماسیەکە بریتی بێت لەو بیرو باوەڕە نوێیە. هێنانی ماسیەکی بچکۆلەی بە ئەندازەی پەنجە توتەیەك و بردنی بۆ ناو حەوزی مزگەوت و گەشەکردن و گەورەبوونی تا ئەندازەیەك و پاشان مردنی هاوشێوەیە لەگەڵ هاوردنی بیری چەپ و مارکسیزمدا بۆ سەر زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووری ئێمە ، کە چۆن لە سەرەتاوە ئەو بیرو باوەڕە لە ماوەیەکی کورتدا بلاّو بووەوەو گەشەی کرد هەمان شێوەی گەشەکردن و گەورە بوونی ماسیەکە. بەڵام هەر چۆن ماسیەکە پاش ماوەیەك لە نێو حەوزی مزگەوتەکەدا مرد. ئەو بیروباوەڕەش پاش

ماوەیەك لە گەشە کردن وەستاو وردە وردە بەرەو شکست و لە دەستدانی ئەو جەماوەرە بەربلاّوەی پێشتری هات.

کاتیّ کە پالّەوانی چیرۆکەکە بە خەمبارییەوە دادەنیشێت و لە ماسیە مردووەکە ورد دەبێتەوە بە فلاش باك دەگەڕێتەوەو هەولّ و کۆششی خۆی لەگەلّ ماسیەکەو هەلّکەندنی کانییەکەدا دێنێتەوە بەرچاو هەروەك لە بارەی پەیوەندی بە هێزی خۆیشیەوە لەگەلّ هەردووکیاندا دەدوێت و ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ئەم هەم ئەو کەسەیە کە کانییەکەی لێداوە هەم ئەو کەسەشە کە ماسیەکەی هێناوەو لە نێو حەوزەکەدا چاودێری کردووە ، کەواتە لێرەدا تا ئەندازەیەك شوناسی ئەم کەسێتیە ئاشکرا دەبێت کە خۆی وەکو ئەو رابەر و سەرکردەیە پێشکەش دەکات کە هێنەرو بلاّوکەرەوەو رێکخەرو رابەری بیری چەپ بووە لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەلاّیەتی ئێمە. لە کاتێکدا ئەگەر وای لێکبدەینەوە کە ئەم ماسیە هێمایە بۆ ئەو بیروباوەڕە کە چیرۆکنووس هەلّگرو داکۆکیکی کەری بووە. ئێسنا هۆی خەمباری و نیگەراتی ئەم کەسێتیە بە هۆی مردنی ماسیەکەوەیە واتە بە هۆی شکستی ئەو بیروباوەڕەوەیە. لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە هەر شتێك زیندەوەر بێت یان رووەك یان بیروباوەڕو داب و نەریت و تەنانەت عەقلّیش لە زەمینەیەکدا گەشە دەکات و پەرە دەسەنێت کە ئەو زەمینەیە ئامادەبوونی ئەوەی هەبێت.شکستی بیری چەپ لە زەمینەی کۆمەلاّیەتی ئێمەدا پەیوەندی بە ئامادەنەبوونی باری ئابووری و کۆمەلاّیەتی و نەریتی و عەقلّیمانەوە هەیە لەو قۆناغەدا کە چیرۆکەکە لێی دەدەوێت.

لە لایەکی ترەوە دەشیّ ئەم ماسیە وەکو هێمای بزووتنەوەی چەکداری کورد سەیر بکەین کە ماوەیەکی کورت پێش نووسینی ئەم چیرۆکە دووچاری شکست بووە. راستە چیرۆکنووس هەلّگری بیری چەپ بووە بەلاّم بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بەشداری ئەو

بزووتنەوەیەی کردووەو بە کردەوە لە ریزی شۆڕشدا بووە. بۆیە دەشێ ماسیەکە هێما بێت بۆ بزووتنەوەی کوردی لەو قۆناغەدا و حەوزەکەش واقیعی کۆمەلآیەتی کۆمەلّگای کوردی بێت.بەو پێیە پالّەوانی چیرۆکەکە دەبێتە رابەرو هەلّگیرسێنەری ئاگری ئەو راپەڕینە و هیواو ئومێدێکی زۆری لە سەر ئەو راپەڕینە بنیاد ناوە لە پێناوی ئازادکردنی گەلەکەیداو بەدەستهێنانی سەربەخۆیدا بەلاّم شکستی راپەڕینەکە دووچاری بێ ئۆمێدیەکی گەورەی دەکات و پەشێویی و خەمباری و نیگەرانیەکەی لەوێوە سەرچاوە دەگرن.

لێرەدا ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە بەجێبهێلّین و لەسەر بنەمای پەشێویی و نیگەرانی پالّەوانی چیرۆکەکە هەولّی جۆرێکی تر لە لێکدانەوەو راڤەکردن بدەین ئەوا دەشێ هەندێ لایەنی ترمان بۆ ئاشکرا ببێت کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت. ئەگەر بەو جۆرە سەیری کەسێتی پالّەوانی چیرۆکەکە بکەین کە لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا خوێنەری ئاسای دەیبینێت ئەوە دەزانین کە ئەم کەسێتیە جوتیارێکی گوندنشینەو تەمەنیشی تا ئەندازەیەك بەرەو هەلّکشان دەچێت. باری شلۆق و پڕ لە پەشێویی و نیگەرانی ئەم کەسێتیە دەشێ پەیوەندی بە ئینتیمای چینایەتی ئەوەوە هەبێت. کاتێ چیرۆکنووس کەسێتێکی جوتیاری لەو جۆرەمان بۆ بینا دەکات بە وردی و بە ئاگایانەوە لایەنی دەروونی و کۆمەلآیەتی و نەریتی و عەقلّی ئەو کەسێتیە بینا دەکات ، لەوە بە ئاگایە کە رەهەندەکانی ئەم کەسێتیە چۆنەو چین ، بە تایبەتی ئەم وەکو چیرۆکنووسێك کە باکگراوندێکی بیری چەپ و مارکسیزمی هەیە دەزانێت لە روانینی ئەم تێزە فیکریەوە جوتیاران لە بەر ئەوەی بنەمایەکی جێگیری چینایەتیان نییە ، لە رووی کۆمەلآیەتی و دەروونیشەوە ناجێگیرن و هەمیشە بە ترس و نیگەرانیەوە دەڕواننە ژیان و لە گۆڕانکاری دەترسن بە واتا دەتوانین بلّێین پێکهاتەیەکی خۆپارێزن و لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێت پارێزگاری لە عەقلّ

وکەلتوورو داب و نەریتی باوی کۆمەڵگا بکەن. بۆیە لێرەدا دەشێ وا لێکبدرێتەوە کە پەشێویی و نیگەرانیەکەی ئەم کەسێتیە بنەمایەکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی هەیە.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرنجی باری نیگەرانی و پەشێویی ئەم کەسێتیە بدەین ئەوا دەشێ لە دوای هۆکاری تر بگەڕێین کە رەنگە دەوری دیاری هەبێت لە درووستکردنی ئەو بارە دەروونیە شلۆقەدا کە ئەویش راستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەم کەسێتیە لەو تەمەنەدا کە هەرخۆیەتی و بە تەنیایە دیارە هاوسەرەکەی نەماوە هەستکردن بە تەنیایی و بەسەربردنی ژیان لەگەڵ خێزانی کوڕەکەیدا دەشێ هۆکاری سەرەکی ئەو بێزاری و نیگەرانیە بێت. ئەمە جگە لەوەی کە دەشێت لەو تەمەنەدا مرۆڤ ئاسایی هەست بە مەترسی مردن بکات.بە واتایەکی دی دەشێ ترسی مردن لە پشتی ئەو بارە دەروونیە نائاساییەوە بێت. جێگا بەخۆ نەگرتن و ناسەقامگیری دەروونی بۆ تەمەنێکی لەو جۆرە وەکو جۆرێك لە هەوڵدان یۆ راکردن یان خۆشاردنەوە لە مردن سەیر دەکرێت. لەم روانگەیەشەوە دەشێ وای لێکبدەینەوە کە ماسیەکە هێماو لە هەمان کاتدا ئومێدی ژیانی ئەم کەسێتیەیە بەلاّم ئێستا هەڵکشانی تەمەن لەگەڵ خۆیدا ئەو ئومێدە بەرەو هەرەس هێنان دەبات ،بەواتایەکی دی مردنی ماسیەکە مردنی هەستی ئیرۆسیەتە لە بوونی ئەم کەسێتیەدا.کەواتە دەرکەوتنی ئەو بارە پەشێویی و نیگەرانیە دەرئەنجامی هەستکردنە بە نزیك بوونەوەی مردن.

لە دەقەکەدا دەبینین هەندێ جار گێڕەرەوە جێگا بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە چۆڵ دەکات و لەم بارەشدا پاڵەوان دەگەڕێتەوە بۆ ناو سنووری کەسێتی خۆی و لە رێگای فلاش باکەوە رووناکی دەخاتە سەرباری زاتی خۆی واتە شێوازی گێڕانەوە لە گێڕانەوەی مەوزوعیەوە دەبێتە گێڕانەوەی زاتی و لەوەشدا لە رێگای ئامادەکردنەوەی رابردووەوە لە

ئێستادا ئەو رابردووی خۆیمان پێدەناسێنێت. ئەوەتا لە دوای ئەوەی کە گێڕەرەوە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەم کەسێتیە بێزارو بێ تاقەت بووەو بەرەو لای کانییەکە کەوتۆتە رێ و لەوێ کلاشەکاتی دادەکەنێت و هەردوو قاچی دەخاتە نێو ئاوەکەوە و تەزوویەکی ئارام بەخش بە جەستەیدا دەکشێت تا دەگات دەمارەکانی پێڵوی چاوی و ورده ورده خامۆش دەبێت. لەم چرکە ساتەوە پاڵەوان لە رووی یادەوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی نزیکی خۆی و باری دەروونی و جەستەیی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوەو لەوە دەدوێت کە چەند لە بارێکی خراپدا بووە و چۆن پەشێویی دایگرتووەو نەیزانیووە چی بکات و چۆن بجولێت و لە هیچ جێگایەك ئارامی نەگرتووە ، کاتێ کوڕەکەی و دواتریش بووکەکەی لەو بارەیەوە پرسیاری لێ دەکەن ئەم ناتوانێت هیچ وەلامێکیان بداتەوە ، بەلکو خۆی لە وەلامی پرسیارەکان دەدزێتەوەو دواتر ماڵ بە جێ دەهێڵێت. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتیە لە بەر ئەوەی ناتوانێت لە کێشەکەی بدوێت ناتوانێت هیچ وەلامێکی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە ئاراستەی دەکرێن.ئەمەش دەشی دوو لێکدانەوەی بۆ بکرێت. یەکەم ئەوەیە کە رەنگە ئەم کەسێتیە بوێری ئەوەی نەبێت کە بە ئاشکرا باسی کێشە دەروونی و کۆمەلایەتیەکانی خۆی بۆ هیچ کەسێکی تر بکات تەنانەت بۆ کوڕەکەشی. کە ئەمەش پەیوەندی بە کەلتوورو داب و نەریت و عەقلێتی باو و پەروەردەی ئەو کۆمەلگایەوە هەیە ئەوی تێدا دەژی. دووەم دەشێ لە راستیدا ئەم کەسێتیە نەزانێت هۆکاری پەشێویی و نیگەرانیەکەی چیە ، هەر ئەوەش وای لێکردبێت کە نەتوانێت هیچ لەو بارەیەوە بدرکێنێت. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەگەڕێتەوە بۆ نێو رابردووی خۆی و لێی دەدوێت هێشتا پەردە لەسەر نهێنی ناخی خۆی لانابات و هۆکاری ئەو بارە پەشێویی و نیگەرانیە بە جۆرێکی ئەوتۆ دەرناخات کە لە ئاستی بینراودا خوێنەر ببیینێت یان تێبگات. هەر

ئەم هۆکارەشە کە وا دەکات کەسێتی پالەوانی ئەم چیرۆکە کەسێتیەکی ئالۆزو تەموومژاوی بێت و شیمانەی ئەوە هەبێت کە لە چەند گۆشە نیگایەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.لێرەدا دەشێ جۆرێك لە هاوشێوە بوون لە نێوان ئەم کەسێتیەو کەسێتی کوردیدا بدۆزرێتەوەو لە ئاستێکی تردا بگوترێت ئەم کەسێتیە وێناکردنی کەسێتی کوردیە کە کەسێتیەکە لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا خاوەن پرسیار نیە ناشێت خاوەنی وەلامیش بێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هێشتا ئەو کەسێتیە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بووبێتە خاوەنی شووناسی تایبەتی خۆی و روانینی ئاشکرای خۆی هەبێت و بتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و ئەوەی لە ناخیدا دەری ببڕێت. بەڵکو هەر چۆن پالەوانی چیرۆکەکە خۆی لە وەلامدانەوەی پرسیارەکان دەدزێتەوە بە هەمان شێوە کەسێتی کوردیش لە بەر ئەوەی توانای وەلامدانەوەی زۆرێك لەو پرسیارە گرنگانەی نییە کە پرسیارن لە نەزانراو یان جۆرە پرسیارێکن  کە دەشێ پێویستیان بە زانیاری و مەعریفەی جۆراو جۆر هەبێت.بۆیە خۆی لە وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدزێتەوە.

دوای ئەوەی کە ئەم کەسێتیە ماڵەوی بەجێهێشت و پاش ماوەیەك گەڕان هاتەوە سەر حەوزی مزگەوتەکەو ماسیەکەی بینی بە مردووی بە خەیاڵ گەڕایەوە بۆ ئەو کاتەی کە ماسیەکەی هێنا بۆ حەوزەکەو چاودێری کرد هەتا گەورە بوو. خەمی مردنی ماسیەکە زیاتر ئۆقرەی لە بەر دەبڕێت و جارێکی دی رێگای بەرەو سەرچاوەی ئەوەکە دەگرێتە بەر. کاتێ دەگاتە ئەوێ و لە دیمەنی دوو تاشە بەردەکە و هەڵقوڵینی ئاوەکە ورد دەبێتەوە جارێکی تر پەیوەندی بە ئێستاوە دەپچڕێت و بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو بۆ ئەو کاتەی کە نزیکەی چل و حەوت ساڵ پێش ئێستا چۆن دیمەنی قوڕو لیتەی دەوروبەری دوو تاشە بەردەکە سەرنجیان راکێشاو وایان لێکرد لە چرکە ساتێکدا بڕیاری ئەوە بدات کە

کارێك لەوێدا ئەنجام بدات کە تاکو ئەو کاتە کەسی تر خەیاڵی بەلایدا نەچوو بوو. بێگومان هەر چۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رابردووەو ئەوە دێنێتەوە بەر خەیاڵ کە چۆن ئەو کارەی ئەنجام داوە ،هەروەها دەشێ لە بنەڕەتدا بوونی کانیەکەو شێوازی هەڵکەندنی و هێنانی ماسیەکەو مردنیشی دروستکردنی جیهانێك بن لە سنووری خەیاڵدا واتە ئەم کەسێتیە لە سنووری خەیاڵدا جیهانێکی درووست کردبێت کە تیایدا خۆی وەکو بکەرێکی رووداو درووستکەر بەرجەستە کردبێت. ئەگەر بەم بارەیاندا خوێندنەوەی چیرۆکەکە بکەین ئەوا دەشێ وەکو دەقێك سەیری بکەین کە دروستکردنی رووداوو حیکایەتە لە دەرەوەی شێوازی باوی چیرۆکی کوردی ئەو قۆناغە کە سەربە رێبازی ریالیزم بووە. فراوانی مەودای ئیشکردنی خەیاڵ لەم چیرۆکەداو دەرکەوتنی دەقەکە وەکو دنیایەك کە خەیاڵ دەسەلاتی بەسەردا کردبێت و لە بری ئەوەی وێنەیەکی هاوشێوەی دەقاو دەقی چیرۆکەکە لە سەر زەمینەی واقیع هەبێت دەبێ لە جیهانی خەیاڵدا هەوڵبدەین وێنای بەرجەستەی چیرۆکەکە بدۆزینەوە کە ئەویش دیسان دەبێ بە خەیاڵ بەرجەستەی ئەو وێنەیە بکەین. هەر ئەمەشە کە وایکردووە زیاد لەخوێندنەوەو راڤە کردنێك بۆ چیرۆکەکە بکرێت.

پالەوانی ئەم چیرۆکە کاتێ بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە کانییەکەی هەڵکەند مانای وایە ئەو کاتە بەلای ئەوەوە کاتێکە مایەی چێژو خۆشی لێ وەرگرتنە ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەست دەکات ئەوە تاکە مێژووەیەکە کە تیایدا ئەو هەستی بە بکەرێتی خۆی کردبێت. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم کەسێتیە کە هەمیشە نبگەران و پەشێوە لە بەر ئەوەیە کە وێڵی دوای ئامانجێکەو تا ئەندازەیەك بە دوای ئەو ئامانجەدا دەگەڕێت. ئەو گەڕان و بە دوادا چوونەش وای لێکردووە کە لە بری ئەوەی کەسێتیەك بێت یەقین و دڵنیایی باڵی بەسەردا کێشا بێت بەڵکو کەسێتیەکە کە گومان و دوو دڵی

دەسەلاَتی بەسەردا کردووەو هەمیشەش لە ئێستادا هەست بە ترسێك دەکات و ئەو ترسەش وای لێدەکات بە خەیالٚ بگرێتەوە بۆ ئەو رابردووەی کە هەست دەکات تیایدا ئامادە بوونی هەبووە ،بەلاَم ئێستا دوای هەلٚکشانی تەمەن و دوای مردنی ئەو ماسیەش کە دەشێ هێمای ئومێدو ئاواتەکانی بوو بێت هەست بە جۆرێك لە مەترسی تێکشکان و مردن دەکات بەلاَم ئەو دەیەوێت لەو یۆتۆپیایەدا کە خەیالٚی چیرۆکنووس بۆی درووست کردووەو ئازادیشی داوە بەو کە بە ئارەزووی خۆی تیایدا بجولێٚت بوون و سەروەری خۆی بسەلمێنێت یان نیشان بدات وەکو درووست کردنی بەربەستێك لە بەردەم مردن و لە ناو چووندا .

پالٚەوانی چیرۆکەکە کاتێ بە خەیالٚ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی کە بڕیاری هەلٚکەندنی کانیەکەی دا باس لەوە دەکات کە وەکو ئەوە وابوو کە بەری ئاوێکی پەنگ خواردوو بەر بدات.دەشێ بە پەیوەستکردنەوەی رووداوی چیرۆکەکە لەگەلٚ واقیعدا وای لێکبدەینەوە کە مەبەست لە ئاوی پەنگ خواردوو هێزی پەردە لە سەر نراوی جەماوەر بێت بۆ راپەڕین و بەرخوردان و درووستکردنی گۆڕانکاری. ئەم ئەو هێزە دەوروژێنێت و دەیخاتە جوولٚەو رێگای بۆ دەکاتەوەو ئارستەی دەکات. کەواتە دەبێ ئەم کێ بێت کە ئەو توانایەی هەبێت و ئەو کارەش ئەنجام بدات؟ کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەم کەسێتیە بە جۆرێك وەسفی خۆی دەکات کە رابەر یان سەرکردە بێت. کەواتە لەم بارەشدا گەڕان و پەشێویی و نیگەرانی ئەم کەسێتیە لە بەر ئەوەیە کە خاوەنی خەمێکەو خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت لە بەردەم پرۆژەیەکدا کە پرۆژەی لێدانی کانییەکەیە واتە پرۆژەی درووستکردنی گۆڕانکاری. ئەم کەسێتیە دەست دەداتە کارەکەی و لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی تریش لە خەلٚکی گوندەکە دەێنە هاوکاریکردن و یارمەتی دانی و ئیشەکە

لە شێوەی کرێکی جەماوەریدا ئەنجام دەدەن. ئەنجامدانی کارەکە بە شێوەیەکی جەماوەرییانە دیسان هاوشێوەی راپەڕین و شۆڕشە کە خەڵکی جۆراو جۆری لێ کۆدەبێتەوە. ئیستا دەبینین سەرباری ئەوەشی کە خەڵکی لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارەدا یارمەتی ئەم کەسێتیەیان داوە بۆ هەڵکەندنی کانیەکە کەچی کانییەکە هەر بە ناوی رەحمانەوە ناو نراوە. ئەمەش بە تەواوەتی هاوشێوەی ئەوەیە کە لەسەر زەمینەی واقیعی دەرەوەی دەقەکە لە مێژووی ئێمەو نەتەوە دواکەوتووەکانی تردا دەبینین کە شۆڕش و رأپەرینەکانیان لە یری ئەوەی بە ناوی گەلەوە بێت بە ناوی تاکە کەسەوەیە ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا جەماوەر یان گەل لە ئاستی نادیار یان غائیب بووندا بێت ئەوە هەموو دیاردەو گۆڕان و راپەڕین و شۆڕشەکانیش بە ناوی ئەو تاکە کەسانەوە دەبێت کە رۆڵی دیاریان لەو بوارەدا بینیوە. ئەمەش یەکێکە لە خاسێتی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان کە تاکە کەسی سەرکردە یان رابەر یان کاریزمی هەموو بوونی کۆمەڵگا لە بوونی خۆیدا کۆ دەکاتەوە و رەوایەتی بەخشینی ناو یان کار یان بە بکەربوونی ئەوان دەدات بە خۆی و لەو سەرو بەندەشدا تەنیا ئەو دەبێتە ناوو گەلیش لە رێگای ئەوەوە دەناسرێتەوە یان دەبینرێت. دەرئەنجامی نێگەتیفی ئەم حالەتەش ئەوەیە ئەگەر بێت و ئەو تاکە کەسە دوچاری شکست بێت ئەوا لەگەڵ شکستی ئەودا راپەڕین یان شۆڕشەکەش دوچاری شکست دەبێت و بەوپێیە گەلیش شکست دەخوات. دیسان ئەگەر سەرنجی زمینەی کۆمەلایەتی و سیاسی و کەلتوری کورد بدەین لەو کاتەدا کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت ئەوا دەشێ وای بۆ بچین کە ئەوەی لە بارەی وروژان وجولاندن و راپەڕینی خەڵکەوە دەگوترێت ئەگەر پەنگ خواردنەوەی ئاوەکەو رێگا بۆ کردنەوەی لە لایەن پاڵەوانی چیرۆکەکەوە بریتی بن لەو رقەی جەماوەر وروژاندنیان و ئاراستە کردنیان ئەوا دیسان دەشێ

ئەمەش جۆرێك بێت لە خەون بینین واتە دروستكردنی ئەو شتانە لە سنووری خەیاڵداو بەپێی ئەوەی كە دڵ دەیخوازێت نەك بەرجەستە كردنی ئەوەی كە لە راستیدا لەسەر زەمینەی واقیع هەیە یان دەشێ بوو بێت .

دەشێ ئەم چیرۆكە وەكو بەشێك لە ئۆتۆبایۆگرافیای چیرۆكنووس سەیر بكەین و وای بۆ بچین كە چیرۆكنووس باسی خۆی و دەوری خۆی بكات لە نێو واقیعی چیرۆكی كوردیدا. زەمینەی دەورو بەری دوو تاشە بەردەكە واقیعی كۆمەلآیەتی و كەلتووری و سیاسی كوردیە كە بارگاویە بە چەندین رووداوی گرنگ كە بە لایەنی كەمەوە بۆ چیرۆكنووس دەشێ ببنە بنەما یان ئیلهامی نووسین. پاڵەوانی چیرۆكەكە خودی چیرۆكنووس خۆیەتی كە چۆن لەو واقیعەدا دەكەوێتە كاركردن. هێنانی ماسیەكە بۆ نێو حەوزی ئەو ئاوەی كە سەرچاوەكەی كانییەكەیە هاوشێوەی هێنانی تەكنیك و هونەرە نوێیەكانی چیرۆكی نوێیە لە دەرەوەی نێوەندی رۆشنبیری كوردی بۆ نێو ئەم جوگرافیایە كە تاكو سەردەمی حسێن عارف تەكنیكی چیرۆكی كوردی بریتی بوو لە گێرانەوەیەكی سادە. ئەم چیرۆكنووسە توانی لەو بوارەدا رۆڵێكی گرنگ ببینێت و تەكنیكە نوێیەكانی وەكو فلاش باك و گۆرینی گێرەرەوە لە كەسی چیرۆكنووس خۆیەوە بۆ كەسی یەكەم و گەرانەوەی ئەم كەسەش بۆ نێو خودی خۆی و كەوتنە باری تێرامان و بیركردنەوەو هەندێ جار خەون بینین و ئاشكرا كردنی لایەنە نهێنیەكانی ناخی خۆی لەو خاڵە گرنگانەیە كە پێشتر لە چیرۆكی كوردیدا بایەخێكی ئەوتۆی پێنەدرابوو. ئەمە جگە لەوەی كە ئەم چیرۆكنووسە بە وریاییەوە سوودی لە رووداوو دیاردەكانی نێو واقیعی كۆمەڵگای ئێمە وەرگرتووە لە نووسینی چیرۆكدا هەرچەندە مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە كە ئەم چیرۆكنووسە واقیعی وەكو خۆی یان وەكو ئەوەی هەیە گواستبێتەوە بۆ نێو دەقەكانی

نەخێر بەڵکو لە ڕێگای شارەزایی و خەیاڵی مەودا فراوانیەوە توانیوویێتی دنیایەکی ڕەنگاو ڕەنگ و جوان و لە هەمان کاتدا پڕ لە کێشەو ململانێ و ناکۆکی و بێبەش بوون وترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بنیاد بنێت و لەو دنیایەشدا کە مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە بە شێوازی جۆراو جۆر سوکایەتی پێدەکرێت و کەرامەتی بریندار دەکرێت بەلاّم ئەو مەخلوقێکە سەرباری هەموو ئەو گرفتانە دەجولێت و کار دەکات و دەیەوێت گۆڕانکاری درووست بکات و شوێن دەستی خۆی لە سەر سرووشت و لە گەردووندا بنەخشێنێت هەمان شێوەی ڕەحمانی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە چۆن لە ڕێگای کارو هەوڵەکانیەوە دەبێتە ناوێکی نەکوژاوە ، بە هەمان شێوە ئەم چیرۆکنووسەش کە لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا هەمان شێوەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بووەتە ناوێکی دیارو ناسراو و نووسین بووەتە ئەو ناوەندە کە ئەو لە ڕێگایەوە شوناسی تایبەتی خۆی بە دەست هێناوە هەر چۆن پالەوانی چیرۆکەکە لە ئەنجامی هەڵکەندنی کانییەکەدا بووەتە خاوەنی شووناس.

گەڕانەوەی مام ڕەحمان بۆ سەرکانییەکەو قاچ خستنە ناو ئاوەکەوەو خەو لێکەوتنی جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە. مەبەستمان لە سەرچاوە خودی ئاو خۆیەتی لەو ڕوانگەیەوە کە خەلقبوون لە ناو ئاودا درووست دەبێت و بە بێ ئاویش ناشێت تەسەوری ژیان بکرێت. دوای ماوەی شەست و شەش ساڵ لە ژیان پاڵەوانی چیرۆکەکە دەچێتە سەر کانییەکەو قاچ دەخاتە ناو ئاوەکەو خەوی لێ دەکەوێت و لەوێدا کۆتای بە چیرۆکەکە دێت. ئەمەش بریتیە لە سووڕی ژیانی زیندەوەران لە سرووشتدا کە ئەنجامی پیتاندنەوە لە نێو ئاودا ژیانیان دەست پێدەکات و پاشان بە گوێرەی مرۆڤ و زۆرێکی ترلە زیندەوەران دێنە سەر زەوی و لە سەر وشکانی ژیان بەسەر دەبەن و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ نێو زەوی واتە دەگەنە قۆناغی دفن بوون بەلاّم پالەوانی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ نێو ئاو و ئیتر دیار

نامێنێت كە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە ئەمیش دەگاتە قۆناغی دفن بوون بەلاّم دفن بوونی ئەم لەبری ئەوەی راستەوخۆ لە نێو گڵدا بێت لە نێو ئاودا دەبێت كە هەردووكیان هەر گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە چونكە لە كاتێكدا كە ژیانی زیندەوەران لە نێو ئاوەوە دەست پێدەكات لە هەمان كاتدا بە پێی بۆچوونە ئاینیەكان مرۆڤ لە قوڕ دروستكراوەو مردنی بریتیە لە گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆی واتە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی درووست بوونی.

ئەگەر سەیری جووڵەی پاڵەوانی چیرۆكەكە بكەین هەر لەو ساتەوە كە خۆی لە رێگای گێڕانەوەوە بۆمان باس دەكات تاكو دەگاتە ئەو ساتەی كە دوای شەست و شەش ساڵ دەچێتەوە سەر كانییەكەو قاچ دەخاتە نێو ئاوەكەوە ئەوا دەشێ وای لیكبدەینەوە كە لەوێوە تێكەڵاوی ئاوو خاك ببێتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی خۆی واتە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە.

سەرئەنجامی خوێندنەوەی ئەم چیرۆكەی حسێن عارف ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە ئەم دەقە زیاد لە خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت و دەشێ بە ئاراستەی جیاوازو تەنانەت لەگەڵ یەكتر ناكۆكیش بخوێندرێتەوە ، دیارە ئەوەش خاسێتی دەقی زیندوو یان دەقی كراوەیە كە زیاد لە خوێندنەوەیەك و زیاد لە راڤەكردنێك و زیاد لە لێكدانەوەیەك هەڵدەگرێت و بەو پێیەش دەبێتە هەڵگری پرسیاری جۆراو جۆرو بەرهەمهێنی ماناو دەلالاتی جۆراو جۆر.

سلێمانی حوزەیرانی 2007

# کوشتنی ئازادی و رووتکردنەوەی مرۆڤ لە شووناس لەچیرۆکی (خەڵکەکە چۆن بوون بە.. گا)ی مەم-دا

ناونیشانی ئەم چیرۆکە (خەڵکەکە چۆن بوون بە... گا)، راستەوخۆ لەرووی یادەوەرییەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ میتامۆرفیسی کافکایی، چۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگۆڕێت بۆ قالۆنچە. ئەم حاڵەتەی گۆڕان، جێگای ئاخاوتن و قسە لەسەرکردنی زۆرە. پێش هەموو شتێك، حاڵەتێکی نائاسایی گۆڕانکارییە لەڕوانگەی هارمۆنیای سروشت و گەردوونەوە، کاتێ گەردوون بوونەوەرانی بەپێی سروشتی پێکهاتن و ئاستی عەقڵی و جەسەدی و پلەی زیرەکی و رادەی هۆش و شێوازی ژیانیان لەسروشتدا جیا کردۆتەوە، مانای وایە یاسایەکی بنەڕەتی دەست لێنەدراو حوکمی ئەو چۆنێتی ئەفراندن و جوڵەو کارکردنی ئەفرێنراوەکانیش دەکات. مرۆڤ وەکو باڵاترین زیندەوەری سەر ئەم گەردوونە، لەڕێگای بوونی عەقڵ و هۆش و سەلیقە پێشینەکانەوە، خاوەنی راستەقینەی بوونەو هەر ئەو بۆی هەیە ببێتە خاوەنی گەردوون و کۆنترۆڵی بکات و لەپێناوی خۆی و خۆشگوزەرانی و ژیانی سەربەرزانەی خۆیدا، ئەم گەردوونە بەهەموو رەگەزو توخمەکانییەوە بەکاربهێنێت. لەڕوانگەی مرۆڤیشە، گۆڕانکاری سروشتی ئەوەیە، کە لەئاستێکی خراپەوە بۆ ئاستێکی باش بێت، کە لەئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر بێت، کە لەتاریکییەوە بۆ رووناکی بێت، واتە گۆڕانکاری سروشتی بەگوێرەی مرۆڤ ئەوەیە، کە لەئاستێکی نزمەوە بەرەو ئاستێکی بەرز بچێت، لەنەزانییەوە بۆ زانین و لەبێئاگاییەوە بۆ هۆشیاری و لەکۆیلەییەوە بۆ ئازادی و لەژێردەستەییەوە بۆ سەربەستی هەنگاو بنێت، بەواتایەکی دی، گۆڕانکاری بەپێی مرۆڤ ئەوەیە هەمیشە بەئاڕاستەیەك بجوڵێت، کە بوون و گەوهەرو ماهییەتی

مرۆڤایەتی دەوڵەمەندترو بەهێزترو باڵاتر بکات، واتە لەمرۆڤی سادەو سەرەتاییەوە بگۆڕێت بۆ مرۆڤی باڵا.

بەڵام لە هەر کردارێکی میتامۆرفیسیدا، کە ئاڕاستەی جوولە پێچەوانەی بارە سروشتییەکەیە، مرۆڤ لەگەوهەرو ماهیەتی مرۆڤانە رووت دەکرێتەوە، واتە شووناسی مرۆیی لەدەست دەدات، بێگومان هەر رووداوێکی لەوجۆرەش، هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سایکۆلۆژی و ئەنتۆلۆژی خۆیی هەیە. نامەوێت لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە ئەو هۆکارانە چین پاڵەوانی چیرۆکەکەی کافکا دەگەیەنێتە حاڵەتی میتامۆرفیس، کە دەشێ جیاوازبن لەو هۆکارانەی لای مەم مرۆڤەکان دەگۆڕن بۆ گا. گۆڕینی مرۆڤ بۆ هەر شتێکی تر، وەك پێشتر وتمان، رووتکردنەوەی مرۆڤە لەبنەما مرۆییەکانی، بەڵام دەشێ ئەو هۆکارانە وا لە مرۆڤ بکەن خۆی ئاواتەخوازی ئەو گۆڕانکارییە بێت بۆ ئەوەی لەئازارە مرۆییەکانی رزگاری بێت، کە دەشێ سەختترین جۆری ئازاربن، یان لەوانەیە مرۆڤ خۆی دژی ئەوە بێت لە بەها مرۆییەکانی رووت بکرێتەوە، بەڵام هێزو فشارەکانی دەرەوەی خۆی بیگەیەننە ئەو حاڵەتە، یان لەدەرەوەی خۆی ئەو روانینەی بەرامبەر دروست بکەن کە ئەو لەبنەماو بەها مرۆییەکان رووتکراوەتەوە.

لەناونیشانی چیرۆکەکەی مەمدا ئەوە دەردەکەوێت، کە مرۆڤەکان خۆیان بوون بەگا، واتە ئاماژە بۆ جۆرێك لەهەوڵی خۆویستیی مرۆڤەکان بۆ ئەو گۆڕانکارییە دەکرێت، بەڵام ئەگەر راستی مەسەلەکەش هەر بەوجۆرە بێت مرۆڤەکان بەویستی خۆیان بن بەگا، هێشتا دەبێ لەوە دڵنیابین کە کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەن وا لەو مرۆڤانە دەکەن ببن بەگا، ئەگینا بەهیچ شێوەیەك تەسەوری ئەوە ناکرێت مرۆڤی ئاسایی و لەبارودۆخێکی ئاساییدا بگۆڕێت بۆ هیچ زیندەوەرێکی تر، چونکە مرۆڤ باڵاترین زیندەوەرەو بەغەریزەش

مــرۆڤ ویــستی خــۆ بەرزکردنــەوەو خۆبــالاکردن و خۆشارســتانی کردنــی هەیــە، نــەك لەبوونەوەرێکی ژیرو خاوەن عەقڵەوە خۆی بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی سادە لەڕووی عــەقڵ و پەرەسەندنەوە.

چیرۆکنووس لەسەر زمانی گێـڕەرەوەوە، کـە کەسـی یەکەمـە، دەکەوێتـە گێڕانــەوەی رووداوەکان، گێڕەرەوە رووداوەکان لەسەر زمانی داپیرەیــەوە دەگێڕێتــەوە، بــەواتا گێـڕەرەوە دەبێتە ناوەندێك کە داپیرەو بەسەرهاتەکانی داپیرەو ئەوەی داپیرە دەیڵێت، لەرێگای ئەوەوە دەگات بەئێمە. گێڕەرەوە لەفەزایەکی فانتازیدا داپیرەی پێشکەشدەکات و دەیناسێنێت، کە نەك بـۆ سـەردەمی داپـیرە خـۆی یـان بـۆ مێـژووی نووسـینی چـیرۆکەکە، بـەڵکو بـۆ ئـەم سـەردەمەش هێـشتا ئـەو وەسـفکردنەی داپـیرەو ئـەوەی لـەبارەی خۆیــەوە دەیگێڕێتــەوە، لەواقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا مایەی لەسەر راوەستان و قـسە لەسـەرکردنە، کـاتێ داپـیرە دەڵێت: (سواری چـەرخ و فەلـەك بـووم، بـەتاقی ئاسمانـا هەڵـچووم، تـاکو گەیـشتمە پەڵـە هەورەکان).

بێگومان هیچ کەس لەئێمـە تەسـەوری ئـەوە ناکـات پیرەژنێکـی سـاڵی شەسـتەکانی سەدەی رابردوو بەوجۆرە وەسفی خـۆی بکـات، ئەمــە ئەگــەر بێتــوو نەگەڕێینــەوە بـۆ ئـەو سەردەمە کۆنەی کە داپیرە باسی ئەوکاتە دەکات هێـشتا مێـژوو دروسـت نـەبووبوو، بۆیــە دەشێ لێرەدا وای بۆ بچین داپیرە بەخەیاڵ لەساتەوەختی خۆیدا لەداهاتوو دەدوێت و دەشــێ وای لێکبداتەوە کە لەداهاتوودا مرۆڤ سواری چەرخ و فەلەك بێت، یان دەشێ داپیرە لەڕووی یادەوەرییەوە بگەڕێتەوە بۆ رابردوو، ئەو رابردووەی کە خۆی وای وەسف دەکات تیایدا مرۆڤ خاوەنی شارستانێتی و پێـشکەوتن بـووەو دواتـر خـۆی ئـەو شارسـتانێتی و پێـشکەوتنەی لەناوبردووە. لەپشتی ئەم روانینـەوە، کـە دوو ئاڕاسـتەی جیـاوازی هـەبووە، ئاڕاسـتەیەکی

ئایندەخوازی و ئاراستەیەکی رابردووخوازی، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە مـرۆڤ خوازیـاری بەدیهێنانی حەزو ئارەزووەکانیەتی و تەنانەت لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو حەزو ئارەزووانـەدا کاردەکات و هەوڵی بنیادنان و دروستکردن و گۆڕانکـاری دەدات. داپـیرە دەیـەوێت پێمـان بڵێت، رابردوو هەر ئەوە نییە کە ئێمە وەکو مێژوویـەکی دواکـەوتوو، بـێ بەرهـەم سـەیری دەکەین، بەڵکو رابردوویەك هەیە کە مرۆڤایەتی بەگشتی تیایـدا خـاوەنی شارسـتانێتی و پێشکەوتن بووە، مرۆڤ توانیویەتی بەشێك لەحەزو ئارەزووەکانی خۆی تیا جێبەجێ بکات، واتە دەتوانین بڵێین، ئەو رابردووەی داپیرە باسی دەکات، تیایدا جۆرێك لەماف و ئازادی بـۆ پیادەکردنی حەزو ئارەزووەکانی تاکەکەس هەبووە.

گێڕەرەوە دەڵێت: (داپیرە باسـی ئـەو سـەردەمەی دەکـرد، کـە مێـژوو هێـشتا باسـی نەکردووە، چونکی ئەو سەردەمە مێژوو لەدایك نەبووبوو) ئەم دەربڕینە دەمانگێڕێتـەوە بـۆ رابردوویەکی دوور، رابردوویەك کـە نەلـەکاتی خۆیـدا تۆمـارکراوە، نـەدواتریش لەبارەیـەوە قسەکراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەو رابردووە کەیـە؟ ئەگـەر لەروانگـەی دیـالکتیکی مێـژووەوە سـەیری رابـردوو بکـەین، ئـەوا بـەپێی قۆناغـەکانی پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتی مێژووی مرۆڤایەتی لەکۆمۆنەی سەرەتاییەوە تۆمارکراوە، بەڵام دیـارە ئـەوەی تۆمارکراوە، هێڵە گشتییەکانی مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە.

ئەگەر لەروانگەی ئایینییەوە بۆ مێژوو سـەیری رابـردوو بکـەین، ئـەوا لەدروسـتبوونی گەردوونەوە ئایین بەشێوەیەکی گشتی باسی رابردوو دەکات، ئەگەر لەروانگەی تۆمارکردنی رووداوەکانەوە سەیری مێژوو بکەین، ئەوا مێژوو تەنیا لەرێگای هەڵکۆڵینـەوە یـان بـەپێی هەندێ راو بۆچوون و لێکدانەوە توانیویەتی لـەرابردووی پـێش تۆمـارکردن بـدوێت. ئـەوەی داپیرە باسی دەکات، رابردووی پێش تۆمارکردنە، کەواتە داپیرە کێیـە کـە لـەو رابـردووەدا

ژیابێت و ئەو رابردووەی لەیادبێت؟ بەهەرحاڵ گێڕەرەوە دوو زەمەن پێکەوە دەبەستێت، کـە ماوەیەکی دوورودرێژ لەنێوانیاندا هەیەو ئەو پێکەوە بەستنەش بـەهۆی کەسـێتی داپـیرەوە دەگاتە ئەنجام، کەواتە دەبێ ئەم کەسێتییە کـێ بێـت لەسـەردەمی ژیـانی منـداڵی ئـەمی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەدا، ئەو هێشتا لەژیاندا مابێت و سـەردەمانی پـێش مێژووشـی لـەبیر بێت؟ دەشێ ئێستا خـەیاڵمان بـەلای یەکـەم داپـیرەدا بـچێت، کـە حەوایـە، بـەڵام ئـەوەی ماوەتەوە بۆ سەردەمی ژیانی منداڵی گێڕەرەوە یان رۆحی حەوایە یان هەر ئـافرەتێکی تـرە کە نوێنەری ئەوە لەئێـستادا. بەهـەرحاڵ لێـرەدا لەئاسـتی نـەگوتراودا چـیرۆکنووس پێمـان دەڵێت مرۆڤایەتی زۆر لەوە کۆنترە، کە مێـژوو باسـی دەکـات، چـونکە مێـژوو لەوکاتـەوە بەمێژوو دادەنرێت، کـە مـرۆڤ توانیویـەتی ئاوەدانکردنـەوە بکـات و شارسـتانێتی بەرهـەم بهێنێت، کە ئەوەش بەراورد بەدەرکەوتنی مرۆڤ یان بەراورد بەدەرکەوتنی حەوا وەکو یەکەم ئافرەت لەسەر زەوی، زۆر نوێیە.

گێڕەرەوە دەڵێت: (داپیرەم لەمێـژوو کـۆنترە، نـەك تـەنیا لەمێـژوو کـۆنترە.. بەشـکەم مێژوو ئەو دروست کردووە) بەهەرحاڵ لەوە دواین کە ئەو ئافرەتەی لەپێش مێژوودا بـوونی هەبووبێت و وەکو ناو بەپێی چیرۆکە ئاینیەکان ئامادەبوونی هەبووبێت، حەوایە، کە گەلێك لـەپێش مێـژووی تۆمـارکراودا ئـەو بـوونی هـەبووەو هـەر لـەرێگای ئـەو گوناهـەی کـە کردوویەتی، مرۆڤایەتی کە نەوەی گوناهەکەی ئەون، فڕێ دراوەتە سەر زەوی بۆ بەدبـەختی و کوێرەوەری، ئەمەش وەکو سزایەك بۆ گوناهەکەی ئەو سەیر دەکرێت، بێگومان یەکـەمین مێژووی ئەفسانەیی گێڕانەوەی بەسەرهاتی سێو دەرخوارد دانەکەی ئادەمە لەلایەن ئەوەوە، واتە ئەوە یەکەمین رووداوە کە لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا تۆمـارکراوە، ئەگەرچـی لەشـێوەی ئەفسانەشدا بگێڕدرێتەوە، لەهەمان کاتدا دەشێ لێکدانەوەیـەکی تـریش بـۆ ئـەو بۆچـوونە

بکەین، کە گوایە داپیرە مێژووی دروستکردووە، ئەویش لەو روانگەیەوە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی دەسەڵاتی دایك سالاری لەکۆمەڵگەدا، کە تیایدا ئافرەت باڵادەستبووەو خاوەنی دەسەڵات بووە، دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە مێژوو، مێژووی دەسەڵات یان چینی باڵادەست یان بەرهەمهێنەری شارستانێتییە، گێڕەرەوە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت بۆ یەکەمجار مێژووی بنیادنان و بەرهەمهێنانی شارستانێتی لەو سەردەمەمەوە دەستپێدەکات، کە ئافرەت دەسەڵاتی کۆمەڵگەی لەهەموو روویەکەوە بەدەستەوە بووە.

لەوەڵامی پرسیارێکی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەدا، داپیرە دەڵێت: (ئەو سەردەمە هەموو ئەو شتانە هەبوون و پتریش.. کە لەعالەمی ئیمڕۆدا ئەیانبینی، بەڵام ئادەمیزاد خۆی تێك و پێکی داو دونیایەکەی رووخاند بەسەرخۆیدا، بەجۆرێك کە ئەوەی هەیبوو ون بوو، بەرەکانی دوای ئەوان هەتا دوو هەزار ساڵ نەیانتوانی ئەو شتانەی ئەو سەردەمە ونبوون، بیدۆزنەوە).

لێرەدا داپیرە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پێشتریش مرۆڤ توانیویەتی شارستانێتی بەرهەمبهێنێت و لەئاستێکی پێشکەوتووی ژیاندا بوویێت، لێرەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەسەردەم و شوێنی جیاوازدا توانیویەتی پێشکەوتن فەراهەم بکات، بەواتایەکی دی، شارستانێتی سوڕی تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەرەتاوە دەستپێدەکات و گەشە دەکات و بەرەو لوتکە واتە بەرزترین ئاستی بەرزدەبێتەوەو پاشان قۆناغی پیربوون و هەرەس هێنان دێت، هەندێ لەو شارستانێتیانەی کە خاوەنی شوناسی دیاربوون و لەئاستێکی باڵادا بوون، دوای رووخاندنیش پاشماوەو ئاسەواریان هەر ماوەتەوە، لەکاتێکدا شارستانێتیەکی دیار بەرەو هەرەس دەچێت، دەشێ لەشوێنێکی ترو لەسەردەمێکی تردا، گەل یان نەتەوەکەی تر، شارستانێتییەکی تر بەرهەم بهێنن، ئەگەر

سـەیری مێـژووی رابـردووی مرۆڤایـەتی بکـەین، پڕیـەتی لـەجۆرە نموونانـە، دیـارە هـیچ شارستانێتییەکیش نابینرێت کە لەڕابردووی دوورەوە تـاکو ئێـستا بەزینـدوویی مابێتـەوەو خۆی لەلوتکەی پەرەسەندنیدا سـەقامگیر کردبێـت و بـەرەو قۆنـاغی هـەرەس و رووخانـدن نەچووبێت. داپیرە پێیوایـە مـرۆڤ خـۆی ئـەو پێـشکەوتن و شارسـتانێتیانەی رووخانـدبێت، دەشێ ئەمە بۆ هەندێ حاڵەتی وەکـو شـەڕو پێکـدادانی نێـوان گـەل و نەتـەوە جیاوازەکـان راست بێت، بەڵام ئەوەی زیاتر مایەی قسە لەسەرکردنە ئەوەیە، کە شارستانێتییەکان وەکو هەر پێکهاتەیەکی بایۆلۆژیانە لەسروشتدا دەردەکەون و گەشە دەکەن و دەمرن، بەڵام داپیرە لەوەڵامدانەوەی پرسـیارەکەی گێـڕەرەوەدا، مێژوویـەکی دیـاریکراو بـۆ رووخانـدنی یەکـەم شارستانێتی و دروستبوونی دووەم شارستانێتی دەستنیشان دەکـات، کـە پێـی وایـە کـاتێ یەکەم شارستانێتی بەدەسـتی خـودی مـرۆڤ روخێنـراوە، کـە دیـارە لێـرەدا مەبەسـت ئـەو شارسـتانێتییەیە کـە خـودی داپـیرە خـۆی دروسـتیکردووە، واتـە شارسـتانێتی سـەردەمی دەسەڵاتی دایك سالاری، لەدوای ئەو رووخاندن و وێرانکارییە، مرۆڤ پاش دوو هـەزار سـاڵ ئەوسـا توانیویـەتی شارسـتانێتیەکی تـر دروسـتبکاتەوە، دیـارە شارسـتانێتی دووەمیـان شارستانێتی پیاوە، لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێـت، ئـەو شارستانێتییەی دەسەڵاتی ئافرەت لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دروستی کردبوو و بەرهـەمی هێنابوو، کاتێ بەدەستی ئەوی پیاو رووخێندرا، نەوەکانی ئـافرەت پـاش ماوەیـەکی دوورو درێژ ئەوسا توانیان لەجێگای شارستانێتی و پێشکەوتنی پێش خۆیاندا، شارسـتانێتییەکی نوێ دروستبکەن و بگەنەوە ئاستی دۆزینەوەو زیندووکردنەوەی ئەوەی پێش دووهەزار سـاڵ رووخێنراوەو مردووە. بەهەرحاڵ، ئێمە هیچ بەڵگەیـەکی دیـاری مێـژووییمان لەبەردەسـتدا نییە کە نیشانی بـدات ئـافرەت لـەقۆناغی دەسـەڵاتی دایکسالاریدا شارسـتانێتی دیـاری

بەرهەمهێنابێت و هەر خودی مرۆڤیش خۆی ئەو شارستانێتییەی رووخاندبێت و وەك پێشتریش وتمان دەشێ شارستانێتییەكان لەشەڕو جەنگدا وێران كرابن، بەلاَم زیاتر لەناوچوونی شارستانێتییەكان پەیوەندی بەدەركەوتن و پەرەسەندن و پیربوونی ئەو شارستانێتیانەوە هەیە وەك هەر زیندەوەرێكی ئەم گەردوونە.

داپیرە پێی وایە ستەم و زۆرداری بووەتە هۆی تێكچوونی ئەو هەموو پێشكەوتنە بەرزو بەرینە، (برا شكی لەبرا ئەكرد، كوڕ باوكی ئەدا بەئەرزا، گەورە بچووكی ئەخوارد، بەهێز بێ هێز....).

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، ئەوەی بووەتە هۆی رووخاندنی پێشكەوتن و هەرەسپێهێنانی ئەو شارستانێتەی پێشتر داپیرە باسی دەكرد، لەئاستی یەكەمدا ستەم و زۆرداریە، بەواتا نەبوونی عەدالەتی كۆمەلاَیەتی و یەكسانی وایكردووە بنەمای پێكەوە ژیان هەلَبوەشێنێتەوە، ئەوەش بووەتە مایەی شەڕو ئاژاوە، كە لەوەشدا دەسەلاَت ستەمی لەخەلَك كردووەو زۆرداری بەرامبەریان نواندووە لەئاكامی ئەوەدا ژیان شێواوەو سەقامگیری نەماوە، كاتێ سەقامگیری تێكدەچێت، مانای وایە چیتر بواری بنیادنان و دروستكردن و ئاوەدانكردنەوە نەماوەو لەبری ئەوە زەمینەی شەڕو پێكدادان و وێرانكردن و رووخاندن دروستبووە، چونكە لەهەر جێگایەك ستەم و زۆرداریی هەبێت، مانای وایە ئینتیماو پەیوەستبوونی رۆحی و ئەخلاقی هەلَدەوەشێتەوە. لەهەر كۆمەلَگەیەكدا ئینتیما هەرەسی هێنا، مانای وایە ئەو كۆمەلَگەیە بەرەو رووخاندن و هەرەسهێنان دەچێت. كاتێ كۆمەلَگە وای لێبێت ئەندامانی بەگومانەوە سەیری یەكتر بكەن و بەهێز هەولَبدات بێهێز بخوات، مانای وایە یاسای دارستان ئەو كۆمەلَگەیە بەڕێوەدەبات، كە ئەویش یاسایەكە نەعەدالەت و نەماف و نەئازادی تێیدا نییە، چونكە هێز حوكم دەكات و یاسا

دروستدەکات. لەهەر کۆمەڵگەیەکدا هێز بوو بەپێوەر بۆ بەرێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگە، مانای وایە جەمسەری دووەم، کە جەمسەری خەڵکە، ئەو خەڵکەی لەدەرەوەی دەسەلآت و لەدەرەوەی هێزە، لەهەموو شتێك بێبەش دەبێت، ئەو بێبەش بوونەش بەسە بۆ ئەوەی ئاژاوەو پشێوی لەو کۆمەڵگەیەدا دروست بکات و لەئاکامدا ببێتە هۆی رووخاندنی خودی کۆمەڵگەکە.

لەڕاستیدا وەکو تۆمارێکی دیاری مێژوویی، ئێمە بەڵگەی لەوجۆرەمان لەبەردەستدا نییە کە شارستانێتیەکی دیاریکراو بەتایبەتی بەوجۆرە رووخابێت، بەلآم ئەوە ئاشکرایە لەدوای کۆمۆنەی سەرەتاییەوە، کۆمەڵگەیەك نادۆزینەوە عەدالەت و یەکسانی و چەمکی هاولآتیبوون تیایدا جێگای خۆی گرتبێت. هەروەك دەشزانین لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەندین شارستانی لەشوێنە جیاوازەکانی جیهاندا دروستبوون و ئاکامیش زۆربەیان هەرەسیانهێناوەو لەنێوچوون، هەندێکیان پاشماوەی ئیداری و کولتوری و عەقڵیان بەجێهێشتووەو تاکو ئێستاش بۆ نەوەکانی ئەو نەتەوەو گەلانە هێزێکی مەعنەوی بەهێزن، بەلآم بەو شێوە دەستنیشانکراوەی کە داپیرە باس لەبوونی شارستانێتییەکی دیارو پاشان رووخاندنی دەکات و دواتریش لەوە دەدوێت دوای دوو هەزار ساڵ نەوەکانی بەرهەمهێنی ئەو شارستانێتییە توانییان بۆ جارێکی تر شارستانێتی دروستبکەنەوەو پێشکەوتن و پەرەسەندن بەرهەمبهێنن، لێرەدا ئەوەی کە دەشێ لەدرێژەی مێژووی رابردوودا بکرێتە لێکدانەوە بۆ ئەم قسەیە، دەشێ مەبەست لەو قۆناغە مێژووییەی ژیانی کۆمەلآیەتی بێت کە بەقۆناغی دایکسالاری ناو دەبرێت، بەتایبەتی کاتێ گێڕەرەوە دەڵێت، داپیرەی ئەو مێژووی دروستکردووە، هەرچەندە ئەوەش جێگای گومانە، چونکە مەرج نییە یەکەمین

شارستانێتی و پێشکەوتن ئافرەت دروستی کردبێت، یان لەسەردەمی دەسەڵاتی دایکسالاریدا بووبێت.

دواتر گێڕەرەوە لەسەر زمانی داپیرەوە سروشتی دەسەڵات و چۆنێتی رەفتارکردنی ئەو دەسەڵاتەو تەنانەت شێوازی هاتنیشی ئاشکرادەکات، (11 فەرماندەرەکەی ئەو دەورە بەئارەزووی میللەت نەهاتبووە سەر کورسی فەرمانڕەوایی.. هەرگیز بڕوای بەگەلەکەی نەدەکرد.. جا بۆ ئەوەی گەلەکەی بەچاکی ئابڵوقە بدا.. لەسەر هەریەکە دوو چاوی دانابوو، جوڵەو بزووتنەوەی خەڵکەکەیان ئەژمارد، بەمەندەش نەوەستا، فەرمانی دا کە هەموو خەڵکی شارەکەی کۆبکەنەوەو ناونووسیان بکەن و هەریەکە مۆرێکیان بەباسکەوە بنێن بۆئەوەی بناسرێنەوەو چاودێریکردنیان ئاسان بێت). لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت ئەو جیهانبینییە بەرجەستە بکات، کە کاتێك کەسێك یان دەسەڵاتێك بەزۆر خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت، ئەوە هەمیشە بەترسەوە دەڕوانێتە خەڵکی و هەمیشە گومانیان لێدەکات، گومانی ئەوەی لەدەسەڵات دووری بخەنەوە، چونکە خۆی باش دەزانێت بەچ شێوەیەك هاتووە، بۆ پاراستنی خۆی و دەسەڵاتەکەی دەبێ بەتووندترین شێوە رەفتار بکات و بەگشتی دەست و بیرکردنەوەی خەڵك قفڵ بدات، بۆ ئەوەی نەتوانای جووڵەیان هەبێت، نەتوانای بیرکردنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ چەندین دەزگای چاودێری و جاسووسی بەسەر خەڵکەو دروست بکات، بۆ ئەوەی ئاگاداری بچووکترین جووڵەبن، بێگومان ئەمەش خاسێتی سەرجەم دەسەڵاتدارانە لەدنیادا، بەتایبەتی ئەو سیستەمانەی دەسەڵات بەشێوەیەکی نارەواو لەرێگای جۆراوجۆری نەخشەو پلان و کودەتاوە هاتوونەتە سەر کورسی فەرمان. ئێمە دەزانین تەنانەت خەباتگێرەگانی رێگای ئازادی و سەربەخۆییش کاتێ دەستیان لەکورسی دەسەڵات گیردەبێت، سەرسەختترین خەباتکەری رێگای پاراستنی

دەسەڵاتەکەیان دەبن و لەو سەروبەندەشدا بـەخراپترین شـێوە ئـازادی ئـەوانی دی دەکـوژن، کەواتە لەکاتێکدا خوازیارانی ئازادی دواتر بەمجۆرە پارێزگـاری لەدەسـەڵاتی خۆیـان بکـەن، دەبێ ئەوانەی بەڕێگای نامەشروع گەیشتبنە کورسی دەسەڵات، لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا چی بکەن؟

کاتێ سەرۆکی ئـەو دەسـەڵاتەی بـوو بـەهۆی رووخانـدن و وێرانکردنـی پێـشکەوتن و شارسـتانێتی دێـرین، بـۆ دوورخـستنەوەی گومـان و مـەترسـی لـەخۆی، هـەموو خـەڵکی کۆدەکاتەوەو بڕیار دەدات ناونووسـیان بکـەن و هەریەکـە مۆرێـك بنـێین بەباسـکیانەوە بـۆ ئەوەی بناسرێنەوەو بەئاسـانی چـاودێری بکـرێن، ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت لوتکـەی ئـەو دەسەڵاتە بەچاوی ئاژەڵ دەڕوانێتە لادێنشین، یان ئەوانەی ئاژەڵداری دەکەن، تاکو ئێـستاش باوە هەریەکە مەڕەکانی خۆی بەڕەنگێك نیشانە دەکات، یان داخیـان دەکـات لەشـوێنێکی دیـاریکراوی جەسـتەیاندا بـۆ ئـەوەی لـەئاژەڵی کەسـانی تریـان جیابکاتـەوەو بەباشـی بیانناسێتەوە. لێرەوە تا ئەندازەیەك ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت، کە چـیرۆکنووس لـەقۆناغی ژیانی لادێنشینی کوردەواری و سەردەمی ئاژەڵداریـدا ئـەم چـیرکەی نووسـیوە، یـان باشـتر بڵێین فەزای گشتی چیرۆکەکە، فەزای ژیانی لادێیە.

لەلایـەکی تـرەوە لەپـشتی ئـەم بەرجەسـتە کردنـەوەوە، روانینێکـی میتامۆرفیـسانە دەردەکەوێت، کە ئەویش بەئاژەڵکردنی مرۆڤە، ئەوەش لەڕوانینی دەسەڵاتەوە بـۆ خـەڵکی بەرجەستە دەبێت، واتە دەسەڵات وەها سەیری مرۆڤ دەکـات، کـە ئـاژەڵن، بۆیـە بـەوجۆرە رەفتاریـان لەگەڵـدا دەکـات، ئەمـەش ئـەو دەردەخـات دەسـەڵات بەگـشتی کۆمەڵگـە لەگەوهەرو ماهیەتی مرۆییانەی رووت دەکاتەوەو بەهەمان شێوەی ئاژەڵ سـەیری دەکـات. لەکاتێکدا مرۆڤایەتی لەشـوناس و گەوهـەرو ماهیـەتی خـۆی رووت بکرێتـەوە، دەبـێ چ

رووبـەرێك بـۆ پێـشكەوتن و پەرەسـەندن و شارسـتانێتی بمێنێتـەوە.. کەواتـە هـەر لێـرەوە زەمینەی رووخاندنی هەموو بنەمایـەکی شارسـتانێتی دێتـە ئـاراوە، چـونکە کـاتێ مـرۆڤ لەبوونی مرۆیی خۆی دابماڵرێت، ئیتر هیچ شتێك لەگەردووندا مانای نامێنێت، چونکە ئەوە ئاشکرایە گەردوون بەهەموو رەگەزەکانییەوە تـەنیا لـەکاتی بـوون و ئامـادەبوونی مرۆڤـدا پێناسـەیان هەیـە، کـاتێ مـرۆڤ لەشووناسـی خـۆی رووت بکرێتـەوە، ئـیتر هیـچکام لـەو رەگەزانەش پێناسەیان بۆ ناکرێت، بۆیـە کـاتێ لەسـایەی دەسـەڵاتێکی درِنـدەو تۆتالیتـارو نامرۆییدا کۆمەڵگە لەباری مرۆییەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازی ئاژەڵ، ئـیتر هـیچ مانایـەك بـۆ پێشکەوتن و شارستانێتی نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوە تاریکترین ساتەوەختە، کـە مـرۆڤ پێـی دەگات، واتە ساتەوەختی کوشتنی ماهیەتی مرۆڤ. گێڕەرەوە لەسەر زمـانی داپـیرە بۆمـان ئاشکرا دەکات، کە زۆرینەی خەڵك ملکەچی ئەو فەرمانەی فەرمانداره‌کەیان بوون و لەگەڵ ئەو توندوتیژی و زەبرو زەنگە راهاتوون، ئەگەرچی لەناخەوە بەو رەفتارە نارِازی بوون، بەڵام کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەمـەش دەریـدەخات کـاتێ جـەماوەری خـەڵك بەرامبـەر بەسیستەمی دەسەڵات نارِازییـەو هەسـت دەکـات ئـازادی و مافـەکانی پێـشێل دەکرێـت، مەرج نییە بگاتە ئاستی راپەڕین و داواکردنی مافەکانی، هەتا ئەوکاتەی نەگاتە ئاستێکی هۆشیاری ئەوتۆ بەچاکی پەی بەکێشەکان ببـات، دەشـێ بەشـێوەی عەفـەوی لەملاوئـەولا نارِەزایی و بەرەنگاربوونەوەش رووبدات، بەڵام ئەوە بەس نییە بـۆ ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری، هەروەك دەشێ نوخبەی هوشیارو بەئاگا رابەرایـەتی خـەڵك بکـات بـۆ داواکردنـی مـاف و ئازادی، خاڵ میکایل نموونەی ئەو نوخبەیەیە، کە هەم تەمەن و ئەزموونی ژیـان زۆر شـتی فێرکردووە، هەم لەسەر ئاستی تاکەکەسیش سیمای تاکەکەسی هۆشـیاری هەیـە، کـە ئـەم حاڵەتەش لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا شتێکی ئاسایی و بینراوە، بۆیە ئـەو لـەپێش خـەڵکی

ئاسایی هەست بەگەوهەری کێشەکان دەکات، بەتایبەتییش بڕیاری فەرماندار بۆ مۆرکردنی باسکی خەڵکەکە بەمەبەستی ناسینەوەیان، خاڵ میکایل دەگێڕێتەوە بۆ یادەوەری سەردەمی منداڵی خۆی، کاتێ کە باوکی ئاژەڵەکانی مۆرکردووە بۆ ئەوەی بیانناسێتەوە، لێرەدا لەڕوانینی ئەم کەسێتییەوە بەگشتی خەڵکەکە هاوشێوەی ئاژەڵەکانی باوکی ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت، مۆرکردنی ئاژەڵەکان بۆ ناسینەوەو پاراستنی خاسێتی خاوەندارێتی ئاژەڵەکان بوو، بەڵام مۆرکردنی باسکی خەڵکەکە بۆ کۆنترۆڵکردن و کوشتنی هەر جووڵەیەك بووە دژی فەرماندار.. بەڕوانینی داپیرە، کاتێ شووناسی مرۆیی لەمرۆڤ بسەندرێتەوە، ئیتر هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بەمرۆڤەوە هەیە دەڕووخێن، ڕووخاندنی پێشکەوتن و پەرەسەندن و شارستانێتی رابردوو بەهۆی ئەم سیاسەتە نادروست و عەقڵییەتە نادروستەی فەرماندارەکە بووە، کە ئەمەش بۆ هەموو سەردەم و هەموو جوگرافیایەك ڕاستە، هەرکات مرۆڤ لەخاسێتی مرۆیی خۆی داماڵرا، ئەوە مانای وایە مرۆڤایەتی هەرەسیهێناوە، کە گەورەترین سەرمایەی ئەم گەردوونەیە، بۆیە لەدەرەوەی ئەوی مرۆڤ، هیچ شتێك بوونی نییە. زۆربەی خەڵکی هەمان ڕوانین و تێگەیشتنی خاڵ میکایلیان هەبوو بۆ ئەو ڕەفتارە نادروستەی دەسەڵات، کە ناسنامەی بەئاژەڵبوونی بەسەردا سەپاندبوون، بەڵام هەستی خۆپارێزی و خۆبەدوورگرتن لەکێشەو گرفت، وایلێکردبوون بەئەمری واقیع ڕازی بن، ئەمەش خاسێتێکی ئاشکرای مرۆڤە، کە بەسروشتی دەیەوێت خۆی لەگۆڕانکاری و سەرکێشی بەدوور بگرێت نەوەك ئەوەی هەیەتی لەدەستی بدات، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین، ئەوەی بواری بۆ دەسەڵات کردۆتەوە بەئارەزووی خۆی چۆنی دەوێت وەها ڕەفتار بکات، ئەوە کۆمەڵگەیە، ئەویش لەدوو ئاستدا، لەئاستی یەکەمدا ترس لەئاژاوەو پشێوی و دووچاری گرفتبوون هۆکارێکە بۆ

ئـەوەی کۆمەڵگـە لەشـێوەیەکی خۆپارێزانـەدا دەربکـەوێت، لەئاسـتی دووەمـدا مـرۆڤ بـە سروشتی هەرچۆن لەسـەرەتاوە خـۆی بـەدوای دۆزینـەوەی هێزێکـدا گـەڕاوە تـا لەسـەرووی خۆیەوە دایبنێت و بیپەرستێت، بەهەمان شـێوە هەمیـشە ئارەزوومەنـدی ئەوەیـە هێزێـك هەبێت لەسەرووی خۆیەوە، هـەتا بەرپرسـیارێتی ئـەو لەئەسـتۆ بگرێـت، بەواتایـەکی دی، مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە هەمیشە مەیلداری ئەوەیە بـەدوای باوکـدا بگـەڕێت، ئـەو باوکـەش دەشێ باوکی راستەقینە بێت یان هەرکام لەو دەزگاو دامەزراوانەی دەسەڵات بن کە دەوری باوك دەبینن. بەپێی گێڕانەوەکەی داپـیرە، گفتوگـۆ لـەنێوان فەرمانـدارو خـاڵ میکایـل دا دروست دەبێت لەسەر چۆنێتی ئەو فەرمانەو شیوازی پەیڕەوکردنی، لەبنەڕەتـدا هەڵوێـستی خـاڵ میکایـل رەتکردنـەوەی مـۆرکردنی باسـکی و سیاسـەتی توندوتیـژی دەسـەڵاتە، لەکاتێکدا ناتوانێت بەجددی بەرگری بکات و ئەو سیاسەتە رەتبکاتەوە، پـەنا دەباتـە سـەر شێوازی کۆمیدی و دەیەوێت لەو رێگایـەوە گاڵتـە بەگەوهـەرو ماهیـەتی ئـەو عەقڵییەتـە بکات، کە لەپێناوی مانەوەی خۆیدا، پەنا بۆ ئـەو جـۆرە سیاسـەتە دەبـات، بـەڵام ئـەوەی جێگای پەرسیارە ئەوەیە، ئایا هـەروا بەئاسـانی گفتوگـۆ لـەنێوان دەسـەڵات و جـەماوەردا دروستدەبێت؟ بێگومان دەشێ جۆرە ئاخاوتنێك لەنێوان جەللادو قوربانیشدا دروست ببێت، بەڵام ئـەوە گفتوگۆیـەکی هاوسـەنگ نییـە، چـونکە کـاتێ ئـەوی پاسـیڤگراوو مـافخوراو لەبەرامبەر دەسـەڵاتدا دێتـە دوانـدن، مانـای وانییـە ئـەم دوو جەمـسەرە یەکسانن، یـان هاوشانن، هەربۆیە ئەمجۆرە گفتوگۆیە تـەنیا لەڕووکەشـدا گفتوگۆیـە، ئـەگینا لەگەوهـەردا ماهیـــەتی گفتوگـــۆی نییـــە، چـــونکە ئـــەوی دەســـەڵاتدار دەبـــێ قـــسەو فەرمانـــەکانی جێبەجێبکرێن، بـەڵام ئـەمی دەرەوەی دەسـەڵات نـەك فـەرمانی نییـەو ناتوانێـت فـەرمان

بکات، بەڵکو قسەکانیشی نابیستڕێت، بەواتە لەگەوهەردا قسەکانی شووناسی قسە یان دواندنیان نییە، چونکە نابنە هەڵگری هیچ ماناو دەلالەتێك لەڕوانگەی ئەوی دەسەڵاتەوە.

خاڵ میکائیل چیرۆکی ئەو (گا) جووتە دەگێڕێتەوە، کە دوای ئەوەی پیردەبێت و خاوەنەکەی دەیەوێت بیفرۆشێت، کڕیار ئەوەندە دەمی دەکەنەوە تابزانن ددانەکانی کەوتووە یان تەمەنی چەندە، گاجووتەکە لەگەڵ ئەو کردارە رادێت، هەرچەندە لەسەرەتاوە بەزۆریش دەمی ناکاتەوە، بەڵام دواتر وای لێدێت هەر کە دەستیان بۆ دەمی برد، لەشێوەی پەرچەکردار یان وەڵامدانەوەدا دەستبەجێ دەمی دەکاتەوە. بێگومان ئەم شێوازە راهاتنەی کە چیرۆکنووس لەسەر گاجووت لەچوارچێوەی دەقەکەدا بەرجەستەی کردووە، لەبنەڕەتدا بۆچوونێکی سەرچاوەدارەو ئاستی بەئاگایی چیرۆکنووس لەبواری دەروونزانیدا نیشان دەدات، لەتیۆری دەروونزانی بافلۆفدا، مەسەلەی راهاتن رووبەرێکی دیاریکراوی گرتووە، (سەگەکە دەبەستێتەوەو جاری یەکەم پارچەیەك گۆشتی بۆ هەڵدەدات و هاوکات زەنگێك دەزرنگێتەوە، سەگەکە دەمی ناگاتە گۆشتەکە، لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە، ئەم کارە چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە، هەموو جارێ کە سەگەکە چاوی بەپارچە گۆشتەکە دەکەوێت و لەهەمان کاتدا گوێی لەدەنگی زەنگەکە دەبێت لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە، پاش ماوەیەك لەچەند بارەکردنەوەی ئەم کارە، ئەمجارەیان دێت تەنیا زەنگەکە دەزرنگێتەوە، بێ ئەوەی پارچە گۆشتەکە هەڵبدات، دیسان دەبینێ هەمان شێوەی پێشتر سەگەکە لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەگەکە لەگەڵ ئەوە راهاتووە، هەر گوێی لەدەنگی زەنگ بێت، راستەوخۆ لیك بەدەمیدا دێتە خوارەوە). چیرۆکنووس ئەم تاقیکردنەوەیەی گواستۆتەوە بۆ سەر گاجووت و دەڵێت ئێمەش ئەوەندە باڵیان پێ رووتکردوین بۆ ئەوەی سەیری مۆرەکەی سەر باڵمان بکەن، وەکو گاجووتەکەو

دەستی کڕیارەکانمان لێهاتووە، هەر چۆن گاجووتەکە هەر دەستی کڕیارەکەی بینی دەمی دەکاتەوە، یان چۆن سەگەکەی بافلۆف هەر گوێی لەدەنگی زەنگەکە بوو لیك دەڕژێت، ئێمەش هەر کە دارۆغە (پیاوانی دەسەڵات)مان ببینی، راستەوخۆ وەکو وەڵامێکی مەرجی بێ ئاگایانە قۆڵمان رووت دەکەین. ئەمەش ئەو قۆناغەیە تیایدا لەشێوازی مرۆڤەوە دەگۆڕێین بۆ شێوازی ئاژەڵێکی تر، کە لەچیرۆکەکەدا بەگاجووت ناوبراوەو لەتیۆرەکەی بافلۆفیشدا بەسەگ ناودەبرێت، لەهەردوو بارەکەدا کردارەکە هەرهەمان کردارە، کە ئەویش راهاتنە، یان وەڵامدانەوەی مەرجییە، کە تیایدا مرۆڤ لەگەوهەرو ماهیەتی خۆی رووت دەکرێتەوەو دەچێتە شێوەی ئاژەڵێکەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت روانینی مەم بۆ گۆڕینی خەڵکەکە لەباری مرۆییەوە بۆ (گا)، کردارێك نییە لەئەنجامی هەستکردن بەبێتوانایی و لاوازیی لەبەردەمی گۆڕانکاری و بێئومێد بوون لەبوونی خۆیان وەکو مرۆڤ روویدا بێت، بەڵکو پێمان دەڵێت لەئەنجامی زەبرو زەنگ و سەرکوتکردن و کوشتنی ماف و ئازادیدا مرۆڤ رادێت کە ئەو واقیعە تفت و تاڵە قبوڵ بکات و ملی بۆ کەچ بکات و پێی رازی بێت، کە ئەوەش دۆڕاندنی گەوهەرو ماهیەتی راستەقینەی مرۆڤایەتییە، کەواتە هەرچەندە مرۆڤ لەژێر فشاری دەسەڵاتدا بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی نامرۆیی، یان لەژێر کاریگەریی هەستکردنی خودی مرۆڤ خۆیدا بەبێدەسەڵاتی و ناکاریی و لەئەنجامی ئەوەشدا هەستکردنی بەبێ مانایی ژیان بگۆڕێت بۆ قالۆنچە.. لەهەردوو بارەکەدا مرۆڤ لەماهیەتی خۆی رووت دەکرێتەوەو خاسێتی مرۆیی خۆی لەدەستدەدات. بێگومان ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چیرۆکەی مەم ئەوەیە، کە هەڵگری جیهانبینییەکی فیکری و کۆمەڵایەتی و ئەنتۆلۆژییە، بوونی شارستانێتی و پێشکەوتن و پەرەسەندن دەبەستێتەوە بەبوونی مرۆڤی ئازادو خاوەن ئیرادەوە، واتا ئەگەر

مرۆڤ ئازاد نەبێت، ئەوا نابێتە خاوەنی ئیرادە، کاتێکیش مرۆڤ ئیرادەی نەبێت، نەدەتوانێت بینابکات، نەئاوەدانی بەرهەمبهێنێت، نەشارستانێتی دروست بکات. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ لەقۆناغێکدا خاوەنی ئیرادە بووبێت و توانیبێتی شارستانێتی بەرهەمبهێنێت، ئەوا هەرکات ئازادی لێ سەندرابێتەوەو ئیرادەی رووخێندرابێت، ئەوا شارستانێتییەکەشی هەرەسیهێناوە، ئەو شارستانێتیی و پێشکەوتنەش کە داپیرە باسی دەکات، لەئەنجامی کوشتنی ئازادی و هەرەسپێهێنانی ئیرادەی مرۆڤدا رووخاوە.

لەلایەکی ترەوە، دەتوانین مەم لەچیرۆکنووسانی تری هاوچەرخی خۆی جیابکەینەوە بەوەی لەکاتێکدا کە زۆربەیان پاڵەوان و کەسێتی خۆڕاگرو نەبەزیوویان بەرجەستە کردووە، ئەم دێت کەسێتییەك بەرجەستە دەکات کە لەحاڵەتی مرۆییەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی ئاژەڵی، کۆمەڵگەو مێژوویەکمان پێشکەش دەکات لەپێشکەوتن و پەرەسەندن و شارستانێتییەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی و دواکەوتن و وێرانەیی، بەمەش پێمان دەڵێت، مێژووی مرۆڤایەتی لەشێوەی ژیانی زیندەوەرانداپەو خاسێتی بایۆلۆژیانەی هەیە، لەسەرەتاوە بۆ گەشەکردن و گەیشتن بەبەرزترین ئاستی و پاشان داڕووخان و هەرەس دێت تادەگاتە کۆتایی.

## فانتازیای گەڕانەوەی زێوەر لە چیرۆکی

## (شار لە پێشوازی زێوەردا)ی محەمەد فەریق حەسەن دا

(شار لە پێشوازی زێوەردا) چیرۆکێکی محەمەد فەریق حەسەنە کە لە ساڵی 2005دا نووسیوویێتی و لەگەڵ کۆمەڵێ چیرۆکی تردا و لە ژێر ناوی (شەوەکەی عەریف زباله) دا بە چاپی گەیاندووە. محەمەد فەریق حەسەن یەکێکە لە چیرۆکنووسانی نەوەی دوای حسێن عارف کە هەم لە بواری تەکنیکی نوێی چیرۆك و هەم لە بواری زمانی نووسیندا بە شارەزاییەکی تەواوەوە دەنووسێت و یەکێکە لەو چیرۆکنووسە کەمانەی کورد کە توانیوویێتی لە سیاسەت و ڕووداوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکانی نێو کۆمەڵگای کوردی ئیلهامی نووسین وەربگرێت و هونەر درووست بکات. وێنەی پێشمەرگەی سەردەمی خەباتی شاخ و وێنەی پاڵەوانی خەباتی نهێنی ناو شارو پاڵەوانبازی پێشمەرگەو کارلێکی ئەو پاڵەوانە لەگەڵ کۆمەڵگاداو سۆزو خۆشەویستی کۆمەلیش بۆ ئەو پاڵەوانە ڕۆمانسیەی کە هەموو چرکەساتێك ئامادەی ژیان بەخشین بوو سیمای دیاری چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە بووە هەتا کاتی راپەڕین ، لە دوای راپەڕینیش بە ئاراستەی ڕەخنە گرتن لە دەسەلاتی کوردی و لە حیزبی کوردی کار دەکات ، ئەمەش لە راستیدا هەڵوێستی نووسەرو ڕۆشنبیری خاوەن شوناسە کە لە ڕۆژی سەخت و پڕ لە میحنەتی گەلدا هاودەنگی پێشمەرگەیەو لە سایەی دەسەلاتی خۆماڵیشدا ڕەخنەگری ئەو دەسەلاتەیە.بەلام ئەم چیرۆکنووسە هەر چۆن لە ڕێگای بەرهەم هێنانی دەقی زیندووەوە پێشمەرگەی کردۆتە سیمبولی خەباتی ڕۆمانسیانە لە پێناوی ئازادیدا بە هەمان شێوە لە ڕێگای بەرهەم هێنانی دەقی زیندووەوە ڕەخنە لە دەسەلات و حیزبی کوردی دەگرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەی چیرۆکی (شار لە پێشوازی زێوەردا) لە رووی بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکەوە بکەین.بەلاَم پێشەکی پێمباشە کورتەی چیرۆکەکە بە چەند رستەیەك بگێڕمەوە بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر بزانێت باسی چی دەکەین. (گێڕەرەوە نامەیەکی لە هاوڕێیەکیەوە پێدەگات کە تیایدا باسی ئەوە دەکات لە یەك شەودا دیوانی زێوەر لە هەموو کوردستاندا کۆدەکرێتەوەو دوای ئەوەش سەر لە بەیانیەك زێوەر دوای ماوەیەکی زۆر لە مردنی لە گۆڕستانی سەیوانەوە دێتەوە بۆ شار و هەموو شار دەهەژێنێ. هەر کە دەگاتە نزیك قوتابخانەی زێوەر منداڵان دەوری لێدەدەن و هەموو دوکان و بازاڕ دادەخرێن و رێگاو بان دەگیرێت و خەڵك لە دوای زێوەرەوە بەرەو مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخ دەکەونە رێ. خەڵك ئەو جەماوەرەی دوای زێوەر دەکەون سروودی (چەند شیرینە لام) دەچڕن. بەرپرسانی شار کە هیچیان ناوی زێوەریان نەبیستبوو کەوتنە بارێکی نائارامەوەو هەریەکە شتێکی لە بارەی ئەو پیاوەوە دەگوت کە بەو جۆرە هەموو شاری لە خۆی کۆکردبووەوە. منداڵان زێوەر لە سەر شانی خۆیانەوە بەرز دەکەنەوە بۆ سەر دیواری مزگەوتەکەو مایکرۆفۆنی بۆ ئامادە دەکەن و داوای لێدەکەن ئامۆژگارییان بکات. ئەویش بە ناوی ئەدیبانی منەوەری کۆچکردووەوە لە گردی سەیوان وتارێکیان پێشکەش دەکات و باسی نارەزایی پیرەمێرد و گۆران و بێکەسیان بۆ دەکات و پێیشیان دەڵێت کە نەوەکانی دوای خۆیان گوێڕایەڵی سروودەکانی ئەمان نەبوون ئەگینا بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵ نیشتیمان نەدەکرد). ئەمە کورتەی بەسەرهات و رووداوی چیرۆکەکەیە.

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێن کە ئەو کەسەی کە خەڵکی شار پێشوازی لێدەکەن زێوەری شاعیرە کە لە ساڵی 1875 دا لە دایك بووەو لە ساڵی 1948 دا کۆچی دوایی کردووەو لە گردی جۆگە نێژراوە. زێوەر مامۆستاو شاعیرو رۆشنبیرێکی منەوەری

سەردەمی خۆی بووەو یەکێکیشە لەو شاعیرانەی کە لە بواری سروودو شیعری نیشتیمانیدا جێگایەکی دیاری هەیەو لە دوای درووسکردنی دەوڵەتی عێراقیش لەبەر هەڵوێستی تایبەتی خۆیی و ملنەدانی دووچاری دوورخستنەوەو زەحمەتی زۆر بووە بەلاّم ئەو هەمیشە وەکو منەوەرێکی بە هەڵوێست و نەفسیەت بەرز ژیاوەو هەرگیز لە پێناوی ژیاندا نەچەماوەتەوە. چیرۆکنووس ئەم نموونەیەی لە مێژووی رابردووی ئێمەدا کردووەتە نموونەی بالاّو لە شێوازێکی فانتازیدا دوای نیو سەدە لە کۆچ کردنی دەیهێنێتەوە سەر گۆڕەپانی سیاسەت و نێو ململانێکان و لە رێگای ئەوەوە قسە لە سەر بارودۆخی ئێستا دەکات.ئەمەش ئەو شێوازەیە کە چیرۆکنووس لە رێگای خوێندنەوەی رابردووەوە واقیعێك لە خەیاڵدا درووست دەکات کە جیاوازە لەو واقیعەی کە هەیە و لەوێشەوە بە پشت بەستن بەوەی لە خوێندنەوەی ئەو رابردووەدا هەبووە بەو جۆرەی کە ئەم تەسەوری دەکات هەوڵدەدات خوێندنەوەی ئێستا بکات.کە ئەو خوێندنەوەیەش دەشێ لەسەر بنەمای روانین بێت بۆ مێژوویەکی تر یان مێژوویەکی جیاواز لەوەی کە بووە یان هەیە واتە دەشێ بریتی بێت لە جۆرێك لە گەڕان بە دوای مێژوویەکی نادیار یان ونبوودا کە تەسەوری ئەوە دەکات لەو مێژووەوەدا مرۆڤ کە گەورەترین سەرمایەی دنیایە بە ئازادی و بە کەرامەتەوە تیایدا بژی. بێگومان سەرباری شێوازی فانتازیانەی گەڕانەوەی زێوەر لە گۆڕەوە کە بەرهەمی خەیاڵە دیسان لە بەرجەستە کردنی ئەم کەسێتیەدا لە چیرۆکەکەدا جۆرە واقیعیەتێك هەیە ئەویش واقیعیەتی مێژوویەکە کە هەبووە بەلاّم ئەوەی کە دەتوانێت ئەو واقیعە بکات بە هونەر ئەو تەکنیکەیە کە چیرۆکنووس ئەو واقیعەی نێو مێژووی ئێمەی بە شێوازێکی نوێ پێدەنووسێتەوە یان دایدەڕێژێتەوە.

ناونیشانی چیرۆکەکە (شار لە پێشوازی زێوەردا) ناونیشانێکی ناسراوە لە جوگرافیای رۆشنبیری کوردیدا چونکە زێوەر ناوێکی دیارو ناسراوە ، هەروەها مەبەست لە وشەی (شار) لە کەلتووری کوردیدا شاری سلێمانیە. هەرچەندە لێرەدا ئەو پرسیارەش خۆی دەسەپێنێت کە ئایا بە راستی سلێمانی شارە؟ ئایا خاسێتەکانی شاری هەیە؟ ئایا لە سلێمانیدا پێکهاتەکانی گۆمەڵگای شارو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی شار بوونیان هەیە؟ لێرەدا ئەم پرسیارانە بە کراوەیی بە جێدەهێڵین و بەوە واز دەهێنین کە سلێمانی بە بێ بیرکردنەوە لەو بنەمایانەی کە دەبێ شار هەیێت شوناسی شاری بەدەست هێناوە. واتە لە روانینی خەڵکەوە بە شار دادەنرێت. هەر لەسەر هەمان بنەماو هەڵسەنگاندن چیرۆکنووسیش وەکو ناوێکی ناسراو شار بەکار دەهێنێت هەر چۆن پێشتریش چیرۆکنووسی ناسراو حسێن عارف رۆمانێکی خۆی بە ناوی شارەوە بلاّو کردۆتەوە.ناسراویی ناونیشانی چیرۆکەکەش زیاتر سیمایەکی واقیعیانە بە چیرۆکەکە دەبەخشێت بەلاّم لە ئەنجامی شۆڕ بوونەوەدا بۆ ناو بنیادی پێکهێنەری دەقەکە بۆمان دەردەکەوێت ئەو واقیعەی کە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا دایدەرێژێتەوە ئەو واقیعە نییە کە زێوەری تیادا ژیاوە یان تەنانەت کە چیرۆکنووسیشی تیادا دەژی بەڵکو واقیعێکە بەرهەمی روانین و لێکدانەوەی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە کە ئەویش کەسێکە لە رێگای نامەیەکەوە ئاگاداری چیرۆکنووس دەکات کە لە بنەڕەتدا چیرۆکنووس خۆی گێڕەرەوەی سەرەکی چیرۆکەکەیە و ناوەرۆکی ئەو نامەی هاوڕێکەی کە لە ناوەوەی ولاّت بۆی رەوانە کردووە دەگێڕێتەوە.

لە سەرەتای نامەکەدا هاتووە (ئەو شەوە چی دیوانی زێوەر لە کوردستان هەبوون دەستکاری کران) ئەم رستە خەبەرییە راگەباندنێك پێشکەش دەکات کە راستەوخۆ خوێنەر وا لێدەکات بە دوای زانینی راستی و ناوەرۆکی ئەو هەواڵەدا بچێت و لە هەمان کاتدا ئەو

پرسیارەشی لەلا دروست ببێت ئایا بۆچی هەموو دیوانی زێوەر دەستکاری دەکرێن و داخۆ کێ دەستکاریان دەکات و ئایا ئەو دەستکاری کردنە چی دەگرێتەوەو  چ بەشێك یان چ شیعرێك لە دیوانەکەی دەستکاری دەکرێت و ئایا کێ مافی ئەوەی هەیە پاش کۆچی دوایی ئەم شاعیرە دەستکاری دیوانی ئەو بکات؟ گێڕەرەوە لە دوای راگەیاندنی ئەم رستەیە دێتە سەر گێڕانەوەی ناوەرۆکی ئەو نامەیەی کە بۆی هاتووەو لە کەسێکیشەوە بۆی هاتوو کە هەمیشە بە دوای هەواڵدا دەگەڕێت ، بۆیە سەرباری هەندێ لێکدانەوە بۆ کەسێتی ئەم هەواڵ نێرە ، گێڕەرەوە گومانێکی ئەوتۆ لە راستی هەواڵەکە ناکات و ئەم هەواڵە دەبێتە دەستپێکی چیرۆکەکەو درێژەی رووداو و جوڵە لە چیرۆکەکەدا پەیوەندی بەم هەواڵەوە هەیە. ئەم هەواڵە لە راستیدا جۆرێکە لە خەیاڵ کە دەشێ وەکو ئەفراندنی فەزایەکی فانتازی سەیر بکرێت کە لە یەك شەودا کارێکی لەو جۆرە ناشێت لە واقیعدا ئەنجام بدرێت مەگەر هێزێکی ئەفسانەیی لە پشتی ئەنجامدانی ئەوکارەوە بێت کە ئەوەش سیمایەکی ئەفسانەیی بە رووداوی چیرۆکەکە دەبەخشێت و ئەمەش زەمینە بۆ فەزایەکی فانتازی فراوانتر خۆش دەکات کە فانتازیای گەڕانەوەی زێوەرە لە گۆڕستانەوە. رەنگە لە واقیعدا تەسەور کردنی گەڕانەوەی مردوویەك پاش زیاتر لە نیو سەدە کارێکی نەشیاو بێت ، هەرچەندە رەنگە ئەوە خۆزگەیەکی گەورەی زۆرێك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێت چونکە ئەگەر بە راستی ئەوە روویبدایە کە کەسێك لە گۆڕەوە بگەڕایەتەوە دەشیا زۆر نهێنی لە بارەی مەسەلەی مردن و ئەو دنیاوە ئاشکرا ببوایە و ئەو کاتەش مرۆڤ بە جۆرێکی تر سەیری مەسەلەی مردن و زیندوو بوونەوەی بکردایەو زۆرێك لەو بۆچوونانەی سەبارەت بە مردن و زیندوو بوونەوەو مەسەلەی بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزا کە هەموو فیکری ئایینی لەسەر بنیاد نراوەو هەموو ئایینەکان هەریەکە بە جۆرێك و بە دیدێکی موتڵەقانەوە باسی دەکەن یەکلا ببوونایەتەوەو چی تر مرۆڤ بە گومان و

بەترسەوە سەیری نەکردنایەو راستی مەسەلەکانی وەکو ئەوەی هەن بزانیایە ، ئیتر ئەوسا دەیتوانی بە قەناعەتەوە بڕیار بدات کە بڕوادار بێت یان بێ بڕوا ،لە هەردوو بارەکەشدا دەگەیشتە جۆرێك لە یەقین کە رەنگە ئەوەش ئاسوودەییەکی رۆحی و دەروونی زیاتری پێ ببەخشیایە. ئەگەرچی زۆرێك لە زانایانی بواری کۆمەڵناسی پێیان وایە کە گومان و دوو دڵی و نیگەرانی هێزی بزوێنەرن لە مرۆڤداو سەرجەم شارستانی مرۆڤایەتی بەرهەمی ئەو بارە ناجێگیرانەن لە بوون و ماهیەتی مرۆڤدا بۆیە ئەگەر بەم بارەیاندا لێکی بدەینەوە گەیشتن بەو یەقینە مانای لاوازبوونی ئەو هێزە بزوێنەرەو بەو پێیەش هەرەسهێنانی پاڵنەرەکانی بەرهەمهێنان و بنیادنانی شارستانی کە یەکەمین خاسێتە مرۆڤی لە زیندەوەرانی تر پێ جیا دەکرێتەوە.

گێڕەرەوە لە خوێندنەوەی ئەو هەواڵە سەرسام دەبێت و دەگاتە ئەوەی کە گومان لە باری دەروونی و عەقڵی هاورێکەی بکات و ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە دەشێ ئەو کارەی کە ئەو دەیکات کە کاری هەواڵچنی یان هەواڵگیریە بووبێتە هۆی ئەوەی کە عەقڵ لە دەست بدات یان دووچاری نەخۆشی دەروونی بوو ببێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە ئەوانەی هەواڵچنی و هەواڵگری دەکەنە پیشە لە ژیانی خۆیاندا دەشێ ئاوەزیان لە دەست بدەن چونکە سرووشتی ئەو کارە لەسەر گوێ گرتنی هەمیشەیی و گەڕان و بە دوادا چوونی هەمیشەیی بەندە واتە جۆرێکە لە کاری گەڕان بە دوای نهێنیەکانی خەڵکدا کە ئەوەش بە هەموو پێوانەیەك خۆ هەڵقورتاندنە لە کاروباری تایبەتی خەڵکی. لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت هەواڵچنی و هەواڵگری بە هەر مەبەستێك بێت کارێکی ترسناکەو مرۆڤی رۆح خاوێن و دەروون پاك و خاوەن هەستی مرۆڤایەتی ئەو کارەی پێناکرێت مادەم هەوڵدانە بۆ ئاشکرا کردنی نهێنیەکانی ژیانی ئەوانی تر.

بەلاَم سەرباری ئەم بۆچوونەش گێڕەرەوە ناتوانێت دەستبەرداری نامەکە بێت و وازی لێبهێنێت ، بەڵکو جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە خوێندنەوەی و دەگاتە ئەم رستەیە (ئەم رووداوە بووە هۆی ئەوەی بەرنامەی خوێندن لە سەرانسەری باشووردا تووشی شلۆقی ببێ ، چونکە شیعری زێوەر لە پرۆگرامی خوێندندا هەیە.) هەڵبەت لێرەدا ئەم دوو رووداوە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە ، کاتێ دیوانی زێوەر دەستکاری دەکرێت ئایا ئەو بەشەی کە لە شیعری زێوەر بووەتە بەرنامەی خوێندن وەکو خۆی دەمێنێتەوە یان ئەویش بە پێی گۆڕانکارییەکە دەستکاری دەکرێت؟ بەلاَم ئەوی دەقەکە پێمان دەڵێت ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی شلۆق بوونی خوێندن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گۆڕانکارییە شیعرەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنیش دەگرێتەوە بۆیە لەوێش ئاسەواری ئەو گۆڕانکارییە دەردەکەوێت. لەوانەیە شلۆق بوونی پرۆگرامی خوێندنیش لەو رووەوە لەبەر ئەوە بێت کە بواری خوێندن دژی ئەو گۆڕانکارییە بێت یان بەلایەنی کەمەوە پێی قبوڵ نەکرێت چونکە پرۆسەی پەروەردەی ئێمە بە ترسەوە سەیری هەموو گۆڕانکارییەك دەکات و تەنانەت لێیشی دەترسێت. بۆیە دەشێ ئەم گۆڕانکارییەی دیوانی زێوەریش بە جۆرێك لە کودەتا بزانێت.ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئێمە لە لایەك کۆمەڵگایەکی کۆنە پارێزین و دەشزانین هەموو گۆڕانکارییەك لە پرۆسەو پرۆگرامی خوێندنەوە دەست پێدەکات بۆیە ئەو گۆڕانکارییە ئەو پرۆسەیە و پرۆگرامەکەی دەخاتە بارێکی شلۆقەوە. لە لایەکی ترەوە بواری پەروەردەی ئێمە لەبەر ئەوەی عەقڵێکی تەقلیدی خۆپارێزی بێ ئاگا لە ژیانی نوێ و هاوچەرخ بەڕێوەی دەبات و داموودەزگاکانی بەرهەمهێنان و پەروەردە کردنی مامۆستاش بێ ئاگان لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی هاوچەرخ و نەوەیەك لە مامۆستا پرۆسەی خوێندن بەڕێوە دەبەن کە ناتوانن لە گەڵ هیچ گۆڕانکارییەکدا خۆیان بگونجێنن

بۆیە دەشێ بچووکترین گۆڕانکاری لە هەربەشێکی ئەو پرۆگرامەدا ببێتە مایەی کێشە بۆ ئەو مامۆستایەی کە راهاتووە تەنیا بە یەك شێوە وانە بڵێتەوەو هەر گۆڕانکارییەك دەشێ سەر لە ئەو تێکبدات واتە مامۆستای ئێمەو ئەو عەقڵەی کە پرۆسەی پەروەردە بەرێوە دەبات هەمان شێوەی هەنگ چۆن لە درووستبوونیەوە تاکو ئێستا بە یەك شێوە کار دەکات ئەمیش تەنیا بەو شێوازە وانە دەڵێتەوەو پەروەردە بەڕێوە دەبات کە چەندین ساڵە نەوەکانی پێش ئەم پەیڕەویان کردووەو لە سەری رۆیشتوون هەر ئەو عەقڵێتەشە کە ئەگەری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر لاواز کردووە.

ئەو رستەیە گێڕەرەوە ناچار دەکات کە لە سەر خوێندنەوەی نامەکە بەردەوام بێت. هەر لەو سەرو بەندەشدا گێڕەرەوە شوێنی خۆی ئاشکرا دەکات کە لە دەرەوەی ولاٌتەو پەرۆشی بۆ هەواڵی زێدو نیشتمانی خۆی هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی درێژە بە خۆێندنەوەی نامەکە بدات وتیایدا هەواڵی گەڕانەوەی زێوەر دەبینێت.کە ئەوەش رووداوێکی فانتازییەو ناشێت لە واقیعدا شتی لەو جۆرە روو بدات یان تەنانەت تەسەوریش بکرێت کە کەسێکی مردوو لە گۆڕەوە بێتەوەو هەمان ئەو کەسەێتیەی هەبێت کە لە سەردەمی ژیانیدا هەیبووە. ئەو وێنەیەی زێوەر کە لە چیرۆکەکەدا بەرجەستە کراوە وێنەی راستەقینەی زێوەر خۆیەتی لە ژیاندا. دیارە لێرەدا سەرباری دەووری خەیاڵ لەو شێوە وێنا کردنەدا ، چیرۆکنووس پشتی بەو زانیاریانەش بەستووە کە دەربارەی ئەم کەسێتیە لەبەردەستدان. جگە لەوەش زێوەر هەمان شێوەی سەردەمی ئەوسای رەفتار دەکات کە مامۆستا بووەو منداڵانی فێرکردووەو خەڵکی بە رێزەوە سەیریان کردووە و گوێ رایەڵی پەندوو ئامۆژگارییەکانی بوون. هێنانی کەسێتی زێوەر و دەرخستنی وەکو پاڵەوانی چیرۆکەکە کارێکی لە خۆیی و بێ بەرنامە نییە بەڵکو چیرۆکنووس بە وریایی و بە شێوەیەکی

بەرنامە بۆ دارێژراو ئەم کەسێتییەی هێناوە کە کەسێتیەکی منەوەرو دیاری قۆناغەکەی خۆی بووەو لە پێناوی خۆشویستنی نیشتمان و گەلدا شیعرو سروودەکانی داناوەو لەو قۆناغەی ئەویشدا ئەدەب بە گشتی وەها سەیر کراوە کە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەبووە هەر بۆیە شاعیرو ئەدیب وەکو جۆرێك لە رابەر یان رێنیشاندەر لە کۆمەڵگادا سەیر کراون ، ئەمە جگە لەوەی کە زێوەر وەکو مامۆستاش هەمان دەوری رابەرو رێنیشاندەری بینیووە. ئیستا چیرۆکنووس ئەم کەسێتیە دێنێتەوە بۆ ئەوەی بەو پێوانەیەی ئەوسا کە هێشتا بە بۆچوونی ئەو زۆر شت بەهای خۆی لە دەست نەداوە رەخنە لە ئێستا بگرێت کە ئەو بەهایانە بە گشتی تیایدا رووخاون.

لە فەزایەکی فانتازیدا زێوەر لە گردی سەیوانەوە بەرەو ناو شار دەگەڕێتەوە بەلاّم کەی دەگەڕێتەوە؟ بێگومان لێرەدا گرنگی و بایەخی کات دەردەکەوێت چونکە ئەو گەڕانەوەیەش لە کاتی شیاوو تایبەتیدا بایەخی خۆیی دەبێت.هەروەك چۆن ئیلیەت دەڵێت (بۆ هەموو شتێك کاتێك هەیە ، بۆ هەموو کارێك لە ژێر ئاسماندا کاتێك هەیە ، بۆ لە دایکبوون کاتێك هەیە ، بۆ مردن کاتێك هەیە) بە هەمان شێوە بۆ گەڕانەوەی زێوەریش کاتێك هەیە ، ئەویش ئەو کاتەیە کە باری سیاسی و ئەخلاقی لە کۆمەڵگادا لە بەردەم مەترسی هەرەس هێناندایە. ئەو کاتەیە کە دەسەلاّتی کوردی لە ناوەوە لە سەر کەناری هەرەس هێنانە پێش ئەوەی مەترسی دەرەوە هەڕەشەی لێبکات. ئەو کاتەیە کە دەسەلاّتی کوردی بۆ ئەوەی نیشتمان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و کەسیش دەنگی لێوە نەیەت چەمکی نیشتمان پەروەری ئاوەژوو دەکەنەوە و لە مانا گەوهەرییەکانی خۆیی رووت دەکەنەوەو نیشتمان دەکەن بە کالاّیەك کە وەکو هەر کالاّیەکی هەرزان بەهای تر مامەڵەی پێوە بکەن و لە بری هاوشێوەکانی زێوەر و پیرەمێردو ئەدیبە منەوەرە کۆچکردووەکانی تر

ئەم دەسەلاَتە خۆماڵیە پاڵپشتی گەندە پیاوو کاسەلیس و پاشکۆو ئەخلاقی کۆمەلاَیەتی روخێنەرو پیاوە نێرجسیە خۆپەرست و درۆزن و دەمامك پۆش و دوو رووەکان و ئەو پیاوە بە میکرۆفۆن بووانە دەکات کە هەمیشە دەسەلاَت بلوێریان پیَ دەژەنێت و ئەرکی سەرەکی ئەمانیش جوانکردن و رەونەقدار کردنی رووی دزێوی ئەو دەسەلاَتەیە کە زێوەر و هاوشێوەکانی ناناسێتەوەو تاوانیشیان دەخاتە پالّ. ئایا لەم کاتەدا بۆچی زێوەر دەگەرێتەوە؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە زێوەر بۆ دوو مەبەست دەگەرێتەوە. یەکەم بۆ ئەوەی نەوەکانی خۆی و پیرەمێرد و گۆران و بێکەس لەوە بە ئاگا بهێنێتەوە کە بە باشی لە سروودەکانی ئەمان تێنەگەیشتوون و پەیرەوی ئەو ئامۆژگاریانەیان نەکردووە کە ئەمان لە درێژەی ژیانی ئەدەبی و نیشتمانپەروەری خۆیاندا پێشکەشیان کردوون. دووەم زێوەر بۆ ئەوە گەراوەتەوە کە لە ئاستێکی تردا رەخنە لە دەسەلاَتی کوردی بگرێت دیارە ئەوەش لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا نابینرێت بەلاَم لە ئەنجامی شۆڕ بوونەوە بۆ ئاستی قولّی دەقەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە بنەرەتدا گەڕانەوەی زێوەر و نە ناسینەوەشی لە لایەن دەسەلاَتی کوردیەوە بە مەبەستی رەخنە گرتنە لەو دەسەلاَتە کە یەکێك لە دیارترین پیاوە منەوەرەکانی نێو مێژووی نزیکی نەتەوەکەی خۆی ناناسێت ، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئەم دەسەلاَتە بیَ ئاگایە لە مێژووی نەتەوەو ئەوەش لە ئاستێکی تردا دەیەوێت پێمان بلێت کە زۆرینەی رەمزەکانی ئەو دەسەلاَتەو بەرێوەبەرانی هەرچۆن لە رووی یاساییەوە هاونیشتمانی ولاَتانی ترن هەروەها لە رووی ئینتیماشیانەوە بۆ خەلّك و بۆ نیشتمان لە ئاستێکی ئەوەندە لاوازدان کە ناشێت تەسەوری ئەوەیان لیَ بکرێت کە خۆشەویستیان بۆ گەل و بۆ نیشتیمانیش هەبێت. بەلگەش بۆ سەلماندنی راستی ئەم بۆچوونە ئەوەیە ئەگەر کەسێك گەل و نیشتمانی خۆیی خۆش بوێت و ئینتیمای بۆی هەبێت

ناشێت بەو جۆرە یاری بە سامان و داهاتی وڵات بکات و سامانی گشتی بۆ خۆیی و لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا بە کار بهێنێت و بێ هیچ شەرمێکیش باسی نیشتمان پەروەری وبەرژەوەندی باڵای گەل و سەروەری نیشتمانی بکات و جەماوەر فریوو بدات. چیرۆکنووس لە رێگای گێڕانەوەی زێوەرەوە بۆ نێو شارو هەموو خەڵکەکەی بێجگە لە بەرپرسان دەیەوێت شووناسی راستەقینەی زۆرێك لە بەرپرسانی وڵاتمان بخاتە بەردەست و پێشمان بڵێت سەچاوەی هەموو گەندەڵیەکانی ئەم وڵاتە ئەو شووناسە ساختەیەیە کە زۆرینەی بەرپرسان هەیانە کە ئەویش شووناسی ساختەی ئینتیمایە بۆ نیشتمان چ ئینتیمای مادی بێت واتە لەو روانگەیەوە کە زۆرینەی بەرپرسان خاوەنی شووناسی وڵاتانی بێگانەن یان ئینتیمای مەعنەوی و رۆحی بێت کە زۆرێك لە بەرپرسان نیانەو خەریکی قاچاخچێتی و بازرگانی کردنن بە سامانی گشتی وڵات و بە خەبات و خوێنی پێشمەرگەو جەماوەرەوە.

لە نامەکەدا سەبارەت بە گەڕانەوەی زێوەر لە پێش ناوەکەدا وشەی حەزرەت بەکار هاتووە ، ئەمەش دەلالەتێکی ئایینی هەیە و چیرۆکنووس دەیەوێت لە میتافۆرێکی ناڕاستەوخۆدا بڵێت زێوەر لە ئاستی خەڵکیدا لە دوو رووەوە سیفاتی پێغەمبەری هەبووە ، یەکەمیان لەو روانگەیەوە کە پیاوێکی منەوەر و شاعیرێکی دیارو بەرێز بووە و دەوری رێنیشاندەرو رێنومایی کەری بینیووە لە کۆمەڵگادا ، دووەمیشیان زێوەر لە سەردەمێکدا بووەتە مامۆستاو خەڵکی فێرکردووە کە مامۆستا لە هەموو وڵاتدا ئەوەندە کەم بووە وەکو پێغەمبەر سەیر کراوە ، ئەمە جگە لەوەی کە مامۆستا لە راستیدا هەڵگری پەیامێکە هەر چۆن پێغەمبەر هەڵگری پەیامە ، لە مێژیشە کە سەرباری کەمی مامۆستای خاوەن شووناسی مامۆستایەتی قوتابی کورد لە کاتی چوونە ژوورەوەی مامۆستادا بۆ پۆل گوتوویەتی (هەستنە سەرپێ بە دەستەو نەزەر وەختە مامۆستا بێتە پێغەمبەر).

چیرۆکنووس له ڕێگای هێنانەوەی ئەم پیاوە گەورەیەوە دەیەوێت دەسەلاّتی کوردی بخاتە بەردەم ڕەخنەوەو پێمان بلێت ئەم دەسەلاّتە نەك شتە سادەو بچووکەکانی مێژووی ئەم نەتەوەیە ناناسێت بەلّکو ئەو ڕەمزو هێمایانەشی ناناسێت کە لە ئاست قەوارەو ئامادەبوونی میللەتدا لە پلەی پێغەمبەردا بوون.

قوتابیانی قوتابخانەی زێوەر هەر لە ڕێگای بینینی وێنەکەیەوە لە ژووری بەڕێوەبەردا زێوەری شاعیردەناسنەوە ، خەلّکی شار لە زووترین کاتدا هەوالّی گەڕانەوەی زێوەر هەموویان کۆ دەکاتەوەو پێکەوە بەرەو مزگەوتی گەورە دوای زێوەر دەکەون. ئەوەش ئاشکرایە کە زێوەر نزیکەی شەست سالّە کۆچی دوایی کردووەو مەگەر تاك و تەرا خەلّك لە ژیاندا مابێت کە قوتابی زێوەر بووبن یان ئەو سەردەمەیان بە بیر بێت کە زێوەر هێشتا بەهێز و لەش ساغ بووەو لە قوتابخانەو لە نێو خەلّکدا بووە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەلّدەگرێت کە زێوەر کەسێکی ئەوەندە ناسراوە لە مێژووی ئێمەدا کە هەموو جەماوەر بە خوێندەوارو کاسب و دووکاندارو هەموو توێژو چینەکانەوە دەیناسنەوە و هەمووش بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکەن بۆیە دێنە پێشوازی کردنی. کەچی لە شارێکی وەهادا هیچ بەرپرسێك نایناسێتەوە. یان دەشێ وەهایشی بۆ بچین کە بەرپرسان نایانەوێت بیناسنەوە ، کە ئەمەش ئەو لێکدانەوەیە هەلّدەگرێت بەرپرسانی شار یان دەسەلاّتی کوردی حەز لە چارەی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو منەوەرانی خاوەن کەسێتی نەتەوەکەیان ناکەن کە تەسلیم نەبوون بە دەسەلاّت و هەولّیش دەدەن توهمەی جۆراو جۆریان بۆ درووست بکەن. وەکو ئەوەی کە چۆن هەریەکە لە دەزگاو دامەزراوە ئیداری و حیزبییەکانی شار توهمە بۆ زێوەر و هاتنەوەکەی درووست دەکەن.

زێوەر کاتێ لە گردی سەیوانەوە دەگەڕێتەوە، سەیری کاتژمێرەکەی بەرباخەڵی دەکات ، بریار دەدات نوێژی نیوەرۆ بباتە لای کاك ئەحمەدی شێخ و پاشانیش سەرێکی مەعاریف بدات. لێرەدا ئەم دوو خاڵەی کە زێوەر لە بەرنامەی گەڕانەوەکەی خۆیدا دایان دەنێت زۆر گرنگن چ بە گوێرەی کەسێتی زێوەر خۆی چ بە گوێرەی واقیعی کەلتووری و مێژوویی ئێمە. زێوەر هەم مامۆستایەو هەم پیاوێکی ئاینیشە ، واتە هەڵگری هەردوو پەیرەوی ئایینی و عەلمانیشە ، ئەمەش ئەو لێکدانەوە سادەو بێ گەوهەرەی ناوەندی رۆشنبیری ئێمە رەت دەکاتەوە کە پێی وایە ناشێت ئەو دوو ئاراستە بۆچوونە پێکەوە کۆ بکرێنەوە.لە لایەکی ترەوە زێوەر دوو جێگا لە شاردا دەست نیشان دەکات بۆ ئەوەی سەردانیان بکات کە ئەوانیش کاك ئەحمەدی شێخ و مەعاریفە کە یەکەمیان هێمای ئایینی شارو کەسێتی مێژوویی و پایە بەرزی شارو هەموو کوردستانیشە. دووەمیشیان واتە مەعاریف هێمای فێربوونی زانست و زانیاریە کە ئەویش ئەو جێگایەیە لێیەوە منداڵانی شار فێر دەکرێن کە چۆن بە رووی دنیادا بکرێنەوە و لە مانای ژیان و پێشکەوتن و بەهای ئینسان و ئازادی و ماف تێبگەن. رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە بۆچی دەبێت زێوەر لە هەموو شاردا ئەو دوو جێگایە بۆ سەردان هەڵبژێرێت لە کاتێکدا کە ئێستاو لە کاتی گەڕانەوەی ئەودا چەندین شوێن و جێگای سەرنج راکێش لە شاردا درووست کراون و ئەوەی کە ئەوسا ئەم و زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانی کۆچ کردوو خەونیان پێوە بینیووە کە ئەویش دەسەڵاتی کورد خۆی بووە لە وڵاتی خۆماندا ئێستا ئەو دەسەڵاتە بوونی هەیەو کاروباری وڵات بەڕێوە دەبات ، ئایا بۆچی زێوەر سەردانی کاربەدەستانی سەرەوەی ئەو دەسەڵاتە ناکات و لە بری رەخنەو خۆحەشاردان لە دەسەڵات ، ئامۆژگاری و رێنومایی دەسەڵات بکات بۆ کاری چاك و ئاوەدان کردنەوەی هەمە لایەنەی

ولاَت؟ ئایا دەشێ پێش گەڕانەوە زێوەر درکی بەوە کردبێت کە بەرپرسانی دەسەلاَتی کوردی ئەوو هاوشێوەکانی ئەو ناناسن و هەر بەو پێیەش ناشێت گوێی لیّ بگرن ، یان لە بنەڕەتدا زێوەر کەسێك بووە زیاتر لەوەی کە بڕوای بە بەرپرس و دەسەلاَت هەبوو بێت ، بڕوای بە جەماوەر هەبووەو جەماوەری بە دروستکەری گۆڕانکاری زانیووەو بڕوای بەوە هەبووە کە جەماوەر یان خەلّك مێژوو درووست دەکەن نەك بەرپرس یان دەسەلاَت بەواتا ئەو هەموو بڕوایەکی بە جەماوەرە نەك بە دەسەلاَت ، هەرئەوەش دەشێ هۆکار بێت کە هەموو جەماوەر دەیناسنەوەو لێی کۆدەبنەوەو دوای دەکەون و پاشان گۆیّ رایەڵی گوتار و ئامۆژگاری و رەخنەکانی دەبن و کاتێکیش کە ئەگەری ئەوە هەیە بکەوێتە بەردەم مەترسیەوە دەیشارنەوەو دەیپارێزن.

بەوجۆرە کۆبوونەوەی جەماوەری شار لە زێوەرو بەرێزەوە سەیرکردنی و ریزبەستنی خەلّك بە ژن و پیاوەوە بۆ ئەوەی دەستی زیارەت بکەن سیمای سەرکردەیەکی ئەفسانەیی بە زێوەر دەبەخشێت و وەکو خاوەنی هێزێکی سیحری ئەوتۆ دەردەکەوێت کە بتوانێت لە گرتترین کاتدا گەورەترین جەماوەر لە خۆی کۆبکاتەوە و گەورەترین راپەڕین بەرپا بکات.لێرەدا دەشێ ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کە زێوەر ببێتە هێما بۆ ئەو هێزە جەماوەرییە بەرفراوانەی کە ئێستا لە باری خامۆشیدایە بەلاَم ئەگەری ئەوە هەیە لە هەر ساتێکی مێژوویدا ئەو هێزە کۆببێتەوەو بە دژی کارە دزێوو ناشیرین و گەندەڵەکانی دەسەلاَتی کوردی رابپەڕێت و هەوڵی گۆڕانکاری بدات. کەواتە لە ئاستێکی تردا دەتوانین بڵێین زێوەر هێمای هێزی گۆڕانکاریە و نەناسینبشی لە لایەن بەرپرسانەوە بریتیە لە دان پێدانەنانی بەرپرسان و دەسەلاَت بە هیچ هێزو عەقلّ و پرۆژەو بەرنامەیەکدا لە دەرەوەی خۆیان ، خۆ ئەگەر شتێکی لەو جۆرەش دەرکەوت ئەوا بە چەندین جۆر تاوانباری دەکەن

بەوەی کە تابووری پێنجەمە یان درووستکراوی دەستی دوژمنانە یان دەستکردی دەرەوەو ناحەزان و نەیارانی ئەزموون و دەسەلاٚتی کوردیە بەبیٚ ئەوەی بۆ تاکە جارێك ئەم دەسەلاٚتە بتوانێت ئەو پرسیارە لە خۆی بکات کە ئایا تا چ ئاستێك ئەو قسانەی راستی تێدایەو تا چ ئاستێك ئەو دەتوانێت نوێنەرایەتی جەماوەر بکات؟ ئایا سادەترین بنەمای دیموکراتی ئەوە نییە کە جەماوەر داواکاریەکانی خۆی بەرز بکاتەوە. ئایا کۆبوونەوەی جەماوەر بە هەموو چین و توێژەکانیەوە لە زێوەر و مانەوەی بەرپرسان لە دەرەوەی جەماوەر ئەو دەلالەتە بەرهەم ناهێنێت کە ئاستی جەماوەر بوونی دەسەلاٚت زۆر لاواز بووەو جەماوەر بە رێژەیەکی زۆر لە دەسەلاٚت بێزارەو بەلاٚم کەسێك یان رابەرێکی وەکو زێوەر یان بەرنامەو پرۆژەو ریکخراوێك نییە رێکیان بخات و رابەرایەتیان بکات بۆ فشار خستنە سەر ئەو دەسەلاٚتەی کە رۆژانە یاری بە سامان و داهاتی ولاٚتەوە دەکات و وایشی لە جەماوەر دەگەیەنێت ئەوە دلٚسۆزی و خەریك بوونی دەسەلاٚتە بە جەماوەر و خەلٚکەوە کە وایکردووە دەسەلاٚت دووچاری چەندین کۆسپی دارایی و بەرێوە بردن ببێت. بە مانایەکی تر ئەوە خەیالٚی چیرۆکنووسە کە واقیعێك درووست دەکات کە دەشیٚ روانین و خوێندنەوەی ئەو بێت بۆ ئەوەی کە لەوانەیە لە ئایندەدا رووبدات ، یان دەشیٚ ئەوەی کە ئەو لە سنووری خەیالٚداو لە فەزایەکی فانتازیدا درووستی دەکات لێکدانەوەی ئەو بێت بۆ ترسی دەسەلاٚت لە ئایندەی خۆی. بە واتا ئەوەمان بۆ بەرجەستە بکات کە چۆن دەسەلاٚت لە خەیالٚی خۆیدا ئەو ساتە وەختە وێنا بکات کە چۆن بێزاری جەماوەر دەگاتە ئاستێك کە چیتر تەحەمول نەکرێت و بەو شێوەیەی کە هەموو لە زێوەر کۆدەبنەوە ، لە دەووری ویست و داوکارییەکانیان کۆببنەوەو لە رووی دەسەلاٚتدا بووەستن. ئایا ئەو کاتە دەسەلاٚت چۆن وەلاٚمی داواکارییەکانی جەماوەر دەداتەوە؟ ئایا هەر بەو شێوەیەی کە زێوەر ناناسێت و

چەندین تاوان دەخاتە پاڵی بە هەمان شێوە دان بە داواکارییەکانی جەماوەریشدا نانانێت و تاوانباریان دەکات و لە سەر بنەمای ئەو تاوانبارکردنەش شەرعیەت دەدات بە خۆی هەر چۆن پەلاماری زێوەر دەدات بە هەمان شێوەش پەلاماری جەماوەر بدات؟ بێگومان ئەمە ئەو واقیعەیە کە چیرکۆکنووس لە چوار چێوەی دەقەکەیدا درووستی دەکات کە دەشێ ئێمە بڕوای پێ بکەین یان نا. یان دەشێ ئەوە لە سەر زەمینەی واقیع رووبدات یان نا.

کاتێ دەزگا جۆراوجۆرەکانی دەسەلاّت لە شار دەبینن کە بەو جۆرە هەموو جەماوەر دوای زێوەر کەوتووە ، هەریەکەیان بە جۆرێك لە بارەی کەسێتی زێوەرو ئەرکی سەرشانی خۆی لەو بارەیەوە دەدەوێت و هیچ کامیشیان زانیاریەکی ئەوتۆی لە بارەی ئەم کەسێتیە دیارەی شارەوە نییە تەنانەت کە بزانێت زێوەر کێیە. سەرۆکی شارەوانی تەنیا ئەوەندە دەزانێت کە بازارێك لە سنووری دەسەلاّتی ئەودا هەیە کە ناوی بازاڕی زێوەرەو ئەم پیاوەش هیچ پارچە زەوییەکی وەرنەگرتووەو ئەو بەرپرسە رایشی دەگەیەنێت کە ئەم پیاوەی بەم جۆرە هاتۆتە ناو شارەوەو خەڵکی وروژاندووە هیچ مەرجێکی زەوی وەرگرتنی تێدا نییە. لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت زێوەر کە رۆڵەی راستەقینەی ئەم شارە بووە ئێستا بەرپرسی یەکەمی شار نایناسێتەوە ، لە پشتی ئەم قسەیەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە بەرپرسی یەکەمی شار ئاگاداری مێژووی شارەکەی نییەو تەنانەت پیاوە ناودارەکانیشی ناناسێت. دووەم ناراستەوخۆ سەرۆکی شارەوانی لە کارو ئەرکی خۆی دەدوێت کە بریتیە لە دابەش کردنی زەوی ، مەرجی ئەویش بۆ زەوی وەرگرتن دەشێ بنەمایەکی دیاریکراوی نەبێت ئەگینا زێوەر کە نەوەی راستەقینەی ئەم شارەیەو بە دەیان ساڵ وەکو مامۆستایەکی منەوەر و وەکو شاعیرێکی پایە بەرز خزمەتی کردووە دەبوا شایەنی ئەوە بووایە کە پارچە زەویەك وەربگرێت بە پێی پێوانەکانی سەرۆکی شارەوانی.

بێگومان لەم قسانەی سەرۆکی شارەوانیدا  ئەوە دەردەکەوێت کە تاکو ئێستا لە بری عەقڵی دامەزراوەی و پرینسیپی جێگیر بۆ بە ڕێوەبردن میزاج و پەیوەندی و بەرژەوەندی شارو  وڵاتیش بەڕێوە دەبات ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا عەقڵی دامەزراوەیی درووست نەبووە کە ئەو عەقڵە بنەمای یەکەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سرووشتی و تەندرووستە.

بەڕێوەبەری تاپۆش رایدەگەیەنێت کە ئەم زێوەرە هیچ ملکێکی بە ناوەوە نییە.هەروەك کۆبۆنی خۆراکیشی نییە کەواتە ئەم کەسە بەم شارە نامۆیە. لێرەوە لە سەر زاری ئەم بەرپرسانەوە وادەردەکەوێت مەسەلەی پەیوەندی بوون و ئینتیما بە شارەوە لە سەر بنەمای بوونی تاپۆو کۆبۆنی خوراك دیاری دەکرێت و ئەو کەسەی ئەو دوو دۆکیومێنتەی نەبێت مانای وایە هیچ پەیوەندیەکی بە شارەوە نییە کە دەشێ لە ئاستێکی فراوانتردا هەمان شت بکرێت بە بنەما بۆ ئینتیمای نیشتمانی و رەنگە هەر ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش بێت وایکردبێت لە بەرپرسان کە هەوڵبدەن زۆرترین رووبەری شار لەسەر خۆیان و کەس و کارەکانیان تاپۆ بکەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە بەهێزترین ئینتیمایان بۆ شارو بەو پێیەش بۆ نیشتمان هەیە بەواتا ئەو بەرپرسانەی شار کە زێوەر ناناسنەوە پێناسەیەکی نوێیان بۆ چەمکی ئینتیما دۆزیووەتەوە کە دەشێ بە پێناسەی کوردی بۆ چەمکی ئینتیما ناو ببرێت.ئەنجا زێوەر لە بەر ئەوەی ئەو بنەمایانەی تێدا نییە کە پێناسەی کوردی بۆ چەمکی ئینتیما بۆ شارو بۆ نیشتیمان پشتیان پێ دەبەستێت کەواتە کەسێکی نامۆیە بەم شارەو بەو پێیەش بەم نیشتمانە. نەبوونی هیچ کام لەو دۆکیومێنتانە لە دەزگا رەسمیەکانی شاردا کە ئینتیمای ئەم کەسە بە شارەوە بسەلمێنێت بەرپرسان دەخاتە بەردەم مەترسیەوەو لە

هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئەرکێکی گران دەبنەوە کە ئەویش ئەرکی دۆزینەوەی ئەم کەسەو ئاشکرا کردنی شووناسەکەیەتی.

دیارە ئەرکێکی لەو جۆرەش دەکەوێتە ئەستۆی دەزگاکانی ئاسایش و دەزگا نهێنیەکان ، هەر بۆیە لێرەوە سەرە دێتە سەر ئەو دەزگایانە و هەریەکەشیان بە جۆرو شێوازی تایبەتی خۆی هەوڵ دەدات ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیی دەزانێت بە دڵسۆزانە جێبەجێی بکات. یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش داوای زانیاری تەواو لە بارەی ئەم زێوەر ناوەوە لە دەزگای ئاسایشی گشتی دەکات بەو ئومێدەی لە ڕێگای ئەو زانیاریانەوە بتوانێت ئەم کەسە ترسناکە دەستگیر بکات. یەکێکی تر لە دەزگاکانی ئاسایش مەولودی پێغەمبەر دەکات بۆ ئەوەی کە ئەم کەسە ترسناکە بکەوێتە سنووری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەوەوە بۆ ئەوەی لە کورتترین داتدا بتوانێت چی نهێنی پێیە پێی بدرکێنی.دیارە ئەوەش لە ڕێگای بەکارهێنانی لێدان و توندو تیژییەوە دەکات. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم دەزگایانە کە ئەرکی سەرشانیان کۆکردنەوەی زانیاری و ناسینی خەڵکە تەنانەت وەکو خەڵکی ئاسایی یان باشتر بڵێین وەکو ئەو جەماوەرەی کە هەموو زێوەر دەناسنەوە ئەمان ناتوانن بەو جۆرەش ئەو کەسێتیە بناسنەوە بەڵکو تازەو دوای ئەوەی کە هاتۆتە ناو شارو هەموو جەماوەر دوای کەوتوون ئەوسا ئەم دەزگایانە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەیەوە دەدەن. بێگومان لێرەدا ئەگەر وەکو هەر کەسێکی ئاسایی سەیری زێوەر بکەین ئەوە دەشێ ئەم بۆچوونە وەکو جۆرێك لە خەیاڵ سەیر بکەین چونکە بەلایەنی کەمەوە دەشیا ئەم دەزگایانە لە ڕێگای پرس کردن بەو جەماوەرەی کە هەموو دوای زێوەر کەوتوون بتوانن بزانن ئەم زێوەرە کێیە ، بەڵام دیارە ئامانجی تر لە پشتی ئەم بێ ئاگا نیشانداتەی دەزگاکانی ئاسایشەوە هەیە ئەویش یەکەم بۆ نیشادانی

ئەوەی کە گوایە هیچ پەیوەندیەك لە نێوان ئەم دەزگایەو جەماوەردا نییەو جەماوەر ئامادە نییە هیچ جۆرە هاریکارییەکی ئەم دەزگایە بکات. یان دەشێ لە راستیدا ئەم دەزگایە هیچ بڕواو متمانەیەکی بە جەماوەر نەبێت و هەر ئەوەش هۆکار بێت بۆ ئەوەی کە هیچ پرسێکی پێ نەکات. دووەم بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەم دەزگایە هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە رابردوو یان مێژووی نەتەوە نییە هەر بۆیە پیاوێکی منەوەرو ناوداری وەکو زێوەر ناناسێت.ئەمەش لەئاستێکی قوڵتردا ئەوە دەردەخات کە ئێمە خاوەنی عەقڵێکی ئەکتیڤ و وردو بەدیقەت نین بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی خۆمان و لە بارەی ئەوانی تریشەوە ، بە واتایەکی دی هێشتا ئێمە نەبووینەتە خاوەنی سیستەمێکی عەقڵی رێکخراوی ئەوتۆ کە بزانین چۆن و بە چ شێوەیەك و لە چ رێگایەکەوە زانیاری کۆدەکەینەوەو بەو پێیەش دامەزراوەی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان بینا بکەین.

دەزگایەکی نهێنی وەها وەسفی ئەم زێوەر ناوە دەکات کە مادەم هیچ موڵکێکی بە ناوەوە نییە مانای وایە بڕوای بە موڵکدارێتی تایبەتی نییە ، بەو پێیە دەشێ کۆمۆنیستی کریکاری بێت. بێگومان بە بۆچوونی ئەو دەزگایە ئەوە دۆزینەوەی سەرە داوێکی چاکە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسێتیە. دیارە کۆمۆنیستی کرێکاریش لە روانگەی ئەو دەزگا نهێنیەوە جێگای مەترسیە بە تایبەتی لە کاتێکدا کە ئەو کەسە توانیبێتی جەماوەرێکی بەو جۆرە لە خۆی کۆبکاتەوە ئەوا مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە بتوانێت ئەو جەماوەرە بەرفراوانە بە دژی دەسەلأت ئاراستە بکات. لە پاڵ ئەم بۆچوونەیدا بەرێوەبەرایەتیەکی تری ئاسایش وای بۆ دەچێت کە ئەم زێوەرە مەرجەعی ئیسلامیە توندڕەوەکان بێت. بۆیە راستەوخۆ ئەرکی سەرشانی خۆی بەرامبەر بەو مەترسیە دیاری دەکات. کە ئەویش بریتیە لە چڕ کردنەوەی هەموو هەوڵ و کۆششێك بە مەبەستی

دەستگیر کردنی ئەم کەسێتیە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بە گشتی دامودەزگاکانی دەسەلاٚت لە شارو دەورو بەریدا سەرقالٚن بە هاتنی ئەم پیاوەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لە بەر لاوازی چۆنێتی زانیاری کۆکردنەوەو لە هەمان کاتدا بێ ئاگایی لە مێژووی ولاٚت و رابردووی ئەم ولاٚتە و نەبوونی بنەمایەکی چەسپاو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و نەبوونی سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بە گشتی دامودەزگاکانی دەسەلاٚتی ئەم شارە کەوتوونەتە پەیجووری دۆزینەوەی ناسنامەی کەسێك کەچی هێشتا ناتوانن ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەو مەبەستە بیکەن.بەلاٚم ئەوەی کە لە هەلٚس و کەوتی سەرجەم ئەم دەزگایانەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە بە گومانەوە سەیری هەرکەسێك دەکەن کە وەکو زێوەر نفوزی هەبێت و راستەوخۆ تاوانێکی دەدرێتە پالٚ. ئەمەش بەرهەم و دەرهاوێشتەی ئەو عەقلٚێتە تاك رەهەندو داخراوەی نێو کۆمەلٚگای ئێمەیە کە جگە لە خۆی ناتوانێت تەسەوری بوونی هیچ کەس و هێزو عەقلٚ و لێکدانەویەکی تر بکات ، خۆ ئەگەر شتێکی لەو جۆرانەش جیاواز لە خۆی دەرکەوت ئەوا بێ چەندو چوون بە نەیارو مەترسی بۆ سەر خۆیی سەیری دەکات و وایشی نیشان دەدات کە ئەوە تەنیا مەترسی نییە بۆ سەر دەسەلاٚتی ئەو بەلٚکو مەترسیشە بۆ سەر هەموو نەتەوەو ئاسایشی نەتەوەیی تێکدەدات. هەر ئەم تێڕوانینە ئیفلیجەیە کەبووەتە بەربەست لە بەردەم دەرکەوتنی هەربۆچوون و روانینێکی جیاوازدا لە پانتایی سیۆسیۆرۆشنبیری کوردیدا و هەر ئەم جۆرە بۆچوونەشە کە هەڕەشە لە ئایندەی دیموکراسی دەکات لەم ولاٚتەدا .

جەماوەری شار لە گۆڕەپانی بەردەم مزگەوتی گەورەو کاك ئەحمەدی شێخدا لە دەووری زێوەر کۆدەبنەوە و زێوەر بە ناوی ئەدیب و نووسەرە کۆچکردووەکانی گردی سەیوان و مامەیارەوە وتارێکیان پێشکەش دەکات. هەرچەندە زێوەر خۆی لە گردی جۆگە بە خاك

سپێردراوە بەڵام بە نوێنەرایەتی ئەوان گەڕاوەتەوەو لە وتارەکەیشیدا زیاتر لە هەمووان باسی ترس و نیگەرانی شاعیر و نووسەری منەوەری کورد پیرەمێرد دەکات ، کە چۆن ترسی ئەوەی لێنیشتووە کە لەوانەیە ئۆتۆمۆبێلە جام رەشەکان کێل و مەڕمەڕی سەرگڵکۆکەی ئاودیو بکەن و گردەکەی یارەش بە گۆڕەکەی ئەویشەوە بە سەر خۆیاندا دابەش بکەن و ئەویش لە هەموو نیشتماندا کە تەنیا ئەو جێگا گۆڕەی پێبەخشراوە ئەویشی لێ زەوت بکەن و لە گۆڕەکەی دەری بکەنە دەرەوە. ئەمەش ئەو مەترسیەیە کە زێوەرو پیرەمێرد وەکو نوێنەری راستەقینەی نوخبەی بە ژمارەکەمی رۆشنبیری کورد بەرامبەر بە دەسەلاتی کوردی هەیانە کە ئەو ترسەش لە شێوازی مامەڵەکردنی نادرووستی ئەم دەسەلاتەوە سەرچاوە دەگرێت سەبارەت بە سامانی مادی و مەعنەوی نەتەوەو بە فیڕۆدانی ئەو سامانەو ئاودیو کردنی و دابەشکردنی ئەوەشی کە دەمێنێتەوە لە نێوان رەمزەکانی دەسەلات خۆیان و کەس وکارەکانیاندا. هەر ئەم جۆرە مامەڵە کردنەشە وادەکات لە زێوەر بە جەماوەر بڵێت ئێوە سروودەکانی ئێمەتان باش نەخوێندۆتەوە ئەگینا بەو جۆرە رەفتارتان لە گەڵ نیشتیمان نەدەکرد.بێگومان لە کۆی ئەم قسانەدا دەگەین بەو سەرئەنجامەی کە ئەم دەقە دەیەوێت پێمان بڵێت دەسەلاتی کوردی لەبەر ئەوەی کە بەرهەمی پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی نییەو ناسیونالیزمی کوردیش کە ئێستا لەم بەشەی ولاتدا دەسەلاتی کوردی نوێنەرایەتی دەکات و ئەویش ناسیونالیزمێکی لاوازو ناسروشتی و بێ پرۆژەو بێ بەرنامەیە ، نەیتوانیوە ئینتیما بۆ نیشتیمان بە جۆرێك بەهێزو پتەو بکات کە بالادەستی بکات بەسەر حەزو ئارەزووی بەکارهێنانی نیشتیماندا بە هەموو سامان و سەرچاوەکانییەوە لە پێناوی بەرژەوەندی تاك و گروپ و حیزب و خودی دەسەلات خۆیدا. بە مانایەکی دی ئەم چیرۆکە لە ئاستی نەبینراوی دەقەکەدا پێمان دەڵێت کاتێ

دەسەلاْتی کوردی زێوەر ناناسێتەوە مانای وایە ئەم دەسەلاْتە ناتوانێت نوێنەرایەتی پڕۆژەی ناسیونالیزمی کوردی بکات چونکە ناشێت بەبیٚ ئاگادار بوون لە رابردووی نەتەوە ناسیونالیزم پێکبێت. هەروەها کاتێك دەسەلاْتی کوردی سامانی نەتەوەی کورد بەفیڕۆ دەدات و لە بری ئەوەی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەدا بەکاری بهێنێت ، لە پێناوی تاکەکەسی دەسەلاْتدارو رەمزەکانی دەسەلاْتدا بەکاری دەهێنێت ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم دەسەلاْتە ناتوانێت ئینتیما بۆ نیشتمان لە بوونی خۆیدا پەیڕەو بکات ئیتر چۆن دەتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کە هەڵگری پڕۆژەی ناسیونالیزمی کوردییە.

گێڕەرەوە کاتیٚ بەپێی نامەی برادەرەکەی بەشێك لە وتارەکەی زێوەر بۆ جەماوەر دەگێڕێتەوە جەخت لە سەر دوو خاڵ دەکات ، یەکەمیان گلەیی زێوەرە لە نەوەکانی دوای خۆی کە بە پێی ئەو ئامۆژگارییانە رەفتار لە گەڵ نیشتیمان ناکەن کە زێوەرو زۆرێك لە شاعیرانی کۆچکردووی تر لە سروودو شیعرەکانیاندا پێشکەشیان کردوون. دووەم گێڕەرەوە دواتر هەڵوێستی تایبەتی زێوەر دەردەخات بە تایبەتی دوای ئەوەی کە پێدەچێت زێوەر لە بارو دۆخەکەو هەڵوێستی جەماوەریش تیگەیشتبێت کە لەو کارە دزێوانەدا ئەمان بێلایەنن ، بۆیە رایدەگەیەنێت کە لە بەرامبەر ئەو هەموو ناهەقیانەدا کە بەرامبەر جەماوەر دەکرێت کارێك ئەنجام دەدات کە جێگای سەرنجی هەمووان بێت. بێگومان ئەو کارەی کە زێوەر باس لە ئەنجامدانی دەکات نە لای جەماوەر و نەلای ئێمەش ئاشکرا نییە. دەشیٚ ئەو پرسیارەش سەر هەڵبدات کە داخۆ زێوەر چی لە دەست بێت؟ ئایا لێرەدا زێوەر هەر لەسنووری کەسێتی زێوەری گەڕاوەدا لە شێوەیەکی فانتازیدا دەمێنێتەوە یان دەبێتە هێما بۆ هێزێکی واقیعی کە توانای گۆڕانکاری هەبێت یان توانای ئەوەی هەبێت کە دەسەلاْت ناچار بکات کە چیتر بەو شێوە نابەجێیە رەفتار لەگەڵ نیشتمان و سامانی

نەتەوەیی و جەماوەری خۆیدا نەکات. لێرەدا دەردەکەوێت کە زێوەر باسی جۆرێك لە بەرنامەو پرۆژە دەکات بۆ درووستکردنی فشار لەسەر دەسەلاّت. کە ئەمەش لەگەلّ کەسێتیەکی منەوەری وەکو زێوەردا شتێکی گونجاوە کە لەبری بڕوابوون بە توندو تیژی و کاری نادرووست بەهێمنی جەماوەر کۆدەکاتەوەو بە شێوازێکی هاوچەرخانە لەوە دەدوێت کە چۆن کار دەکات لە پێناوی ئەوەدا کە دەسەلاّتی کوردی ناچار ببێت لە لایەك مێژووی نەتەوەکەی بناسێت لە لایەکی ترەوە گوێڕایەڵی نوخبەی رۆشنبیر بێت، چونکە بە روانینی ئەو ئەوەی کە رۆحی کۆمەلّگایەو لە کێشەکانی تێدەگات ئەو نوخبەیەیە ، بۆیە ئەگەر دەسەلاّت بیەوێت نوێنەرایەتی راستەقینەی نەتەوەکەی بکات ئەوا گوێگرتنی لەو نوخبەیە لەو بوارەدا یارمەتی دەدات. هەرچەندە بە شێوەیەکی سرووشتی پەیوەندی نوخبەی رۆشنبیرو دەسەلاّت پەیوەندیەکی باش نییە چونکە ئەرکی نوخبەی رۆشنبیر هەمیشە رەخنە گرتنە لە دەسەلاّت چونکە نموونەیی ترین دەسەلاّتیش هێشتا بەشی ئەوە کەموکورتی هەیە کە جێگای رەخنە لێگرتن بێت. کاری رەخنە گرتنیش لە خۆیدا کارێکی سرووشتیە و خاسێتی کۆمەلّگا سرووشتی و پێگەیشتووەکانە و بە مەبەستی تێگەیشتن و زیاتر فراوانکردنی رووبەری ئازادی و دیاریکردنی چەمکی ئەرك و مافە لە کۆمەلّگادا و بۆ ئەوەشە کە دەسەلاّت ناچار بکات کە تێبگات ئەو نە خودایە لە سەر زەوی و نە نوێنەری خوداشە هەتا هەموو مافێکی رەهای هەبێت و کەسیش بۆی نەبێت لێی بپرسێتەوەو چی دەوێت و چۆنی دەوێت بەو جۆرە بکات و سەرئەنجام ئەوەش وای لێ بکات لەبەر چاوی جەماوەر ناشیرین و دزێو بێت و جەماوەر وەکو نەیارو پێ لێنەری مافە سەرەتاییەکانی ژیانی سەیری بکات و لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو دەسەلاّتە لە جەماوەر رووت ببێتەوە و ئەگەر لە لایەکی ترەوە دەنگێکی جیاواز یان ناڕەزایی ببیسترێت ئەوا ئەو

جەماوەرە لێی کۆببنەوە هەر بەو شێوەی کە چۆن لە کورتترین کاتدا جەماوەرێکی بێشوومار لە زێوەر کۆبووەوە لە بەر ئەوەی هەڵگری دەنگێکی جیاواز بوو لە دەنگی دەسەڵات.

گێڕەرەوە ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە کە کاتێك جەماوەر لە بەردەم مزگەوتی گەورەدا گوێ بۆ وتارەکەی زێوەر شل دەکەن ، ژمارەیەك چەکدار خۆیان دەگەیەننە سەر بانە بەرزەکانی دەورو بەرو چەکی جۆراو جۆر دادەبەستن واتە بۆ ئەوە هاتوون کۆنترۆڵی ئەو بارو دۆخە بکەن یان ئەو زێوەر ناوە دەستگیر بکەن کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەواندا بێ مۆڵەت وەرگرتن جەماوەری کۆکردۆتەوەو وتاریان بۆ دەدات و لە وتارەکەشیدا رەخنە لە دەسەڵات دەگرێت. کاتێ جەماوەر ئەو هەڵوێستەی چەکدارەکان دەبینن دەکەونە ورتە ورت و بە زووترین کات زێوەر دەشارنەوە بۆ ئەوەی بەردەستی چەکدارەکان نەکەوێت. لێرەدا دوو خاسێتی ئاشکرای نێو واقیعی کۆمەڵگای ئێمە گواستراونەتەوە بۆ نێو دەقەکە ئەمەش جۆرێك لە سیمای واقیعێتی داوە بە دەقەکە کە ئەوانیش یەکەمیان ئەوەیە تاکو ئێستا کۆمەڵگای ئێمە نە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەوە تێبگات لە کۆمەڵگایەکدا کە بنەماکانی دیموکراسی چەسپا بێت ئەوا هەموو شتێك بە یاسا رێك دەخرێت واتە کاتێك مانگرتن و خۆپیشاندان و جەماوەر کۆکردنەوە مافێکی سرووشتی هەموو تاکە کەسێك و هەموو گروپێکە ، ئەرکی ئەو تاکە کەس و گروپانەشە کە داوای مۆڵەتی یاسایی بکەن بۆ هەر جۆرە مانگرتن و خۆپیشاندانێك. بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاکو ئێستا نە جەماوەر دەزانێت ماف و ئەرکەکانی چییە نە دەسەڵاتیش دەزانێت سنووری دەسەڵاتی ئەو چەندەو نە لەوەش تێدەگات کە دەبێ لە رێگای یاساوە هەم سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی بەرامبەر بە جەماوەر دیاری بکات ، هەم بۆ جەماوەریشی ئاشکرا بکات کە مافەکانی جەماوەر تا

کوێیه و له کوێدا کۆتایی دێت. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە دەسەلآتی کوردی تاکو ئێستا نازانێت چۆن بە پێی یاسا کۆمەلگاو ماف و ئەرکەکانی رێك بخات و لە هەمان کاتیشدا نازانێت کە بۆ بنیادنانی کۆمەلگایەکی دیموکراسی دەبێ هەموو جولەو هەلس و کەوتێکی دامەزراوەکانی دەسەلآت بە پێی دەسەلآت و بریاری دادوەری بێت نەك بە شێوەی کاردانەوەی خێلآیەتی ، لەبەر ئەوەی جەماوەر لە پیاوێك کۆبوونەتەوەو ئەویش گوتاریان بۆ دەدات کۆمەلێ چەکدار کە پێناچێت هیچ سیفاتێکی رەسمییان هەبێت واتە پێناچێت پۆلیس بن کەچی هەلدەکوتنە سەر ئەو جەماوەرەو دەیانەوێت ئەو پیاوەی وتاریان بۆ دەدات دەستگیر بکەن. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ئەم شێوازە رەفتار کردنەی دەسەلآتی کوردی لە دەرەوەی دەسەلآتی دامەزراوەیی دەولەتی یاسایە بەلکو ئەوە رەفتاری خێلآیەتی یان میلیشیایە کە ئەوەش لەگەل ئەو بنەما دیووکراسیەدا دژو ناکۆکە کە دەسەلآتی کوردی لای خۆیەوە ئیدیعای دەکات.گرنگی و بایەخی ئەم چیرۆکە زیاتر لەو ئاستەدا دەردەکەوێت کە رەخنە گرتنە لە دەسەلآتی کوردی دیارە زەخنەش وەکو پێشتر گوتمان ئەرکی سەرکی و یەکەمی رۆشنبیری جدیە.

کۆتایی چیرۆکەکە فەزایەکی فانتازی هەمان شێوەی دەستپێکی چیرۆکەکە داگیری دەکات کاتێ ئەو شەوە دوای ئەوەی کە جەماوەر زێوەریان لە دەستی چەکدارەکان رزگارکرد لە زۆر شوێنی ولآتدا زێوەر بینرابوو ، هەر هەمان شەو دەرگای هەموو کتێبخانە گشتیەکان و هەموو نامە خانەکانی ولآت خرابوونە سەرپشت و لە بەردەم زۆرێك لەو کتێبخانانەشدا زێوەر بینرابوو. بێگومان ئەوەی بینراوە دەشێ رۆحی بەرزەفرو نەمری زێوەر بوو بێت کە ئەو رۆحە لە رووبەری هەست و نەستی رۆلەکانی نەتەوەکەیدا هەمیشەو لە هەموو جێگایەك ئامادەبوونی هەیەو دەشێ هەمیشە لە خەیالێیاندا زێوەرو هاوشێوەکانی

زێوەر ئامادەبوونیان هەبێت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئەو کەسەی وەکو زێوەر لە پێناوی خزمەتکردن و بلاْوکردنەوەی خوێندن و نیشتیمان پەروەریدا کار دەکات بۆ هەتا هەتایە لە کۆنەستی کۆمەلاْیەتی کۆمەڵگاکەیدا ئامادەبوونی خۆی لە دەست نادات و لە یادوەری هەمووان‌دا دەمێنێتەوە و هەمووان دەیناسنەوە تەنیا ئەو دەسەلاْتە نەبێت کە لە رابردوو لە مێژووی نەتەوەکەی بێئاگایە.

دوای ئەوەی کە ئەو شەوە دەرگای هەموو کتێبخانەکان دەکرێنەوە لە شێوەیەکی فانتازیدا گۆڕانکاری لە دیوانی زێوەردا دەکرێت کە ئەوەش لە لایەن خودی زێوەر خۆیەوە دەکرێت کاتێ دێڕێك بۆ سرووودی (چەند شیرینە لام) زیاد دەکات کە دیارە زیاد کردنی ئەو دێڕەش پەیوەست بە جیهانبینی گشتی دەقەکە بایەخێکی زۆری هەیە و لە هەمان کاتدا لە گەڵ دێڕەکانی پێشتردا جۆرێك لە پارادۆکس درووست دەکات. ئەو دێڕەی زیادی دەکات بریتیە لە (ماری جۆری حەوت سەرە) کە ئەمەش لە دوای (بەردی وەك گەوهەرە ، ئاوی چەشنی کەوسەرە) وە زیاد دەکات. ئەو نیشتیمانەی کە بەردوو ئاوەکەی هێندە بە نرخن کەچی ماری حەوت سەر بەرهەم دێنێت. دیارە مەبەست لە ماری حەوت سەریش ترسناکترین و خراپترین جۆری مارە کە دەشێ ماریش وەکو هێما بۆ جۆرێك لە بەرپرسی ئەم ولاْتە بەکار هاتبێت کە هەموو پیرۆزی نیشتمانیان هەتك کردووەو بە هەموو جۆێ خەریکی مژینی رۆحی نیشتیمانن لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا و بە دەیان رێگای جۆراو جۆر سەرگەرمی بردن و دزینی سامانی گەل و نیشتمانن و بە هیچ جۆرێکیش ناگەنە ئاستی تێر بوون.

گێڕەرەوە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەومان لە نامەی برادەرە هەوالْچنەکەی بۆ دەگێڕێتەوە کە داوای لێکردووە لە دەزگای کۆچ و کۆچبەری ئەو ولاْتەی ئەوی لێیە هەولْی

بۆ بدات بەڵکو بچێتە ئەوێ چونکە لەوە زیاتر ناتوانێت لە نیشتمان بژی و بەرگە بگرێت. ئەمەش ئەو هەستەیە کە بەشێکی زۆر لە خەڵکی لە ناوەوەی وڵات هەیانە و وای بۆ دەچن رۆیشتن دەتوانێت رزگاریان بکات. ئەگەر لە ئاستێکی تردا لە دوای ئەو دەلالەتە بگەڕێین کە لێرەدا بەرهەم دێت ئەوا پرسیار سەبارەت بە چەمکی نیشتیمان و ئینتیما بۆ نیشتیمان خۆی دەسەپێنێت و پرسیاریش لە بارەی ئینتیمای راستەقینەی هەر یەکێك لە ئێمەوە سەر هەڵدەدات چ لە ناوەوە بین و یان لە دەرەوە. بە واتایەکی تر ئینتیما بۆ نیشتیمان پەیوەندی بەوەوە نییە کە تۆ لە سەر خاکی نیشتیمان بیت یان لە دەرەوەی نیشتیمان. بەڵکو هەندێ جار دووری لە نیشتیمانەوە ئەو ئینتیمایە بەهێزتر دەکات.هەروەك دەشێ مرۆڤ لە سەر خاکی نبشتیمانیش بێت بەلاَم بازرگانی بە بەها ئەخلاقی و مادیەکانی نیشتیمانەوە بکات و بە شێوەی بەشێك لەو بەرپرسانەی کە زێوەر لە گۆڕەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی رەخنەیان لێ بگرێت سوکایەتی بە رۆحی نیشتیمان و بە چەمکی نیشتیمان پەروەریش دەکەن.

تەموزی **2007**

# خوێندنەوەی مێژوو لە ڕێگای خەونەوە لە چیرۆکی (شایەتی بەردێك) ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا

لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم دەقە بکەین بە پەیڕەوکردنی میتۆدی تەواکاری کەمەبەست لە مەش کارکردنی هەمەلایەنەو گشتگرە لە نێو بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکەدا ئەویش بە مەبەستی گەڕان بە دوای پرسیارەکانی ئەم دەقەداو لە هەمان کاتیشدا هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ئاراستەی پرسیار ئەویش بە مەبەستی گەڕان بە دوای دیاریکردن و دۆزینەوەی جیهانبینی دەقەکەدا. سەرەتاش حەزدەکەم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەئەم چیرۆکنووسە یەکێکە لە چیرۆکنووسانی نەوەی حەفتاکان و زیاتر لەهەر شێوازێکی نووسین شێوازی واقیعی رووبەرێکی فراوانی لەبەرهەمەکانیدا داگیر کردووەو تا ئاستێکی دیاریش هەوڵیداوە سوود لە رەگەزەکانی چیرۆکی نوێ وەربگرێت بە تایبەتی لە بواری تەکنیك و بینای کەسێتی و رووداو و مەسەلەی کات و شوێندا.

لێرەدا هەوڵدەدەین کورتەیەکی چیرۆکەکە بگێڕینەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت باسی چی دەکەین.گێڕەرەوە کە یەکێکە لە دوو کەسێتی نێو دەقەکە دەتوانین بڵێین کە کەسی ئامادەی نێو دەقەکەشە جوڵەو رووداو تا ئەندازەیەکی دیار بەندن بەم کەسێتەوە.(ئەم دوو کەسێتە بەبن قەڵادا دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان بەردێکی گەورەی قەد قەڵاکە دەکەنە جێگای بەیەکتر گەیشتن و جیابوونەوەی رۆژانەیان.ئەم دوو کەسە لەسەر زمانی گێڕەرەوەوە هەڵگری خەمەکانی شاربوون.گێڕەرەوە خەونی زۆرو جۆراو دەبینێت. گەوهەری خەونەکانیشی لەوەدا کۆدەبێتەوە کە دوو تارمایی لە قەڵاکەوە دێنە خوارەوەو برادەرەکەی ئەم کە ناوی شێرۆیە دەستگیردەکەن و دەیبەنە پاڵ بەردە گەورەکە.بەرێکەوت کەسی یەکەم کەگێڕەرەوەیە

لەكاتی دەستگیر کردنی شێرۆدا لەوەوە دوورەو ئەوەش یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی وەکو خۆی دەڵێت خۆی دەرباز بکات بەلاّم دواتر لە خەونەکانیدا هەمیشە ئەو دیمەنە دێتەوە بەرچاوی و لەلایەك بە ترسەوەو لە لایەکی تریشەوەبە شەرمەزارییەوە سەیری ئەو هەڵوێستەی خۆی دەکات.سەرئەنجام لەدوا خەونیدا ئەو هەڵوێستەی دەگۆڕێت و دەکەوێتە بەرگری کردن و لە دوو تارماییەکە دەپرسێت کە بۆچی بەو جۆرە نامەردانە شێرۆ دەگرن. پاشان گێڕەرەوە دەبینێت ئەو بەردە یان ئەو تاوێرە کەئەم و شێرۆ هۆگری بووبوون لە شوێنی خۆی جولاّوەو تارماییەکان لەوێدا نەماون، چالێك وەکو دەمی بیر لەقەلاّکەدا کراوەتەوەو بێدەنگیەکی ترسناك ئەو ناوەی گرتۆتەوە،بەلاّم لەو کاتەدا دەنگێکی پڕ لەسۆزو میهر دەبیستێ و پرسیاری لەبارەی چارەنووسی شێرۆوە لێدەکات بەلاّم لەبری ئەو دەنگەیە دەنگێکی گڕ لە دەرگای نهێنی قەلاّکەوە وەلاّمی دەداتەوە کە ئەویش دەنگی مێژووەو باسی ئەوەی بۆ دەکات کە هەر هێزێك هاتۆتە ناوئەم شارەیە خوێنی خەڵکەکەی بە دەوری ئەم قەلاّیەدا رژاندووەو خوێنی وشکەوە بووی ئەو خەڵکانە وەکو دیواری لێهاتووەو بووەتە بەشێك لەقەلاّکەو هەر خاوەنی ئەو دەنگەش بکوژی خەڵکی شارە. لەبەر چاوی گێڕەرەوەدا گڕی ئاگرەکانی دەورو بەری شار کە لە قەلاّکە دەدەن شێوەی شەپۆلی خوێنی پێدەبەخشن. دواجار تارماییەکان شارۆ دەکوژن.

لە ئەنجامدا ئەمی گێڕەرەوە هەڵدێت بەلاّم بەردەوام گوێی لە دەنگی شکاندنی ئێسقانە و دیمەنی سووری خوێنی رژاو دەبینێت ئێستا دوای گێڕانەوەی کورتەی چیرۆکەکە ئەگەر سەرنجی ناونیشان بدەین کە بریتییە لە(شایەتی بەردێك) ئەوا ئەو دەلالەتەمان بۆ بەرهەم دێت کە بەرد وەکو توخمێکی بێگیانی نێو سروشت خاسێتی مرۆڤی پێبەخشراوە واتە کرداری بەمرۆڤبوونی بەسەردا هاتووە چونکە تەنیا مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ببێتە

شایەت کەچی ئێستا بەرد ئەو کارە ئەنجام دەدات واتە شایەتی دەدات،ئەمەش دەشێ وەها سەیربکرێت کەئەو بەردە یان ئەو تاوێرە شایەتە بە سەر مێژوویەکەوە کە مێژووی ئەو شارەیە.هەر لە یەکەم جارەوە کە ئۆردوی بێگانە هاتۆتە ئەم شارەو لە پاڵ قەلاَکەدا خوێنی خەڵکەکەیی رژاندووە. هەروەك دەشێ ئەم تاوێرە وەکو شایەتێکیش سەیر بکرێت کە بەبەر چاوی ئەمەوە (شێرۆ) دەستگیر دەکرێت و پاشانیش بێ هیچ لێپرسینەوەیەك و بێ دەربەستانە دەیکوژن، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە ئەم تاوێرە شایەتە بەسەر رووداوەکانی ئەم شارەوەو دەشێ وەکو هەڵگری مێژووی پەردە لەسەر نراوو شێوێندراوی شار سەیر بکرێت،واتە هەڵگری یادەوەرییەکانی شار بێت ، بەلاَم پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم شارەی کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت و لە راستیشدا ئەو شوێنەیە کە رووداوی چیرۆکەکەی تیادا روودەدات کوێیە؟ئەی ئەو دوو تارماییە کە شێرۆ دەستگیر دەکەن و پاشانیش دەیکوژن کێن؟ چ شوناسێکیان هەیەو بەپێی چ فەرمانێك ئەو کارە ئەنجام دەدەن؟ ئایا ئەو کارە ترسناکە کارێکی بەرنامە بۆ دارێژراوە لە لایەن مرۆڤەوە یان کارێکی ئەفسانەییەو ئەو دوو تارماییەش سیمای خێویان هەیەو هێزێکی شاراوەی میتافیزیك لە پشتیانەوەیە هەر وەك شێوەی هەڵس و کەوت و دەرکەوتن و لە پڕ دیارنەمان زیاتر سیمای ئەفسانەیی بە دوو تارماییەکە دەبەخشێت.

بێگومان لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا دەردەکەوێت کە ئەو شارە کەرکوکەو قەلاَکەش قەلاَی کەرکوك یان قەلاَی ئارابخایەکە پەیوەندییەکی ئاشکرای بە مێژووی ئێمەوە هەیەلەو رونگەیەوە کە ئیشراق و رۆحی زەردەشتی رووناك کەرەوەی دەهالیزە تاریکەکانییەتی کەدەشێ تاریکستانی نێو قولاَیی دەهالیزەکانی ئەو قەلاَیە هاوشێوەی ئاستەتاریکەکانی ناخی مرۆڤ بێت.بەلاَم ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە ئایا ئەو رۆحە

ئیشراقیە توانیویەتی مێژووی ئێمە وەکو نەتەوە ڕووناك بکاتەوە یان لە نێو تاریکستانی ناخی مرۆڤی کورددا ببێتە سەرچاوەی ڕووناکی؟هەروەك ئەو شەپۆلی ڕووناکیەی کەگوایە ئاگرەکانی دەوری شار لە قەد پاڵی قەڵاّدا دروستیان کردووە دەشێ لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئەو ئیشراقە زەردەشتیە بێت کە بریتیە لە گەوهەرو لە ماهیەتی ئایینەکەو ئەوئایینەش تاکو ئێستاش لەئاستێکی تەسکی کۆنەستی کورددا ئامادەبوونی هەیە.

کەسێتی زیندووی چیرۆکەکە واتە گێڕەرەوە تاکو ئێستا خەون بەو ئێوارە تەڵخ و تۆزاوییەوە دەبینێت  کە تیایدا دوو تارمایی شێرۆی هاوڕێیان دەستگیر کرد.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئەو ڕووداوە بە ئاشکرا کاری لەو کردووەو لە ڕووبەری نەستیدا ئاسەوارێکی خراپی بەجێهێشتووە کە هەمیشە لە شێوەی خەوندا خۆی دەردەخاتەوە،ئەو دەرکەوتنەوەیەش بۆئەم مایەی خەمو نیگەرانیەو هەمیشەش ئازاری پێدەبەخشێت ئەویش لە دوو ڕووەوە ، یەکەمیان لە بەرئەوەی کە هاوڕێیەکی نزیکی خۆیی لە دەستچووە ، دووەمیان لەبەرئەوەی کەلەکاتی دەستگیرکردنی هاوڕێکەیدا ئەم هەڵوێستێکی ترسنۆکانەی هەبووەو خۆی دزیوەتەوە بەمەبەستی ئەوەی خۆی ڕزگار بکات. ئەم هەڵوێستە لاوازەش لە نەستیدا بووەتە گرێیەکی ئازار بەخش و بەردەوام لە خەونەکانیدا نوێ دەبێتەوە.

ئەم کەسێتە و شێرۆی هاوڕێی ئەوەیان لانەبۆتە پرسیار کە ئەم قەڵاّیە چییەو ئەو تاوێرەی کە ئەوان کردوویانەتە شوێنی بەیەك گەیشتنی بەیانیانیان و جیابوونەوەی ئێوارانیان لە کەیەوە لەو قەد قەڵاّیە چەقێندراوە.لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەئەم دوو کەسێتە یان بێئاگان لەمێژوو لەرابردووی خۆیان و   شارەکەیان، یان لە بنەڕەتدا ئەوان بە کێشەکانی ئێستای شارەوە خەریکن و بیر لە ڕابردوو ناکەنەوە ، یان هەر لە ڕاستیدا بڕوایان بە ڕابردوو نییە.ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە ئەم دوو کەسێتییە لەو

جۆرە کەسانەن کە ناتوانن لە کاریگەری و بایەخی رابردوو تێبگەن و بزانن چ رۆڵێکی هەیە لەبنیادنانی ئێستاو داهاتووتدا.

دیارە لە رووی بینای کەسێتیەکانەوە لە چیرۆکەکەدا شتێکی ئەوتۆ پێشکەش نەکراوە نە لە رووی بارو پێگەی کۆمەلایەتیانەوە نە لە رووی باری دەروونیانەوە، تەنانەت سەبارەت بەکەسێتی شێرۆ جگە لەوەی کە هاوڕێی گێرەرەوە بووە هیچی تری لە بارەوە نازانین.بەواتا تەنیا لە رێگای هەندێ زانیاری گێڕەرەوەوە زانیارییەکی کەمان لەبارەی ئەو دوو کەسێتەوە دەست دەکەوێت ،دیارە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە ئەم دوو کەسێتە لە سنووری دەقەکەداو لە روانینی ئێمەی خوێنەرەوە نابنە خاوەنی شوناس بەومانایەی کەمۆدێلێکی ناسراوبن لەبەردەمانداو بەجۆرێك کەهەموو شتێك سەبارەت بە باری کۆمەلایەتی و تەمەن و ئاستی خوێندەوارییان بزانین. بەلام ئەوەی کە بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە ئەم دوو کەسە خەمی شاریان لە کۆڵ ناوەو بینینی دیمەنە دزێوەکانی شار خەمەکەیان ئالۆزتر دەکات کەواتە دەبێ ئەو خەمە چی بێت کە ئەمان هەڵیان گرتووە؟ ئایا خەمی دواکەوتوویی شارە یان خەمی وێرانکردنیەتی یان خەمی راگواستن و بە عەرەبکردنیەتی یان خەمی نەبوونی بکەرێکە کە بتوانێت لەسەر جوگرافیای ئەم شارە گۆڕانکاری درووست بکات؟

بە هەرحاڵ خەمی ئەم دوو کەسێتیە هەرکام لەمانە بێت یان هەموویان یان هەر خەمێکی تر، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەڵگری پەیامێکن،واتە چیرۆکنووس نەهاتووە دوو کەسێتی ون و بێبەرنامە پێشکەش بکات بەڵکو دووکەسێتی بینا کردووە کەهەڵگری پەیامێکن،ئەمەش بەرهەمی دیدی واقیعیانەی چیرۆکنوسە کەبێگومان رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی چیرۆك لەواقیعەوە وەردەگرێت ئەوەش وایلێدەکات بەگشتی بەرهەمەکانی

پەیوەستبن بە واقیع و مێژووی نەتەوەکەیەوە واتە شوناسێکی دیاریان هەبێت ئەو شوناسەش لەهەر ئاستێکدا بێت لەو روانگەیەوە گرنگە کە پەیوەست بکرێتەوە بەو جوگرافیایەوە کە چیرۆکەکەی تیا بەرهەم هاتووە.هەر بۆیە دەکرێت لە میانەی پێکەوە کۆکردنەوەی ئەم رەگەزانە پێکەوە کلیلی کردنەوەی دەقەکە بەدەست بکەوێت.

چیرۆکنووس لە بینای هونەری دەقەکەیدا پەنا بۆ خەون دەبات بۆ گێڕانەوەی رووداوەکەو هەر لەوێشەوە واتە لەجوگرافیای خەونەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو واقیع.ئەم رەگەزەش یارمەتیدەرە بۆ بەکارهێنانی فلاش باك واتە گەڕانەوە لە رێگای خەیاڵەوە بۆ ئامادەکردنەوەی رابردوو لەئێستادا.ئەم حاڵەتەش لە چیرۆکی  نوێی ئینگلیزی سەرەتای سەدەی بیستدا رووبەرێکی فراوانی داگیرکردوە.دیارە ئەم تەکنیکەش لەم چیرۆکەدا دەورێکی ئاشکرا دەبینێت لە چۆنێتی بنیادی دەقەکەدا لە کاتێکدا دەقەکە بریتیە لە گێڕانەوەی روداوێکی رابردوو لە ئێستاداو لە رێگای قسەکردن لە سەر ئەو رووداوە وردەکارییەکی زیاتر سەبارەت بە رابردووی ئەو دووکەسێتیەو قەلاکەو تاوێرەکەو مێژووی شاریش پێشکەش دەکات.

لە ئێوارەی رووداوی گرتنی شێرۆدا شار خامۆش و بێدەنگە،ئەمەش ئەو راستیە ئاشکرا دەکات کە کاتێ شێرۆ دەگیرێت و دەکوژرێت هیچ بەرگرییەك لە ئارادا نییە کە ئەوەش رووی گشتی واقیعی ئەو شارە یان کۆمەڵگایە نیشان دەدات کە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی دەنگی هەبێت یان خاوەنی دەنگ بێت ،هەروەك ئەمەش ئەو دەلالەتەمان بۆ بەرهەم دەهێنێت کە لەم شارەدا کە نموونەی هەموو کۆمەڵگای ئێمەیە دەنگ بەرهەم نەهاتووە کە مەبەست لەمەش دەنگێکە کە هەڵگری مانا بێت،دەنگێك کە توانای ئەوەی هەبێت زەمینەی گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە،دەنگێك بتوانێت کاربکات بۆ گۆڕینی جوڵەو

ئاراستەی رووداوەکان.واتە دەنگێك بتوانێت ببێتە دروسکەری هێزێك بۆ ئەوەی چیتر هۆردوی بێگانە لەپاڵ قەلاَکەدا خوێنی خەڵکی شار نەرِژن و خودی شارو قەلاَکەش هەتك نەکەن.

دیارە درووستبوونی دەنگ مانای وایە سەرەتایەك بۆ دابرِان دروست کردن لەگەڵ بارودۆخی باودا دروست دەبێت،بەلاَم ئەو دەنگە لە جوگرافیای شارەکەدا بوونی نییە.ئەمەش مانای وایە لەو زەمینەیەدا کردار درووست نابێت و ئەگەری درووستبوونی بکەری رووداو درووستکەریش بەو پێیە لاوازە یان لەئاستی نەبووندایە بۆیە کەسێتی چیرۆکەکە خەون دەبینێت، خەون بە خۆشاردنەوەی خۆیەوە دەبینێت و دوای چەندین خەون بەخۆشاردنەوەی خۆیەوە دەگاتە ئەوەی کە خەون بە درووستبوونی گیانی بەرگری و خۆ بەدەستەوەنەدانەوە ببینێت واتە خەون بە درووستبوونی بکەرێکەوە ببینێت کە توانای ئەوەی هەبێت رووداو درووست بکات،ئەم حاڵەتەش لە سنووری خەونەکەدا بە هاوارکردن و دەستگیر کردن لە قەد پاڵی قەلاَکە بەرجەستە دەکات. لێرەدا دەشێت ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کەکاتێك بکەری رووداو درووستکەر بوونی نییەو ناتوانرێت لە سەر جوگرافیای واقیع هیچ رووداوێك درووست بکرێت ئەوا گەرِانەوە بۆ ناوەوە دەست پێدەکات کە ئەو گەرِانەوەیەش زۆربەی کات ددەچێتە سنووری نەستەوەو لە شێوەی دەربرِینی نائاگایانەدا دەردەکەوێت کە خەون بینینیش لەو رووبەرەدایە.لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئایا کەسێتی نێو ئەم چیرۆکە کە هەرخۆیشی گێرِەرەوەیە کەسێتییەکی خەون بینە؟ یان داخۆ کەسێتییەکە فشارەکانی نێو واقیع وایلێکردووە خەون ببینێت؟ ئایا ئەم کەسێتیە چ پەیوەندیەکی هەیە بە کەسێتی کوردییەوە یان بە شێوەیەکی تر ئایا دەتوانرێت پەیوەندی لە نێوان ئەم کەسێتیەو کەسێتی کوردیدا بدۆزرێتەوە؟ ئایا ئەم

کەسێتە هەر خەونی ئاسایی دەبینێت یان خەونەکانی لە ئاستێکی تردا دەبنە ویست و ئارەزووەکانی و بەرهەمی بیرکردنەوەو تێڕامان و خورد بوونەوە دەبن؟ بە واتایەکی دی ئایا ئەم کەسێتە لەو ئاستەدایە کە بتوانێت سەرنج لە واقیع بدات و لە رابردوو ،لەئێستای خۆی تێبگات یان کەسێتییەکی سادەی ناو کۆمەڵگایەو تەنیا دەتوانێت رووکەشی شتەکان ببینێت؟ هەر لێرەشەوە دەتوانین هاوشێوە بوون لە نێوان ئەو کەسێتەو کەسێتی کوردیدا بدۆزینەوە ئەویش لەو روانگەیەوە کە ئەم کەسێتییە نوێنەرایەتی کەسێتی کوردی دەکات کە کەسێتیەکی تێکشکاوو لاوازو رووکش و بێبەرنامەو نائەکتیڤی دەرەوەی بیرکردنەوەو تێڕامانە،بەڵکو کەسێتیەکە لە بوونی خۆیدا بە هەست کاردەکات و لە نێو رەگەزەکانی هەستیشدا ئەم تەنیا چاو بەکار دێنێت واتە تەنیا لە رێگای بینینەوە هەست بە شتەکان دەکات و ئەوەی بەچاوی ئاسایی خۆی نەیبینێت دەرکی پێناکات.ئەوەتا ئەم کەسێتە چەندین جار بەبن قەلاکەدا دێت و دەچێت،چەندین جار قایەکەی بینیووە کەچی ئەو پرسیارەی لادروست نەبووە کە ئەم قەلایە چییەو کێ درووستی کردووەو چی لە گەوهەرو ناخیدایە و هەڵگری چ ماناو دەلالەتێکەو چ پەیوەندیەکی بە بوون و رەسەنایەتی ئەمەوە هەیە لەم شارەدا؟ کەواتە لێرەدا دەشێ وای لێك بدەینەوە کە کەسێتی کوردی لە کەسێتی نێو چیرۆکەکەدا بەرجەستەکراوە یان کەسێتی نێو چیرۆکەکە بریتییە لە کەسێتی کوردی کە کەسێتییەکە توانای بیرکردنەوەو تێڕامانی نییە.

کاتێ کەسێتی چیرۆکەکە بە قەلاکەدا سەردەکەوێت دەبینێت قایەکە لە جێگای خۆی ترازاوەوتارماییەکان دیارنین ، چالێکی رەش وەك دەمی بیر لە قەلاکەدا کراوەتەوەو لەوێوە دەنگێکی لەسەرەتادا پرسۆزو میهرو لە دوایشدا گڕو ناخۆش وەلام دەداتەوە. بێگومان ئەم کە ئەو دیمەنانە دەبینێت سەرسام دایدەگرێت چونکە نازانێت سەرچاوەی ئەو

دەنگە چییە. دڵنیاشە لەوەی کە تاوێر و بەرد نادوێن. لێرەدا سەرچاوەیەکی ئەفسانەیی بۆ ئەو دەنگە پێشبینی دەکات کە زیاتر فەزای ترس و نیگەرانی لەلا دروست دەکات، فەزایەك کە دەبێتە زەمینەیەك بۆ چاوەڕوانکردنی مردن و کوشتن واتە فەزایەکی تراژیدیانەی ئەو تۆ دەخولقێنێت کە دەلالەتی وێرانەیی و کوشتن و مردن بەرهەم دێنێت. یان فەزایەك کە زیاتر رووی ئەفسانەیی و فانتازی بە قەلاکە ببەخشێت، بەتایبەتی کاتێ دەنگێك لە سەرچاوەیەکی نەزانراوەوە یان نەبینراوەوە بەرزدەبێتەوە زیاتر خەیاڵمان بەلای بوونی رۆحێکی شاراوە یان نهێنیدا دەچێت لە نێو قەلاَدا کەدەشێ ئەو دەنگەش دەنگی ئەو رۆحە نادیارە بێت.بەلاَم پرسیارەکە ئەوەیە ئایا رۆحێکی شەڕەنگێزو تێکدەرە کاتێ پێشتر لە پەنای ئەمدا هۆردوی داگیرکەران خوێنی خەڵکی شاریان رژاندووەو ئێستاش بە تاك و بەکۆ وەکو شێرۆ کوڕانی ئەم شارە رادەکێشرێنە نێو هەناوی ئەم قەلاَیەوەو خوێنیان دەرژێنرێت.

لێرەدا دوو حاڵەتی لەگەڵ یەکتر ناکۆك خۆیان ئاشکرا دەکەن سەبارەت بە قەلاکە.یەکەمیان بریتیە لەوحاڵەتی کوشتن و برین و خوێن رشتنە کەلە خۆیدا هەڕەشەیە لەبوون و ماهیەتی قەلاکە کە ئەمانەش سەرئەنجام و بەرهەمی عەقڵ و بوونێکی شەڕەنگێزو وێرانکەرن. دووەم ئەو قەلاَیەی کە لە چیرۆکەکەدایە ئەگەر قەلاَی ئارابخا بێت کە دیارە هەر ئەویشە ئەوا دەبێ ئیشراقی ئایینی زەردەشتی گەوهەروماهیەتی بێت کەئەو ئیشراقەش هەڵگری رۆح و پەیامی رووناکی و روونکردنەوەو بنیادنان و چاندنو ئاوەدانکردنەوەو پێکەوە ژیان و لێبووردەییە، نەك بڕوای بە کوشتن و خوێن رشتن نییە بەڵکو لە بنەڕەتدا دژی هەموو توندو تیژیەکە.

ئەو دەنگە گڕەی کە وەلاّمی پرسیارەکانی  ئەم واتە کەسێتی چیرۆکەکە دەداتەوە ،گێڕەرەوە وەکو دەنگی مێژوو ناوی دەبات  و دەیناسێنێت کە گوایە دەنگێکە لە دوو تونێلی قەلاّکەوە بەرز دەبێتەوە کە ئەوەش دەلالەتی خۆیی هەیە.ئەویش ئەوەیە کە دەنگی مێژوو هەڵگری ئازارو ناڵینە واتە بەجۆرێك دەشێ شکستەکانی رابردووی ئێمە نیشان بدات.دەشێ لێرەدا لە رێگای ئەم چەند قسەیەوە شوناسی تونێلەکانی نێو قەلاّکە تا ئەندازەیەك ئاشکرا ببێت و لە راستیشدا تونێلەکان خۆیان بکەری  رشتنی ئەو خوێنە نین بەڵکو بوونەتە جێگایەك بۆ رشتنی خوێن.ئەوەشی لەبارەی نهێنی بوونی ئەم دوو تونێلەوە لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا  دەبینرێت دەشێ والێکبدرێتەوە کە بوونی تارماییەکان و سەرنگون کردنی  شێرۆ و کەسانی تر بەو نهێنییە لێکبدرێتەوە،بەلاّم لە ئاستێکی تردا تونێلەکان وەك پێشتر باسمان کرد نهێنی مێژووی کوژراوی  خەڵکی شاری قەلاّکەو ئێمەشن، ئەو خوێنەش خوێنی رژاوی ئێمەیە بە درێژایی مێژوو. لێرەدا دەردەکەوێت ئێمە لە بری ئەوەی لە رووی بنیادنانی  شارستانی و داهێنان و بەرهەمهێنان و ئامادە بوونەوە شوناسی خۆمان  بەدەست بهێنین و خۆمان لەوانی دی جیابکەینەوە و خۆمان بەوانی دی بناسێنین کەچی دەمانەوێت لەسەر بنەمای قەبارەی خوێنی رژاوو بە کۆمەڵ کوژران و وێرانکردنی  ولاّت شوناس  بە دەست بهێنین واتە دەمانەوێت بوونی ئێمە لە روانینی ئەوانی ترەوە بوونێك بێت لەسەر بنەمای سۆز بۆ جولاّن و بەزەیی پێدا هاتنەوە بێت ، واتە ئێمە هەمیشە دەمانەوێت خۆمان وەکو قوربانی نیشان بدەین. ئەم تونێلانە ئەم مێژووە خوێناوییەی ئێمەیان لە هەناوی خۆیاندا حەشار داوە.

واتە هەربۆچوونێکی تر بۆ لێکدانەوەی نهێنی بوونی تونێلەکان بهێنرێتە ئاراوە لە ئاکامدا ئەو لێکدانەوەیە پەیوەست دەبێتەوە بەبوونی ئێمەوە لە مێژوودا و بەو پێیەش

تونێلەکان دەبنە ئەو دەهالیزانەی کە خودی ئەو مێژووەو بکەری لاوازی بەرهەمهێنی ئەو مێژووەشیان تیادا حەشار دراوە یان پەردەی لەسەر نراوە بە جۆرێك کە بوونی ئێمەش لە نێو ئەو دەهالیزانەدا کوژراوەو فرێدراوەتە نێو ئەو رووبەرە شاراوەوە کە جگە لە جۆرە زانیارییەکی ئەفسانەیی کەدەشێ لەرووی مەعنەوییەوە بەهایەکمان پێببەخشێت و هانمان بدات بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوە یان دروستکردنی ئەفسانەدا شتێکی تری ئەوتۆ نابەخشێت کە دیارە ئەوەش بایەخی خۆیی هەیە چونکە بە شێوەیەکی گشتی یەکێك لە پایەکانی ناسیونالیزم بریتیە لە ئەفسانە دیارە لە ئاستی نەبینراوی ئەم دەقەدا کۆدێکی مێژوویی هەیە کە هەر کەسە دەیەوێت بەسوودی خۆی بیکاتەوە و بەپێی روانینی خۆی لێکیبداتەوە،بەلاّم ئەوەی کەئاشکرایەو لەئاستی بینراودا دەبینرێت لەم دەقەدا گەڕانێکی ئاشکرا بە دوای مێژوویەکدا دەبینرێت کە مێژووی ناسیونالیزمەو جیهانبینی گشتی دەقەکەش زیاتر لەو رووبەرەدا بەرجەستە دەبێت. شاردنەوەی بوون و مێژووی ئێمە لەنێو تونێلەکانی ئەو قەلاّیەدا ئەو دەلالەتە هەلّدەگرێت کە ئێمە تاکو ئێستا لەقۆناغی خۆ حەشار داندراین و نەگەیشتووینەتە ئاستی خۆ نمایش کردن ، دیارە کاتێ بوویەك یان پێکهاتەیەك لە ئاستی خۆ حەشارداندا بێت ناتوانێت ببێتە خاوەنی شووناس.بێگومان لە هەلومەرجێکی لەو جۆرەشدا ئەو پێکهاتەیە نە خاوەنی دەنگی خۆی دەبێت و نە دەنگیشی دەبیسترێت. ئەمەش ئەو واقیعەیە کە کوردی تیادا دەژی ، بۆیە دەشێت وەها لە تونێلە نهێنییەکان بڕوانین و لێکیان بدەینەوە کە بریتین لەهەموو جوگرافیای کوردستان و لەرووبەری ئەو جوگرافیایەشدا تاکوئێستا دەنگێکی ئەوتۆدرووست نەبووەو بەرزنەبۆتەوە کە لەدەرەوەی خۆی ببیسترێت. لەلایەکی ترەوە دەشێ وا لێکبدرێتەوە کەتونێل هەلّگری دەلالەتی نهێنی و شاردنەوەو پەردە لەسەرنان بێت واتە جۆرێك لە دفن بوون نیشان دەدات

که ئەوەش بە دوو ئاراستە لێکدەدرێتەوە کە یەکەمیان دفن کردنی رۆحی زیندووی شارە کە لەم حالەتەشدا قەلاّ و تونێلەکانی جێگای گۆرستان دەگرنەوە ، گەرچی لە روانگەی تونێلەکە خۆیەوە تونێل دەوری قەسابخانەی پێسپێردراوە.

دووەمیان دەشێ وەها سەیری تونێل و نهێنییەکانی ناوی بکەین کە بریتی بن لە مێژووی نهێنی شار یان درووستتر بڵێین فایلی نهێنی ئەم شارە بن کە تاکو ئێستاش بە داخراوی ماوەتەوەو بکەرێکی ئەوتۆ بەرهەم نەهاتووە کەتوانای کردنەوەی گرێی ئەو نهێنییانەی هەبێت. ئەمەش جۆرێك لە تەمومژو ئالۆزی بەخشیووە بە خودی تونێل و قەلاّ کە بە دوو ئاراستە لێکدەدرێتەوە.یەکەمیان لەو روانگەیەوە کە یادووەری ئێمە ترسێك دەسەلاّتی بەسەردا کردووە کە ئەویش ترسێکی مێژووییەو تاکو ئێستاش بەردەوامە کە ئەوەش نیگەرانییەکی بەردەوامی لە بوونی ئێمەدا درووستکردووە.دووەم نازانرێت ئایا هێزی بەرهەمهێنی ئەو ترسە لە خودی تونێل و قەلاّدایە یان لە بوونی ئەنتۆلۆژی کەسێتی چیرۆکەکەو خەڵکی شارو هەموو ئێمەدایە وەکو نەتەوەیەك کە تاکو ئێستاش وەکو گرێیەکی نەکراوە سەیری چارەنووس و بوونی خۆمان دەکەین کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا دەبێتە ترس لە کردنەوەی گرێی کێشەی کەرکوك پەیوەست بە کەسێتی چیرۆکەکەو هەموو خەڵکی شارەکەو ئێمەش کە تاکو ئێستا هەرچۆن بکەرێکی دیاری ئەوتۆ درووست نەبووە بتوانێت گرێی نهێنییەکانی قەلاّو تونێلەکانی بکاتەوەو ئاشکرای بکات،دەشێ بگوترێت بەهەمان شێوە بکەرێك درووست نەبووە کە بتوانێت لە رێگای بڕیاردان و گواستنەوەی بڕیار بۆ کارو بەو پێیەش رووداو درووستکردن گرێی نەکراوەی کێشەی ئەو شارە بکاتەوەو مێژووی پەراوێز خراوو پەردە لەسەرنراوی کە هاوشێوەی تەموومژی نێو تونێلەکانە ئاشکرا بکات و چارەنووسی دیاری بکات. لە ئاستێکی

قوولّتردا مێژووی نهێنی قەلاّو تونێلەکانی بریتییە لەمێژوی پەراوێزیی ئێمە کەمێژووییەکە لەرووی بوون یان بەرهەمهێنانی شارستانیەوە هیچ ئامادەبوونێکی نییەو بکەری کوردیش ئەو بکەرە لاوازەیە کەتوانای بەدەستهێنانی شوناسی تەنانەت لە سەر جوگرافیای خۆیشی نییە.

گێڕەرەوە لەوە دەدوێت کە ئەم و شێرۆی هاوڕێی لەو قایەیە تێنەگەیشتوون کە جێگای نهێنی وکاری دزێو بێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە قایەکە بەلای ئەمانەوە جۆرێك بووە لە نهێنی کاتێ بە زمانی شێرۆوە دەڵێت " قایەکە رۆژگار و ساڵ و عەیام،گەرماو سەرمای ولاّت درزو شەقاری قوڵی تیا نەخشاندووە.لۆچ و گرێی گرنج گرنجی تێدا جێهێشتووە کەغەم و ترس و بینینی کارەسات وخوێنڕشتنی ئەم هەموو ساڵانەی شار نیشان دەدات.ئەنجامیش کە لەو قایەیە ورد ببیتەوە ئەوا سەری بنیادەمێك دەبینی  کە دوو چاوی زەقی پڕ لە سەرسووڕمان و توڕەو لوتێکی چەماوەی هەڵۆ ئاسا  دەبینیت  کە نیشانەی خۆڕاگرین و لێوەکا نیشی لەوە دەچێت بیانەوێت شتێك بڵێن بەلاّم ئەوەندە ساڵە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بدوێت  ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هێشتا لەو ئاستەدا نییە کە توانای درکاندنی هەبێت یان بە وتەیەکی تر تاکو ئێستا نەبۆتە خاوەنی قسە بەو مانایەی کەقسەیەك بکات هەڵگری ماناو دەلالات بێت. ئەو سەری بنیادەمەی کە بەئاستەم دەبینرێت لە رووی ئەو وەسفانەوە کە گێڕەرەوە دەیکات بریتیە لەسەری مرۆڤی کورد کە ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە خودی قەلاّکەو قایەکەش بەشێکن لە بوونی کورد ، لێرەوە چیرۆکنووس دەیەوێت لە ئاستێکی قوڵی دەقەکەدا کە خوێنەری ئاسایی ناتوانێت ببینێت جۆرێك لە جیهانبینی بەرهەم بهێنێت کەپەیوەست بێت بە  مێژووی

کەرکوکەوە کە ئەوەش وەکو بەشێك لەکار کردن بۆ گەڕان لە دوای شوناسی ئەو شارە لێکدەدرێتەوە.

کاتێ ئەو سەری بنیادەمە مەبەستی درکاندنی شتێکەو ناگاتە ئەوەی کە بیدرکێنێت ئەوەمان لەلا ئاشکرا دەبێت کە کەسێتی ئەو سەرە بەتەواوەتی کەسێتی کوردییە چونکە تاکو ئێستا لە رووی ئامادەبوونەوە لەو ئاستەدا نەبووە کە خاوەنی گوتن بێت چونکە کەسێتیەك دەبێتە خاوەنی گوتن کە لە رووی خۆسەلماندن و بەرهەمی شارستانێتەوە توانیبێتی خۆی بسەلمێنێت و لەنەست و عەقڵ و لێکدانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ئامادەبوونی هەبێت،بێگومان کەسێتی ئەو سەرەی لە قایەکەدا دەبینرێت تاکو ئێستا نەیتوانیووە لەرووی کارو بەرهەمهێنانەوە ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت هەر بۆیە نەبۆتە خاوەنی قسە یان خاوەنی گوتن، دەشێ وەهاشی لێکبدەینەوە کە تەنانەت ئەو کەسێتە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە سەر رووبەری ئەو جوگرافیایە کە قەلاکەی لەسەر بنیاد نراوەو قەلاکەش وەکو بەڵگەیەك شوناسی کوردبوونی شارەکە دەسەلمێنێت کەچی ئەو کەسێتە کەکەسێتی کوردییە نەیتوانیووە بەئاشکراو بێترس رایبگەنێت و هەوڵیش بدات لە سەر زەمینەی واقیع بیسەلمینێت کە ئەو شارە بەشێکە لە بوونی ئەوو ناشێت بڕیار دان لە چارەنووسی بخاتە دەستی کەسانێکی ترەوە کە لە واقیعدا ئەو مافەیان نییە.

گێڕەرەوە دەیەوێت لە رێگای قسە کردن لەسەر قەلاو تونێلەکانی و قایەکەوە فایلی مێژوویی شارەکە بکاتەوەو نهێنییەکانی ئەو مێژووە ئاشکرا بکات و لەو ئاقارەشدا ناسنامەی راستەقینەی شارەکە نیشان بدات کە ئامانجی سەرەکیش لە پشتی ئەم وەسف و قسە لەسەر کردنەدا درکاندنی ئەو گوتە پەردە لە سەرنراوەیە کە تاکو ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکە گوتاری سیاسی کوردی لە شێوەی دەنگێکی ئاشکراو بیستراودا

نایدرکێنێت بەڵکو بەجۆرێکی  شەرمنانە و بە دەنگێکی نزم و زیاتریش لە ئاستی ناو خۆدا ئەو دەنگە دەبیسترێت.دیارە سەرچاوەی درکاندنی دەنگە لاوازەکەش سەرچاوەیەکی لاوازە بۆیە دەنگەکەی نابیسترێن.

گێڕەرەوە لە شێوەی گەڕانەوە بۆ رابردوو زیندوو کردنەوەی یادەوەرییەکانی ئەو رابرددووە لەلایەکەوە مێژووی پڕلەشکست و نائامادەبوونی ئێمە لەو رابردووەدا نیشان دەدات،لەلایەکی تریشەوە دەوری ئەوانی دی لە کوشتن و وێرانکردنی ئێمەدا وەکو بوونی جوگرافی و ئەنتۆلۆژی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاشکرا دەکات و سەرئەنجامیش ئەوەی دەمێنێتەوە شارێکی نیمچە وێران و کەسێتییەکی لاوازو تێکشکاوی پەراوێزی مێژووە کەهەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یادەوەرییە تاڵەی کە هاوڕێکەیی بەجێهێشت و ئێستاش لە شەرمەزاریدا دەژی کە ئەمەش وەکو جۆررێك لەسەنگەر چۆڵ کردن سەیر دەکرێت کە ئەوەش وایکردووە کەسێتی چیرۆکەکە کە لە ئاستێکی تردا بریتییە لە کەسێتی کوردی هەمیشە لەو ئازارە دەروونییەدا بژی کە وەکو گرێیەکی دەروونی لێهاتووە بۆی و ناتوانێت بە ئاسانی پڕی بکاتەوە کە ئەوەش دەتوانین بڵێین حاڵەتێکی درووستکردووە کە تا ئەندازەیەك هەستکردن بە قوربانی بوونی لای خەڵکی شارەکە بە  تایبەتی و ئێمەی کورد بەگشتی درووستکردووەو دەرباز بوون لە دەسەڵاتی ئەو هەستکردنە  تاکو ئێستا درووست نەبووە هەر ئەوەش وایکردووە دیمەنی خوێن و یادەوەری کوشتن و سەرنەگوون کردن لە پانتایی کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی تاکو ئێستاش ئامادەبوونی هەبێت و نەسڕێتەوە ،دیارە کەسێتییەکیش کە هەڵگری ئەو هەموو گرێی شکست و کەمووکورتییە بێت ناشێت هەروا بە ئاسانی ببێتە بکەرێکی ئەوتۆ کە توانای درووستکردنی رووداوی هەبێت ،رووداوێك کە جۆرێك لە دابڕان لە گەڵ رابردوودا

بکات و سەرەتایەکی نویّ بۆ ژیانێکی جیاواز لەوەی پێشتر دابڕژێت کە تیایدا زەمینەی ئامادە بوون و خۆسەلماندن بۆ بەدەستهێنانی شوناس و بنیادنانی شارستانی برەخسێت.

لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو بەردە یان قایەکە یان قەلاّکە بەگشتی شایەتن بە سەر مێژووی ئەم شارەوە ئەویش چ لە رووی رەسەنایەتی و شووناسەوە بێت چ لە رووی ئەو هەموو جەورو ستەمەی کە لە مێژوودا لەم شارە کراوە. هەروەك دەشێت ئێستاش لە بری هەر بەلّگەو دۆکیومێنتێك خودی ئەو بەردەو قەلاّ بکرێن بە بنەما بۆ یەکلایی کردنەوەی ناسنامەی ئەم شارە.

هاوینی2007

# پاڵەوانی چیرۆکی (ئەو باڵندە بریندارە کە منم)
# لەنێوان قوربانی و جەللاددا، چیرۆکی عەتای نەهایی

(1)

(ئەو باڵندە بریندارە کە منم) ناونیشانی یەکێك لەچیرۆکە دیارەکانی چیرۆکنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان عەتای نەهایی-یە، کە ناوی ئەو کۆمەڵەی تیایدا بڵاوکراوەتەوە هەر بەناوی ئەم چیرۆکەوەیە. بێگومان ئەزموونی چیرۆکنووسینی عەتا ئەزموونێکی دەوڵەمەندەو دەهێنێت قسەی جددی لەبارەوە بکرێت. لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم دەقەی ئەم چیرۆکنووسە بکەین و لەدوای دۆزینەوەو شێوازی ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانە بگەڕێین کە ئەم دەقە بەرزیان دەکاتەوە.

پێم باشە بەچەند رستەیەك هێڵی سەرەکی چیرۆکەکە بگێڕمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت باسی چی دەکەین (چیرۆکەکە باسی ژن و مێردێك دەکات کە مێردەکە ئەندازیارەو ژنەکەشی شاعیرە، بەشێوەیەکی تەقلیدی کوڕە داوای کچەکە دەکات و ئەویش شووی پێدەکات، بەڵام هیچ بنەمایەکی خۆشەویستی بەتایبەتی لای کچەکە لەو پەیوەندییەدا ئامادەبوونی نابێت، دواجار کچە دەگاتە ئەوەی کە وەکو عەبدێك لەگەڵ ئەم پیاوەدا دەژی، پیاوەکەش رۆژ لەدوای رۆژ گومانی زیاتری لا دروستدەبێت و شاعیرێتی ژنەکەی بەهۆکاری خراپیی نێوانیان دەزانێت، بەتایبەتی کە هەستدەکات لەپشتی شیعرەکانی ژنەکەیەوە کەسێتییەك هەیە کە شیعرەکانی بۆ دەگوترێت، بەڵام ناتوانێت لەژیانی واقیعی ژنەکەیدا ئەو کەستێییە بدۆزێتەوە. نێوانی ئەم ژن و مێردە رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبێت، بەجۆرێك

کە ژنەکە هەست دەکات مێردەکەی هەموو ئازادییەکی لێ داگیرکردووە، ئەنجام ژنە گوڵدانێك دەدات بەسەر مێردەکەیداو دەیکوژێت، پاشان دەچێتە بەردەمی ئەو وێنەیەی مەستوورە خانمی کوردستانی و لەشێوەیەکی پڕ لەفانتازیاو خەیاڵی قووڵ و مەودا فراواندا شێوازی کوشتنی مێردەکەی و چۆنێتی ژیانی ژن و مێردایەتییان بۆ مەستوورەو ئێمەش دەگێڕێتەوە، مەستوورە خانم بۆ گوێگرتن و بەشداریکردن لەگفتوگۆی ئەم ژنەدا، لەچوارچێوەکە دێتە دەرەوەو وەکو کەسێتییەکی ئامادە بەشداری دەکات و لەوەش دەدوێت کە ئەمیش وەکو ئافرەتێکی دیاری سەردەمەکەی خۆی لەپێناوی ئاشتی و سەقامگیری و کۆتایی هاتنی کێشەی خێڵ و خوێندا دراوە بەخوسرەوخانی ئەردەڵان و وەکو هەر ژنێکی تر ئازادی داگیرکراوەو بۆتە دیلێکی نێو قەفەزی حەرەمسەرای خوسرەوخان.

(2)

ناونیشانی چیرۆکەکە (ئەو باڵدە بریندارەی کە منم) وەکو کلیلی کردنەوەی دەقەکە، یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بچینە نێو دەقەکەو هەوڵی شۆڕبوونەوە بەنێو ئاستەکانیدا بدەین، بەو مەبەستەی ماناو دەلالاتی دەقەکە بدۆزینەوە، پێشوەختەش دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە کاتێ ئێمە لەئاڕاستەیەکەوە دەمانەوێت خوێندنەوەی ئەم دەقە بکەین، دەشێ خوێندنەوەی تر یان زیاتر لەخوێندنەوەیەك هەڵبگرێت.

ناونیشانی چیرۆکەکە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکات کە کەسێك باسی خۆی دەکات و خۆی وا دەناسێنێت کە باڵندەیەکی برینداره، هەر لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو کەسێتییە لەبارێکی نائاساییدایەو خۆیشی ئەوەی راگەیاندووە، بەڵام لەسنووری ناونیشانەکەدا نازانین ئایا ئەو باڵندەیە بەفیعلی و لەڕووی جەستەییەوە برینداره، یان لەڕووی رۆحی و مەعنەوییەوە برینداره؟ ئەگەر برینداری جەستە بێت، ئەوا دەشێ بەر تیری

راوكەر كەوتبێت و دەشێ لەماوەیەكی دیاریكراودا برینەكـەی سـاڕێژ ببێـت، بـەڵام ئەگـەر لەڕووی رۆحی و مەعنەوییەوە بریندار بێت، ئەوا ئەگـەری سـاڕێژبوونی برینەكـەی كەمـەو هەروەك لـەڕوانینی ئێمـەوە دەستنیـشانكردنی سـەخت و دژوارە. بەهـەرحاڵ، كـاتێ شـۆڕ دەبینەوە بۆ ناو پێكهاتەی دەقەكە، بۆمان دەردەكـەوێت ئـەو باڵندەیـە خـودی گێـڕەرەوەی چیرۆكەكەیە، كە لەهەمانكاتدا تاكەكەسی ئامادەی نێو چیرۆكەكەشـە. ئێمـە هـەموو ئـەو زانیارییانـەی لەسـەر كەسـێتی كـاوەو كەسـێتی ماشـەرەفخانم دەسـتمان دەسـتدەكەوێت لەسنووری دەقەكەدا، لەسەر زمانی ئەم كەسێتییەوەیە كە بریتییە لەكچەی شاعیرو پاشـان شوودەكات بەكاوەی ئەنـدازیار. ئـەو ناونیـشانەی كـە چـیرۆكەكە وەریگرتـووە، لەبنەڕەتـدا ناونیشانی یەكێكە لەشیعرە دیارەكانی خانمی شاعیر كە كاتێك نووسیویەتی كاوەی مێردی بەزویری چووەتە دەرەوەو هەفتەیەك نەگەڕاوەتەوە، ئەمیش لـەماوەی ئـەو هەفتەیـەدا ئـەو شیعرەی نووسیوە كە دەربڕین و وێنەگرتنی ژیانی تایبەتی خۆیەتی.

پێش شووكردنی بەو شێوازە تەقلیدییە، ئەوی شاعیر باڵندەیەكی یاخی و بـەرزەفڕ بـوو، ئامادە نەبوو لەسەر هەموو چڵ و درەخت و گوێسەوانەیەك بنیـشێتەوە، بـەڵام قـەدەری ژیـان زۆرجار بەشێوەیەك كاردەكات كە مرۆڤی ژیـرو هۆشـیاریش سـەری لێدەرنـەكات و بـەجۆرێك بیخاتە داوەوە كە دەربازبوونی نەبێت. ئـەمی شـاعیر كـە بەخـەیاڵی شـیعری خـۆی جیهـانی رەنگاوڕەنگ دروست دەكات و دەخوازێت مێردێكی هـەبێت خۆشـبەختی بكـات، بـەڵام بـێ بیركردنەوە لەو خواست و بۆچوونەی خۆی شوودەكات بەپیاوێك كە هیچی لەبارەوە نازانێت.

سـەرەتای چـیرۆكەكە بەگێڕانەوەیـەك دەسـتپێدەكات سـەبارەت بـەخانمی شـاعیرو گفتوگۆكردنی لەگەڵ مەستوورە خانمدا، گێڕەرەوە لێرەدا خودی چیرۆكنووسـە، راسـتەوخۆش لـەوێوە دەسـتپێدەكات كـە باسـی لوتكـەی رووداوە لەچـیرۆكەكەدا، كـە ئـەویش بریتییـە

لەکوشتنی کاوە. لـەو گێڕانەوەیـەدا، کـە چـەند رسـتەیەکی کورتـە، هـەواڵی کوشـتنەکەو چـۆنێتی کوشـتنەکەش دەخاتـەڕوو، هـەر لەوێـشدا هەڵوێـستی مەسـتوورە سـەبارەت بەدانپێدانانی خانمی شاعیر بۆ کوشتنی مێردەکەی نیشاندەدات. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مەستوورە وەکو کەسێتییەکی دیـاری مێـژووی ئێمـەو رەنگـە وەکـو یەکـەم ئـافرەتیش لەمێژووی ئێمەدا حساب بکرێت کە رۆشنبیرو شـاعیرێکی دیـار بـووەو بەسـەلیقەی خـۆی توانیویەتی بەشێکی دیار لەمێژووی ئەردەڵان بنووسێتەوە، هـەروا لـەخۆوەو بـێ مەبەسـت نەهاتۆتە ناو ئەم چیرۆکەوە، بەڵکو دەبێ بزانین کە چیرۆکنووس لەسەر بنـەمای بـەئاگایی و شـارەزابوون لـەو کەسـێتییەو لەمێـژووی ئـەو کەسـێتییە هێناویـەتی و مەبەستیـشی دروسـتکردنی پەیوەندییـە لـەنێوان دوو ئافرەتـدا کـە هـەردووکیان شـاعیرن، بـەڵام لـەدوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا. راستە ئەم دوو ئافرەتە لەدوو قۆناغی مێژوویی جیاوازدا بوون، بەڵام کۆمەڵێ خاسیەتی لێکچوو هەیە لەنێوانیاندا، هەرچەند لەسنووری دەقەکـەدا ئامـاژە بۆ ئەوە دەکرێت کە نەئـەم خانمـە شـاعیرە مەسـتوورەی ئەردەڵانییـەو نـەکاوەی مێردیـشی خوسرەوخانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین کە مـرۆڤ بـەناوو پلـەو پایـە ناکێـشرێت و دەشێ لەڕووی ئینسانییەوە لاوازترین و نـەزانترین مـرۆڤ لەهـەموو پاشـاو مـیرو نـاودارانی جیهان ئینسانتر بێت، هـەر بـەو پێیـەش دەشـێ لـەڕووی ئینـسانییەوە هەریەکـە لـەخانمی شاعیرو کاوەی مێردی لەمەستوورەو خوسرەوخان ئینساترین.

بەهەرحاڵ، مەستوورە حەز ناکات خـانمی شـاعیر وەکـو پیـاوکوژ خـۆی نیـشانبدات، بەواتا نایەوێت خانم دان بەوەدا بنێت کە مێردەکەی خۆی کوشـتووە، لێـرەدا ئـەو پرسـیارە سەرهەڵدەدات، ئایا مەستوورە رقی لەکوشتن دەبێتەوەو نایەوێت کەس باسـی بکـات، یـان لەو چرکەساتە دەترسێت کە تیایدا ژن بڕیاری کوشتنی مێردەکـەی بـدات و ئـەوەش ببێتـە

حاڵەتێکی گشتی و لەوەشدا مەستوورە ئەو چرکەساتە بێنێتە بەرچاوی خۆی کە تیایدا ناچاربێت خوسرەوخانی مێردی بکوژێت و لەبارێکی وەهاشدا هەست بەئەنجامدانی ئەو تاوانە بکات کە کوشتنی مرۆڤە. یان لەوە بترسێت کە بەگشتی ژن کودەتای مێرد کوشتن بەئەنجام بگەیەنن و رەگەزی نێر بەرەو قەڵاچۆکردن بڕوات، لەوەشدا کۆمەڵگە کە هەمیشە پێویستی بەباوکە، وەکو مێردو وەکو دەسەڵات، بێ باوك و بێ مێردو بێ دەسەڵات بمێنێتەوەو لەبارێکی وەهاشدا پەشێویی و فەوزا دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەدا بکات، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین، مەستوورە کە لەمێژووی یەك سەدەو نیو پێش ئێستاوە بەخەیاڵ هێنراوەتە ئێرەو ئامادەبوونی هەیە، وای بۆ دەچێت لەکوشتنی مێرد لەلایەن ژنەکەیەوە، هاوشێوەی رووخاندنی دەسەڵاتە لەلایەن خەڵکەوە، هەرچەندە مەستوورە بەژیانی نێو حەرەمسەرای خوسرەوخانیش دڵخۆش نەبێت، بەڵام دەترسێت لەڕووخاندنی رەمزەکانی دەسەڵات، بۆیە حەز ناکات خانمی شاعیر باسی کوشتنی مێردەکەی بکات. رەنگە ئەو لێکدانەوەیەش بۆ هەڵوێستی مەستوورە بکرێت کە وەکو ئافرەت لەبەرامبەر وشەی (کوشتن)دا ترسێکی دیاری هەبێت، واتە ترسی ئافرەت وەکو رەگەزێکی نەرم و نیان لەکردەیەکی ترسناکی وەکو کوشتن، ئەو هەڵوێستە لەلای مەستوورە دروستبکات.

(3)

کاتێ مەستوورە لەچوارچێوەی وێنەکەوە دێتە دەرەوە، رۆڵی کەسێکی زیندوو و ئامادە دەبینێت، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت، کە مرۆڤی داهێنەر نامرێت و لەهەموو سەردەمەکاندا ئامادەبوونی هەیە، مەستوورە وەکو شاعیرو مێژوونووس ئەوەندەی کارکردووە کە نەمریی بەدەستبهێنێت، بۆیە چیرۆکنووس لەدیمەنێکی فانتازیدا پاش سەدەونیوێك لەمردنی، لەوێنەی نێو چوارچێوەکەیەوە دەیهێنێتە دەرەوەو رۆح دەکاتەوە

بەبەریداو دەیکاتە سەرچاوەو پشت و پەنا بۆ خانمێکی وەکو شاعیر کاتێـك کـە مێردەکـەی دەکوژێت.

خـانمی شـاعیر بەشـێویەکی پـڕ وردەکـاری شـێوازی ئەنجامـدانی ئـەو کـارە ترسـناکە دەگێڕێتەوەو هەنگاو بەهەنگاو باسـی ئـەوە دەکـات کـە چـۆن گولْدانەکـە دەدات بەسـەری کاوەی مێردیداو بەو دنیای دەسپێرێت. وەسـفکردنی ئـەو کـارە ترسـناکە لەلایـەن خـانمی شاعیرەوە، دیمەنێکە لەڕووی جولەی خۆی و بەرزکردنـەوەی گولْدانەکـەو کێـشانی بەسـەری کاوەدا جولانـدنی کـاوە لەوکاتـەوە کـە گولْدانەکـە بـەر سـەری دەکـەوێت تـاکو دەمرێـت، لەسـیناریۆی فـیلم دەچـێت، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە هاتنـە دەرەوەی مەسـتوورە لـەنێو چوارچـێوەکەیەوە.. ئـەوە دەردەخـات کـە چـیرۆکنووس بـەوردیی هەولێـداوە رەگـەزەکانی فیلمسازی لەنێو دەقەکـەدا جێگـا بکاتـەوەو رۆڵـی دیاریـشیان لەسـنووری بەرهـەمهێنانی جیهانبینی دەقەکەدا پێببەخشێت.

وەسفکردنی کرداری کوشتنەکە لەلایەن خودی خانمی شـاعیرەوە، ئـەوە نیـشان دەدات کە خانم لـەبارێکی دەروونـی ئاسـاییدایەو ئـەو کـردارە زۆر ترسـناکە نەیگەیاندووەتـە ئـەو ئاستەی ترس کە نەتوانێت باسی رووداوەکـە بکـات، ئەمـەش لەلایـەك نیـشان دەدات کـە خانمی شاعیر ئافرەتێکی ئاسایی نییە، کە لەڕاستیدا لەڕووی سـایکۆلۆژییەوە هونەرمەنـدو نووسەر کەسانی نائاساین و دەشێ هەندێ کار بکەن کە بۆ کەسانی ئاسـایی مایـەی تـرس بێت، هەروەك بەپێچەوانەشەوە هەندێ کاری سادەیان پێناکرێـت کـە کەسـانی ئاسـایی زۆر بەسادەیی وەریدەگرن. عەتای نەهایی بەشارەزایی و بەئاگاییەکی تەواوەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم کەسێتییە کردووە کە شاعیرەو لەبارێکی دەروونی نائاساییدایەو دەشێ هەڵسوکەوت و رەفتـاری وەهـا بکـات کـە تـەنیا لەکەسـانی ئـەو نوخبەیـە دەوەشـێتەوە، واتـە نوخبـەی

هونەرمەندو نووسەران. بێگومان ڕەنگە سەرچاوەی کێشەکانی ئەم خانمە لەبنەڕەتدا شاعیرییەکەی بێت، واتە ئەو هەست و سۆزو خەیاڵەی کە لەکەسانی ئاسایی جیادەکاتەوە، بەمانایەکی تر، چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت شاعیرو نووسەرو هونەرمەندان زیاتر کەسانێکن دەشێ لەڕووی دەروونییەوە کەسانی ئاسایی نەبن یان نەخۆش بن.

دوای گێڕانەوەی شێوازی کوشتنەکەی کاوە، خانمی شاعیر دەگری و مەستورەش لێی رادەمێنێت، مەستوورە لەوشەی کوشتن و ڕووداوێکی وەها ترسناك دەترسێت، خانمی شاعیریش لەقورسیی کارەساتەکە دەترسێت کە خۆی بکەرەکەیەتی، بەتایبەتی لەوەسفکردنی خوێندا کە چەندجارو بەچەندین شێوە لێی دەدوێت، ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە خانمی شاعیر بەترسەوە دەڕوانێتە خوێن، چونکە لەهەموو بارێکدا خوێن هەڵگری دەلالەتی کوشتن و برینداربوونە، واتە کوشتنی مرۆڤ و زیندەوەرانی تریش، هەموو کوشتنێکیش کارێکی ناسروشتییە، بەواتا ڕژاندنی خوێن بەڵگەی ڕووداوێکی ترسناك یان ناسروشتییە، واتە کۆتایی هێنانە بەژیانی کەسێك یان زیندەوەرێك لەپێش کاتی مردنی سروشتی خۆیدا. مردنی سروشتی نەخوێنی لەگەڵدایەو نەباسی خوێنیشی لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە هەرمردنێك خوێنی لەگەڵدابێت، ئەوە مردنێکی ناسروشتییە، واتە پێشخستنی مردنە بۆ کاتی پێش خۆی. ئەوەش ئاشکرایە هەموو کوشتنێك کارێکی نادروستەو دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ژیان و هێرشکردنە بۆ نێو جوگرافیای ژیان و ژیاندۆستی. کەسی بکوژ کارێك ئەنجامدەدات بەپێی هەموو بنەما ئاینی و ئەخلاقی و مرۆییەکان قەدەغەو حەرامەو بەهیچ بەڵگەیەك و بەهیچ بیانوویەك مرۆڤ بۆ ئەوە دەستنادات کە لەناکاوو لەپشتەوە بکوژرێت، بۆیە ئەو کارەی خانمی شاعیر هیچ پاساوێکی ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی یان دەروونی بۆ ناهێنرێتەوە، دەشێ خودی خانمی شاعیریش بەچاکی لەو

راستییه تێگەیشتبێت، بۆیە سەرباری کوشتنی مێردەکەی و بەبۆچوونی خۆی رزگاربوونی لەو مۆتەکەیەو لەدیلێتی زیندەگانی، بەڵام هێشتا دەگری و سیمای پەشیمانی پێوە دیارە بەرامبەر بەو کارە ترسناکەی کە ئەنجامیداوەو لەئاکامی ئەوەشدا خۆی بەپیاوکوژ ناودەبات، بەواتا کەسێکی تاوانبار کە کردەی کوشتنی کەسێکی تری ئەنجامداوە کە پێشتر خۆی و تاڕادەیەکیش بەجۆرێك لەڕازیبوونەوە شووی پێکردووە. رەنگە سەختترین ئازار ئەوکاتە بێت کە مرۆڤ هەست بەتاوانباری خۆی بکات و داوای لێبوردن کردنیشی دادی نەدات بەتایبەتی کاتێك تاوانەکە گەیشتبێتە ئاستی لەناوبردنی ژیانی کەسێکی تر، بەتایبەتیش ئەگەر ئەو تاوانە کەسێك ئەنجامی بدات کە شاعیر بێت، واتە خاوەنی هەست و سۆزو خەیاڵێکی بەهێزتر لەمرۆڤی ئاسایی. کاتێك کە شیعر گوزارشتکردن بێت لەجوانی و عیشق و خۆشەویستی و ژیان، دەبێ ئەوی شاعیر چۆن بتوانێت ژیان بکوژێت و لەبری ئاودێری کردنی نەمامی خۆشەویستی، خوێن بڕێژێت، بەڵام بێگومان کاتێ دەچینە نێو دەقەکەوە، ئەوسا زۆر ئاڕاستەی تری لێکدانەوە دێتە رێگامان وامان لێدەکەن بەچاوێکی زۆر لەوە ئاڵۆزترەوە سەیری مرۆڤ بکەین کە بتوانرێت تەنیا لەڕوانگەیەکەوە حوکم بدرێت بەسەریدا، بەمانایەکی دی، مرۆڤ هاوشێوەی ئەم دەقە زیندووەی عەتای نەهایی، شایانی زۆر لێکدانەوەو راڤەکردنی جۆراوجۆرە بەشێوەیەك کە تێگەیشتنی هەروا سادەو سەرپێییانەو لەئاستی رووکەشدا نەتوانێت گەوهەرو ماهیەتی دەربخات.

کە خانمی شاعیر دوای ئەنجامدانی کاری کوشتنەکە بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە باوەشی مەستوورە، دەپرسێت (من چۆن توانیومە کاری وابکەم، مەستوورە گیان؟ چۆن توانیومە ئەوەندە دڵڕەق و بێبەزەیی بم؟) خانم دوای ئەنجامدانی ئەوکارە دەزانێت کارێکی ترسناکی ئەنجامداوەو تەسەوری ئەوەش ناکات توانای ئەوەی هەبووبێت، لەبەرئەوە نا کە ئافرەتەو

دەشــێ نــەتوانێت بەرێگایــەکی بــەوجۆرە ســادەو ســەرەتاییانە پیاوێــك بکوژێــت، بــەڵکو لەبەرئەوەی کە تەسەور ناکـات ئەوەنـدە دڵـڕەق و بێبــەزەیی بێـت کـە جورئـەتی کوشـتنی هەبێت. لەبەرزکردنەوەی ئەو دوو پرسیارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خانمی شـاعیر لـەڕووی دەروونییەوە لەبارێکی ئاساییدا نەبووە، واتا کاری کوشتنەکە لەچرکەساتێکدا کراوە کە ئەم لەحاڵەتی هەڵچوون یان بێئاگاییدا بووە، هەرلێرەوە خـانم لەهەڵوێـستیدا دەردەکـەوێت لـەو کارە پەشیمانە کە کردوویەتی، بەڵام پرسار لێرەدا ئەوەیە، ئایـا خـانمی شـاعیر هەسـتکردن بەتاوانباری وای لێدەکات کە پەشیمان بێتەوە یان ترس لەسزا هۆکاری ئەو پەشیمانیەیە یان لەبنەڕەتدا تاوانی کوشتنی مێرد وای لێدەکات هەست بەدۆڕاندنی متمانـەی پیـاو بکـات، یان تاوانی کوشتنی مێرد دەیگەیەنێتە ئـەو ئاسـتەی کـە هەسـت بـەدەربازبوون لەهــەموو دەسەڵاتێك بکات، بەواتا خۆی ببێتە خاوەنی رەهای خـۆی کـە ئـەوەش بـۆ مـرۆڤ زۆرجـار مایەی ترس و نیگەرانییە، چونکە بەسروشتی مـرۆڤ دەخوازێـت کـە هێزێـك، دەسـەڵاتێك لەسەرووی خۆیەوە دابنێت بۆ ئەوەی پشتی پێببەستێت یـان خـۆی بـەو بـسپێرێت. کـاتێ مەستوورە بەخانمی شاعیر دەڵێت: (تۆ بێ رەحـم و دڵـڕەق نیـت، دڵنیابـە تـۆ مانـدوویت)، لێرەدا مـەستوورە وەکو یەکەم ئافرەتی دیارو خاوەن ناوبانگی ئەو مێژووی چیرۆکەکەی تێـدا بەرهەمهاتووە کە وەکو بڵندترین هێمای دەسەڵاتی ژنی کوردی لەو قۆناغەدا دەردەکـەوێت چ لەڕووی دەسەڵاتی شیعری و رۆشنبیرییەوە، چ لـەڕووی دەسـەڵاتی سیاسـییەوە کـە ژنـی خوســرەوخانی ئەردەڵانــە، دەیــەوێت بڵێــت تــۆی ژن بــا تــاوانی کوشــتنی مێردەکەشــت ئەنجامدابێت، بەڵام تاوانبار نیت، ئینجا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایـا روانـینی فیمینیـستانە وا لەمەستوورە دەکات پشتگیریی لەوی ژن بکات، تەنانەت ئەگـەر تاوانیـشی کردبێـت، یـان هاوسـۆزیی بـۆ خـانمی شـاعیر ئـەو هەڵوێـستەی پێوەردەگرێـت، لەبەرئـەوەی هـەردووکیان

شاعیرن و مەستوورە تەسەوری ئەوە ناکات کە شاعیر تاوان بکات بەتایبەتی ئەگەر ژنیش بێت.

بێگومان بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی مەستوورە مەسەلەی فیمینینیزم لەئارادا نەبووە، ئەگەرچی وەکو هەست رەگەزی مێ بەسروشتی هەر لەبوونییەوە دەشێ هەستی لەوجۆرەی هەبووبێت، بەلآم بۆ ئەو سەردەمە مێژووییەی کە دەقەکەی تیا بەرهەمهاتووە، کە ئێستایە، مەسەلەی فیمینیزم رووبەرێکی دیاری ئاخاوتنی لەسەر جوگرافیای رۆشنبیری ئێمە داگیرکردووەو چیرۆکنووس مەستوورە لەئێستادا ئامادە دەکاتەوە، واتە مەستوورە لەرابردووەوە دێنێت بۆ ئێستا نەك ئێمە لەئێستادا لەرووی یادەوەرییەوە بگێرێتەوە بۆ سەردەمی مێژووی ئەردەلآنی کاتی فەرمانرەوایی خوسرەوخان، بەتایبەتیش لەقسەکانی خانمی شاعیردا کاتێ وەسفی خۆی و جلوبەرگ و شێوەی ئارایشتکردنی دەکات، بۆمان دەردەکەوێت ئەو جوگرافیایەی چیرۆکەکەی تیا بەرهەمهاتووە جوگرافیای رۆژهەلآتی کوردستانەو لەژێر سایەی فەرمانرەوایی دەسەلآتی کۆماری ئیسلامیدایە، لەو سەرزەمینەو لەو مێژووەدا ئاخاوتن لەبارەی مەسەلەی ئافرەتان و فیمینیزمەوە بەتایبەتی لەرۆشنبیری مەودا قولّی ئێرانیدا، رووبەرێکی دیاری گرتووە، ئەگەرچی لەرووکەشدا پەردەی لەسەرنرابێت، کەواتە ئەوەی دەیەوێت دلّنەوایی خانمی شاعیر بکات و لەبری ئەوەی تاوانباری بکات پێی وایە ئەم خانمە ماندووە، ئەوە تەنیا مەستوورە نییە، بەلّکو ئەو کولتوورە فیمینیستییەیە کە رەگوریشەی هەیە لەرۆشنبیری و شارستانێتی ئێرانیداو کاریگەریشی لەسەر کولتوورو عەقلّ و رۆشنبیریی کوردی داناوە بەتایبەتی لەسەر رۆژهەلآتی کوردستان.

سـخانمی شـاعیر ئەوەنـدە دڵـی بەقـسەکانی مەسـتوورە خـۆش نییـە لـەبارەی ماندووبوونییەوە، چونکە پێی وایە کەس بڕوا بەوە ناکات کە ئـەم کەسـێکی مانـدوو بێـت بەتایبـەتی کـە ئاسـایی خـۆی دەگۆڕێـت و ئارایـشت دەکـات و بەملاوئـەولادا دەڕوات و کارێکی ئەوتۆش ناکات. ئێستا لەبەردەم ئەو پرسیارەداین، ئایا لەڕاسـتیدا خـانمی شـاعیر ماندووە؟ یـان لـەبارێکی ئاسـاییدایەو مەسـتوورە پاسـاوی بـێ بنـەمای بـۆ دەهێنێتـەوە؟ لەڕاستیدا خانم ماندووە، بەتایبەتی لەڕووی دەروونییەوە، چـونکە هەسـت دەکـات ئـازادی لێزەوتکراوەو ئێـستا دیلـی نـاو زینـدانی کـاوەی مێـردێتی، بێگومـان سـەختترین ئـازاری دەروونی ئەو ئازارەیە کە مرۆڤ هەست بەدیلێتیی خۆی بکـات. بـەگوێرەی ئـەم کەسـێتییە دەشێ ئازارەکە دژوارتر بێت، چونکە لەدەرەوە وای نیشان نـادات کـە ئـەم کێـشەی هەیـە، ئاسایی خۆی دەگۆڕێت و لەبەرچاوی ئەوانی تر وای نیـشان دەدات کـە ژیـانێکی سروشـتی دەژی، بەمانایەکی دی، خانمی شاعیر لەباری شاردنەوەو پەردە لەسەرنانی ئـەو واقیعەدایـە کە تێیـدا دەژی، واتـە سـیمای راسـتەقینەی خـۆی دەرناخـات، بـەڵکو بەماسـکەوە خـۆی دەنوێنێ، ئەڵبەت ئەو جۆرە دەوربینینەش ناتوانێت هەتاسەر بەردەوام بێت، چـونکە هـەر رووپۆشکردنێکی لەوجۆرە ئازاری تایبەتی خۆی هەیە. کەواتە ئێـستا خـانم لـەدوو ئـازاردا دەژی، ئازاری نێو زیندانی مێردەکەی و ئازاری ماسك پۆشـینی خـۆی و شـاردنەوەی رووی راستەقینەی خۆی. ئێمە دەزانـین لـەڕووی دەروونییـەوە مـرۆڤ ئازارەکـانی سـووکتر دەبێـت ئەگەر کێشەکانی خۆی بۆ کەسێکی تـر بگێڕێتـەوە بەوئومێـدەی ئـەو کەسـەش بەشـداری بکـات لەهـەڵگرتنی ئازارەکانیـدا، تەنانـەت دانپیانـانی گونـاه و تاوانـەکانی بڕوادارانـی مەسیحی لەبەردەمی قەشەدا، لەپلەی یەکەمدا بەمەبەسـتی سـوککردنی ئازارەکـانی ئـەو کەسەیە.

تا چرکەساتی کوشتنەکە خانمی شـاعیر کێـشەو ئازارەکـانی خـۆی بـۆ کـەس ئاشـکرا ناکات، بەڵام دوای رووداوەکە بەوردی هەمـوو کێشەکانی خۆی و مێردەکەی بـۆ مەسـتوورە دەگێڕێتەوە، بەو ئومێدەی کـە بیـانوو و پاسـاو بـۆ کوشـتنی مێردەکـەی بدۆزێتـەوە نـەك ئازارەکـانی کـەم بکاتـەوە، هەرچـەندە کـاتێ خـۆی دەخاتـە باوەشـی مەسـتوورەوە وەهـا دەردەکەوێت کە بیەوێت مەستوورە ببێتە پشت و پەنای و داکۆکی لێبکات بـەو ئومێـدەی کە بەتەواوی لەکاوەی مێردی رزگاری ببێت، دیارە ئێستا وەکو مێرد کـاوە نـەماوە، بـەڵام ئەو کێشانەی بەهۆی کوشتنی کاوەوە رووبەڕووی دەبێتەوە، رەنگە لەزیندانەکەی کاوە زیاتر ئازاری بدەن، بەڵام تازە ئەو کاوەی کوشتووە، لەبوونی ئەو وەکو مێرد رزگاری بـووە، بـەڵام لەسزای ئەو تاوانەی کردوویەتی، کە تاوانی کوشـتن و خوێنڕشـتنە، رزگـاری نابێـت، دیـارە لێرەدا مەبەسـتمان سـزای یاسـایی نییـە، بـەڵکو ئـەو ئـازارە دەروونـی و ویژدانییەیـە کـە لەئەنجامی هەستکردن بەتاوانباریدا دروست دەبێت.

خانمی شاعیر لەباوەشی مەستوورەدا دوای داننانی بەکوشتنی کاوەی مێریدیدا، بۆمان دەردەکەوێت کە کەسێکی نائاسایی و پەشێوە، لەهیچ شـوێنێك ئـۆقرە ناگرێـت، هەمیـشە دەجوڵێت و دەگەڕێت، دەیەوێت هەمـوو شوێنێك تاقیبکاتەوەو بەهەمـوو لایەکدا بڕوانێـت، ئەمە لەسەر زاری گێڕەرەوەوە ئاشکرا دەبێت، هەر لەم کاتەشدا هەست دەکات مێردەکـەی چاودێری دەکات و هەمیشەو لەهەموو شوێنێك بەدوایەوەیە. لێرەوە سەرچـاوەی کێـشەکان هێـدی هێـدی ئاشـکرا دەبـن، ئافرەتێـك هەمیـشە لەجوڵەدایـە، مێردەکەشـی هەمیـشە لەچاودێری کردنیدایە، ئەمەش بۆ هەردووکیان دەبێتە سەرچاوەی گومانکردن لەوی تریـان، دەشێ وەها سەیری خانم بکەین، کە شاعیرە، مرۆڤی هەستیارو نائاسـایی دەبـن بەشـاعیر، بۆیە ئاساییە خانمی شاعیر هەمیشە لەگەڕانی رۆحی و جەستەییدا بێـت، هەمیـشە وێـڵ و

سەوداسەر بێت لەپێناوی دۆزینەوەو ئاشکراکردنی وەڵامی پرسیارە ئەزەلییەکانی مرۆڤدا، بەواتایەکی دی، دەشێ ئەم کەسێتییە بەدوای دۆزینەوەی حەقیقەتدا وێڵ بێت، بەواتا گەڕان و ئارامنەگرتنی خانمی شاعیر بیانووی بۆ دەهێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە کێشەیەو بووەتە گرفت بۆ کاوەی مێردی، ئەوەیە کە لەبوون و ماهیەتی ئەمجۆرە کەسێتییە تێناگات و پەی بەوە نابات ژنەکەی ئەو ژنێکی ئاسایی نییە، بەواتا هەر لەسەرەتاوە هیچ زەمینەیەکی پێکەوەژیان لەنێوان ئەم دووکەسەدا نییە، بۆیە سەرئەنجام کاوە دەگاتە ئەو ئاستەی کە بەگومانەوە سەیری ژنەکەی بکات، هاوکات ژنەکەشی هەستدەکات هیچ پەیوەندییەکی رۆحی لەنێوان ئەوو مێردەکەیدا دروست نابێت، بۆیە بەمەستووره دەڵێت: (من نەئەبوو شووم بکردایە مەستووره گیان). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەبنەڕەتدا خانمی شاعیر خۆی بەهەڵە دەزانێت کە شووی کردووە، واتە بەشێوەیەکی رەها شووکردنی خۆی بەکارێکی هەڵە دەزانێت و پێی وایە ئەو نەدەبوو نەبەکاوەو نەبەهیچ کەسێکی تر شووبکات. دەشێ ئەمەش وەها لێکبدەینەوە کە خانم وەکو شاعیر کە خاوەنی هەست و سۆزو خەیاڵێکی بەهێزترە لەکەسانی ئاسایی، هەست دەکات لەشووکردندا دەبێ ئەو هەست و سۆزو خەیاڵە کۆنترۆڵ بکرێت، لەو ئاقارەشدا ئەو کەسێتییەی کە دەتوانێت شیعر بنووسێت و لەبوونی ئەنتۆلۆژیانەی خۆیدا هەست دەکات کەسێکی ئازادە، لەژیانی ژن و مێردایەتییدا ئەو ئازادییە دەدۆڕێنێت، بەواتایەکی دی، لێرەدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە ژن و مێردایەتی بۆخۆی جۆرێکە لەزیندان، کە تیایدا مرۆڤ دەبێت دەستبەرداری زۆرێك لەئازادییەکانی خۆی ببێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئەویتردا بژی، ئەم کارە لەوانەیە بۆ کەسانی تر شتێکی ئاسایی بێت، بەڵام بۆ کەسی هۆشیار بەگشتی و بۆ شاعیریش بەتایبەتی کارێکی زەحمەتەو بریتییە لەکوشتنی بەشێك لەبوون و ماهیەتی ئەو کەسێتییە،

واتە کێشەی خانمی شاعیر لەگەڵ مێردەکەیدا نییە بەتەنیا، بەڵکو لەگەڵ ئەو سیستەمی ژن و مێردایەتییەدایە کە لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی غەریزی و یاسای سەپێنراوی سروشت دانراوە، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەجۆرێك کۆنترۆڵیان کردووە کە هەموو جوانییەکانیان کوشتووە، بەهەرحاڵ لەپەیوەندی ژن و مێردایەتی ئەم دوو کەسێتییەوە دەتوانین سەیری دروستبوونی یەکەم پێکهاتەی سەرەتایی کۆمەڵگە بکەین و لەوێشەوە سەرنج بدەین کە بۆچی و لەبەرچییە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بارگاوی کراوە بەچەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەخلاقی و لەئەنجامی ئەوەشدایە بەگشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەبارێکی نادروست و نائاساییدا دەژی و بەگشتی دەتوانرێت وەکو پێکهاتەیەکی نەخۆش سەیر بکرێت.

خانمی شاعیر دوای شووکردنیشی بەکاوە، هەر بەهەمان روانین و خەیاڵی شاعیرانەی خۆیەوە سەیری دنیا دەکات و ناتوانێت لەوە تێبگات کە ئەو شوویکردووە بەپیاوێکی ئاسایی رۆژهەلاتی، پیاوێك کە پەروەردەی کولتوورێکە ژن بەموڵکی تایبەتی خۆی دەزانێت و نەك هەر ئازادیی دەدات بەخۆی کە هەموو بڕیارو چارەنووسێکی ژنەکەی بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بەڵکو دەیەوێت هەست و سۆزو بیرکردنەوەیشی کۆنترۆڵ بکات.

کاوە بەگومانەوە سەیری ژنەکەی دەکات و پێی وایە هەر شیعرێکی کە دەینووسێت دەربڕینن بۆ پیاوێکی تر، بەواتا هەست بەوە دەکات کە کەسێکی تر شاسواری خەونەکانی ژنەکەی بێت، هەر ئەوەش وایلێدەکات بڵێت: (تۆ نەئەبوو شووت بەمن بکردایە، ئەبوو شووت بە...) بەواتا کاوە مەبەستی ئەوەیە کە ژنەکەی خەیاڵی لای پیاوێکی ترە، بێگومان کاتێ پیاو یان ژن گەیشتنە ئەو حاڵەتەی کە هەست بکەن هاوسەرەکەیان کەسێکی تر لەژیانیدا هەیە، ئیتر بنەماکانی ئەو پێکهاتە زۆرەملێیەی کە دروستیان

کردووەو ناوی خێزانـە، دەڕوخێـت. ڕەنگـە لـەم کاتـەدا تاکـە ڕێگـای چارەسـەرکردنی ئـەو کێشەیە دەستەبەرداربوونی یەکتری بێت، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە لەسنووری دەقەکەدا بۆچوونێکی لەوجۆرە لای خانمی شاعیر یان مێردەکـەی دروسـت نابێـت، ئەمـەش لەلایـەك پەیوەنـدی بەخانمـەوە هەیـە، چـونکە جگـە لەخـەیاڵ و سەرکەشـیی شـاعیرانە، وێنـەی راستەقینەی هیچ پیاوێکی تـر لـەژیانی ئـەودا نابینرێـت، لەلایـەکی تریـشەوە مێردەکـەی وادەردەکەوێت کە بڕوای بەوە هـەبێت بـوونی ژنەکـەی کـۆنترۆڵ بکـات، چـونکە پێدەچێت هەرچۆن لادانی ئەخلاقی هەر ژنێـك بەسـوکایەتی بـۆ مێـردو بنەماڵەکـەی سـەیر بکـات، بەهەمان شێوە جیابوونەوەی ژن و مێردیش بەهەمان پێوداگ هەڵـسەنگێنێت. بەهـەرحاڵ، کاوە بەدوای سەرەداوی ئەو گومانەدا دەڕوات کە بەرامبەر بەژنەکەی هەیەتی، بەڵام ناگات بەحەقیقەت واتە ئەو شاسوارەی کە خانم لەشیعرەکانیدا بەسـیامەند نـاوی دەبـات، لـەهیچ رووبەرێکی ژیانی خانمدا بوونی نییەو شوێن پێیەکی نادۆزێتەوە. ئەنجام دەگـات بـەوەی کـە دەشێ ژنەکەی راست بکات ئەو کەسێتییە تەنیا لەدنیای شیعردا بـوونی هـەبێت و لەسـەر زەمینەی واقیع کەسێکی لەوجۆرە نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومانکردنی کاوە کۆتـایی نایەت، تا ئەوکاتەی داوا لەژنەکەی دەکات مادەم هیچ کەسێتییەکی تایبەتی لەپشتی ئـەو کەسێتییە شیعرییەوە بوونی نییە (بۆ لەبری سیامەند نانووسی کاوە؟) لێرەدا ئەو دەلالەتـە بەرهەم دێت کە کـاوە ئاواتـەخوازی ئەوەیـە سـیامەند خـۆی بێـت، هـەروەك ئـەوەشمان بـۆ دەردەکەوێت کە هێشتا کاوە لەناخەوە پەیوەسـتی ژنەکەیـەتی و دەیـەوێت خۆشـی بوێـت، بەمەرجێك لەخۆشەویستی ژنەکەی بەرامبەر بەخۆی دڵنیابێت. بێگومـان لێـرەدا شـتێکی ترمان بۆ ئاشـکرادەبێت، ئـەویش خۆشەویـستی مەرجـدارە، کـە لەڕاسـتیدا خۆشەویـستی نەمەرجی هەیەو نەپەیڕەوی هیچ یاساو نەخشەیەك دەکات.

کاتێ کاوە مافی ئەوە بەخۆی دەدات کـە تەنانـەت لـەدنیای شـیعری ژنەکەیـدا مـافی بڕیاردانی هەبێت، یان بەلایەنی کەمەوە بیەوێت هەندێ شت لـەو دنیایـەدا بەویـستی ئـەم بن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم پیاوە وەکو مێـرد خـۆی بـەخاوەنی ژنەکـەی دەزانێـت لەهەموو روویەکەوە، بۆیە رەوایەتی ئەوە دەدات بەخۆی کە نابێت شتێك لەژیانی ژنەکەیدا هەبێت و بۆ ئەم نهێنی بێت یان ئەم لەبڕیاردانیدا بێلایەن بێت.

لێرەدا چیرۆکنووس لەبەردەم هاوکێشەیەکی سـەختدا رامانـدەگرێت، ئـەویش ئەوەیـە ئایا ژن و مێردایەتی لەسەر چ بنەمایـەك دروسـتدەبێت؟ ئایـا لـەنێوان ژن و مێـرددا هـیچ بەربەستێك دەمێنێت و ئەمان تەنیا بۆ تێرکردنی غەریزە بایۆلۆژییەکان پێکەوە کۆدەبنەوە یان لەڕاستیدا پێویستبوونی رۆحییش تەواوکەری پێداویستییە جەستەییەکانە؟ ئایا دەشێت دوو کەس پێکەوە بژین و خێزان دروستبکەن، بەڵام هۆکاری پێکەوە ژیانیان تەنیا تێرکردنی غەریزەی یەکتری بێت؟ لێرەدا پرسیارێکی تریش سـەرهەڵدەدات، ئایـا پەیوەنـدی رۆحـی و جەستەیی دەشێ هاوشان پێکەوە لەژیانی نێرومێدا یان لەژیانی ژن و مێرددا بەردەوام بـن، یان راستییەکەی ئەوەیە کە خۆشەویستی و پەیوەندی رۆحـی شـتێکی جـوان و بێگـەردن و هەرکاتێ ئەو پەیوەندییە گوێزرایەوە بۆ پەیوەندی سێکسی، ئیتر کۆتایی بەخۆشەویـستی و پەیوەندی رۆحی دێت؟ هەموو ئەمانـە ئـەو حاڵـەت و بـارە ئاڵۆزانـە پێکـدێنن کـە ژیـانی نێرومێی لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا لەسەر وەسـتاوە، ئـاڵۆزیی ئـەو پەیوەندییانـە هۆکـاری سەرەکین بۆ نادروستی پەیوەندی خێزان، بەواتایەکی دی، ئەو پایانـەی کـە خێزانـی لەسـەر دروسـتدەبێت بـەجۆرێك دژوارن کـە مـرۆڤ زۆرجـار بەمومارەسـەش تێیـان ناگـات، بۆیـە سەرئەنجام وا دەردەکەوێت کە خێزان پێکهاتەیەکی زۆرەملێیە کە لەچوار دیوارەکەیدا کاری سێکـسی ئـەنجام دەدرێـت بەمەبەسـتی نـەوە خـستنەوەو بـەردەوامبوونی ژیـان کـە لـەو

چواردیوارەدا بەترسناکترین شێوە ئازادییەکانی مرۆڤ دەکوژرێت، بەواتا خێزان دامەزراوێکە یاسای دیسپلینکردن و پاراستنی ئەخلاق و کەرامەت و نهێنییەکان بەڕێوەی دەبەن، لەپێکهاتەیەکی لەمجۆرەشدا پەیوەندی رۆحی و خۆشەویستی نەجێگای هەیە نەکاری پێدەکرێت. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش لەگەشەکردنی ئەم خانە سەرەتاییەوە دروستبووە، بۆیە لەبری خۆشەویستی و ئازادی و لێبووردەیی، رق و دیلێتی و یەکتر قبوڵنەکردن و توندوتیژی کۆنترۆڵی کردووە.

کاوە وەکو کەسێکی رۆژهەڵاتی رۆمانسی کە پێشتر وەکو بەهەشت سەیری ژیانی هاوسەرێتی و خێزانی کردووەو بەو چاوە روانیویەتی کە مەرجی پێکەوەژیانی خۆشەویستی همیشەییە، ئێستا تووشی بێئومێدی بووە، چونکە ئەوەی کە پێشتر لەجوگرافیای خەیاڵدا نەخشەی بۆ کێشابوو، ئێستا نایبینێت، ئەوەش وای لێدەکات ئۆقرە نەگرێت و لەگەڕاندا بێت، گەڕانێك کە خۆی وەها سەیری دەکات گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا، حەقیقەتی خۆشەویستی، حەقیقەتی ئاسوودەیی، حەقیقەتی ئەوەی لەبوونی ژنەکەیدا هەیە، حەقیقەتی ئەو سیامەندەی کە گومان دەکات شاسواری خەونەکانی ژنەکەی بێت.

کاوە هیواخوازی ئەوەیە کە ئەو سیامەندەی لەشیعرەکانی ژنەکەیدا هەمیشە ئامادەیە، ئەو بێت، ئەوەش وایلێدەکات کە داوا لەژنەکەی بکات لەبری سیامەند بنووسێت کاوە، بەڵام ژنەکەی ناتوانێت درۆ بکات، چونکە سیامەندی نێو شیعرەکانی کاوەی مێردی نییە، دیارە رەتکردنەوەی داواکەی لەلایەن ژنەکەیەوە زیاتر مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکات و بوونی کەسێکی تر لەژیانی خانمی شاعیردا لەڕوانینی کاوەی مێردییەوە نزیك بووەتەوە لەیەقین، بەتایبەتی کاتێ ژنەکەی پێی دەڵێت لەبری سیامەند نا، بەڵکو لەبری خۆت دەنووسم کاوە، کەواتە دەردەکەوێت کە سیامەندو کاوە دوو کەسێتی جیاوازن،

هەرچەندە خانم سوورە لەسەر ئەوەی کە سیامەند تەنیا کەسێتییەکە لەخەیاڵی شیعریدا بوونی هەیە. بەهەرحاڵ خانم وەکو جۆرێك لەسەوداگەری یەکێك لەشیعرەکانی پێشکەشکرد بەکاوە، کە ئەو شیعرەش پەیوەندی راستەوخۆی بەکاوەوە هەبوو، چونکە خانم بەهەست و سۆزی شەوی زەماوەندەکەیانەوە وتبووی و دواشیعری ئەو کۆمەڵەیە بوو کە بەناوی (یەکەم فڕینی باڵندەیەکی شەیدا)ەوە بڵاویکردبووەوە.

یەکەم فڕینی باڵدەیەکی شەیدا دەربڕینی ئۆتۆبایۆگرافیای خانم خۆیەتی، شووکردن لەڕوانگەی پێش شووکردنیەوە جۆرێکە لەفڕین، ئەگەرچی لەڕاستیدا شووکردن و ژنهێنان جۆرێکە لەوابەستەبوون و ئیلتیزام، بەواتا فڕین نییە بەقەد ئەوەی نیشتنەوە یان چوونە ناو قەفەزە، بەڵام خانم بەفڕین ناوی دەبات، گریمان وامان دانا کە شووکردن فڕینە لەماڵی یەکەمەوە کە ئەوی منداڵ بەگوێرەی مرۆڤ و ئەوی بێچوو بەگوێرەی زیندەوەرانی تر تیایدا میوانن، بۆ ماڵی دووەم کە ماڵی خۆیان دەبێت، بەڵام وشەی یەکەم ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە ئەوە تەنیا فڕین نییە، بەڵکو دەشێ فڕینی تریش هەبێت، کەواتە بۆ ژنێك کە مێردی هەبێت دەبێ چۆن سەیری فڕینێکی تر بکات، یان فڕینێکی تر جگە لەشووکردنێکی تر چ مانایەکی هەبێت، بەتایبەتیش بۆ کەسێکی وەکو خانمی شاعیر کە سیامەندێك لەشیعرەکانیدا ئامادەیەو ئەو سیامەندەش کاوەی مێردی نییە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا خانم پێشوەختە بیری لەفڕینێکی تر کردۆتەوە یان دوای ئەوەی کە لەگەڵ کاوەدا هەست بەچێژی ژیان ناکات و وا تێدەگات دیلی نێو زیندانی کاوەیە، ئەوسا بیر لەفڕینێکی تر دەکاتەوە؟ بەهەرحاڵ، لەڕووی ئازادیی مرۆڤەوە، لەڕوانگەی گەڕان بەدوای چێژو حەزو غەریزەکانیدا، مرۆڤ لەهەر رەگەزێك بێت مافی ئەوەی هەیە کۆتایی بەپەیوەندییەك بهێنێت کە ناتوانێت حەزو ئارەزووەکانی دابین بکات، هەروەك لەبری ئەوە

پەیوەندییەك دروستبكات كە تیایدا هەست بەچێژو خۆشیی ژیان بكات، بەڵام دیارە لەبەردەم ئەم مافە سروشتییەدا دابونەریت و مۆراڵی باوی كۆمەڵایەتی و بنەما ئاینییەكان دەیان بەربەست دروست دەكەن و ئەو مافە سروشتییە بەمرۆڤ رەوا نابینن، بەتایبەتی لەكۆمەڵگە نەریتی و داخراوەكانی وەكو ئێمەدا .

خانمی شاعیر دەزانێت كاوەی مێردی لەوە تێدەگات كە ئەم خۆشی ناوێت، یان وەكو گێڕەرەوە دەڵێت ئەم عاشقی كاوە نییە، هەرچەندە كاوە لای خۆیەوە عاشقی سەوداسەری ئەمەو دەیەوێت سەرەداوێكی عەشقبوون لای ژنەكەی بدۆزێتەوە كە بەلای ئەوەوە ئەمە گەیشتنە بەیەقین و هەرەس پێهێنانی هەموو بنەمایەكی گومانە لای ئەو، بەڵام خانم ناتوانێت درۆ بكات. هەر شتێك بەرووكەش و ساختە داپۆشرێت، ئەوە خۆشەویستی و عەشق ناشاردرێتەوە، چونكە ئەوە هەڵقوڵاوی هەستێكی قوڵی مرۆڤانەیە كە لەكورتترین نیگادا هەستی پێدەكرێت.

كاتێ مەستوورە لێی دەپرسێت داخۆ كاوەی خۆشویستووە، خانم وەڵامێكی ئەوتۆی نەبوو، بۆ خۆدەربازكردنی لەوەڵامدانەوەی راستەوخۆی ئەو پرسیارە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاو لەوە دەدوێت كە چۆن كاوەی ناسیوەو چۆن كاوە بەشێوەیەكی تەقلیدیانە ناردوویەتیە داخوازی و ئەمیش وەك هەر كچێكی ئاسایی بەداواو تكای خەڵك رازی بووە شووی پێبكات، لێرەوە ناسنامەی خۆی و كاوەش ئاشكرادەكات، بەگوێرەی كاوە كەسێكی ئاسایی نێو كۆمەڵگەیەو پەیڕەوی دابونەریتی باو دەكات، بەڵام بەگوێرەی خانم خۆی شاعیرە، كەواتە دەبێ پەی بەوە ببات كە شووكردن بەو شێوەیە بەلایەنی كەمەوە بۆ ئەو كارێكی ناجۆرو نادروستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەری رازیبوون دەلەقێنێ و رازی دەبێت شوو بكات بەكەسێك كە ناتوانێت یان نازانێت یان نایەوێت خۆی رووبەڕوو قسەی لەو

بارەیەوە لەگەڵ بکات، ئەمــەش ئـەو پرسـیارە دروسـت دەکـات، ئایـا خـانم چـۆن سـەیری شووکردن دەکات؟ بەبێ ئەوەی بیر لەگەوهـەرو ماهیـەتی ئـەو کەسـە بکاتـەوە کـە شـووی پێدەکات؟

مەرجی کاوە بۆ ژن و مێردایەتی خۆشەویستی ئەبەدییە، مەرجی خـانمیش هەوڵدانـە بۆئەوەی هەریەکە هەوڵبدات ئەویتریان خۆشبەخت بکات. ئەگەر سەرنجی ئـەم دوو روانینـە بدەین، ئەوا تێدەگەین کە کاوە رۆمانسیانە دەڕوانێت، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو ژنێك دەخوازێت پێشتر هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵیدا نەبووە، کەواتە ئەو خۆشەویستییەی کە ئـەو مەبەستیەتی دەبێ کەی دروست ببێت و چـۆن دروسـت ببێـت کـە بـشێ بـۆ هەتاهەتایـە بەردەوام بێت؟

لێرەوە تێدەگەین هەر کەسەو روانینی تایبەتی خۆی هەیـە بـۆ خۆشەویـستی، ئـەوەی لەڕوانینی کاوەدا بۆ خۆشەویستی دەردەکەوێت پێدەچێت دڵسۆزیی هەمیشەیی و بـەردەوام بێت، واتە دڵسۆزیی ژن بـۆ مێردەکـەی و دڵـسۆزیی مێـرد بـۆ ژنەکـەی، بەمانایـەکی تـر، قسەکانی کـاوە سـەبارەت بەخۆشەویـستی ئـەوە نیـشان دەدات کـە ئـەم کەسـێتییە وەکـو هاوپەیمانی یان (عقد) سەیری خۆشەویستی دەکات کە ژن و مێرد لەنێوان خۆیاندا لەسەری رێکدەکەون، لەکاتێکدا خۆشەویستی پەیوەندی بەهەست و رۆحەوە هەیـەو ملکەچـی هـیچ یاساو پەیمانێك نابێت .

روانینی خانمی شاعیر بـۆ بنـەمای هاوسـەرێتی جۆرێـك لـەواقیعبینی تێدایـە، ئـەوە ئاشکرایە ژن و مێردایەتی جۆرێکە لەسەرکێشی و خۆدانە دەسـت قـەدەری نادیـار. دەشـێ مرۆڤ تێیدا سەرکەوتوو بێت یان شکـست بهێنێـت، هـەروەك پێویـستە هەریەکـە لـەو دوو کەسە دەستبەرداری بەشێك لەڕوانین و بۆچوون و ئارەزووەکانی خۆی بێت بـۆ ئـەوەی خـاڵی

هاوبەش لەنێوانیاندا دروست بکەن و بتوانن پێکەوە بژین، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە هەریەکە هەوڵبدات ئەوی تریان خۆشبەخت بکات، لەم کاتەدا ژن و مێردایەتی وەکو پەیمان بەستنێك دەردەکەوێت کە دوو کەس لەسەری ڕێکدەکەون، بەڵام هەر لەسەرەتاوە لەنێوان بۆچوونی ئەم دوو کەسێتییەدا خاڵی هاوبەش نابینرێت، بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیی نێوانیان ئاڵۆزتر دەبێت.

لەدوای کوشتنەکە، خانم بۆ مەستوورە قسە دەکات و دەڵێت: (خۆشبەختی نەکردم مەستوورە گیان، خۆشیشی نەویستم، خۆی خۆشویست و من کوشتم نەوەك چونکا درۆی ئەکردو خۆشی نەئەویستم، سوکایەتی پێ ئەکردم و بچووکی ئەکردم، ئەوەندە سووك و بچووك کە وردە وردە خەریك بوو خۆشم لێ ون ئەبوو...).

کاوە ئەو بەشەی هاوپەیمانێتییەکەی جێبەجێ نەکردووە کە پەیوەندی بەوەوە هەبووە، بەواتا هەوڵی نەداوە خانم خۆشبەخت بکات، هەرچەندە دەزانین ئەم زاراوەیەش واتە (خۆشبەختی) ڕەهەندێکی فراوانی هەیەو نازانین چی دەگرێتەوە، بەڵام لەسادەترین حاڵەتیدا ئاسوودەیی و بەختەوەری دەگرێتەوە. بەلای خانمی شاعیرەوە خۆشەویستی لەنیگایەکدا دەرناکەوێت بەو ئەندازەی لەڕوانگەی دەرئەنجامەکانییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەواتا ئەگەر کەسێك توانی هاوسەرەکەی خۆشبەخت و ئاسوودەو بەختەوەر بکات، مانای وایە خۆشی دەوێت، خۆ ئەگەر نەیتوانی خۆشبەخت و ئاسوودەو بەختەوەری بکات، مانای وایە خۆشی ناوێت، هەر لەسەر بنەمای ئەم هاوکێشەیەیە کە خانم هەست دەکات کاوە خۆشی ناوێت. لەلایەکی ترەوە، کەسێك دەتوانێت خۆشەویستی بکات و ئەویتری خۆش بوێت، کە خۆپەرست نەبێت، بەواتا کەسێك نەبێت لەئاستی سروشتی زیاتر خۆی خۆشبوێت، لەقسەکانی خانمدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مێردەکەی کەسێکی خۆپەرستەو تەنیا خۆی

خۆشدەوێت، ئەو کەسەی کە خۆی لەسەرووی سنووری ئاساییەوە خۆش دەوێت، ئەو بارە دەروونییەی لا دروستدەبێت کە ئەو کەسێکی تەواوو بێ کەموکوڕییە، بۆیە لەبوونی ئەودا رووبەرێك بۆ ئاخاوتنی نێوان هەست و سۆزو مەسەلە رۆحییەکان نامێنێتەوە، یان ئەگەر بشمێنێتەوە زۆر لاوازو تەسك دەبێت بەجۆرێك بوار بۆ بەبەکتر گەیشتن و توانەوەی رۆحیی لەنێو یەکتردا دروست نەبێت، بەواتایەکی دی، لەبوونی کەسێتییەکی وەکو کاوەدا، خۆشویستنی ئەوی دی ئەگەرێکی کەمی هەیە، هەر ئەوەش خانمی گەیاندۆتە ئەو بۆچوونەی کە هەست بکات ئەم پیاوە ناتوانێت ئەوی خۆشبوێت، بەتایبەتی خانم هەست بەبچووکیی کەسێتی مێردەکەی دەکات، ئەوەش ئاشکرایە خۆشەویستی کاتێك دروستدەبێت کە هەستکردن بەجیاوازی بوونی نەبێت، واتە ناشێت خۆشەویستی لەنێوان دووکەسدا دروست ببێت کە هەریەکەیان لەئاستێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی یان لەئاستێکی جیاوازی کەسێتیدا بن، خۆشەویستی ئەو هەستەیە کە هیچ بەربەستێك ناناسێت، کەواتە کاتێ بەربەست لەنێوان دوو کەسدا هەبێت و هەستی پێبکرێت، مانای وایە خۆشەویستی بوونی نییە. کاتێ خانمی شاعیر هەست دەکات کە کاوە سیامەندی شیعرەکانی ئەو نییە، مانای وایە بەربەستێك هەیە کە رێگرە لەبەردەم ئەوەدا کە کاوە سیامەند بێت، بەواتا کاوە جێگای یەکەمی لەبوونی خانمدا نەگرتووە، دەشێ بوونی خانم هیچ پیاوێکی تری تێدا نەبێت، بەڵام کاوەش پیاوی یەکەم نییە لەبوونیدا، کەواتە سەرباری شووکردنی، خانم هەست دەکات لەبۆشاییەکی رۆحیدا دەژی، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە تیایدا ژن و مێرد هەست بەبوونی یەکتری ناکەن و بەناچاریی پێکەوە دەژین، کە ئەمەش خاسێتی زۆرینەی ژیانی ژن و مێردایەتییە کە دەتوانین بڵێین جۆرێك لەدرۆو حەشاردان پێکەوەیان کۆدەکاتەوە.

خانمی شاعیر ناتوانێت بەردەوام درۆ بکات، تەنانەت دەگاتە ئەوەی کـە کـاتێ لەگـەڵ کاوەدا پێکەوە دەڕۆن، نەتوانێت بەڕێکی بڕوات و هەسـت بەشـەرمەزاری بکـات، هۆکـاری ئەو شەرمەزارییە ئەو راستی حەشاردانەیە کە ئازاری دەدات، حەشاردانی ئـەو راسـتییەش کە ئەم کاوەی خۆشناوێت و دەشزانێت کاوەش ئەمی خۆشناوێت، ئەمەش بەجۆرێك کـاری لێدەکات کە نەبتوانێت بەڕێکی هاوشانی کاوە رێگـا بکـات، نەبەتـەواوی وەڵامـی قـسەی خەڵك بداتەوە، چونکە هەست بەوە دەکات کە دەرەوەی خۆیان بەئاشکرا دەیبیـنن ئـەم دوو کەسە درۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن لەپێناوی ئەوەدا بتـوانن درێـژە بـەژیانی ژن و مێردایـەتییان بدەن، ئەمەش دەریدەخات کە خانمی شاعیر جورئەتی ئـەوەی نییـە بڕیـاری یەکلاکـەرەوەی خۆی بدات، مادەم هەست دەکات بنەمای پێکەوە کۆبوونەوەی ئەوو مێردەکـەی درۆیـەکی گەورەیە، باشتر وایە بڕیاری جیابوونەوە بدات، بێگومان نـەتوانینی بڕیـاردانیش پەیوەنـدی بەپـەروەردەی خێزانـی و ملکەچـکردن بـۆ دابونـەریت و یاسـای بـاوی کۆمەڵایـەتی و ئـەو کولتوورەوە هەیە کە خانمی شاعیر تیایدا پەروەردە بووە، کە کولتوورێکـە تیایـدا رووبـەری بڕیاردانی تاکەکەس زۆر تەسکە، چونکە تاکەکـەس وەکـو بوویـەکی خـاوەن شـوناس کـە خاوەنی خۆی بێت، دروست نەبووە، ئەوەش پەیوەندی بەتەسکی رووبەری ئـازادی و بـوونی تاکەکەسەوە هەیە. گێڕەرەوە لەرێگای بوارکردنەوەوە بـۆ مەسـتوورە، هەوڵـدەدات پرسـیار بـەدوای پرسـیاردا بوروژێنێـت، یەکـەمجار مەسـتوورە لـەخانمی شـاعیر دەپرسـێت (ئایـا مێردەکەت خۆش ئەویست؟) دوای ئەوە دەپرسێت (ئایا مێردەکەت دڵپیسی ئەکرد؟) (ئایا ئەوکاتە من هاتبووم؟) دیارە دوای ئەوەی کە کاوە هەست بـەبوونی کەسـێکی تـر دەکـات لەژیانی ژنەکەیدا، دڵی لێپیس دەکات، بەڵام ناتوانێت ئەو کەسـە بدۆزێتـەوە، بەواتایـەکی دی کاوە لەگەڕانی خۆیدا بەدوای یەکلایی کردنەوەی ئەو گومانەدا ناگاتە هیچ ئـەنجامێك،

واته یەقینی لادروست نابێت، نەیەقینی بوونی ئەو کەسێتییە، نەیەقینی نەبوونی، واتە لەبارێکی شلۆقی دەروونی و لەگومانێکی خنکێنەردا دەژی، ئەنجامی ئەوەش بەرەو دڵپیسکردن لەژنەکەی دەبیات. دیارە ئەو کێشەیەش هەر بەشاراوەیی نامێنێتەوە لەنێوان کاوەو ژنەکەیدا، بەڵکو ئاشکرا دەبێت و هەریەکەش هەڵوێستێکی جیاواز لەوی تری هەیە سەبارەت بەو مەسەلەیە، خانم پێی وایە ئەگەر پیاوێك دڵپیسی لەژنەکەی بکات پێویستە لێی جیابێتەوە، بەڵام مێردەکەی پێی وایە جیابوونەوە ئازادی دانە بەژنەکەی لەکاتێکدا کە پێویستە ئەو ژنە لەپای ئەوکارەی کە لەپشتی مێردەکەیەوە دەیکات، سزا بدرێت، ڕەنگە سەختترین سزاش ئەوە بێت کە مێردەکەی هەم چاودێری بکات و بواری جووڵەی بۆ نەهێڵێتەوە، هەم دەستبەرداری نەبێت بۆ ئەوەی نەگات بەئاواتی خۆی و هەر لەئازاردا بژی. کاوە دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە ئازادییەکی زیاد لەپێویستی داوە بەژنەکەی و ژنەکەشی لەلایەك دان بەو ئازادییەدا نانێت، لەلایەکی تریش لەڕوانینی کاوەی مێردییەوە جێگای گومانە، بۆیە پێی وایە دەبێ سزا بدرێت، هەستکردنی خانمی شاعیر بەم بۆچوونەی مێردەکەی، ژیانی خانم دەکاتە زیندان و چیتر هەست بەئازادی ناکات، بەڵکو هەست بەوە دەکات هەموو ئازادییەکی خۆی لەدەستداوەو ئێستا لەنێو زیندانی سەختی مێردەکەیدا بەندە. بێگومان مرۆڤی زیندانی هەمیشە خەون بەئازادییەوە دەبینێ و چۆن بۆی بلوێت هەوڵی ڕزگاربوون دەدات. دەشێ لوتکەی کردار لەچیرۆکەکەدا، کە کوشتنی کاوەیە، پەیوەندی بەم خاڵەوە هەبێت، واتە هەوڵدانی خانم بۆ ڕزگارکردنی خۆی. خانم ڕوودەکاتە مەستوورەو پێی دەڵێت: (هەموو کەس هەستی بەوەکرد کە زیندانیم، وردە وردە لەوە گەیشتم کە هەموو ئازادییەکم لێ زەوتکراوەو پەیم بەوە برد کە لەزیندانیدا دیلم و هەموو پەییان بەدیلیەتی من برد، تەنانەت تۆش). ئەمە تێگەیشتنی خانمە لەخۆی، دەشێ

مرۆڤێك دیل یان کۆیلە بێت و هەست بەدیلییەتی و کۆیلەتی خۆی نەکات و بەردەوام بەوجۆرە بمێنێتەوە، بەڵام کاتێ هەستیکرد کە دیل و کۆیلەیە، رەنگە بیر لەرێگای رزگاربوون بکاتەوە. لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەگشتی و لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەتایبەتی، ئافرەت تا ئەندازەیەکی زۆر ئازادییەکانی داگیرکراوە، ئەگەر هەست بەو داگیرکردنە بکات، ئەوە هەوڵی خۆ رزگارکردن دەدات، خۆ ئەگەر هەست بەدیلێتی خۆی نەکات، ئەوا بەو ژیانە رازی دەبێت کە تیایدا دەژی. خانمی شاعیر ئەو ئافرەتەیە کە هەست بەدیلێتی خۆی دەکات، بۆیە لەلایەك ئارام ناگرێت و لەلایەکی تریشەوە لەخەمی خۆ رزگارکردندایە. ئەم پێی وایە نەك هەر خۆی، بەڵکو ئەوانی تریش پەییان بەدیلێتی ئەم بردووە، رەنگە ئەوەش هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی کە چیتر نەتوانێت بێدەنگ بێت، بەڵام سەرەتا خۆی دەداتە دەستی ئەو واقیعەو بەڵێن بەمێردەکەی دەدات بەخواستی ئەو بکات و وەك هەر ژنێکی تر رەفتار بکات، واتە (حورمەتی مێردەکەی بگرێت و بێ قسەیی نەکات و هەرچی مێردەکەی بیڵێ و بیەوێت وابکات، بەڵام وەکو عەبدێك). خانم ئەوە بۆ مەستوورە ئاشکرا دەکات کە مێردەکەی عەبدایەتی لەو ویستووە، بەڵام عەبدایەتییەکی رانەگەیەندراو، بەواتا کاوە دەیەوێت ژنەکەی دەوری عەبدێك ببینێت، بەڵام حەزناکات ئەو حاڵەتە ببێتە قسە یان بدرکێنرێت، بەڵکو دەیەوێت بەعەبدبوونی ژنەکەی لەڕووی عەمەلییەوە بێت و لەڕووی وتنەوە باسی لێوە نەکرێت، دیارە لەڕووی دەروونییەوە کاوە ئەو مێردەیە کە هەر باسێکی لەوجۆرە لەبارەی ژنەکەیەوە ئازاری دەدات و تەنانەت وەکو سووکایەتیکردنیش وایە بۆ کەسێتی ئەو، هەربۆیە کاتێ ژنەکەی ئەوە دەدرکێنێت کە لەمەودوا ئەو عەبدایەتی مێردەکەی دەکات، مێردەکەی تووڕە دەبێت و واهەست دەکات ئەوە سووکایەتییە بەو، ئەمەش لاوازیی کەسێتی کاوە دەردەخات، کە بەکردەوە ئارەزووی شتێك دەکات، بەڵام

جورئەتی ئەوەی نییە بەدەربڕین بیڵێت یان تەنانەت گوێی لێبێت کەسێکی تریش بیڵێت، لێرەدا کەسێتی کاوە ئاشکرا دەبێت، کە کەسێتییەکی لاوازەو ناتوانێت گەورهەرو ماهیەتی راستەقینەی خۆی دەربخات، بەواتا کەسێتییەکی رووپۆشکراوە، بۆیە بۆ ژنەکەشی ئاسان نییە بتوانێت لەهەموو لایەنە شاراوەو ماسك پۆشەکانی ئەم کەسێتییە تێبگات، کە مێردێتی. کێشەی کاوە ئەوەیە لەلایەك ناتوانێت وەکو کەسێکی لیبراڵ مامەڵەی ژنەکەی بکات، کاتێکیش کە ژنەکەی هەوڵدەدات وەکو ژنێکی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردی پاشکۆی مێردەکەی بێت و هەمیشە بەفەرمانی ئەو بجولێت، ئەم ئەوەشی پێ قبوڵ ناکرێت و وەهای لێکدەداتەوە کە ژنەکەی دەیەوێت نیشانی بدات کە مێردەکەی پیاوێکی توندوتیژو گومانکەرو بێ متمانەیە، ئەمەش دەرئەنجامی بارێکی دەروونی و کۆمەلایەتی نائاساییەو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەمجۆرە کەسێتییە گران و پڕ لەزەحمەتە، ئێستا خانمی شاعیر نازانێت چۆن لەگەڵ ئەم کەسێتییەدا رەفتار بکات، کاتێك خانم بۆ رازیکردنی مێردەکەی هەرچی رێگای شیاوە لەبەری دەگرێت، دیسان مێردەکەی دەکەوێتە گومانەوە، گومان لەوەی کە دەبێ ئەم چۆن پیاوێك بێت کە ژنەکەی بەوجۆرە بێ رەتکردنەوەی هیچ شتێك فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات، هەروەك ئەو پرسیارەشی لادروست دەبوو ئایا ئەم ژنی هێناوە یان کارەکەری گرتووە کاتێ ژنەکەی بەوجۆرە هەڵسوکەوتی دەکرد، بێگومان رەفتارەکانی خانمی شاعیر بۆ رازیکردنی مێردەکەی جۆرێك بوو لەفەرمان و ئەرك جێبەجێکردن، هەر بەو پێیەی کە ئایین پێی وایە دەبێ ژن گوێڕایەڵی مێردەکەی بێت و ئەرکی سەرشانیەتی کە داواکانی جێبەجێ بکات و دڵی مێردەکەی رازی بکات، بەواتا ئەوەی خانم بڕیاری دابوو بۆ مێردەکەی بکات، جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئایینی بوو، بەلام مێردەکەی بەوەش نارازیبوو، هەستیدەکرد بەجۆرێکی تر ژنەکەی

سووکایەتی پێدەکات. کاتێك دەبیینی ژنەکەی دەوری کارەکەر بۆ ئەو دەبینێت، هەرچەندە خانم رەفزی ئەوەی دەکرد کە کارەکەر بێت، بەڵکو دەیووت گوایە ئەوە عەبدە، ئەم دەربڕینەش زیاتر مێردەکەی تووڕە دەکات، چونکە دەرئەنجام وایدەبینێت کە خانم هاوسەرێتی، هاوسەرێتیش لەخراپترین باری دەسەڵاتی پیاوسالاریدا هێشتا لەڕوانینی مێردەوە ژن وەکو عەبد سەیر ناکرێت.

کاتێ بەڕاستی خانم دەوری کارەکەر یان عەبد لەبەرامبەر مێردەکەیدا دەبینێت، بەتایبەتی کاتێك دان بەخۆداگرتنێکی لەرادەبەدەر نیشان دەدات و داواکانی کاوە جار لەدوای جار جێبەجێ دەکات، بەتایبەتی کاتێ داوای (چا) دەکات چەند جارێ لەسەریەك چای بۆ دێنێ و ئەو دەیڕژێت، بەڵام خانم بێ گوێپێدان هەمان هەنگاو دووبارە دەکاتەوە، کاوە دەتەقێتەوە، چونکە ئەم کارە بۆ ئەوە دەکات کە لەڕووی دەروونییەوە هەرەس بەژنەکەی بهێنێت، بەڵام کاتێ ژنەکەی دان بەخۆیدا دەگرێت و هیچ کاردانەوەیەکی دیاری نابێت، ئەو لەڕووی دەروونییەوە هەرەس دێنێت، بەجۆرێك کە هەست دەکات ئەم کەسێتییەکی لاوازەو تەنانەت ناتوانێت جەنگی دەروونییش لەگەڵ ژنەکەیدا بکات، ئەم هەرەسهێنانی دەروونی و مەعنەوییە، کاوە تووشی هەڵچوونێکی لەرادەبەدەر دەکەن بەجۆرێك وەکو دڕندە لەبەرامبەر ژنەکەیدا هێز بەکاربهێنێت. بێگومان ئەو چرکەساتەی کە تیایدا مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کە هێزی تایبەتیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ لێدانی بەرامبەر، مانای وایە مرۆڤ لەهەموو بنەماو خاسێتێکی مرۆیی رووت دەکرێتەوەو دەبێتە ئاژەڵێکی ئاسایی کە دەیەوێت لەڕێگای لێدانەوە ئەوی بەرامبەر بشکێنێت یان بڕوخێنێت یان لەناوی ببات. یان دەشێ ئەم کەسە کە گەیشتۆتە لوتکەی هەڵچوون، هەوڵبدات لەڕێگای هێزەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت کە ئەوەش لەشکاندن و رووخاندن و مل

پێکەچـکردنی ئـەویتردا دەبینێتـەوە، بێگومـان ئەمـەش خاسـێتی مرۆڤـی سـەرەتایی و کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە بەگشتی، کە زمانی شەڕو لێدان و خۆسەپاندن زمانی باوە. کـاوە کە لەبەردەم جەنگی دەروونی نێوان خۆی و ژنەکەیدا هەرەس دەهێنێت، دەیەوێت لەڕێگای بەکارهێنانی هێزی فیزیکی خۆیەوە زاڵبوونی خۆی بسـەلمێنێت. کـاتێ دەکەوێتـە لێـدانی، لەدڵەوە دەخوازێت کە خانم بەجۆرێك بەرگری لەخۆی بکات یان خۆی لەژێر دەسـتی رزگـار بکـات، بـەڵام وەکـو عەبـد تەسـلیم دەبێـت و نەجوڵـەو نەبـەرگری هیـچیان ناکـات، لـەم هەڵوێـستەشدا کـاوە وای لێکدەداتـەوە کـە ژنەکـەی سـوکایەتی پێـدەکات، ئـەویش لـەو ڕوانگەیـەوە کـە بیـسەلمێنێت کـاوە جـەلادەو ئـەویش قوربـانی، یـان لـەو ڕوانگەیـەوە کـە بیسەلمێنێت ئـەم زۆر لـەوە بـەهێزترە کـە جـەنگی دەروونـی و جـەنگی فیزیکـی پیـاوێکی کەسێتی لاوازی وەکو کاوە کاری تێبکات. کاتێ کە خـانم لەبەرامبـەر تـووڕەیی و لێـدانی کاوەدا هیچ کاردانەوەیەك نیشان نادات، کاوە تووشی هیستریا دەبێت و راستەوخۆ هەسـت بەڕووخاندن دەکات، ئەوەش وایلێدەکات لەژنەکەی بپرسێت (بـۆ وام لێدەکـەی؟ بـۆ؟) واتـە پرسیارێك بەرزدەکاتەوە کە لەناوەڕۆکدا باری دەروونیی ئەو دەردەخات، کە بەئاشکرا تیایدا دەردەکەوێت کاوە وەکو کەسێتییەکی رووخاوو تێکشکاو لەخۆی دەڕوانێـت. کەسـێتییەك، کە خۆی بـەقوربانی دێتـە پێشـچاوو واهەسـت دەکـات ئـەوەی ئـازاری دەدات و بـەوجۆرە تێکیشکاندووە، ژنەکەیەتی. بێگومان ئەوەش چرکەسـاتێکی ترسـناکە کـە مـرۆڤ هەسـت بکات قوربانییە، قوربانیی دەستی هێزێك یان جەلادێك کە پێشتر بەڕوانینـی خـۆی خۆشـی ویستووەو تەنانەت عـەشقیشی بووە، رەنگە ئەم لای خۆیەوە دوای گومـانکردنی لەژنەکـەی و کاڵبوونەوەی عـەشق و خۆشەویستییەکەی هەوڵیدابێت بەجۆرێك ئـازاری ژنەکـەی بـدات، بەڵام ئێستا دەبینێت پرۆسەکە پێچەوانە بۆتەوەو ژنەکەی ئازاری ئەم دەدات. هەسـتکردن

بەجۆرێك بەزین یان جۆرێك لەبێدەسەلاّتی لەبەرامبەر ژنەکەیدا، وایلێدەکات بگری، گریـان لەکاتێکی وەهادا جگە لەنیشانەی هەرەس و شکست و دارِمان، ئەوەش نیشان دەدات کـە ئەم کەسێتییە هەست دەکات هیچ رێگاچارەیەکی لەبەردەستدا نییە، لەهەمانکاتدا جۆرێك لەسەرزەنشتکردنی خۆیشی لەلایەن خودی خۆیەوە نیشان دەدات کە وایلێدێت لەبری مـرۆڤ رەفتاری درِندە یان هەر ئاژەڵێکی تر بکات و پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببـات. لـەم کاتـەدا کە خانم بێ هـیچ بـەرگری و خـۆ دوورگرتنێـك لەبەردەسـتی کـاوەی مێردیـدا بـۆ لێـدان و تەنانەت بۆ جووتبوونیش دەوەستێت، دەریـدەخات کـە خـانم وای نیـشان دەدات لەهـەموو خاسـێتێکی زینـدوو رووتکراوەتـەوە، گـوێ بەلێـدان نـادات، کـاتێکیش کـاوەی مێـردی دوابەدوای لێدانەکەی وەکو ئاژەڵ بێئەوەی هەست بکات بەلێدان چ برینێکی کردۆتـە رۆح و دەروونی ئەوەوە لەگەڵی جووت دەبێت، هەست بەهیچ چێژو خۆشییەك ناکات، چونکە خانم وەکـو هـەر پێکهاتەیـەکی بـێ گیـان دەردەکـەوێت. لێرەشـەوە سـیمایەکی تـری کەسـێتی کاوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەشێ چێژ لەئازاردانی کەسانی دی وەربگرێت، ئەوە ئاشکرایە کە کەسانی ماسۆشی چێژ لەوە وەردەگرن کە هاوسەر یان یـان رەگـەزی بەرامبـەر ئازاریـان بدات، بەتایبەتی لەکاتی کاری سێکسیدا، بەلاّم نەبێـدەنگ بـوونی خـانمی شـاعیر لـەکاتی لێدانیدا لەلایەن مێردەکەیەوەو نەئازار چەشتنی کاوە کـاتێ ژنەکـەی لـەرِووی دەروونییـەوە ئازاری دەدات، هیچ چـێژێك وەرنـاگرن، بـەڵکو ئـەو ئـازار چەشـتنانە هـەردووکیان بـەرەو هەرەسی دەروونی و مەعنەوی دەبات.

ترسناکترین چرکەسات بۆ کاوە ئەو کاتەیە کـە ژنەکـەی هەسـت دەکـات مێردەکـەی تەواو بەرەو تێکشکاندن دەچێت و خەریکە هەرەس دێنێت، هـەروەك ئـەوە سـاتەوەختێکی ترسناك و پرِ لەئازاریشە بۆ خانم کە پەی بەوە ببات ئەم بەناچـاری دەبـێ لەگـەڵ پیـاوێکی

تێکشاودا پێکەوە لەخانوویەکدا وەکو ژن و مێرد بژین، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە خانم هەست بەوە دەکات کە ئەم کۆیلە یان عەبدی پیاوێکی تێکشکاوە، پیاوێك کە لەڕاستیدا خۆی عەبدە، عەبدی نەزانین و دڵپیسی و دابونەریت و کولتووری داخراو. بەواتایەکی دی، دەشێ خانم وەهای لێکبداتەوە کە ئەوە سووکایەتیکردنە بەکەسێتی خۆی کاتێ ملکەچی فەرمانەکانی کەسێکی بەوجۆرە تێکشکاو بێت، دیارە ئەوەش ئازارێکی سەختی دەداتێ. رەنگە خانمی شاعیر لەو ژنە رۆژهەڵاتیانە نەبێت کە دەخوازن مێردی پتەوو توندو کەسێتی زبرو نەبەزیوویان هەبێت، بەڵام بێگومانین لەوەش کە هیچ ژنێکی تەندروست لەڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە ناخوازێت مێردێکی تێکشکاوو لاوازی هەبێت، مێردێك لەلوتکەی توڕەیی و هەڵچوونەوە دەستبکات بەگریان، گریان بۆ بێدەسەڵاتی و لاوازی و ناکارایی خۆی. کاتێ خانمی شاعیر وەسفی رووخاندن و تێکشکاندنی کاوەی مێردی دەکات، هەر لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ وەسفکردنی ماڵەکەیان کە چۆن ماڵێکی رێك و جوان بووەو چۆن پێکەوە هەردووکیان شتەکانیان کڕیوەو ناڕاستەوخۆ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خانم ئاواتەخواز بووە پێکەوە ژیانێکی ئاسوودەیان هەبێت، بەواتا یەکتریان خۆشبەخت بکردایە هەروەك لەو ماڵەدا بەئاسوودەیی بژیانایەو هەریەکەش بیتوانیایە حەزو ئارەزووە تایبەتییەکان خۆیی جێبەجێ بکردایە، بۆ نموونە ئەم بیتوانیایە کتێب بخوێنێتەوەو کاوەش جەدوەلی حەل بکردایەو پێکەوە گوێیان لەگۆرانی و مۆسیقا بگرتایە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە خانم لەخەیاڵی خۆیدا دنیایەکی ئەفسوناوی نەخشەکێشاوەو بەئومێدی ئەوە بووە لەژیانی ژن و مێردایەتیدا ئەو دنیایە دروست بکات، بەڵام هەستنەکردنی بەخۆشەویستی مێردەکەی و پەیبردنی بەوەی کە مێردەکەی درۆی لەگەڵدا دەکات و پێدەچێت دڵپیسی لێبکات و دوای ئەوەش تەسککردنەوەی ئەو پەراوێزە ئازادییەی کە بۆ

خانمی فەراهەم کردبوو تا ئەندازەی ئـەوەی کـە خـانم هەسـت بەکۆیلەیـەتی خـۆی بکـات و دیسان جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کاوەی مێـردی وەکـو کارەکـەر یـان عەبـدو قەناعـەت نەهێنانی کـاوە بـەوجۆرە رەفتـارە.. ماڵەکـەیانی کـردە دۆزەخ و ئـەنجام رووبـەری پێکـەوە ژیانیان ئەوەندە تەسك بـووەوە کـە بـەرەو هەرەسـهێنان دەچـوو. هـەموو ئەمانـە ئومێـدی خانمیان بۆ ژیـان لەگـەڵ کـاوەدا بـەرەو دارِمـان بـرد. دوای هەسـتکردنی خـانم بەشکسـتی مێردەکـەی، هێـشتا مێردەکـەی هەسـتدەکات کـە ئەگـەری پێکـەوەژیانیان مـاوە، کـاوە بەژنەکەی دەڵێت: (وەرە باخۆمان نەجات بدەین، کۆمـەکم بکـە ژیـانی هاوبـەشمان نـەجات بدەین، من هێشتا تۆم خۆشئەوێ، زیاتر لەهەمیشەو لەهەموو کەس، منـداڵێك ئـەتوانێت ژیانی هاوبەشمان نەجات بدات، هەناسەی گەرمی منـداڵێك ئـەتوانێ سـەرماو سـۆڵی ئـەم ماڵە بتارێنێ. (

بێگومان نەك تەنیا کاوە، بەڵکو لەژیانی ژن و مێردایەتیدا ئەگەرچـی پـێش بەیـەکتر گەیشتن منداڵ تیایدا ئامانج نـەبێت، بـەڵام دوای بەیەکترگەیـشتن بـەزووترین کـات منـداڵ دەبێتـە ئامـانج، ئـەو ژن و مێردانـەی کـە پـاش چـەند سـاڵێك منـداڵیان نابێـت، زووتـر پەیوەندیی نێوانیان بەرەو هەرەس و دارِمان دەروات، تەنانەت دەتوانین بڵێین زۆرێك لـەژن و مێردەکان پەیوەندیی نێوانیان هەرەس دەهێنێت و ئەوەی ناچـاریان دەکـات پێکـەوە بـژین، بوونی منداڵـە. لـەدوو رووەوە کـاوە دەیـەوێت منـداڵی ببێـت، یەکـەمیان ئـەوە حـەزێکی سروشتییە کە هەموو زیندەوەرێکی تەندروست دەیەوێت نـەوەی هـەبێت، لـەم روانگەیـەوە (کـاوە)ش مـافی خۆیـەتی کـە بیـەوێت منـداڵی هـەبێت. دووەم کـاوە واتێـدەگات کـە ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان ئەوو ژنەکەی بەندە بەمانەوەیان بەتـەنیا بـۆ ماوەیـەکی زۆر کە ژیانیان بووەتە رۆتینێکی بێتام و هیچ گۆرِانکارییەکی تیـا دروسـت نابێـت، بۆیـە پێـی

وایە منداڵێك دەتوانێت ببێتە رزگارکەرو لەوکێشە سەختە رزگاریان بکات. بەواتایەکی دی، بوونی کەسی سێیەم لەماڵەکەدا رەنگە زۆر شت بگۆڕێت، هەروەك لەلایەکی ترەوە بوونی منداڵێك مانای هاوبەشیکردنی ئەوو ژنەکەی لەبەرهەمهێنانی سامانێکی ماددی و زیندووی گەورەدا کە مرۆڤەو هیچ کامیان ناتوانێت دەستبەرداری ئەو مرۆڤە نوێیە بێت کە بەشێکە لەبوونی هەردووکیان. خانم گەیشتووەتە ئەو بۆچوونەی کە هیچ هێزێك ناتوانێت ئەگەری پێکەوە ژیان لەنێوان ئەوو مێردەکەیدا دروستبکاتەوە، بۆیە داوای مێردەکەی رەتدەکاتەوە، لەم هەڵوێستەی خانمی شاعیردا کاوەی مێردی گرێیەکی تری ناخی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەویش گرێی هەستکردنیەتی بۆ روانینی خەڵك بەرامبەر بەپیاوەتی خۆی، بەواتایەکی دی کاوە واتێدەگات کە ژنەکەی دەیەوێت لەخەڵکی بگەیەنێت کە مێردەکەی توانای پیاوەتی نییە یان لەدەستیداوە، دیارە ئەوەش بۆ پیاو بەگشتی و بۆ هەر پیاوێکی رۆژهەڵاتییش ئازارێکی سەختی هەیەو پیاو دەگەیەنێتە ئاستی هەستکردن بەگەورەترین شکست و تەنانەت هەستکردن بەجۆرێك لەمردن، واتە مردنێك لەزیندوێتیدا، دیارە ئەوەش سەختترین چرکەساتە بۆ مرۆڤ کە هەست بەمردنی خۆی بکات، بۆیە لێرەوە دەشێ ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کە کاتێ خانم نایەوێت منداڵیان ببێت، ئەوە تاوانی کوشتنی کاوە ئەنجام دەگات، لێرەدا مەبەست ئەو کوشتنە راستەقینەیە نییە کە گوڵدانەکە دەکێشێت بەسەریدا، بەڵکو مەبەست کوشتنی داهاتووی کاوەیە کە هیچ نەوەیەکی لێ بەجێنامێنێت، هەروەك لەلایەکی تریشەوە رەفزکردنی منداڵ بوون لای خانم بەڵگەی هەرەسهێنانی پیاوەتیی کاوە دەدات بەدەستەوە کە ئەوەش بریتییە لەکوشتنی پیاوەتیی ئەو، کە بەگوێرەی پیاو بەگشتی کوشتنی پیاوەتی دەکاتە کوشتنی تەواوەتی ئەو پیاوە، بەمانایەکی دی، ئەو پیاوەی کە پیاوەتی نامێنێت، وەکو ئەوە وایە مردبێت. لەکاتێکدا

کاوە بەفیعلی پیاوەتی نەمردووە، ژنەکەی لەڕووی خەڵکیدا دەیەوێت وای دەربخات کە پیاوەکەی توانای پیاوەتی نەماوە، کەواتە خانم دەیەوێت بەخەڵکی رابگەیەنێت کە کاوەی مێردی مردووە، کاوە بەمجۆرە هەڵوێستی ژنەکەی لێکدەداتەوە، کەواتە خانم پێش ئەوەی بەفیعلی کاوە بکوژێت، لەڕووی مەعنەوییەوە کوشتوویەتی، دەشێ هۆکاری سەرەکی تێکشکاندن و هەرەسهێنانی کاوە ئەو کوشتنە مەعنەوییە بێت.

زۆر نهێنی هەیە کە ئەو بێ پەردە لێیان دەدوێت و دەشێ خەڵکانی دی لێی تێبگەن کە ئەم وەکو مێرد لێیان تێناگات، یان پێی وایە ئەو نهێنیانە نابێت جگە لەمێرد کەسی تر پێیان بزانێت، هەر ئەمەش وا لەکاوە دەکات کە بەژنەکەی بڵێت (ئەو کەلام و کەلیمانە کەوتوونەتە بەینمان، وازبێنە، تۆ بێ ئەو شیعرو نووسینانەش ئەتوانی خۆشبەخت بی). بێگومان ئەمە راستی بۆچوونی کاوەیە سەبارەت بەشاعیرێتی ژنەکەی و لەڕوانینی ئەوەوە شیعر ئەو رەگەزە خراپ و رووخێنەرەیە کە دەبێتە هۆکاری رووخاندنی پەیوەندیی خێزانی، چونکە زمانێکە هەزار رەنگ دەنوێنێ و چەندین بۆچوون هەڵدەگرێت و چەندین لێکدانەوەشی بۆ دەکرێت، کە دەشێ کەسانی دی وەها لەخاوەنەکەی بڕوانن کە کەسێکی لادەرو بەدڕەوشت و خراپەکارەو رەفتاری باو پێشێل دەکات. دەشێ ئەم بۆچوونەش هاوشێوەی روانینی ئەفلاتوون بێت بۆ شیعر، کە پێیوایە شیعر رۆح پیس دەکات و جگە لەشیعری تەعلیمی هەموو جۆرە شیعرێکی تر رەفز دەکات و هەر بەو پێیەش لەکۆمارە خەیاڵییەکەی ئەودا جێگای شاعیران نابێتەوە. لەماڵەکەی کاوەدا جێگا بۆ ژنی شاعیر نامێنێتەوە، هەربۆیە داوا لەژنەکەی دەکات کە باشتر وایە دەستبەرداری شیعر بێت، چونکە پێی وایە شیعرو خۆشەویستی، شیعرو خۆشبەختی، شیعرو ئاسوودەیی پێکەوە ناگونجێن، بەواتایەکی دی، لەڕوانینی ئێستای کاوەوە ئەو کەلام و کەلیمانە بوونەتە

دیوارێکی ئەستوور لەنێوان ئەوو ژنەکەیدا. کاوە پێیوایە تەنیا دوو ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن و پێکەوە بژین، ئەوانیش یەکەمیان بوونی منداڵێکە، دووەمیان وازهێنانی خانمە لەشیعر. بێگومان خانمی شاعیر سەری رازیبوون بۆ هیچ کام لەو دوو داواکارییە نالەقێنێت، ئەمەش وادەکات کە کاوە وای لێکبداتەوە ژنەکەی هیچ بایەخ بەو نادات و ئەم وەکو مێرد هیچ گرنگییەکی نییە لای ئەوو تەنانەت دەشێ لەژیانی خانمدا ئەم وەکو مێرد هیچ ئامادەبوونێکی نەبێت.

بەگوێرەی ئەوەی کە خانم واز لەشیعر بهێنێت، رەنگە داواکارییەکی قورس بێت تۆ داوا لەکەسێك بکەیت دەستەبەرداری شتێك بێت کە تایبەتە بەخۆی و کەس مافی دەستێوەردانی نەبێت، با ئەو کەسە هاوسەریشت بێت، کاوە لەوە تێناگات کە شیعر چ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەبوون و ژیانی ژنەکەیەوە هەیە. بەگوێرەی خانم کە وەکو مرۆڤێکی نائاسایی دەردەکەوێت، شیعر ئەو جیهانە ئەفسوناوییەیە کە دەیتوانی بیکات بەنیشتمانێك بۆ خۆی و لەجوگرافیای شیعرو وێنەو وشەکانیدا بجولێت و بژی، تەنانەت خانم وای نیشان دەدات کە تەنیا شیعر هۆکاری مانەوەی ئەوە لەم ژیانەدا، چونکە لەڕێگای شیعرەوە دەتوانێت ناخی خۆی دەربڕێت و گوزارشست لەبوونی خۆی بکات. خانم خۆی دەڵێت، من لەکاتێکدا هەستکردن بەتەنیایی بووبووە سیمای ژیانم، لەڕێگای ئەو شیعرانەوە لەلایەك گوزارشتی لەخۆی کردووە، لەلایەکی ترەوە ئەو وشانە بوونەتە جیهانێك کە ئەم تیایدا بەدوای بوونی خۆیدا گەڕاوە، بەواتایەکی تر بوونی ئەو لەشیعرەکانیدایە، کاتێك کاوە داوای لێدەکات واز لەشیعر بهێنێت، وەکو ئەوە وایە ئەو جیهانەی ئەو وێران بکات و بوونی ئەو لەنێو ببات، رەتکردنەوەی داواکەی کاوە بەرگریکردنی خانمە لەبوونی خۆی، بێگومان نەك مرۆڤ، بەڵکو هەموو زیندەوەران هەریەکە بەڕێگای خۆی بەرگری

لـەژیان و مانـەوەی خـۆی دەکـات. کـاوە بـۆ ئـەوەی قەناعـەت بەژنەکـەی بهێنێـت کـە دەستبەرداری شیعر ببێت دەڵێت: (کێ گوێ لەگێڕانـەوەی ژن ئـەگرێ کـە هـەمووی ئـاخ و ئۆف و ناڵە ناڵە). بێگومان لێرەدا کاوە مەبەسـتیەتی بڵێـت شـیعرەکانی ژنەکـەی هـەموو دەربڕینە لەمەسەلە تایبەتییەکانی خۆی وەکـو ژن، کـە ئـەوەش جگـە لـەدەربڕینی ئـازارو ئێشی ناخی خۆی هیچی تر نییەو پێی وایە کەس گـوێ لـەدەربڕینی ئـەو ئـێش و ئازارانـە ناگرێـت، بۆیـە باشـتر وایـە نەینووسـێت، دیـارە وازهێنـان لەنووسـینی ئـەو شـیعرانە ڕێگاخۆشکەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان. کاوە لەکاتێکدا ئەم قسەیە دەکـات کـە خـۆی خـەریکی خوێندنـەوەی مێـژووی ئەردەڵانـە کـە خانمێـك نووسـیویەتی ئـەویش مەستوورە خانمە، ڕاستە ئەو مێـژووە بەقەڵـەمی ژن نووسـراوە، بـەڵام لەڕاسـتیدا مێـژووی پیـاوە، مێـژووی دەسـەڵاتی ئەردەڵانییـەکان و چـۆنێتی خۆبـەڕێوەبردن و سیاسـەتکردن و پەیوەندییانە لەناوچەکەدا، بەواتا ئەو کتێبە بریتی نییـە لـەدەربڕینی ئـێش و ئـازارو ئـۆفی ژنێك، بەڵکو گێڕانەوەی مێژووی یەکێك لەدیارترین دەسەڵاتەکانی کوردە کە نووسـەرەکەی ژنی یەکێك لەدیارترین والیەکانی ئەو دەسەڵاتە بووە. لەو مێژووەدا ژن ئامادەبوونی نییـە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کـە لـەو سـەردەمەداو لـەکاروباری سیاسـی و ئیداریـدا ژن هـیچ دەورێکی نەبووە، تەنانەت خودی مەستوورە خانم کە هەم شاعیرو هەم مێـژوونووس بـووەو دیارترین ژنی نێو کۆشکی دەسەڵات بووە، وەکـو کەمینـە سـەیری خـۆی دەکـات، لێـرەوە چیرۆکنووس ناڕاسـتەوخۆ شـوێنی ژنـان لەکۆمەڵگـەی کوردیـدا بـۆ دەردەخـات لـەڕێگای هێنانی دوو نموونەی زیندووەوە کـە یـەکێکیان کەسـێتی سـەرەکی چیرۆکەکەیەو شـاعیرەو ئەویتریان مەستوورە خانمی ئەردەڵانییە، دەریدەخات کە هیچ کام لەم دوو ژنـە کـە مـاوەی مێژووی نێوانیان سـەدەو نیوێکـە، ڕۆڵێکـی ئـەوتۆیان نییـە لـەژیانی سیاسـی و ئیـداری و

تەنانەت لـەژیانی خێزانیـی تایبـەتی خۆشـیاندا، بـەڵکو هەرچـۆن لـەنێو ژیـانی ئیـداری و سیاسیدا لەپەراوێزدان، تەنانەت لەسەر ئاسـتی ژن و مێردایـەتیش دیـسان لەپـەراوێزدان و دەتـوانین بڵـێین پاشـکۆی مێـردن، ئەمـەش ئەگـەر بگوازرێتـەوە بـۆ سـەر ئاسـتی ژیـانی کۆمەڵایەتی، دەتوانین بڵـێین ئاسـتی بەپـەراوێزبوونی ژن لـەوەش زیـاترە، چـونکە ئـەم دوو نموونەیە لەسەرووی ئاسـتی ئـافرەتی ئاسـاییەوەن، کەچـی هێـشتا لەئاسـتی کەمینەیـەکی بێدەسەڵات و بێ دەورو کاریگەرییدا دەردەکەون، ئایا دەبێ رۆڵ و شوێنی ئافرەتی ئاسـایی یان ئافرەت بەگشتی لەوساوە بۆ ئێستا لەکۆمەڵگەکەی مەستوورە خانم و خـانمی شـاعیری ژنی کاوەی موهەندیسدا چی بێت و چۆن بێـت؟ بەهـەرحاڵ، چیرۆکنووس دەیـەوێت پێمـان بڵێت کـە ئـافرەت لەکۆمەڵگـەی کوردیـدا تـاکو ئێـستاشی لەگەڵدا بێـت لەپەراوێزدایـەو لەبەرامبەر ئەوی پیاودا هیچ ئامـادەبوونێکی نییـە. هەرچـەندە کـاوە هەمیـشە لەکێـشەو ئاژاوەو جەنگی دەروونیدایە لەگەڵ ژنەکەیدا، بـەڵام وای نیـشان دەدات کـە هێـشتا بـواری پێکەوەژیان و پێکەوە ئاسوودەبوونیان ماوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە کـاوە بایـەخ بـەکتێب و خوێندنەوە نادات، بەڵام رۆژێك دیوانی نـالی دەگرێـت بەدەسـتەوەو خـەریکی خوێندنـەوەی قەسیدە بەناوبانگەکەی دەبێت لەسەر مەستوورە خانم، کە گوایە شەوێك مەستوورە دەچێتە خەوی و لەو خەوەدا نالی بەشێوەیەکی پڕ وردەکاری وەسفی ئەندامی جوتبوون و جەسـتەی مەستوورە دەکات و لەوەش دەدوێت کە کردنەوەی گرێی مەستوورە تەنیا بەهینەکـەی ئـەو دەبێـت. کـاوە زۆر بەچـێژەوە ئـەو شـیعرە دەخوێنێتـەوەو پێدەچـێت وەکـو هۆکارێـك بـۆ وروژاندنی ئارەزووی سێکسی بەکاریبهێنێت. لەشیعرەکەی نالی-دا دەردەکەوێت کـە نـالی تاکو ئەوکاتە شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبووە لەجەستەی ئافرەتداو تەنیا بەخەیاڵ ئەو وێنانەی کێشاوە، پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا دەشـێ دوای ژنهێنـانیش هێـشتا کـاوە لـەڕووی

چێژوەرگرتن و لەڕووی شارەزابوونەوە لەجەستەی ژنەکەی، نەگەیشتبێتە ئاستی ئۆرگازم و ژنەکەی دووچاری ساردی سێکسی بووبێت، یان هەر بەسروشتی لەڕووی سێکسییەوە سارد بووبێت و کاوەش ئەوە وەها لێکبداتەوە کە کەسێکی تر لەژیانی ژنەکەیدا هەیە. بەهەرحاڵ، دەشێ وەهاشی لێکبدەینەوە کە کاوە ئەو شیعرەی نالی بەمەبەستی سووکایەتیکردنی زیاتر بەژنەکەی هێنابێت و بیخوێنێتەوە، بەواتا هەرچۆن لەو شیعرەدا نالی سووکایەتی بەمەستوورە خانم کردووە، بەهەمان ئامرازی سووکایەتی پێکردنی نالی-بە مەستوورە، کاوەش هەوڵبدات سووکایەتی بەژنەکەی بکات، بەواتا مەستوورەو خانمی شاعیری ژنی کاوە هەردووکیان بەهەمان ئامراز سووکایەتییان پێدەکرێت، یەکەمیان لەلایەن دیارترین شاعیری قەڵەمڕەوی بابانەوە، دووەمیشیان، کە هەمان شێوەی مەستوورە شاعیرە، لەلایەن مێردەکەی خۆیەوە سووکایەتی پێدەکرێت.

بەهەرحاڵ شیعرەکەی نالی بۆ کاوە نوێ بوو، بەڵام بۆ خانمی ژنی نوێ نەبوو، چونکە پێشتر ئەو شیعرەی نالی بینیبوو، خوێندبوویەوەو بەتوانای شاعیرەکەشی سەرسام بوو کە خەوێنك بکاتە بنەماو رەگەزی بەرهەمهێنانی شیعرێکی لەوجۆرە، هێنانی پۆستەرەکەی مەستوورە لەگەڵ دوو قاڵیدا لەلایەن کاوەوە هەر لەسەرەتای ژن و مێردایەتییاندا هەمان شیعری خستەوە یادی خانم، بەڵام خانم بەشێوەیەکی بەرز شاعیری ئەو شیعرەی دەنرخاندو وای بۆ نەدەچوو سووکایەتی بەمەستوورە کردبێت، چونکە ئەو وەکو شاعیرێك دەیزانی شیعر بەرهەمی خەیاڵ و نەستەو دنیایەکە شایانی بەرجەستەکردن و رێگا لێگرتن نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بەبەرز نالی دەنرخاند، بەڵام سەیر بوو بەلایەوە کە مێردەکەی چۆن رێگای لەو شیعرە کەوتووەو بەچ مەبەستێك دەیخوێنێتەوە لەکاتێکدا دەیزانی ژنەکەی پێشتر لەگۆڤارێکدا نالی بەپێغەمبەری شیعری کوردی ناوبردبوو. بەهەرحاڵ، کاوە لەوە

نەدەترسا کە ژنەکەی نالی بناسێت و بشزانێت چ خەونێکی بەمەستوورەوە بینیــووە، بــەڵام لەو قسەو گلەیی و گازەندانە دەترســا کــە ژنەکــەی لــەکۆڕو کۆبوونەوەکانــدا دەیدرکانــدن و رەخنەی لەدەسەڵات دەگرت. کاوە دەیووت: (تۆ ئەگەر خەمی خۆتت نییە، لانیکەم خەمی منــت بــێ کــە کارمەنــدو مووچــەخۆی ئــەو دەســەڵاتەم، بــەمن چــی زمــانی کــوردی پێــی ناخوێندرێ، ئــەدەب و فەرهــەنگی کــوردی ڕێــزی نــاگیرێ یــان ژن مــافی پێــشێل ئــەکرێ و رۆشنبیرییش....) لێرەوە کەسێتیی کــاوە زیــاتر ئاشــکرا دەبێــت کــە کەســێکی خۆپــارێزی داخــراوە، نایــەوێت لــەهیچ گرفــت و کێــشەیەکەوە بئالێــت، دەترسێت هەڵوێــستی دیــاری ژنەکەی بەرامبەر بەدەســەڵات، کاردانــەوەی نێگــەتیڤی بەرامبــەر بەئــەو هــەبێت، رەنگــە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە وا لەکاوە دەکەن داوا لەژنەکەی بکات دەســتبەرداری شــیعر بێت، ترس بێت لەکاردانەوەی دەسەڵات بەرامبەر بەشــێوازی رەفتــارکردنی خــانم بەرامبــەر بەدەسەڵات، دیارە ئەو هەڵوێست و رەفتارکردنەش پەیوەندیی بەشاعیرێتیی خانمەوە هەیــە. کاوە دان بەوەدا دەنێت کە زمانی کوردی پێی ناخوێندرێ و ئــەدەب و فەرهــەنگی کــوردی ڕێزی لێناگیرێ و پێشێل دەکرێت و مافی ئافرەتان بــوونی نییــەو رۆشــنبیران ســووکایەتییان پێدەکرێت... بەڵام ئەو خۆی بەئەهلی ئەوە نازانێت لایەنگری بەرگریکردن بێت لەهیچ کــام لەو لایەنانە، بەڵکو پێی وایە هەوڵ و کۆششی ژنەکەشی لــەو بــوارەدا کــارێکی ترســناك و سەرکێشییەکی بێمانایە. لێرەدا لەرێگای کەسێتی کاوەوە، چیرۆکنووس بەشــێوەیەکی وردو هونەریانە ئاخاوتنی واقیعێك دەکات کە لەزەمینەی سیاســی و کــەلتووری بەرهــەمهێنانی دەقەکەیدا بوونی هەیە، ئەمەش روانینی وردی چیرۆکنووسە بۆ بــوونی گرفــت و کێــشەیەك کە بە ئەرکی خانمی شاعیرو خۆی و نوخبەی رۆشنبیری دەزانێت کار بــۆ زینــدوو کردنــەوەی ئــەو زمانــە بکــەن و هەوڵبــدەن ئــەدەب و فەرهــەنگی کــوردی بگاتــە ئاســتێك کــە ئــەوی

دەسەڵات، یان نوخبەی رۆشنبیری ئەوی دی، کە مەبەست نەتەوەکانی تری ئـەو وڵاتـە یـان هەموو ئەو وڵاتانەیە کە کەلتووری کوردییان کۆلۆنی کردووە، رێزی لێبگرن، ئەویش تـەنیا بەوە دەبێت کە ئەدەب و کەلتووری کوردی بەجۆرێك خۆی پێشکەش بکات کە ئـەوانی دی ناچاری وەرگێڕان و خوێندنەوەی بکات، بەواتا پێویستی بەچەندین نموونەی وەکـو نـالی–یـە لەئاستی داهێناندا، هەتا ئەوانی دی بیخوێننەوە.

بێگومان خودی چیرۆکنووس لێرەدا لەپشتی خانمی شاعیرەوە راوەستاوەو خانم لـەبری ئەو دەدوێت، کە دیارە هەر لەوکاتەدا سوپایەك لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەن کـە کـاوەی مێردی شاعیر نوێنەرایەتییان دەکات و باکیان بەوە نییە زمـانی کـوردی پێـی دەخوێنـدرێ یان نا، ئـەدەب و فەرهـەنگی کـوردی رێـزی دەگیرێـت یـان نـا، بـەڵکو ئـەوان دەیانـەوێت بەهێمنی و دوور لەگرفت و کێشە بژین. بەهەرحاڵ، کۆکردنەوەی مەستوورەو نالی و خـانمی شاعیر لەبەرامبەر کەسێتی کـاوەدا، ئـەوەمان بـۆ دەردەخـات کـە چـیرۆکنووس بـەوجۆرە دەڕوانێت ئەگەر نوخبەی رۆشنبیر بەژمارەش کەم بن، ئەوا لـەڕووی دەورو کاریگەرییانـەوە لەنێو کۆمەڵگەدا رووبەرێکی فـراوان داگیردەکـەن، ئەگەرچـی بەگـشتی لـەئێش و ئـازاردا دەژیـن، چـونکە ئـەوان کەسـانێکن بەچـاوی هەسـت شـتەکان دەبیـنن و بەچـاوی عـەقڵ دەیانخوێننەوەو زۆربەی کاتیش ئەوان لەژیانی خۆیاندا قوربـانیی رێگـای گێڕانـەوەی بـەهاو کەرامەتن بۆ مرۆڤ. کاوە بۆ یاریکردن بـەباری دەروونـی ژنەکـەی دەخوازێـت پۆسـتەرێکی (نالی)یش بەرامبەر بەپۆستەرەکەی مەستوورە هەڵبواسێت، لێـرەوە دەشـێ کـاوە ژنەکـەی خۆی بخاتە شوێنی مەستوورە خانم و خۆیشی لـەبری ئـەوەی لەشـوێنی خوسـرەوخان بێـت، دەخوازێت لەشوێنی نالی بێت، نەك نالی داهێنەر، بەڵکو ئەو نالییەی کە وەسفی جەسـتەو عـەورەتی مەسـتوورە دەکـات و سـووکایەتی پێـدەکات بـۆ ئـەوەی مەسـتوورە هەسـت

بەتێکشکاندن بکات. هەرچەندە بەپێی ئەوەی مەستوورە بۆ خانمی ژنی کاوەی دەگێڕێتەوە، ئەو شیعرەی نەبینیوە کە نالی بۆ ئەوی وتووە. کاتێ خانمی شاعیر لەنیەت و بۆچوونەکانی کاوە تێدەگات کە دەخوازێت هەمیشە لەبەرامبەر ژنەکەیدا بێت و چاودێری بکات و ئەوەش زیاتر لەهەڵواسینی پۆستەرێکی نالی بەرامبەر بەپۆستەرێکی مەستوورەدا دەردەکەوێت، خانم زیاتر باری دەروونی ئاڵۆز دەبێت. لەلایەکی تریشەوە کاتێ کاوە شیعرەکەی نالی دەخوێنێتەوەو وەکو هەر فیلمێکی سێکسی لێی دەڕوانێت و وەها سەیری پۆستەرەکەی مەستووە دەکات کە ئافرەتێکە بەڕووتی و ئەمیش قولاپی چاوەکانی لەجەستەی گیرکردووەو لەولاشەوە ژنەکەی بەزەبوونی دانیشتووە، ژنەکەی وا هەستدەکات ئەوە گەورەترین سووکایەتییە کە ئەو پێی دەکات و وەکو ئەوە وایە لەبەرچاوی ژنەکەی لەگەڵ ئافرەتێکی تردا جووت ببێت. گەیشتن بەو ئاستەی هەستکردن، وا لەخانم دەکات پۆستەرەکەی مەستوورە خانم داگرێت و وردوخاشی بکات، هەروەك لەئاستی نەگوتراوی دەقەکەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خانم دەخوازێت شیعرەکەی نالیش بدڕێنێت، چونکە هەرجارێکی خوێندنەوەی ئەو شیعرە لەلایەن کاوەوە، دەبێتە هۆی وروژاندنی سێکسی کاوەو بەو خەیاڵەوە پەلاماری ژنەکەی دەدات، ژنەکەشی واهەست دەکات لەگەڵ ترسناکترین و دڕندەترین مەخلووقدا جووت دەبێت کە نەچێژی لێوەردەگرێت و نەهەست بەبوونی دەکات وەکو کەسێك کە خۆشیبوێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، واهەست دەکات کە ئەتك دەکرێت، بۆیە ئەو شیعرەش بەجۆرێك دەبێتە هۆکارێکی تر بۆ سووکاتی پێکردنی خانم، هەرچۆن لەڕاستیدا سووکایەتیکردنە بەمەستوورە خانم. کاتێ خانمی شاعیر پۆستەرەکەی مەستوورە وردوخاش دەکات، کاوەی مێردی بەرگری لەخۆی دەکات کە گوایە ئەو ئەو شیعرەی نەوتووە، بەڵکو نالی وتوویەتی کە دەشێ سیامەندی مەستوورە خانمی

ئەردەڵانی بوو‌بێت، لێرەوە جارێکی دی کاوە دەیەوێت بڵێت لەپشتی هەموو کەسێکی نێو دەقێکی شیعرییەوە کەسێکی راستەقینە هەیە، هەرچۆن دەشێ نالی ئەو شیعرەی بۆ کەسێ وتبێت کە گوایە لەسنووری دەقەکەدا بوونی هەبووبێت، بەڵام راستتر دەردەکەوێت کە ئەوە نەك هەر کەسێکە لەنێو شیعرەکەدا ئامادەیە، بەڵکو کەسێتییەکی رۆشنبیریی و مێژوویی دیاریشە، کەواتە بەهەمان پێوانە دەبێ ئەو کەسەی لەپشتی شیعرەکانی خانمی شاعیرەوەیە، کەسێکی راستەقینە بێت، ئەمەش زیاتر پەردە لەسەر بۆچوون و دڵپیسییەکەی کاوە لادەبات و ئاشکرای دەکات کە کاوە بەتەواوەتی گومانی لەژنەکەی هەبووەو ئەو جەنگە دەروونییەشی کە لەگەڵیدا دەیکرد، بۆ ئەوە بوو هەرەسی پێبهێنێت، بەتایبەتی کاتێ کە رازی نەبوو لەبری سیامەندی شیعرەکانی بنووسێت کاوە، هەروەك دواتریش رازی نەبوو کە واز لەشیعر بهێنێت.

خانمی شاعیر دوای شکاندنی پۆستەرەکەی مەستوورەو دوای کوشتنی کاوەی مێردی کە پەنا دەباتەوە بەر مەستوورە خانم بەدرێژی سەرگوزشتەی ژیانی خۆی و کاوەی بۆ دەگێڕێتەوە تا دەگاتە ئەو کاتەی کە کاوە چۆن شیعرەکەی نالی دەخوێنێتەوەو چۆن دەوروژێ، هەر لەوێوە خانم لەمەستوورە دەپرسێت ئایا پێشتر ئەو شیعرەی بیستووە یان دیوە؟ بەڵام مەستوورە دەڵێت کە ئەو شیعرەی نەبیستووەو نەیدیوە تا ئەوکاتەی کاوە خوێندوویەتییەوە، بەڵام مەلا خدری شارەزووری بینیوە کاتێ بۆ خوێندن گەیشتۆتە پایتەختی میرنشینی ئەردەڵان و لەدارولئیحسان گیرسابووەوە. لەو سەروەختەدا مەستوورە گوێی لەشیعری نالی بووەو بەلایشییەوە سەیر بووە کە زمانی کوردی بۆ ئەوە بشێت کە شیعری لەوجۆرەی نالی پێبنووسرێت. بێگومان لێرەدا سەرسامبوونی مەستوورە بەنالی دەردەکەوێت، بۆیە ئەگەر مەستوورە خەونی بەنالییەوە ببینیایە، ئەوە دەمانگوت ئەوە

کاریگەری ئەو سەرسام بوونەیە، کەواتە بەهەمان پێوانە دەشێ بڵێین نالی کاتێ مەستوورە خانمی لەیەکێ لەو کۆڕی شیعر خوێندنەوانەدا بینییوە، پێی سەرسام بووەو وێنەی ئەو خانمەو سەرسامبوونی نالی پێی، بوونەتە هۆی تۆمارکردنی ئەو وێنەیەی لەنەستی نالیدا کە دواجار لەخەونێکی شەیتانیدا دەیبینێت و ئەو خەونە شەیتانییەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو دەقە پڕ لەوردەکارییە، کە بێگومان دەشێ لەسەردەمی دەسەڵاتی هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەڵاندا ئەو شیعرە نەگەیشتبێتە سنووری قەڵەمڕەوی ئەردەڵان بەگشتی و کۆشکی خوسرەوخان بەتایبەتی، ئەگینا لەوانەبوو ئەو شیعرەیە ببوایە بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕێکی ترسناك لەنێوانیاندا، چونکە بەپێی دابونەریتی خیلایەتی کوردی ئەو سەردەمەو تەنانەت ئێستاش، ئەو شیعرەی نالی وەکو شکاندنی شەرەفی میرنشنی ئەردەڵان و بەتایبەتیش شکاندنی شەرەفی خوسرەوخانە کە دواتر واتە دوای بینینی مەستوورە لەلایەن نالییەوە مەستوورە بووەتە خێزانی خوسرەوخان. بێگومان دەشێ مەستوورە کە پاش نزیکەی سەدەو نیوێك لەنووسینی ئەو شیعرە بۆ یەکەمجار گوێی لێدەبێت بەو تەمەنەیەوە کە تەمەنی نەمرییە، نەك تەمەنی فیعلی، بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوێتی و وەسفکردنی جەستەو عەورەتی لەلایەن نالییەوە ئەو سەردەمەی بهێنێتەوە یاد کە هێشتا کچی ماڵە باوانی بووەو دەشێ خەونی بەلاوێکی هاوتەمەن و هاوشانی خۆیەوە بینیبێت و ڕەنگە ئێستا لەناخەوە بخوازێت کە بریا لەبریی خوسرەوخان پێی بنایەتە حەرەم سەرای نالی و خانم و هاودەم و هاوسەری نالی بووایەو شیعرەکەی نالییش لەسنووری ئەگەردا نەمایەتەوە، بەڵکو ببوایە بەواقیع کاتێ دەڵێ (مەستوورە بەمستوورە دەبێ موهرە گوشابێ...). بەهەرحاڵ، خەونەکەی نالی بەمەستوورەوە هەر لەسنووری خەوندا ماوەتەوەو بەرامبەریش لەژیانی خۆیدا، کە مەستوورەیە، هیچی

لـەبارەی ئـەو خەونـەوە نەبیـستووە، بۆیـە شـیعرەکە لەسـەردەمی خۆیـدا هـیچ دەورو کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە، بەڵام پاش سەدەو نیویێك هەر ئـەو شـیعرە کـە کـاوە وەکـو ئامرازێك بەکاریدەهێنێت بۆ زیاتر بێزارکردنی ژنەکـەی، ئـەنجام ژنەکـەی بـەجۆرێك تـوورە دەبێت کە بەشێوەیەکی هیـستریانە بتەقێتـەوەو دوور لەهـەر نەخـشەو پلانێـك مێردەکـەی بکوژێت.

ئێستا خانمی شاعیر مێردەکەی خۆی کوشـتووەو وەهـاش سـەیری خـۆی دەکـات کـە ئێستا ئەو نەباڵندەیەکی شەیدایەو نەباڵندەیەکی بریندارە، بەڵکو پیاوکوژە، کەواتـە خـانمی شاعیر لەکورتترین کاتی دوای کوشتنەکەدا هەستدەکات کە چیتر ئەو قوربانی نییە، بەڵکو جەلادە. دەشێ لـەو چرکەساتەشـدا خـانم لـەبارێکی دەروونـی زۆر شـلۆقدا بێـت، لەلایـەك هەست بەڕزگاربوون دەکات لەدەستی یارییە ترسـناکە دەرونییـەکانی کـاوە کـە ئـازارێکی زۆری دەدا، لەهەمان کاتدا هەستدەکات ئەگەر پێشتر ئـەم شووناسـی قوربـانی هـەبووبێت لەلایەك وەکو ئافرەتی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو، دووەمیش وەکو ژنی پیاوێکی نەزانی بێ هەستی دڵپیسی کەسێتی لاواز، ئەوا ئێستا خۆی وەکو تاوانبارێك دەبینێت کە توانیویەتی خـوێن بڕێـژێت و تـاوانی کوشـتن ئـەنجام بـدات، بـەواتا ئێـستا ناسـنامەی خـانمی شـاعیر دەگۆڕێت، لەقوربانییەوە دەبێتـە جـەلاد، لـەکوژراوەوە دەبێتـە بکـوژ، لەمرۆڤێکـەوە کـە شیعری بەرهەمدەهێنا کە بەرهەمی هەستێکی ناسك و زیندووە ئێستا بیر لـەوە دەکاتـەوە چۆن جەستەی کوژراوێك بشارێتەوە کە مێردەکەی خۆیەتی و خۆیشی کوشـتوویەتی، چـۆن خوێن بشواتەوە کە هەر دڵۆپێکی شـایەتی تاوانبـاربوونی ئـەو دەدەن. بـەواتا ئێـستا خـانم وەها لەخۆی دەڕوانێت کە ئەو دەست و پەنجانەی کە شیعری پێ دەنووسی بۆ گوزارشتکردن لەئازارەکانی مرۆڤێکی زیندوو کە خۆیەتی، ئێستا تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوەو بـەرەنگی

تاوان رەنگكراون.. ئیتر گرنگ نییە كە خانم چەند بەڵگەو پاساو هێنانەوەی هەبێت بۆ ئەوەی مێردەكەی بكوژێت، یان چەندێ لەو كارە پەشیمان و پاشگەز بێت، بەڵام لەڕاستیدا هەرچەندە خانمی شاعیر كە پێشتر وەكو قوربانی دەركەوتووە لەگێڕانەوەشدا زۆرێك لەئێش و ئازارەكانی خۆی دەخاتەڕوو، ئێمە لێ ئاگادار دەكات و سۆزو لایەنگریی ئێمە بەرامبەر بەخۆی بەدەستدەهێنێت، تەنانەت كاتێك مێردەكەشی دەكوژێت دەشێ ئێمەش هەمان شێوەی مەستوورە خانم جورئەتی ئەوە نەكەین بەپیاوكوژ ناوی ببەین، یان لەڕاستیدا ناتوانین بەپیاوكوژی بزانین، بەڵام ئەو كوشتنە دەشێ لەڕوویەكی ترەوە وەها لێكبدرێتەوە كە كۆتایی هێنانە بەجۆرێك لەپەیوەندیی خێزانی كە لەڕاستیدا هیچ بنەمایەكی دروستی نییە، ئینجا ئێستا لەبەردەم ئەو پرسیارەدا راوەستاوین: ئایا خێزان، كە یەكەی سەرەتاییەو بنەمای كۆمەڵگەیە، دەشێ هەڵبوەشێتەوە لەبەرئەوەی كە پێكەوە بوونێكی ناچارییە؟ ئەگەر ئەم یەكە سەرەتاییە هەڵوەشایەوە، ئایا چارەنووسی كۆمەڵگە چی دەبێت؟

## فایلی نهێنی شارو کاریگەری رابردوو لە چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی جەبار جەمال غەریب دا

نامەکانی ژاکۆن یەکێکە لە چیرۆکەکانی جەبار جەمال غەریب کە ساڵی 2004 دا لە گەڵ کۆمەڵێك چیرۆکی تردا لە دوو تۆێی کتێبێکدا بە هەمان ناونیشانی ئەم چیرۆکەوە بلاۆی کردۆتەوە. جەبار جەمال یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی ئێمە کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە بەردەوامە لە نووسین و بلاۆکردنەوەو دەتوانم بڵێم جۆرێك لە تایبەتمەندی خۆیی هەیە لە نووسینداو ئەگەر لە رووی تەکنیك و جیهانبینییەوە سەیری دەقەکانی بکەین هەر لە سەرەتاوە تاکو دەگاتە ئەم چیرۆکەی ، هەست دەکەین جار لە دوای جار بە شارەزایی و بە ئاگاییەکی زیاترەوە دەنووسێت و لە رووی تەکنیك و مامەڵە کردنی لەگەڵ ئەفسانەو فانتازیاو خەیاڵی فراواندا جار بە جار دەوڵەمەندتر دەبێت. هەروەها پرسیارەکانی لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی ئەزموونەکەیدا زیاتر خاسێتی پرسیار وەردەگرن و دەبنە پرسیار لە نەزانراو ، پرسیار لە مەسەلە پەیوەستەکانی سرووشت و بوونی مرۆڤ و روانین و خەیاڵ و حەزو ئارەزووە بەرفراوان و بێ سنوورەکان. جەبار زمانێکی تایبەت بە خۆیی هەیەو بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی دەنووسێت ، بە جۆرێك کە دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا کە بە قۆناغی قەیرانی چیرۆك و شیعری کوردی دادەنرێت ئەو یەکێکە لەوانەی کە ئامادەبوونی خۆیی هەیە.

لێرەدا هەوڵدەدەین کە خوێندنەوەیەکی هەمە لایەنەی چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) بکەین. سەرەتاش دەبێ ئەوە بڵێم ئەم چیرۆکە بە روانینی من یەکێکە لەو دەقانەی کە هەڵگری کۆمەڵێ پرسیاری گرنگە پەیوەست بە ژیانی لاوان ، هەروەك لە هەمان کاتدا

هەڵگری کۆمەڵێ پرسیاری  ئەنتۆلۆژیانەیە کە پەیوەستن بە مەسەلەکانی بوون و ژیانەوە ، کە ئەویش لە رووبەرێکی بەرفراوانی ژیانی ئێمەدا بەرجەستە دەبن و خۆیان ئاشکرا دەکەن. هەروەك ئەم چیرۆکە بۆ خۆی جۆرێکە لە ئاشکرا کردنی کۆمەڵێك شتی شاراوە کە لە بوونی هەریەکە لە ئێمەدا ئامادەبوونیان هەیەو ئێمە ئەو بوێرییەمان نییە کە بتوانین پەردەیان لە روو هەڵماڵین و بیان درکێنین یان ئاشکرایان بکەین.

کورتەی رووداوی چیرۆکەکە ئەوەیە کە گێڕەرەوە  کە کەسی یەکەمەو هەر خۆیشی کەسی ئامادەی نێو چیرۆکەکەیە بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لەو رۆژەوە کە پێ دەنێتە نێو زانکۆ هەتا ئەو زانکۆ تەواو دەکات. لەگەڵ چوونە نێو زانکۆدا دەڕوات بە دوای دۆزینەوەی ناوی خۆیدا بگەڕێت. کاتێ دەچێتە تۆمارگا بە چەندین راڕەوو ژووردا دەیگێڕن و چەندین فایلی رزیوو تۆزاوی دەبینێت کە تۆماری ناوو ژیان و هەڵس و کوت و نهێنییەکانی ئەو کوڕو کچانەیە کە لە سەردەمی ژیانی لاوێتیاندا هەریەکەیان بۆ ماوەیەك لە زانکۆدا ماونەتەوە.  فایلەکان پڕن لە نامە نهێنی و قاچاخەکانی کچ و کوڕە عاشقەکان ، زۆربەیان ئەو نامانەن کە هەرگیز نەگەیشتوونەتە دەستی دڵدارەکانیان و لە نێو گۆڕستانی فایلەکاندا مردوون.لە راڕەوە تەسك و تاریکەکانەوە چەندین جار  دەنگی گۆرانی ئەو عاشقانە دەبیسترێن کە گۆرانی  سەرچاوەی ئۆقرە نەگرتووی رۆحن و لە دوو توێی فایلە رزیووەکانەوە بەرز دەبنەوەو سەرنجی ئەم رادەکێشن و هەندێ جار سەرسامی دەکەن و هەندێ جاریش بێئومێدو بێهیوای دەکەن.

لە نێو ئەو راڕەوە تەسك و تاریکانەداو لە نێو ئەو فایلە رزیوو تۆز لێنیشتوانەدا ئەو کچەی بە دوای ناوەکەی ئەمدا دەگەڕا فایلی نامە نهێنی و پڕ لە سۆزەکانی ژاکۆنی دۆزیەوە. ژاکۆن ئەو قوتابییە هەستیارەی زانکۆ بووە کە بە خوێنی دڵ چەندین نامەی

سوتێنەری عاشقانەی نووسیووە ، هەروەك لە نێو فایلەکاندا نامەی شەهیدو نامەی کەسانی تریش هەن ، تەنانەت چەند نامەیەکی شەڕیش دەدۆزنەوە.ئەنجام ئەو کچەی لەگەڵی دەگەڕا ناوەکەی دۆزییەوە کە بە خەتێکی شکست و بە زەردێکی کاڵەوە بوو نووسرابوو بەرهەم ، بەلاّم فایلەکەی ئەم تاکە پەڕەیەکیشی تێدا نەبوو.. بۆیە ئەم داوا لە کچەکە دەکات فایلەکەی پێوە بدات.ئەم پەلەی ئەوەی بوو بچێتە دەرەوەو نامەکانی ژاکۆن بۆ ئەو کچانە بخوێنێتەوە کە هەست دەکات گوێی بۆ دەگرن.لەو کاتەدا کە دەگەڕێتەوە دەنگێك ناچاری دەکات بچێتە پۆلی خوێندنەوە. لەناو پۆل کابرایەك دێتە ژوورەوە هەموو قوتابییەکان دەپشکنێ.ئەمترس دایدەگرێت و وەکو سەردەمی منداڵی دیسان میز دەکاتەوە بە خۆیدا ،یان بیری ئەو ساتەی دەکەوێتەوە کە پیاوە ریش سپیەکە خەنجەرێکی لە ناوگەڵی داو ئەندامی جووتبوونی لە کار خست.ئێستا دەرس تەواو بوو بەلاّم ئەو پیاوەی کە هەموو قوتابییەکانی دەپشکنی دەیوویست ئەو خەنجەرەی لە نێوان دوو رانی ئەم دراوە ،دەری بهێنێتەوە. ئەو خەنجەرەش وەکو سزایەك لە دراوە چونکە حیکمەت و ویقاری پیاوە ریش سپییەکەی نەبینیووەو لەگەڵ وشەی سۆزانییەك گریاوە. سەرئەنجام دوای چوار ساڵی خوێندنی زانکۆ کاتێ دێتە دەرەوە لەبەر دەرکی زانکۆ هەمان جل و بەرگی کە پێوەی هاتبوو لەوی لە بەریان داکەندبوو ئێستا کرایەوە بەری و بە هەمان شێوەی کە پێش چوار ساڵ هاتبوو ئێستا گەڕایەوە ماڵەوە دایکی پێی گووت کوڕی من هەروەك خۆیەتی ، بۆنی رەنگی هەرگیز ناگۆڕێ.)

ئەمە کورتەی رووداوی چیرۆکەکەیە کە خوێنەر دەتوانێت بزانێت لەم شیکردنەوەیەدا باسی چی دەکەین.ئەم چیرۆکەکە ئۆتۆبایۆگرافیای کەسێکە کە لە دوای تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی پێش زانکۆ ناوی دەردەچێت بۆ زانکۆ ،ئەویش لە یەکەم

ڕۆژەوە کە دەگاتە بەردەرکی زانکۆ هەتا دوا ڕۆژ کە زانکۆ تەواو دەکات و دەگەڕێتەوەماڵەوە.ئەم گەشتە دوورو درێژە لە رووی کات و تەمەنەوە تونیا هەر ئەوە نییە نهێنییەکانی ژیانی تاکە کەسێك ئاشکرا بکات ،بەڵکو لە ڕێگای ژیانی ئەم تاکە کەسەوە چیرۆکنووس باس لە خوێندنی زانکۆ بە گشتی و ژیانی لاوان بە تایبەتی لە زانکۆدا دەکات و لە هەر چرکە ساتێکیشدا لە ڕێگای یادوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی خۆی و بۆ نێو پۆلەکانی خوێندنی پێش زانکۆو سروشتی ئەو قۆناغەو دامەزراوەکانی خوێندن کە پەیوەستن بە پەروەردەوە دەخاتە روو.

بێگومان دەبێ لە بارەی نووسینی جەبار جەمالەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە شێوازی گرێچنی تەقلیدی یان ئەرستۆیی پەیڕەو ناکات و لە هەمان کاتدا رووداوی دیار کەم بەر چاو دەکەوێت.ئەمەش پەیوەست دەبێتەوە بە بینای کەسێتییەوە لە چیرۆکەکانیدا کە لە بری ئەوەی لە ڕێگای جووڵەو کردارەوە سروشتی کەسێتی چیرۆکەکانی دەربکەون ،زیاتر لە وەسفی گێڕەرەوەدا بینای کەسێت و باری دەروونی و هەڵس و کەوت و رەفتاریان دەردەکەوێت کە ئەم مامەڵە کردنەش لە چیرۆکدا زیاتر بەرهەمهێنی شێوازی گێڕانەوەیەو ئەم حاڵەتەش چیرۆکنووس والێدەکات کە زیاتر لە هەر راناوێکی تر بە راناوی کەسی یەکەمی تاك واتە (من) قسە بکات کە ئەویش دەبێتە ئاخاوتن و قسە کردن لەسەر خودی (من) لە لایەن خۆمەوە. بێگومان لە رووی دەروونییەوە هیچ کەس ناگاتە ئەو ئاستەی کە ناوەوەی خۆی ئاشکرا بکات ، مەگەر لە کرداری خەواندن بە موگناتیسدا. بۆیە کاتێ گێڕەرەوە کەسی یەکەم بێت ئەو وەسفی خۆی دەکات لە رووکەشداو ئەوەش وا دەکات کە رۆڵی چیرۆکننووس لە بینا کردنی ئەو کەسێتیەدا زۆر ورد نەبێت. بە واتا لێرەدا ئێمە کەسێتیەك دەهێنین خۆی باسی خۆی بکات لە بری ئەوەی کەسێتیەك بنیاد بنێین و ئازادی بدەینێخۆی بجولێت ، قسە

بکات ، کار بکات تا دەگاتە ئەوەی ببێتە کەسێتیەکی رووداو درووستکەر. لە پشتی هەر کەسێتیەکی رووداو درووستکورەوە مێژوویەك هەیە کە بۆ شیکردنەوە یان بۆ راڤەکاری.لە پشتی هەر کەسێتیەکەوە کە شوناسەکەی لە وەسفدا دەبینرێت لە بری ئەوەی لە درووستکردنی رووداودا ببینرێت مێژوویەکی وەسفی هەیە ،لە پشتی هەر کەسێتیەکی وەسفیشەوە هەمیشە مێژوویەکی وەسفی هەیە واتە مێژوویەکی بێ جوولەو جێگیر ، مێژوویەك کە تەنیا لە وەسفدا بوونی و ئامادە بوونی هەیە. لێرەوە دەتوانین بڵێین پاڵەوانی چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) کە هەر خۆیشی گێرەرەوەیە کەسێتیەکی جێگیرو بێ جوولەیە لە رووی درووستکردنی رووداوەوە.دەشێ ئەمەش وەها لێکبدەینەوە کە بریتییە لە کەسێتی راستەقینەی سەر زەمینەی واقیعی کۆمەڵگای کوردی کە کەسێتیەکی وەستاوو بێ جوولەیەو توانای دروستکردنی رووداوی ئەوتۆی نییە کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری ئەوتۆ کە هەم ژیانی خۆی و هەم ژیانی کۆمەڵگاش بگۆڕێت. هەروەك لە لایەکی ترەوە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە لاوێکە تازە دەچێتە زانکۆو چیرۆکەکە لە ژیانی چوار ساڵی ئەو لە زانکۆدا دەدوێت.بەلاّم لەو چوار ساڵەدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت. ئەمەش دیسان لەگەڵ باری گێڕنەوەی چیرۆکەکەدا گونجاوەو لە هەمان کاتیشدا گوزارشتێکی راست و درووستە لە سروشتی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە گشتی و لە دامەزراوەی زانکۆدا بە تایبەتی و لە پێکهاتەی لاوانیشدا کە پێکهاتەیەکە نەخۆی هەوڵی گۆڕان ددات و نە دامەزراوەی پەروەردەو ففێرکردنیش دەتوانێت رۆحی گۆرانکاری تێدا درووست بکات. ئەمەش هەم شێوازی پەروەردەو هەم دامەزراوەی زانکۆی ئێمە دەخاتە بەردەم پرسیارەوە لەو رووەوە کە ئایا ئەم دەزگاو دامەزراوانەش تەنیا دەزگاو دامەزراوێکن هە لە وەسفدا هەن یان دەزگاو دامەزراوێکن کە دەتوانن گۆڕانکاری درووست بکەن.

گێڕەرەوە کە کەسی ئامادەی نێو چیرۆکەکەیە مێژووی چوار ساڵی تەمەنی زانکۆی خۆی دەگێڕێتەوەو لەوێشەوە لە رووی یادەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی خۆی کە رابدوویەکی تاڵ و پڕ لە ئازارە. ئەو لە ئێستادا ئومێدی ئەوەی هەیە کە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی دەست پێبکات و رابردوو ، ئێستای پڕ لە ناخۆشی و کارەسات کۆتایی پێبێت. بەو ئومێدەوە رێگای زانکۆ دەگرێتە بەر. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئەم کەسێتە کە ئێستا خۆی لە دۆزەخدا دەبینێت وای بۆ دەچێت هەر کە چێی نایە ناو زانکۆوە ئیتر دۆزخ کۆتایی دێت و بەهەشت دەست پێدەکات بە واتا ژیانی قۆناغی پێش زانکۆ و ئازارو ناڕەحەتییەکانی هاوشێوە دەبێت لەگەڵ ئازارو ئەشکەنجەو سزاکانی کەسانی گوناهباردا کە دەچنە دۆزەخ. دیارە مانەوە لە دۆزەخدا بە پێی جۆری تاوانەکەو بەو پێیەش کاتیێ بۆ تەواوبوونی ئەو سزایانە هەیە.ئێستا ئەم کەسێتییە سزاکانی کۆتایی پێدێت و ئیتر دۆزەخ بەجێدەهێڵێت و دەگوازێتەوە بۆ نێو بەهەشت ، هەموو کوڕان و کچانی نێو زانکۆ وەکو فریشتەکانی بەهەشت سەیر دەکات.

ئەو واهەست دەکات لەگەڵ گەیشتنی بە دەرگای زانکۆ وەکو مار کاژ فڕێ دەدات و نوێ دەبێتەوە ، نوێ بوونەوە لە رووخسارو رووکەشدا ، بێگومان هەر گۆڕانکارییەکی سرووشتی لە رووکەش و دیوی دەرەوەدا بەرهەمی گۆڕانکارییە لە ناوەوەڕا ، بەلاّم ئەم کەسێتییە پێی وایە ئەو کاژو بەرگەی کە فڕێی دەدات یان باشتر وایە بڵێین کە لێی دەکرێتەوە تەنیا رووکەشی دەرەوەی دەگرێتەوە. بەوەش دڵخۆش دەبێت کە پۆلیسی بەردەگا ئەو بەرگەی بدڕێنن بەو ئومێدەی کە جارێکی تر نەگەڕێتەوەبۆ ئو بارەی کە پێشتر تیایدا بووە.ئێستا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو بەرگەی کە سەرتاپای جەستەی ئەمی لە منداڵیەوە داگیر کردووە وەکو داب و نەریت و عەقڵ و بۆچوون و کەلتوور بوونەتە

بەشێك لە بوونی ئەو كە جۆرێكە لە نەفرەت ، جیا بوونەوە لەو بەرگە رزگار بوونە لەو نەفرەتە. بە واتا ئەم كەسێتیە وەها سەیری جل و بەرگەكانی پێش زانكۆی دەكات كە مایەی ئازارو كۆیلەیی و خەم و ژانن بۆیی ، هەر لەگەڵ رزگاربوونی خۆیشیدا خەم بۆ ئەو كوڕو كچە گەنجانە دەخوات كە ناتوانن ئەو بەرگە دامالْن ، كەواتە لێرەوە بە تەواویی بۆمان دەردەكەوێت كە مەبەست لە جل و بەرگە ئەو عەقڵێت و داب و نەریتەی ئێمەیە كە بووەتە بەشێك لە بوونمان و بە ئاسانی لێی جیا نابینەوە.بەلاّم ئەم پێی وایە قۆناغی زانكۆ قۆناغێكە كە دەبێ ئەو نەفرەتە لە خۆمان بكەینەوە بۆ ئەوەی رووی ئەوەمان هەبێت لەو دامەزراوە نوێیەدا درێژە بە ژیانی خۆملن بدەین. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات كە تاكو ئەم چركە ساتەش لە بۆچوونی گێڕەرەوەو پاڵەوانی چیرۆكەكەوە زانكۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییە كە وەكو شارێكی خەیاڵی سەیری دەكات ، شارێك كە ئاسوودەیی و بەختەوەری و خۆشەویستی و عیشق و ئازادی لە خاسێتە دیارەكانی نێت.

ئەم كەسێتیە دەیەوێت سیمای ئەو كوڕو كچە گەنجانەی كە ئەو كاتەش هەمان جل و بەرگی پێش زانكۆیان لە بەردایە و تەنانەت سیمای براكەشی لە یاد بكات ، بەلاّم دەبێ بۆ ئەم كارەی پاساو بهێنێتەوە ، پاساوی ئەمیش ئەوەیە كە ئەم بەدبەختی و كوێرەوەری نەك هەر بێزاریان كردووە بەڵكو تا سەر ئێسقان سووتاندوویانە. بۆیە پێی وایە ئەم لە پێش هەموو كەسێكی ترەوە مافی گۆڕانكاری هەیە ، گۆڕانكاری لە سیماو روخساریدا ئەویش بە فڕێدانی ئەو بەرگەی كە لە كیف دەچێت و هەموو جەستەی ئەمی گرتۆتەوە.

ئەم كەسێتیە كە پێ دەخاتە ناو بەشی تۆماری زانكۆوە لەلای خۆیەوە ئەو هەستەی لەلا درووست دەبێت كە ئەم كەسێكی گرنگ بێت و نەك هەر كچانی بەر دەرگا بەڵكو سەرجەم كچانی كارمەند بە قەیرەكانیشەوە بایەخێكی زۆری پێ بدەن و لە رابی

کردنی کارەکانیدا یارمەتی بدەن.ئەم وەك خۆی ئاشکرای دەکات دەیەوێت ناوەکەی بۆ بدۆزنەوە.قسە کردن لە بارەی ناوەکەیەوە تەموو مژاویە ، چونکە نە لە سەر زمانی خۆیەوە نە لەسەر زمانی هیچ کەسێکی ترەوە هیچ لە بارەی ناوەکەیەوە ناگۆترێت ، بەلاّم ئەو کچەی کە بانگی دەکات و دەیەوێت ناوەکەی بۆ بدۆزێتەوە بە (بەرهەم) ناوی دەبات.

ئایا بە راست ئەم ناوی بەرهەمە؟ ئایا ئەو کچە چۆن دەزانێت ئەم ناوی بەرهەمە؟ بێگومان ئەو تەموومژەی لە سەر ناوەکەی هەیە دەری دەخات کە ئەم کەسێتیە تەنانەت لە سەرچاوەیەکی ئەسڵەوە ناوەکەشی نابیسترێت ، ئەوەش شوناسی ئەو بە تەواوەتی دەخاتە بەردەم گومانەوەو واهەست دەکەین کە لە بنەرەتدا کەسێتیەکی ونبووە ، یان کەسێتیەکە ناوی نەبووە ، نەبوونی ناویش بەندە بە نەتوانینی خۆسەلماندن و ئامادە نەبوونەوە واتە ئەم کەسێتیە پێشترو تاکو ئەو کاتەش نەیتوانیووە ببێت بە خاوەنی ناو. گەڕانی کچەکە بە دوای ناوێکی وەهمیدا لە خۆیدا جۆرێکە لە ونبوون کە ئەوەش لەگەڵ ڕارەوی درێژو تاریکی نێو ئەو تۆمارگایەدا یەکدەگرێتەوە ،کە ئەو ڕاڕەوانە هاوشێوەی دەهالیزە تاریکەکانی مێژووی ئێمەن و لە هەمان کاتیشدا ئەو دەهالیزانە بریتین لە شوێنی فایلی نهێنی هەموومان ، بریتین لەو زەمینەی کەسەرجەم نهێنیەکانی شارێك یان ولاّتێکی تیادا حشار دراوەو لە هەمان کاتدا فایلەکانی رزیوون و تۆز هەموویانی داپۆشیووە. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە کەس ناتوانێت یان نەیتوانیووە تاکو ئێستا بە دوای دۆزینەوەو ئاشکرا کردنی نهێنی ناو ئەو فایلانەدا بڕوات و وەکو ئەوەی هەن بیانخاتە روو ،هەمان شێوەی مێژووی شاراوەو پەردە لەسەر نراوی ئێمە. هەمان شێوەی ئەو هەموو نهێنییە شاراوەی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئەخلاقی رۆژانەی ئێمەدا هەن.ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە راستیدا قوتابییەکی تازە وەرگیراوە

له زانکۆ و به دوای ناوی خۆیدا دەگەڕێت یان کەسێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگایەو دەیەوێت فایلی تایبەتی خۆی بدۆزێتەوە یان کەسێکی ترەو دەیەوێت بە دوای نهێنییەکانی مێژووی هەمووماندا بگەڕێت؟ بەهەر حاڵ ئەگەرچی ئەم کەسێتیە وەکو قوتابییەکی نوێی زانکۆ پێشکەش دەکرێت بەلاّم له راستیدا له رێگای باسکردنی فایلەکەیەوەو له رێگای شێوازی گەڕان به دوای ناوەکەیدا بۆمان دەردەکەوێت که ناشێت ئەو قوتابییەکی نوی بێت چونکه تۆز لێنیشتنی فایلەکەی و گەڕانێکی زۆر بەدوایدا له راڕەو و سەردابدا دەری دەخەن ناو و مێژووی ئەم کەسێتیە نویێ نییە ، هەروەك چۆڵی فایلەکەشی دیسان دەری دەخات که خاوەنی مێژووی نهێنی نییە یان هەر له راستیدا ئەم کەسێیە مێژووی نییە.

بێگومان تێکەلاۆییەك له شێوەی کارکردنی ئەم چیرۆکەدا هەیە که ئەویش کۆکردنەوەی فایلی هەموو شارە له تۆماری زانکۆدا ، که دەشێ ئەوە له جێگای خۆیدا نەبێت. ئێمە دەزانین چیرۆك مل کەچی ئەوە نابێت که له واقیعدا هەیە ، بەلاّم ناکرێت کاتێ له چیرۆکدا باسی واقیعێك بکەیت که هەیەو بەلاّم نەزانیت سەرچاوەو ناسنامەی ئەو واقیعە چییەو له کویوەیە. لێرەدا چیرۆکنووس باسی فایلی نهێنی شارێك دەکات بەلاّم بۆ دەبێ فایلی نهێنی ئەو شارە له تۆماری زانکۆدا بێت و له رێگای قوتابییەکی تازە وەرگیراوەوە هەوڵی ئاشکرا کردنی ئەو فایله بدرێت. دەشێ له رێگای ئەم قوتابییە تازە وەرگیراوەوە فایلی نهێنی زانکۆ ئاشکرا بکرێت.بەلاّم فایلی نهێنی شار دەشێ له تۆماری باری شارستانی یان خانەی داد یان رەگەزنامە یان ئاسایش یان دەزگای چاودێری ئەخلاقییەوە تۆمار بکرێت و هەر له هەڵدانەوەی لاپەڕەو فایلەکانی نێو ئەم دەزگایانەوە نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن. بەلاّم ئەو کچەی که دەیەوێت فایلی پاڵەوانی چیرۆکەك بدۆزێتەوە دەڵێت (ناو و تەمەن و کارو جنس و رەنگی هەموو خەڵکی ئەو شارە لەوەتەی هەیە ، لەو فایلانە نووسراوە). لێرەوە

تێدەگەین کە نێژووی فایلەکان لەگەڵ مێژووی شاردا دەست پێدەکات ئەو بەلاّم مێژووی زانکۆ مێژوویەکی نوێیە. بەهەر حاڵ ئێستا ئێمە واز لەو شوێنە دەهێنین کە فایلی نهێنی شاری تێدا کۆکراوەتەوە ، ئەو پرسیارە بەرز دەکەینەوە ئایا لە پشکنینی فایلەکان و ئاشکرا کردنی ناوەرۆکەکانیان چیمان لە بارەی شارەوە بۆ ئاشکرا دەبێت. ئایا شوناسی راستەقینەی شارو شوناسی خەلکەکەمان بۆ دەردەکەوێت؟ ئایا ئاشکرا کردنی فایلی نهێنی شار هیچ رووناکییەك دەخاتە سەر ناسنامەی بەشاربوونی ئەم جوگرافیایە کە بە شار ناودەبرێت؟ ئایا لە میاتەی ئاشکراکردنی ئەو فایلانەوە ئاستی عەقڵی و ئەخلاقی و پەروەردەیی شارمان بۆ دەردەکەوێت؟ ئایا ناوەرۆکی فایلەکان شێوازو ئاستی پەروەردەو رۆشنبیری و کەلتووری شارمان بۆ دەردەخات؟ ئایا لە رێگای ئێسك پرووسك و تەپوتۆزی سەر فایلەکانەوە دەتوانین ئاماژەیەك بۆ بوونی شارستانێتی ، رۆشنبیری ، فیکر ، ئازادی ، دیموکراسی ، یەکتر قبوولکردن ، پێکەوە ژیان و لێبووردن بدۆزینەوە؟ یان بە پێچەوانەوەئایا ئاشکرا کردنی ناوەرۆکی فایلی نهێنی ئەم شارە پێمان دەڵێت چچۆن عەقڵی تاکە کەس و ئەخلاقی تاکەکەس و روانینی تاکە کەس دەسەلاّتی بەسەر بوونی شاردا کردووەو شار لە خۆیدا زیندانێکی بەر بلاّو بووەو هەرچی بنەمای شارستانێتی و فیکری هەیە لەم شارەدا بوونی نەبووەو دەسەلاّتی تاکە کەس و عەقڵ و ستزتیژی باوی خێڵ و کەلتوری خێڵ ئەم شارەی بەڕێوەبردووەو ئازادییەکانی تاکە کەس لە ئاستی نەبووندا بوون. هەموو کۆمەڵگا کە دەشێ لە چوار چێوەی شاردا پێناسەی بکەین عەقڵی دەستەجەمی بەڕێوەی بردووەو داب و نەریت و ئەخلاقی باوی کۆمەڵگا دەسەلاّتی بەسەردا کردووەو شاری بەڕێوە بردووە. دەشێ لە میانەی پشکنینی ئەو فایلانەوە لێکۆڵینەوەو هەڵکۆلینیانەوە زۆر نهێنی ئاشکرا بکرێت.

گەڕانی کچەکە بە دوای پیتی (ب) دا واتە گەڕان بە دوای ناوی بەرهەمدا کۆتایی نایەت چونکە پێدەچێت ریزبەندی لە دانانی پیتەکاندا نەکرا بێت چونکە ئەگەر ریزبەندی هەبوایە ئەوا پیتی (ب) دووەم پیتەو بە زوویی کچەکە دەیتوانی بچێتە سەر ئەو پیتە. نەبوونی ریزبەندی و رێکخستنی شوێنی پیتەکان بە دوای یەکدا بەڵگەی ئەوەن کە لەم شارەی کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت عەقڵی بەڕێوەبردن و رێکخستن و بە سیستەمکردنی شتەکان لاواز بووە. ئەوەش بەشێکە لە مێژووی ئەم شارە کە هەموو شتێك لە خۆوەو بێ بەرنامەو بێ بوونی عەقڵی رێکخستن بەڕێوەبراوە ، بۆیە شتەکان لە یەکتر جیا نەکراونەتەوەو ریکنەخراون، دەشێ کۆکردنەوەی فایلی نهێنی شاریش لە نێو تۆمارگەی زانکۆدا هەر پەیوەندی بەبوون و لاوازی عەقڵی بەڕێوەبردنەوە هەبێت.

بێگومان ئەو وەسفەی کە گێڕەرەوە بۆ فایلەکان و کچەکەشی دەکات کە دیارە گێڕەرەوە لێرەدا کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەیە و لەوەیدا کە لە تۆزدا نقووم بوون و بەشێکی زۆریان رزیوون و دیمەنی کچەکەش چۆن لە ناو ئەو تەپوتۆزو فایلە رزیوانەدا نزیکە لەوەی کە ون ببێت ، لە لایەکەوە کۆنی و دێرینی فایلەکان نیشان دەدات ، لە لایەکی تریشەوە تیشك دەخاتە سەر فەزای ئەو راڕەو و سەردابانە کە چەند ترسناك و ناخۆشن. ئەوەش لگەڵ ناوەرۆکی ترسناکی فایلەکاندا یەك دەگرێتەوە واتە چیرۆکنووس دەیەوێت لە رێگای دروستکردنی فەزایەکی وەها ترسباکەوە ترشناکی و هەستیاری ناوەرۆکی فایلەکان دەربخات کە ئەوەش لە بارێکی تردا بریتییە لە مێژووی شار کە ئەویش دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، یەکێکیان ناشیریتی و دزێویی ئەو مێژووەیە، ئەویتریشیان پەردە لەسەرنانی ئەو مێژووەو شاردنەوەیەتی کە ئەویش دەشێ بەهۆی ناشیرینیەکەیەوە بشارێتەوە یان لە بنەڕەتدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبێت کە بتوانێت خۆی نمایش بکات.

له لایەکی ترەوە هەم ئەمی قوتابی تازە وەرگیراوی زانکۆ و هەم کچە کارمەندەکەی تۆمارگەی زانکۆ دەشێ نە لە بایەخی ئاشکرا کردنی ئەو مێژووە نهێنییە تێبگەن نە لەو ئاستەشدا بن کە بتوانن نهێنی ئاشکرا بکەن ، کەواتە دەبێ بۆچی چیرۆکنووس ئەو ئەرکە بە دوو کەسی وەها بسپێرێت. رەنگە بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا بمانبات کە ئەرکی ئاشکرا کردنی رابردووی شاراوەی ئێمە بکەوێتە سەر شانی نەوەی نوێی خوێندەوار کە قوتابی زانکۆ دەبێ نوێنەرو پێشەنگی ئەو نەوەیە بێت ، بەلاّم ئەوەی جێگای سەرنجە قوتابییەکە لەم گەڕانەدا تەنیا دەوری چاودێر دەبینێت و ئەوەی بەدوای ناوێکدا دەگەڕێت ئەو نییە ، کە دەشیا لە رێگای جۆرێك لە توێژینەوەوە قوتابییەکە یان هەر توێژەرێکی تر بگەیشتایەتە نێو راڕەو و سەردابی فایل رزیووەکان و لەوێوە بە وردی خوێندنەوەی بەرفراوانی ناوەرۆکی فایلەکانی بکردایەو لەسەر ئەو توێژینەوەیەش ئاخاوتنی رابردووی شاری بکردایە بە هەموو خاسێتەکانیەوە.

بەلاّم سەرباری ئەوەی کە پێشتر کچەکە دەڵێت (ناوو تەمەن و کارو جنس و رەنگی هەموو خەڵکی ئەو شارە لەوەتەی هەیە لەو فایلانەدا نووسراوە) ئێستا نهێنییەکی تر لە بارەی فایلەکانەوە ئاشکرا دەکات کە دەشێ مەبەستی بەشێکی فایلەکان بێت کاتێ دەڵێت (با ئەو فایلانە بخوێنینەوە پڕن لە نامەی قاچاخی کچ و کوڕە عاشقەکان. سەردەمێکی زۆر ئێرە جێگای ئەو قوتابیانە بوو راپۆرتیان دەنووسی ، راپۆرت دەربارەی دەرسە وشك و رەق و ناخۆشەکانیان).

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەو جێگایەی فایلەکانی تێدا هەڵگیراوە تۆماری زانکۆیەو دەشێ فایلی هەموو ئەو خوێندکارانەی تێدا بێت کە هاتوونەتە ئەو زانکۆیە ، بە واتایەکی دی دەشیا چیرۆکنووس لە بری ئەوەی ئەو فایلانە وەکو مێژووی نهێنی شارو فایلی نهێنی

شار پێشکەش بکات وەکو مێژووی نهێنی و فایلی نهێنی زانکۆ پێشکەشیانبکات و لەوێشەوە ئاخاوتنی دامەزراوەی زانکۆو ئەو عیقڵەی بەڕێوەی دەبات و ئەوەی پێشکەشی دەکات و ئەوەی تیا پەروەردە دەبێت بکرایە کە لە ڕێگای ئەو دامەزراوەوە دەشێ قسە لەسەر هەموو دەزگا باڵاکانی پەروەردەی ئێمە بکرێت ولەوێشەوە هەم لەبارەی لاوان و حەزو ئارەزووەکانیان و لەهەمان کاتدا سرووشتی کارکردن و توانایشیانەوە گفتوگۆ بکرایەوە و ئەوەش بوایەتە بنەمایەك بۆ قسە کردن لە سەر نوخبەی هەڵگری بڕوانامەی زانکۆ و ئەو دەورەی کە لە کۆمەڵگادا دەیبینن لەگەڵ ئەو دەورەی کە دەبوو بیبینن. لێرە لە سەر زمانی کچەکەوە چەند شتێکمان بۆ ئاشکرا دەبێت ، یەکەم ئەو ڕاڕەو سەردابە سەردەمانێك شوێنی ڕاپۆرت نووسینی قوتابیان بووە لەسەر دەرسە وشك و ڕەق و ناخۆشەکان. کەواتە لێرەدا ئاخاوتن لەسەر سرووشتی ئەو دەرسانە دێتە ئاراوە کە قوتابی زانکۆدا دەیخوێنێت کە وشك و بێچێژو ناخۆشن و بەوپێیەش دەردەکەوێت کە ئەو دەرسانە پەیوەندیان بە ژیانی قوتابییەوە نییەو دوورو نزیك هیچ گوزارشتێك لە حەزو ئارەزوو سۆزو بۆچوونی قوتابیان ناکەن. ئەوەش وادەکات کە قوتابی هەست بکات کارێکی بەسەردا دەسەپێنرێت لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆیەتی ، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم دامەزراوە لاوان لەو قۆناغە هەستیارەی ژیانیاندا ناچار دەکات بۆ کۆمەڵە شتێك کە ئەمان نەك حەزیان لێی نییە بەڵکو لێیشی بێزارن.ئەم سەپاندنەی سیستەمی خوێندن لە ئاکامدا نەوەیەکی لاوازو بێ ئیرادەو نەشارەزاو بیر تەسك بەرهەم دێنێت کە ئەوەش وادەکات زانکۆ لە بری ئەوەی دەوری هەبێت لە ڕێکخستن و بەرەو پێشەوە بردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وکەلتووری و عەقڵی کۆمەڵگادا و دەوری دەبێت لە بەرهەمهێنانی نەوەیەکی توندو تیژی داخراوی تاك ڕەهەند بین کە جگە لە خۆی کەسی تر نەبینێت.

راپۆرتی قوتابییەکان هەڵگری ئەم لێکدانەوەیەن بۆ پرۆگرامی خوێندن و عەقڵی بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوە گرنگە.قوتابییەکان بەشی زۆری کاتەکانیان بە دواندنی حەزو ئارەزووە تایبەتی و تاکە کەسییەکانی خۆیانەوە بەسەر دەبەن.بەڵام ئەوەش لە ئاستی نەبینراو و نەگوتراو و نەبیستراودا دەبێت و بە نهێنی دەکرێت ، واتە تاکەکان رادەهێنرێن بۆ ئەوەی راستییەکانی ناخی خۆیان بشارنەوە ، ئەو شاردنەوەیەش لە بنەڕەتدا مانای کوشتنی ئازادی و سەربەستییە کەواتە لێرەوەو لە میانەی گەڕان بە دوای ناوێکدا پەردە لەسەر نهێنییەك هەڵدەدرێتەوە کە لە بنەڕەتدا نەبوونی بوێری لە لای لاوانی ئەو دامەزراوەیە نیشان دەدات بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی لە بەرامبەر رەگەزەکەی تردا دەیشارنەوەو لە واقیعیشدا هەرکام لەو دوو رەگەزە پەرۆشی پەیوەندی رۆحی و جەسەدییە لەگەڵ رەگەزەکەی تردا کەچی ئەوە لە نێوانیانداو لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ ناکرێت بەڵکو لە شێوەی نهێنی و لە چوارچێوەی نامەی عەشقدا دەردەبڕێت کە دەشێ ئەو نامانە هەرگیز بەوی بەرامبەر نەگەن. بە واتا لە نێو ئەم دەزگا باڵایەی خوێندندا نە زمانی رۆح و نە زمانی جەستە لە نێوان دوو رەگەزەکەدا دروست نابێت. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ قۆناغێکی سەرەتایی لە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەو هۆکارانەی لە پشتی دروستکردنی ئەم حاڵەتەوەن چین؟ ئایا داب و نەریت و ئایینە؟ یان عەقڵی داخراوی هەردوو رەگەزەکەیە کە هەر جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ ئەوی رەگەزی بەرامبەردای کردۆتە تابۆ؟ یان خودی ئەو دامەزراوەو عەقڵی باوی کۆمەڵگا رێگرن لە بەردەم دروستبوونی هەر پەیوەندییەکی کراوەی نێوان ئەو دوو رەگەزەدا؟

بێگومان کاتێ دەڵێین دروستنەبوونی زمانی رۆح و جەستە لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا بە گشتی و لە قۆناغی زانکۆدا بە تایبەتی سیمای قۆناغێکی سەرەتایی ژیانی

کۆمەڵگایە ، مەبەست ئەوە نییە کە لە قۆناغی ژیانی سەرەتایدا ڕەگەزە بەرامبەرەکان لە یەکتر دوور بوون ، نەخێر بە پێچەوانەوە لەو قۆناغەدا هیچ کۆت و پێوەندێکی ئەوتۆ لەسەر پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی جەستەیی دوو ڕەگەزەکە نەبووە ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کاتێك زمانی لێك تێگەیشتن لە نێوانیندا نەبێت مانای وایە ئەو پێکهاتەیە لە قۆناغی بەر لە درووستبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی کردندایە. هەر ئەوەشە کە هەست دەکەیت لە نێو زانکۆی ئێمەدا لە بری زمانی بەکارهێنراوی ڕۆحی و جەستەیی لە نێوان ڕەگەزە جیاوازەکاندا زمانی خۆنمایشکردنێکی ساختە بۆ یەکتری هەیە بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکراو بەربلاو بتوانن دیوارەکانی نێوانیان بڕوخێنن و چیتر نامەی قاچاخی عەشق و خۆشەویستی لە دوو توێی فایلە کۆن و ڕزیوەکاندا نەشارنەوە.بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین دامەزراوەی زاننکۆ سەرباری ئەوەی کە تیایدا هەردوو ڕەگەزەکە لە قۆناغێکی هەستیاری ژیانی لاوێتیدا پێکەوە کۆدەبنەوە بەلاَم دیوارەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە هەر بە ئەستووری دەمێنێتەوەو ناروخێنرێت.

دیارە ئەم خاسێتەی زانکۆی ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەخات هەرچەندە زانکۆ دامەزراوەیەکی باڵای خوێندنەو زیاتر بەرهەمی کۆمەڵگا شارستانی و پێشکەوتووەکانە بەلاَم لە کۆمەڵگای ئێمەدا دامەزراوەیەکی ئاساییە وەکو هەموو دامەزراوەکانیتری ئەم کۆمەڵگایەو هەمان عەقڵ و کەلتوورو پرینسیپی ژیانی کۆمەلاَیەتی کۆمەڵگای ئێرە بە ڕێوەی دەبات و تەنانەت لە سرووشت و ماهیەتی زانکۆی ئێمەدا جۆرێك لە خۆنەناسین هەیەو هەر لەبەر ئەوەی ناوی زانکۆیە وای لێکدەداتەوە هەمان خاسێت و سرووشتی زانکۆی ولاَتانی پێشکەوتووی هەیە ، بەلاَم لە گەوهەرو ماهیەتدا و بە تایبەتیش لە ڕووی کۆمەلاَیەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەوە دەزگایەکی ئاساییە هەمان شێوەی دەزگاکانی

تری ئەم کۆمەڵگایە.کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت تێگەیشتنی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا تێگەیشتنێکی هەڵەیە لەسەر دامەزراوی زانکۆ لە کاتێکدا وای بۆ دەچێت هەر کە پێی نایە ناو حەرەمی زانکۆوە ئیتر وەکو مار کاژەکەی فڕێ دەدات و دەگۆڕێت و دوای چوار ساڵیش کە هاتە دەرەوە دەبێتە مەخلوقێکی تەواو جیاواز لەوەی پێشترو تەنانەت جیاوازیش لە هەموو ئەو بەشە فراوانەی خەڵك کە نەچوونەتە زانکۆ. دەشێ ئەمە جۆرێك لە تێڕوانین بێت بۆ ئەو نوخبەیەی کە دەبێت زانکۆ بەرهەمی نهێنێت. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە ئایا زانکۆی ئێمە توانیوویێتی سادەترین شێوەی ئەو نوخبەیە درووست بکات کە لە کۆمەڵگادا شوناسی نوخبەیان پێ ببڕێت و لە هەمان کاتیشدا دەوریان هەبێت لە ئامادەکردنی پرۆژەی گۆڕانکاریدا.

لە نێو ئەو نامانەی کە لە دوو توێی فایلە کۆن و رزیووەکاندا تۆز لێیان نیشتووە نامەکانی ژاکۆن لە هەموویان دیارترن. هەروەك ئەم چیرۆکەش بە ناوی ئەو نامانەوە ناونراوە. کەواتە دەبێ ئەم نامانە لە گەوهەرو ماهیەتدا رەسەنترین نامەی عیشق و دڵداری بن و لە جوانی و هەستیاریدا سەرنج راکێشترین نامەبن. دەشێ بپرسین ژاکۆن کێیە؟ ژاکۆن یەکێکە لەو قوتابییانە کچانەی کە ماوەی دوورو درێژ لە راڕەوە تەنگە بەرەکانی ئەو تۆمارگایەدا ماوەتەوەو بە حیساب سەرقاڵی نووسینی راپۆرت بووە لە سەر دەرسە وشك و بێ تامەکان. بەڵام لەو ساتانەدا جوانترین و بە چێژترین نامەکانی عیشق و دڵداری نووسیووە.هەرچەندە نازانرێت ئایا ئەو نامانە بۆ کەسێکی دیار نووسراون یان لە بنەرەتدا کۆمەڵێ نامەی گشتین و گوزارشت لە هەست و رۆحی هەرکەسێك دەکەن کە شنە بای عیشق لە رۆحی سەرکوتکراوییەوە هەڵیکردبێت. بەواتایەکی دی دەتوانین بڵێین نامەکانی ژاکۆن نامەی هەر عاشقێکن لە هەر سەردەم و سەر زەمینێکدا بێت چونکە بە هەستێکی عاشقانەی پەرۆشەوە

نووساون و گوزارشت لە راستییەکانی ناخی لاوێکی هەستیار دەکەن بۆ دواندنی رەگەزەکەی بەرامبەری.

نامەکانی ژاکۆن نامەی کچێکی عاشقە کە ئازاری تەنیایی رۆحی دەکرۆژێت ، کچێك کە هەست دەکات چەندین چرای گەش لە ناخیدا دەسووتێن ،بەلاّم تەنیایی و هەستکردن بە نەبوونی خۆشەویستی رۆژانە ئەو چرایانە کز دەکات و دەیانکوژێنێتەوە تا ئەنجام ناخی دەبێتە تاریکستان. لە چرکەساتی کوژانەوەی چراکان و بە تاریکستان بوونی ناخیدا پەنا بۆ رزگارکەرێك دەبات و داوای لێدەکات لەو حاڵەتە ترسناکە رزگاری بکات. کوژانەوەی چراکانی ناخ مانای کوژاندنەوەی چرای ژیانە چونکە ساتێك ئەو چرایانە دەکوژێنەوە کە مرۆڤ هیچ ئومێدێکی نەمێنێت. هەڵبەت دەشێ لە بنەڕەتدا ئەو چرایانە بە ئومێدی جۆراو جۆری ژیان دابنرێن و کوژاندنەوەی هەر چرایەك هەرەسهێنانی ئومێدێکە هەتا سەرئەنجام ئەم مرۆڤە هەستیارە هەست دەکات هەموو هیواکانی هەرەسیان هێناوە ، ئەو هیوایانەی کە پاڵنەری ژیان و هەموو چالاکیە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤن ، مرۆڤێك کە هێشتا لە سەردەمی لاوێتیدایەو هەزاران خەون و هیوای هەیە ،بەلاّم تەنیایی هەموو خەونەکانی هەڵدەوەشێنێتەوەو هەموو هیواکانی دەڕوخێنێت.

ژاکۆن لە نامەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە کاتێ بە ئومێدی بەدیهێنانی خەونوکانی بووە سەرمەستانە جولاّوەو جلی لە بەرکردووەو خۆی بە جوانترین شێوە نمایش کردووە بە تایبەتی کاتێ باسی جل و بەرگەکانی و سیماو روخسارو بەشەکانی جەستەی خۆی دەکات و ئەو وەسف و وێناکردنە قەشەنگەی خۆیی و بەشەکانی جەستەی بۆ ئەوی دلّدار دەنێرێت بەو هیوایەیە کە کاری لێ بکات و بیجولێنێت ،یان سەرنجی ئەو بەلای خۆیدا رابکێشێت. بێگومان ئەوە حاڵێتێکی سرووشتییە کە نەك هەر لە مرۆڤدا بەلّکو لە هەموو زیندەوەرانی

تریشدا هەر ڕەگەزە هەوڵدەدات بە جوانترین شێوە لە بەرامبەر ڕەگەزەکەی تردا دەربکەوێت یان خۆی نیشان بدات. دیارە ئەوەش دەزانین کە لە کاتێکدا هەریەکە لە دوو ڕەگەزەکە بە تایبەتی لە سەروەختی لاوێتیدا بە جوانترین شێوە خۆیان لە بەرامبەر ڕەگەزەکەی تریاندا دەردەخەن ، بەلاّم بەلاّم ئەو بوێرییەیان نییە لەگەڵ یەکتردا بکەونە دواندن و دیوارەکانی نێوانیان بڕوخێنن. هەڵبەت ئەم قسەیەمان پەیوەستە بەو جوگرافیاو واقیعە کۆمەلاّیەتییەوە کە ئەم چیرۆکەکەی تیدا بەرهەم هاتووە. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین نامە قاچاخەکانی عیشق و دلّداری لە غیاب و نەبوونی عیشق و دلّدارییەکی ڕاستەوخۆو ڕاستەقینەی نێوان دوو ڕەگەزەکەدا لە دایك بوون.

کاتێ زمانی دواندنی ڕۆح و جەستە لە نێون ئەو کچ و کوڕە لاوانەدا درووست نابێت ، لە ڕێگای زمانێکی ترەوە هەست و سۆزی پەنگ خواردووی ناوەوە بەرامبەر بەوی ڕەگەزەکەی تر دەردەبڕێت کە ئەویش زمانی نووسینە. لەسەر جوگرافیای ئەم چیرۆکە نامەکانی عیشق بە گشتی و نامەکانی ژاکۆن بە تایبەتی لە بری ئەوەی بۆ کەسێکی تایبەت ئاراستە کرابن و گفتوگۆی نێوان دوو عاشق بن ، نامەی یەك لایەنەن و بە شێوەیەکی گشتی ئاراستە کراون بۆ هەر کەسێك کە هاوبەش بێت لە هەمان هەست و سۆزدا.هەر ئەوەش وایکردووە کە لەبری ئەوەی لەلای کەسێکی دی واتە لە لای دلّدارەکەی بدۆزرێنەوە ، لە فایلە کۆن و تۆز لەسەر نیشتووەکاندا دەدۆزرێنەوە. وەکو پێشتریش گوتمان نامەکانی ژاکۆن باسی ئەو مردنە هێمنە دەکەن کە مرۆڤ لە نەبوون و قەیرانی خۆشەویستی و لە نەبوونی کەسێکدا کە لە رووی رۆحیەوە تێی بگات و پێوەی بەند بێت روو دەدات. واتە ئەم چیرۆکە لە ئاستێکی قوڵدا لەو مردنە رۆحی و مەعنەوییە دەدوێت کە مرۆڤ لە ئەنجامی هەست بە تەنیایی کردندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

ژاکۆن باسی ئەوە دەکات ئەگەر بیزانیایە کوژاندنەوەی چراکانی ناخی هێندە ئازار بەخشن ئەوا هەرگیز ئەو چرایانەی هەڵنەدەکرد. هەروەك کچەکەش لەگەڵ ئەودا دەڵێت (دەشێ ئەو چرایانە دانەگیرسێن؟) واتە پرسیار دەکات ، بێگومان ئەگەر ئەو چرایانە چرای عیشق و خۆشەویستی و ئومێدو ژیاندۆستی و ئایندە خوازی بن ، ئەوا ئەوی مرۆڤ ناتوانێت دەسەلاتیان بەسەردا بکات چونکە سەرچاوەی ئەمانە لە دەرەوەی توانای مرۆڤەو لەبری ئەوەی مرۆڤ ئەوان کۆنترۆڵ بکات، ئەوان دەسەلات بەسەر مرۆڤدا دەکەن و دەیجولێنن و ئاراستەی دەکەن بە تایبەتی مەسەلەی خۆشەویستی و مەسەلە رۆحییەکانی مرۆڤ لە شوێنێکەوە سەرچاوە دەگرن مرۆگ لە ئاستیاندا دەستەوسانە ، هەندێ لەو مەسەلانەش راستەوخۆ پەیوەستن بە غەریزەو دنیای فیسیۆلۆژی مرۆڤەوە.واتە لە رووبەرێکدان لە دەرووەی دەسەلاتی مرۆڤ خۆیدان ،بۆیە مرۆڤ بە دەستی خۆی نییە کە ئەو چرایانە دابگیرسێنێت یان نا. کاتێکیش کە کچە کارمەندەکەدەپرسێ لەوەی ئایا دەشێ ئەو چرایانە دابگیرسێن ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش هێشتا لە شێوازو سرووشتی چراکانی ناخی مرۆڤ و چۆنێتی داگیساندنیان و چۆنێتی ئیشکردنیان شارەزا نییە. راستیەکەشی ئەوەیە کە بە گشتی ناخی مرۆڤ زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە هەروەا بە ئاسانی لێی شارەزابین.

ژاکۆن وای نیشان دەدات کە خۆی ئەو چرایانەی داگیرساندووە ، ئەگەر مەبەست لە داگیرساندنی چراکان دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی بێت لەگەڵ رەگەزەکەی تردا ئەوا دەبێ بتوانێت ئەو پەیوەندییە دروست بکات ، بەلاّم ئەگەر مەبەست هەستی ناخی خۆی بێت بۆ پێویستبوونی بەو پەیوەنییەو چراکانیش هێزی پاڵنەرو رۆحی ئەو پەیوەندییە بن ئەوا لە دەرەوەی دەسەلاتی ئەودان.

نامەکانی ژاکۆن دەبنە مانیفێست بۆ هەموو ئەو کچ و کوڕە گەنجانەی کە نەیانتوانیووە ئەو پەیوەندییە ببەستن و بە فیعلی عیشق بکەن بۆیە گەڕاونەتەوە بۆ نێو ڕاڕەوە تەسك و تۆزاوییەکان و نامەکانی ژاکۆنیان کۆپی کردووەو چێژیان لە خوێندنەوەیان وەرگرتووە چونکە ئەو نامانە بریتی بوون لە گوزارشت کردنی هەست و سۆزی هەموو ئەو لاوانەی کە تینووی پەیوەندی بوون و بۆیان نەگونجاوە ئەو پەیوەنییە درووست بکەن ، ئێستا بەو سۆزە پەنگ خواردووەی نێو نامەکانی ژاکۆن نەمامی زەرد هەڵگەڕاوی هەست و سۆزی ناخی خۆیان ئاو دەدەن. ئەو چێژەی لە خوێندنەوەی ئەو نامانە دەیبینن ئەوەیە کە ئاسودەییەك بە ناخیان دەبەخشێت.

بیستنی دەنگی گۆرانی کچێك کە نامەکانی ژاکۆنی کردۆتە گۆرانی  و شەش ساڵ دوای ژاکۆن هاتۆتە ئەو ڕاڕەوانەو لە فایلە ڕزیوو تۆزاوییەکاندا نامە قاچاخەکانی دۆزیووەتەوە دیارە زۆر پێیان سەرسام بووە بۆیە هەموویانی کردۆتە گۆرانی.  گۆرانییەکانیش هەمان ئێش و ژانەکانی ژاکۆنن بەڵاّم گوزارشت لە ئازارەکانی ئەو کچە گۆرانی بێژەو هەموو قوتابییەکانی تریش دەکات چونکە بەگشتی هەست دەکەن زانکۆ بەشێکی دیاری تەمەنی لاوێتی لێ بردوون و لە بەرامبەردا هیچی پێنەبەخشیوون ، بەڵکو بە هەمان ئەو بەرگەوە دەگەڕێنەوە کە پێشتر پێیەوە هاتبوون ، تەنانەت خەم و ئازارەکانیشیان زیاتر بوون چونکە ئەوەی چاوەڕوان بوون لە زانکۆدا بەدەستی بهێنن و دیوارەکانی تەنیایی بڕوخێنن وەها دەرنەچوو ، بەڵکو بەگشتی وەکو گەڵاّی ئەو درەختە تەنیاو زووتن کە ژاکۆن خۆی پیناساندو لە ژێر سێبەرەکەیدا ڕاوەستا و هەرچەندە نە ئەم توانی چێژ لە جوانی  و سوود لە سێبەرەکەی وەربگرێت نە ئەویش توانی درەختێکی بەخشندە بێت و بەخشینی بۆ ئەم هەبێت.بە واتا زانکۆ وەکو ئەو درەختە زرەیە کە ناتوانێت هیچ بەرهەم بهێنێت و هیچ درووست بکات و

هیچ ببەخشێت وێنەی کچەی گۆرانی بێژیش بریتییە لە درێژبوونەوەی مێژووی ئازارەکانی ژاکۆن کە ئازاری هەموو قوتابیەکانە. دەنگی ئەم کچەش لە شوێنە قوڵ و نادیارو تەپوتۆزاوییەکانی راڕەوە و سەردابەکەوە دێت کە لە شوێنێکەوەیە نە دەبیسترێ و نە کەس پێی دەگات. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سەرچاوەی نامەکانی ژاکۆن لە رووبەرە نەزانراو و پڕ لە نهێنییەکانی ناخیدا سەریان هەڵداوەوسەرچاوەی ئەو سۆزو هەڵچوون و هەستکردن بە پێوویستبوونی خۆشەویستی و سۆزو میهری ئەوی رەگەزی بەرامبەر بە گوێرەی مرۆڤ مادەم کۆنترۆڵ ناکرێت وەکو نهێنییەك سەیر دەکرێت. دەنگی کچەکە دەنگی ناخی ژاکۆنە کە نازانرێت ئەو دەنگە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. دەنگێکە داوای رزگاربوون لەو حاڵوتە دەکات کە تیایدا تەنیایی رۆحی دەخوات و ئومێدەکانی هەرەس پێ دەهێنن و چراکانی ناخی یەك یەك دەکوژێنەوە.

لە کاتێکدا فایلەکان ناوی نهێنی چەندین کوڕو کچی لاویان تێدایەو چەندین نامەی قاچاخی خۆشەویستی فایلەکانی پڕ کردۆتەوەو دەنگی کچێکیش بە سۆزەوە نامەکانی ژاکۆن دەکات بە گۆرانی ، لە لایەکی ترەوە هەندێ لە فابلەکان فایلی پیاوانی مێژوون ، واتە ئەوانەی لە سەردەمی خۆیاندا رۆڵ و کاریگەری لە بەرچاویان هەبووەو هەروا بە ئاسانی تەسلیمی داواکارییەکانی ناخیان نەبوون یان لە ئاستێکی تردا هەموو حەزو ئارەزووەغەریزەیی و بایۆلۆژییەکانی ناخی خۆیانیان گەیاندووەتە ئستس بڵند بوون و مێژوویان پێ درووست کردووە. دەنگی ناو ئەو فایلانە داوا لە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکات کە ئەو نامە سووکانەی عیشق دلّداری فڕ بدات و گوێ بۆ پیوانی مێژوو بگرێت. بەلاَز ئەم بەلایەوە پەسەندە بە دوای حەزو ئارەزووە تایبەتەکانی خۆیدا بڕوات تا ئەنجام یەکێك لە پیاوانی مێژوو بە خەنجەرێکی بە خۆڵ بوو پیاوەتی ئەم دەکوژێت.

کوشتنی پیاوەتی ئەم کەسێتیە لە ناو حەرەمی زانکۆدا مانای کوشتنی حەزو ئارەزووی دنیایی لە نێو ئەو دامەزراوەیەدا. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین ئەو پیاوەی لە مێژووەوە دەکەرێتەوە بە خەنجەرێك پیاوەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکوژێت ، ئەوە بریتییە لە رابردوو بریتییە لە کەلتوورو عەقڵ و داب و نەریتی نێو ئەم کۆمەڵگایە کە هەمیشە لە ژیانی نەوەکانی دواتردا دەوری خۆی دەبینێت. راستە دەشێ لە هەر سەردەمێکدا نەوەیەك هەبن بیانەوێت ئەو کەلتوورو داب و نەریتە بڕوخێنن ، بەلاّم رەگ و ریشەی ئەو رابردووەی کە کەلتوور و داب و نەریت و عەقڵی ئەو ئێستاش کاردەکات و ئامادە بوونی هەیە و بە ئاسانی دەتوانێت بەربەست دابنێت و لە کاتی پێویستدا کاری خۆیشی بکات بە جۆرێك هەموو خەونەکانی ئاینده هەڵوەشێنێتەوە. ئێستا پاڵەوانی ئەم چیرۆکە وەکو لاوێکی لیبراڵ دەردەکەوێت بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە پێ دەنێتە نێو زانکۆوە دەیەوێت پێش هەموو شتێك خۆی بگۆڕێت و لەوێشەوە گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی دەست پێبکات ، بەلاّم پێش هەڵهێنانەوەی هەنگاوی یەکەم ،رابردوو بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لە خۆیی و بۆ پاراستنی خۆی لە هەر هەڕەشەیەکی داهاتوو لە چرکە ساتێکدا پیاوەتی ئەو لاوە دەکوژێت کە لەسەر ئاستی کۆمەلاّیەتی بریتییە لە کوشتنی پیاوەتی نەوەیەك کە بە ئومێدی گۆڕانکارییە ، واتە ئەو کوشتنە بریتییە لە کوشتنی هەر پرۆژەیەکی گۆڕانکاری لە واقیعی داخراوی ئێمەدا واتە ئەو واقیعەی کە چیرۆکەکەی تیا بەرهەم هاتووە. هەروەك کوشتنی پیاوەتی ئەویش لە نێو حەرەمی زانکۆدا مانای ئەوەیە زانکۆ ئەو شوێنەیە کە دەبێتە زەمینە بۆ کوشتنی پیاوەتی نەوەیەك  کە مەبەست لەوەش کوشتنی هەر بکەرێکە کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری. ئەم لێکدانەوەیەش لەگەڵ عەقڵیەتی خۆپاریزانەی زانکۆی ئێمەدا بە تەواوەتی دەگونجێت.

کەسێتی چیرۆکەکە کە هەر خۆیشی گێڕەرەوەیە هەست دەکات ئەو خەنجەرە لەتی دەکات ، دواتریش پێی دەڵێت تۆ دەبیتە خاوەنی خەنجەرێك کە دنیا لەت دەکات. بێگومان لێرەدا واتێدەگەین کە ئەم دوای کوشتنی پیاوەتی هێزێکی ئەفسانەیی پێدەبەخشرێت کە دەتوانێت زۆر کاری گەورە بکات. دەشێ ئەمە وەها لێکبدەینەوە کە غەریزەی جووتبوون و گەڕان بەدوای ویستە بایۆلۆژییەکاندا کە لاوانی وێڵ و نیگەران کردووەو هەزاران نامەی قاچاخی پینووسیوون ، توانای ئەم لاوانەی کوشتووە. دوولەتکردنی گونی ئەم کە کەسێتییە جۆرێکە لە خەساندن توانای ئەم کەسێتییە بە جۆرێکی تر ئاراستە دەکات و لە بری سەرقاڵ بوون بە مەسەلەی عیشق و دواکەوتنی رەگەزی بەرامبەرەوە ، دەبێتە خاوەنی هێزێکی بلندبووی ئەفسانەیی کە توانای لەتکردنی دنیای دەبێت واتە دەبێتە بکەرێکی رووداو درووستکەر. هەرچەندە لە روویەکی ترەوە خەساندن جۆرێکە لە کوشتنی توانای بکەری و هێشتنەوەی ئەو کەسێتییەیە لە بارێکی ناکارایی و بێ بەرهەمیدا.

لە لایەکی ترەوە بە روانینی کچەکە دەبێ دنیا وەکو دوو لێو لەت بکرێت بۆ ئەوەی توانای دواندنی هەبێت.بێگومان دەبێ مەبەست لە دوو لەت بوون جۆرێك لە کرانەوە بێت ، کرانەوە بەو مانایەی کە ئامادەبوونی ئەندامانی ئاخاوتنە بۆ دواندن کەواتە دیسان دەشێ وای بۆ بچین کە دواکەوتنی حەزو ئارەزووە تایبەتیەکانی لاوان و گەڕان بە تەنیا بە دوای عەشقدا دەبێتە حاڵەتێك کە زمان بوونی نامێنێت ، یان بە مانایەکی تر ئاخاوتن خاسێتەکانی خۆی لە دەست دەدات و چیتر ئامرازێك لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا نامێنێت بۆ پەیوەندی کردن و لێکتر تێگەیشتن. هەروەك دنیا دەشوبهێنرێت بە ژن و بۆ ئەوەی بدوێت دەبێ بکرێتەوە.دەشێ مەبەست لە کردنەوە لێرەدا یەکەم کردەی سێکسی بێت کە تیایدا پەردەی پاکیزەیی دەدرێت. ئەوسا مەگەر سانسۆری داب و نەریت و رەوشت و ئایین ببنە

رێگر ، ئەگینا ئەو دنیایە کە دنیای ژنە دەتوانێت بیٚ ترس لەوەی جارێکی تر ئەو پەردەیە لە دەست بدات پەیوەندی خۆی لەگەل پیاو ئەنجام بدات کە ئەوەش ئەوساتەوەختەیە کە تیایدا زمانی جەستە درووست دەبێت  بەو مانایەی کە ئاخاوتنی نێوان دوو جەستە بە ئازادی فەراهەم دەبێت.

دوا نامەی ژاکۆنیش هەر هەمان لێکدانەوەی سەرەوەی بۆ دەکرێت کاتی ژاکۆن بەئاشکرا داوا لە هەر کەسێکی رەگەزی بەرامبەر دەکات کە خاوەنی خەنجەری پیاوەتییە بێت و ئەم هەڵبدرێت واتە لەگەڵی بکەوێتە دواندن و ئەو دەرگایەی جەستەی کە لە درووستبوونییەوە تاکو ئەو کاتە بە پەردەیەکی تەنکی سرووشتی داخراوە یان هەر بە داخراوی درووستکراوە بۆی بکاتەوە واتە لە پەردەی پاکیزەیی کە وەکو گرێیەکی دەروونی لێهاتووە بۆ رزگاری بکات بۆ ئەوەی لەوە بە دواوە نتوانێت پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئەو کەسەدا ببەستێت کە خاوەنی خەنجەری پیاوتیە ، واتە ژاکۆن داوای درووستکردنی پیوەندی جەستەیی راستەوخۆی نێوان دوو رەگزەکەدەکات و وایش پێدەچێت کە پێی وابێت هەتا پەیوندی راستەوخۆی جەسەدی لە نێوان دوو رەگەزەکەدا درووست نەبێت دیوارو بەربەستەکانی نێوانیان نارِوخێت ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاخاوتن لە دوای ئەو کرانەوەیە درووست دەبێت کە مەبەست لێی کرانەوەی پەردەی کچێنییە.

دوای نامە قاچاخەکانی عیشق و دڵداری سەرەی نامەکانی شەرِ دێن واتە فایلە کۆن و رزیووەکان تەنیا هەر نامەکانی دڵداریان لەخۆ نەگرتووە بەڵکو نامەی تریشیان تێدایە. نامەکانی شەرِ چەندین رارِەویان داگیر کردووەو نهێنییەکانی شەرِو ئازاری شەهیدەکان نیشان دەدەن. نامەی شەهیدێك لەوە دەدوێت کە چگە لە ترسی هاورِێکانی هیچی تری نییە بۆ دڵدارەکەی یان بۆ ئەو کەسەی بنێرێت کە نامەکەی بۆ دەنووسێت. ئەو شەهیدە تەنیا باسی

ئەو یادەوەرییانە لە نامەکەیدا دەکات کە پێش شەهیدبوونی لە زانکۆ چۆن ئەوواتە ئەو کەسەی کە نامەکەی بۆ رەوانە دەکات چرای هەرە گەشی رووناکی ناخی ئەم بووە. ئەم باسی حەزوو ئارەزووەکانی ئەوسای خۆی و جوانی و بزەی ئەو و نەوێرانی خۆی بۆ دەکات بۆ نزیك بوونەوەو بەیەك گەیشتن.لێرەدا دەردەکەوێت نامەی شەهیدیش لە بری ئەوەی کە باسی چەمکی شەهیدبوون و ماناو بەهای شەهیدبوون و گێڕانەوەی نرخ و بەها و پایە بۆ شەهید بکات کەچی ئەویش هەمان ئازارەکانی کوڕو کچە لاوەکانی زانکۆ باس دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کۆمەڵگایە بەگشتی لە بەردەم قەیرانێکی ترسناکدایە کە قەیرانی خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان دوو رەگەزەکەیە.

دوای بینینی ئەم هەموو فایلە رزیوو تۆز لیَ نیشتوانە کەسێتی چیرۆکەکە دەگاتە ئەوەی کە گەڕان بە دوای ناوێکب بچکۆلەدا لە نێو دنیایەکی وەها فراواندا یان لە نیو ئەو هەموو فایلانەدا جۆرێکە لە گێلێتی ، چونکە پێی وایە هەروا بە ئاسانی ئەو ناوە نادۆزێتەوە، دەشیَ ئەمەش وەها لێکبدرێتەوە کە ناو کاتێك خاسێتی ناوی دەبێت کە ئامادەبوونی هەبێت و لە رێگای ئەو ئامادەبوونەوە ببێتە ناوێکی ناسراو. ئەم ناوێکی نەناسراوە ، واتە هیچ ئامادەبوونێکی نییە. تەنانەت کە دواتریش کچەکە ناوەکەی دەدۆزێتەوە فایلەکەی هیچ وەرەقەیەکی تێدا نییە.ئەمەش بەڵگەی نائامادەبوونیەتی. بە واتا ئەم کەسێتییە کە هەم گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیەو هەم کەسی دیارشە لە چیرۆکەکەدا پێش هاتنی بۆ زانکۆ هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبووە هەتا ببێتە ناوێکی ناسراو ، لەگەڵ هاتنە ناو زانکۆشدا لە راڕەوو سەردابە بیَ کۆتاییەکانی شوێنی فایلی نهێنی شاردا ونبووەو هەموو ئامادەبوونێکی لە گوێگرتن لە نامەکانی ژاکۆن و لە گوێگرتن لەو گۆرانیانەدا دەردەکەوێت کە لە سەردابەکانەوە دەبیسترێن ، ئەمەش ناتوانێت هیچ ئامادەبوونێکی بۆ

دەستەبەر بکات. بێگومان ئەم حاڵەتی ئامادەنەبوونەش پەیوەندی بە نەبوونی رووداوو گێڕانەوەیەکی ئاسۆییەوە هەیە لە چیرۆکەکەدا کە کەسێتییەکی وەسفی دوور لە کردارو چالاکیمان بۆ بەرهەم دەهێنێت.

کاتێك کچەکە باسی ئەوە دەکات کە دەبێ هەرکەسە ناوێکی هەبێت و ناوەکان پێش پیاوەکان دەچنە نێو شەڕەکان ، ئەم دەستبەجێ دەگەڕێتەوەبۆ یادوەری خۆی و ئەو چرکەساتەی بیردەکەوێتەوە کە یەکێك لە پیاوەکانی مێژوو پیاوەتی ئەمی تێدا کوشت بۆ ئەوەی چیتر دوای عیشق و ئارەزووی دنیایی نەکەوێت ، بۆیە لە بەرامبەر کچەکەدا راستەوخۆ رایدەگەیەنێت کە ئەم پیاو نییە.کەواتە جارێکی تر دەشێ نەبوونی کردار لەم چیرۆکەدا بەند بکرێتەوە بە رووخاندنی توانای پیاوەتی کەسێتی چیرۆکەکەوە. کەسێك کە پێشتر بە هیوا بوو زانکۆ بیگۆڕێت وبیکاتە مرۆڤێکی تر بەلاّم زانکۆ خەساندی و کردیە مرۆڤێکی ناکردەی بێبەرهەم. دەشێ درووستبوونی ئەو دیوارە ئەستوورەی نێوان هەردوو رەگەزەکە سەرباری دەیان بەربەستی رۆحی و دەروونی پەیوەندی بەو خەنجەرەوە هەبێت کە یەکێك لە پیاوەکانی مێژوو سرەواندییە پیاوەتی پاڵەوانی ئەم چیرۆکەکە کە نوێنەری هەموو کوڕانی زانکۆیە.

دوای دۆزینەوەی ناوەکەی، پاڵەوانی چیۆکەکە بە هیوای گەیاندنی نامە قاچاخەکانی ژاکۆن بە هاوڕێکانی  و بە کوڕو کچانی تر دەگەڕێتەوەو سەردابەکان بەجێدەهێڵێت. لەو کاتەدا ئەم پێی وایە ئەگەر کوڕان و کچانی زانکۆ ئەو نامانە بخوێننەوە، نەك هەر خۆیان دەگۆڕێن و هەموو دیوارەکانی نێوانیان هەرەس دەهێنێت بەڵکو مامۆستا وشك و بێ سۆزو دەرس قورەسەکانیش ناچار دەکەن کە ئەو شێوازە نادروستەی خۆیان بەلاوە بنێن و بگەنە ئەو بۆچوونەی کە هاوکێشەی ئەو دنبا قورسە بە ئەوان نانووسرێتەوە.

بەهەر حاڵ ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە ڕاڕەوی دووردوودرێژی فابلەکان بەجێ دەهێڵێت و دەگەڕێتەوە ، بەڵام هەر بە خێرایی فەرمانێك فرێی دەداتەوە نێو پۆلی خوێندن و لە گەڵ هەمان واقیعی وشك و بێ گیانی وانە خوێندندا بە یەك دەگەنەوە.لێرەدا واهەست دەکات نامەکانی ژاکۆن بەجێی دەهێڵن و بێبەرهەم دەمێنێتەوە ، قوتابییەکانیش لە بری بۆن و بەرامەی نامەکانی ژاکۆن ، بۆنی فایلە رزیووەکان و تەپوتۆزی ڕاڕەو و سەردابەکە لە جەستەی ئەم هەڵدەمژن. کەواتە دیسان ئەو تاکە ئومێدەی کە دەشیا بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە ببووایە بە کردارێکی بەرهەمدار ئەویش درووست نەبوو ، هۆکەشی ئەوەیە کە شێوازی پەروەردەو داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و یاساو دیسپلینەکانی خوێندن بە جۆرێك قوتابیان لە قاڵب داوە کە تەنانەت ئامادەگی وەرگرتنی شتە جوانەکانیشیان نەماوە. بە واتایەکی دی ئەم دامەزراوە نەوەیەك بەرهەم دێنێت لە دەرەوەی ژیان و زیندەگانی و چێژو خۆشەویستی.بۆیە کاتێ ئەم نامەکلنی ژاکۆن لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێت و بۆیان دەهێنێتەوە ، ئەوان نەك ناتوانن بۆن و بەرامەی ئەو نامانە بکەن بەڵکو بە نموونەیەکی سەیرو کەم بەهای دادەنێن و لە خوار ئاستی ئاساییەوە سەیریان دەکەن و فەرمانی مامۆستاشلەو کاتەدا ئەم دەگێڕێتەوە بۆ ترسناکترین چرکەساتی تەمەنی منداڵی خۆی کە ئەو چرکەساتە تفت و تاڵەیە کە میزی تیا دەکرد بە خۆیدا. لێرەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەو ترسەی خێزان لە رۆحی منداڵدا دەیچێنێت لە قۆناغەکانی خوێندندا هەر لە سەرەتاییەوە تاکو زانکۆ دووبارەو چەند بارە دەبێتەوە کە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەو خووەش ترسە کە توندو تیژی درووستی دەکات. ئەویش سەرئەنجام کەسێتییەکی لەرزۆکی ترسنۆکی لاواز بەرهەم دەهێنێت کە هەمیشە لە باری هەست بە کەمی کردندا دەژی و ناتوانێت خۆی بۆ دەرەوەی خۆی نمایش بکات. ئەگەر وێنەی ئەم کەسێتیە لاوازو تێکشکاوە بگوازینەوە بۆ نێو واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە ئەوا

دەتوانین بڵێین کەسێتی کوردی مۆدێلی راستەقینەی ئەو کەسێتە لاوازو تێکشکاوەیە کە پەروەردەی خێزان و دامەزراوی پەروەردە لە پلەی یەکەمدا بەرپرسن لە سرووشتی نائامادەو لاوازو تێکشکاوو هەست بەکەمی کردنی ئەو کەسێتیە.واتە تا ئاستێکی دیار دەتوانین بڵێین دامەزراوی خێزان و پەروەردە بەرپرسن لە مانەوەی کەسێتی کوردی لە پەراوێزی مێژوودا چونکە ئەم دامەزراوانە نەیانتوانیووە کەسێتییەکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنن کە توانای بە بکەربوونی هەبێت و بگاتە ئەوەی کە رووداو درووست بکات.

کەسێتی چیرۆکەکە لە نێوپۆلی خوێندندا کاتێ دەبینێت کەسێك قوتابییەکان دەپشکنێت ئەم ترس دایدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ یادوەری رابردوو. کاتێ کە ئەمیش دەپشکنێ ، دەستبەجێ وەکو سەردەمی منداڵی میز دەکاتەوە بەخۆیدا. بەڵام قوتابییەکانی تر لە بری ئەوەی سۆزیان بۆی بجوڵێت و پرسیار لە هۆکاری ئەو رووداوە بکەن ،کەچی پێی پێدەکەنن چونکە پێیان وایە ئەم کەسێتیە توانای ئەوەی نییە نهێنییەکان بشارێتەوە. هەروەك ئەم کەسێتییە نهێنییەکی گرنگیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و ئەویش مانەوەی ئەو خەنجەرەیە کە یەکێك لە پیاوانی ریش سپی مێژوو سرەواندیە پیاوەتی ئەم و لە نێوان دوو رانیدا ماوەتەوە. بەڵام خەنجەرەکە دەردەکێشرێت بەوەش هەموو سیحرو نهێنییەکانی خەنجەرەکە هەڵدەوەشێتەوە.

ئەگەر خەنجەرەکە بەمەبەستی کوشتنی پیاوەتی لە نێو گەڵی ئەم درابێت ، ئەوا مانەوەی لەوێدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ناشێت پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە کوشتنی پیاوەتی ئەوەوە هەبێت بۆیە ئەمەش وەکو زووداوێك لەو رووبەرەدا مانایەکی بۆ نادۆزرێتەوە. ئەگەر ئەم خەنجەرەش وەکو هێزێك توانیبێتی لەو ماوەیەی کە لەوێدا ماوەتەوە پیاوەتی ئەوی لە کار خستبێت ئەوا دەبێ دوای دەرهێنانی پیاوەتی و خەساندنی جارێکی تر ئەم کەسێتیە

زیندوو ببێتەوە. بەلاّم ئایا کاتیێ پیاوەتی ئەم کەسە زیندوو بێتەوە جارێکی دی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی حەزوو ئارەزووەکانی لەو رووبەرەدا کە یەکێك لە پیاوەکانی مێژوو بە جوگرافیای فاحیشەکان ناوی دەبات واتە پێی وایە ئەو جوگرافیایە فاحیشە بەرهەم دێنێت.یان ئەم کەسە لەوە بەدواوە رێگای پیاوانی مێژوو دەگرێتە بەرو هەموو حەزو ئارەزووە دنیاییەکانی دەگەیەتێتە ئاستی بلّند بوون و لە پێناوی بیناکردن و ئاوەدانی و بەرهەمهێنانی شارستانێتیدا دەکەوێتە کار.

لە کەلتووری کوردیدا خەنجەر هێمای پیاوەتیە ، بەلاّم لێرەدا چیرۆکنووس جۆرێك لە تێکەلاّوکردنی ماناو دەلالاتی بەخشیووە بە خەنجەرەکە. لە لایەك خەنجەر وەکو ئامرازێك بەکار دێت بۆ کوشتنی پیاوەتی و لە هەمان کاتیشدا جۆرە هێزو سیحرێکی پێدەبەخشێت ، بەلاّم تەنیا کاتێك ئەو هێزو سیحرەی دەبێت کە لە نێو گەلّی ئەودا بێت. ، دیسان لێرەوە سەرنجمان بەلای ئەوەدا دەڕوات کە خەنجەرەکە ئەندامی جووتبوونی پیاو نیشان بدات.بەلاّم ئەوەی جێگای پرسیارە دەبیێ بۆچی یەکێك لە پیاوانی مێژوو ئەو خەنجەرە بسرەوێنێتە ناو گەلّی ئەم؟ ئایا دەشیێ وەها بیر بکەینەوە کە پیاوەتی ئەو هێزەیە کە مێژوو پێمان دەبەخشێت یان مێژوو دەیسەپێنێت بەسەرماندا ؟ بەلاّم راستیەکەی ئەوەیە کە ئەو خەنجەرەی بۆیە لێداوە بۆ ئەوەی پیاوەتی بکوژێت و چیتر بە دوای حەزو ئارەزووەکانیدا نەڕوات.

هەروەك دەشیێ خەنجەر وەکو ئەندامی جووتبوونی پیاو بەکار هاتبێت بە تایبەتی کاتیێ باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو خەنجەرە دەتوانێت دنیا لەت بکات بە واتا لێرەدا مەبەست لە دنیا ئەندامی جووتبوونی ئافرەتەو ئەوەشی لەتی دەکات ئەمدامی جووتبوونی پیاوە. بەلاّم کەسێتی چیۆکەکە رایدەگەیەنێت کە ئەو دنیایە لەوە زیاتر لەت نابێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کەسێتیە توانای بەکارهێنانی خەنجەرەکەی نییە واتە لە بنەڕەتدا توانای

پیاوەتی نییە. هەڵبەت ئەمەشراستەوخۆ لەگەڵ بینای کەسێتی چیرۆکەکەو شێوازی گێڕانەوەکەیدا ڕێك دەکەوێت کە کەسێتیەکی ناکردەیەو توانای ئەنجامدانی کرداری نییە ، ئەوەش وەکو پێشتر گوتمان پەیوەندی بە چۆنیچتی گێڕانەوەوە هەیە کە کەسی یەکەمی تاك گێڕەرەوەیەو لەم حاڵەتەشدا گێڕانەوە فراوانترین ڕووبەر دیاری دەکات و گێڕانەوەش لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم کەسێتیە خۆیەوە هەیە ، ڕووبەری وەسفکردن فراوانترو ڕووبەری کارو جوڵە تەسکتر دەبێتەوەو بەوپێیەش هەڵکشان و لوتکەی ڕووداوو هاتنە خوارەوە ڕووبەرێکی ئەوتۆ ناگرنەوە.لە بارەشدا چیرۆکەکە دەبێت چیرۆکێکی وەسفی کە ئەمەش لەلایەك لەگەڵ سرووشتی ئەو توێژەدا دەگونجێت کە قوتابیانن و چیرۆکەکەلێیان دەدوێت ، لەلایەکی ترەوە ئەم کەسێتیە وێناکردنێکی واقیعیانەی کەسێتی کوردییە لە مێژوودا کە کەسێتییەکی لاوازو ناکاراو نائامادەیە لە ڕووی خۆسەلماندن و بەرهەمهێنانی شارستانێتیەوە.

ئەو دەرسە ناخۆشەی کە کەسێتی چیرۆکەکە دوای گەڕانێکی زۆر لە ڕاڕەوەکانداو گەڕانەوەی بۆ نێو قوتابیان تێی فرێدەدرێت ، پاش لێدانی زەنگەکە تەواو دەبێت.دەشێ ئەوە زەنگی کۆتایی هێنان بێت بە بەشێك لە ژیانی وشك و بێبەرهەمی نێو ئەو پۆلانەی خوێندن کە پاش چوار ساڵ کەسێتی چیرۆکەکە چۆن هاتبوو بە هەمان شێوە دەگەڕێتەوەو بەجێیا دەهێڵێت و تەنانەت ئەو بەرگەی لەبەر دەرگا فرێی دابوو دیسانەوە لێوەی ئالآیەوەو کاتێکیش گەڕایەوە لای دایکی ، دایکی لە باوەشی کردو گوتیی " کوڕی من هەروەك خۆیەتی ،بۆنی ، رەنگی ، هەرگیز ناگۆڕێت ".

ئەمەش دیسان دەریدەخات کە دامەزراوی زانکۆی ئیمە توانای ئەوەی نییە لە ماوەی خوێندندا هیچ گۆڕانکارییەك درووست بکات.واتە ئەوەی کە پێویستەو دەبێت زانکۆ

بیکات ناکرێت ، لە کاتێکدا کە زانکۆ ئەرکی درووستکردنی نوخبەیەکە کە دەوریان هەبێت لە گۆڕانکاریدا، دەوریان هەبێت لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگادا ، دەوریا هەبێت لە برهەمهێنانی فیکردا.

لە هەمان کاتدا ئەم چیرۆکە ئەو جیهانبینییەمان بۆ بەرهەم دەهێنێت کە رابردوو، داب و نەریت و کەلتووری کۆمەڵگا لە هەر کاتێکدا دەوری کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ژیانی کۆمەلآیەتی و چۆتێتی درووستبوونی کەسێتی کۆمەلآیەتی و تەنانەت کەسێتی تاکە کەسیش ، هەروەها هەمیشە روانینێکی خۆپارێزانە درووست دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگا بە هەموو خاسێتەکانییەوە وەکو خۆی نمێنێتەوەو هەموو دامودەزگا هاوچەرخە خواستراوەکانی دەرەوەش رکێف بکەن و هیچ رووبەرێك بۆ گۆڕانکاری نەهێڵنەوە ، بە واتایەکی دی رابردوو بە هەموو خاسێتەکانییەوە لە ئێستادا دەژی و کاردەکات و بڕیار دەدات. زانکۆی ئێمە دامەزراوێکی نێو ئەم کۆمەڵگایەیەو ئەویش سەرباری ملکەچی بۆ کەلتوورو عەقڵی باوی کۆمەڵگا خۆیشی خاوەنی شوناسێکی دیاری ئەوتۆ نییە کە بتوانێت بوونی خۆی وەکو دامەزراوێکی مۆدێرن بسەلمێنێت.

سلێمانی/ 2007

# دەسەڵاتی رابردوو لە کوشتنی ئێستاو ئایندەدا

# لە چیرۆکی (خوێنی کونەپەپوو )ی کاروان عومەر کاکەسووردا

خوێنی کونە پەپوو یەکێکە لە چیرۆکەکانی کاروان عومەر کاکەسوور لەکە کۆمەڵە چیرۆکی ئەسپیدیلۆن دا بلاوی کردۆتەوە.لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم چیرۆکە بکەین و هەوڵبدەین لە روانگەی شیکردنەوەی بنیادی هونەری دەقەکەوە لە دوای دیاری کردنی پرسیاری دەقەکەو ئەو دەلالات و مانایانە بگەرێین کە ئەم چیرۆکە هەڵیگرتووە و لەوێشەوە قسە لەسەر جیهانبینی گشتی دەقەکە بکەین. لێرەدا پێمباشە کورتەی رووداوی چیرۆکەکە بگێرمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت باسی چی دەکەین. لەم چیرۆکەدا تەنیا کەسێتیەکی ئامادە هەیەو هەرخۆیشی گێرەرەوەیەو سەرجەمی رووداو لەچیرۆکەکەدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندی بەم کەسێتەوە هەیە.ئەم کەسێتیەش کچێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵەو لەئێستادا راوەستاوەو ئۆتۆبایۆگرافیای تایبەتی خۆی دەگێرێتەوە لەو کاتەوە کە چووەتە زانکۆ تاکو ئەم چرکە ساتەی کە تیایدا دەژی.کچە لەئێستادا خۆی بەجوانی دەگۆرێت و چاوەروانی ئەوە دەکات ئەو کورە گەنجەی کە تازە بووەتە دراوسێیان دوای کوژاندنەوەی کارەبا بێت و لەدەرگاکەیان بدات بە بیانووی داواکردنی چرایەك و ئەمیش بەنازەوە دوای چەند پرسیارێك دەرگاکەی بۆ بکاتەوەو بە خەیاڵی خۆی یەکتری لەئامێز بکەن.ئەم کچە ئەزموونی سەردەمی ژیانی زانکۆی خۆی لەگەڵ کوران و چۆنێتی تێکەلاو بوون و هەڵس و کەوت لە گەڵ کردنیان دەگێرێتەوە کە بە شێوەیەکی کراوە رەفتاری لەگەڵ هەمووان کردووەو ئەوەش دواتر بووەتە مایەی گرفت و سەرئێشەی زۆر بۆی و چەندین قسەوقسەلۆکی دواخراوە.ئەم هەرچەندە ویستوویەتی ببێتە

پەڕەسێلکە بەڵام زوو بۆی دەردەکەوێت کە نەوەی کونەپەپووە چونکە لە دایکێکی سوزانی هەڵگیراوو بەشێوەیەکی ناشەرعی لە دایکبووە.کاتێ ئەو هەموو قسانەی کە دوایخراوە دەبیستێت بەخەفەت و نیگەرانیەوە دەگەڕێتەوە ژوورەکەی خۆیی و دەیەوێت لەئاوێنە سەیری ئەندامی جووتبوونی خۆی بکات و بیپشکنێت تا بزانێت ئایا پەردەی پاکیزەیی لە دەستداوە یان نا.لەو کاتەدا دوو هاوڕێکەی خۆیان دەکەن بەژووردا، کەبەو جۆرە دەیبینن وای بۆ دەچن کەخەریکی سەرگەرمی کاری نهێنیە ئەوانیش دەتەقنەوە بە سەریداو بە بەرەڵاو داوێن پیس ناوی دەبەن و، دوای ئەوەش بەجێی دەهێڵن. ئەم پاش ماوەیەك بەرووتی دەچێتە دەرەوە بەو ئومێدەی خەڵکی بیکوژن بەڵام لەبری ئەوەی کە وەکو ئافرەتێکی رووت بیبینن کەچی وەکو کونەپەپوویەك دەیبینن، لێرەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی خۆی کە چۆن باوکی کچە قەرەچێکی هەڵگرتووەو باپیرەشی کە پیاوێکی خواپەرست بووە لەخوا پاڕاوەتەوە کە ئەو ئافرەتە قەرەچە لەبەرچاوی باوکی ببێتە کونەپەپوو ،هەرچەندە ئەو پاڕانەوەیەی باپیرەی بەدیهاتووە بەڵام هێشتا باوکی ئەو قەرەچەی خۆشوویستووە کەچی قەرەچەکە ناپاکی لەگەڵ کردووە ئەم بەرهەمی ئەو ناپاکیەیە،باوکی لە ئەنجامی ئەو ناپاکیەی ژنەکەیدا خۆی دەکوژێت ،ئەم هەوڵی کوشتنی دایکی دەدات بەڵام سەرکوتوو نابێت.دواجار ئەم لەروانینی پیاوە داوێن پاکە بەژمارە کەمەکانەوە لەبری ئەوەی وەکو کونەپەپوو دەربکەوێت وەکو ئافرەتێکی رووت دەردەکەوێت،ئەمەش وەکو پێوانەیەك بۆجیاکردنەوەی پیاوان و ژنانی داوێن پاك لە پیاوان و ژنانی داوێن پیس دادەنرێت کە سەرئەنجام زۆرینەی خەڵك داوێن پیس دەردەچن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوەکان ژنەکان بکوژن. ئێستا ئەم چاوەڕوانی کوڕەکەیە بێت بۆ

ئەوەی بۆی دەرکەوێت کە مرۆڤە نەك کەنەپەپوو،بەلاّم کوڕەکە نایەت ،سەرئەنجام ئەم دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە دەشیّ هێشتا مرۆڤ بێت بەلاّم دلّنیایە لەوەی کە پەڕەسێلکە نییە.

سەرەتا ئەگەر سەرنجی ناونیشانی ئەم دەقە بدەین(خوێنی کونەپەپوو) ئەوا لە لایەك ئەو دەلالەتە ئاشکرا دەبێت کە ئەم ناونیشانە هەلّیدەگرێت لە لایەکی ترەوە ئەم ناونیشانە دەرگای چوونە نێو دەقەکە لە بەردەمماندا دەکاتەوە.خوێن هەلّگری دەلالەتی کوشتن و لە نێو بردنە بەلاّم کاتیّ دەبێت بە خوێن کونەپەپوو رووبەری مەرگەسات فراوانتر دەبێت لەکاتێکدا ئەوبالّندەیە هێمای ترس و کارەسات و مەرگ و وێرانکارییە.لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەلّدەدات ئایا خوێنی کونوپەپوو لەچ روویەکەوە پەیوەندی هەیە لەگەلّ جیهانبینی گشتی دەقەکەدا؟بێگومان وەلاّمی ئەم پرسیارە بەجێدەهێلّین تا لەمیانەی شیکردنەوەو چوونە نێو دەقەکەو شۆڕبوونەوە بۆ نێو ئاستە نادیارەکانی وەلاّم بدرێتەوە هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە لە بنەڕەتدا نە ئەرکی ئەم لێکۆلّینەوەیەو نە ئەرکی هیچ لێکۆلّینەوەیەکی تری رەخنەی دەق وەلاّمدانەوەی پرسیار نییە بەو ئەندازەی کە دیاریکردنی پرسیارەکان و چۆنێتی ئاراست کردنیانە.

گێڕەرەوە وەکو پێشتر گوتمان کە کەسێتی ئامادەی نێو چیرۆکەکەیە لەو چرکە ساتەوە کە هەولّی خۆئامادە کردن دەدات بۆ پێشوازی کردن لەو کوڕە گەنجەی کەتازە بووەتە دراوسێیان،دەست بە گێڕانەوەی رووداوەکانی چیرۆکەکە دەکات کەهەموو جولّەو رووداوێکی نێو چیرۆکەکە پەیوەندی راستەوخۆی بەوەوە هەیە. لە دەستپێبکی گێڕانەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتیە کە کچێکی تەمەن لەخوار سی سالاّنەوەیە دەیەوێت بەخۆڕازاندنەوەو جوانکردنی روکەشی کار لەو کوڕە لاوە بکات کەئەم پێیوایە کوڕەکە پێی سەرسامە.لێرەدا بێگومان چیرۆکنووس حالّەتێکی ئاسایی ئەوتۆی بەرجەستە کردووە

که له بوونی سەرجەم بوونەوەراندا ئامادەبوونی هەیە که هەر رەگەزە هەوڵدەدات بەشێوازو ڕێگای جۆراو جۆر سەرنجی رەگەزەکەی تر بۆلای خۆی رابکێشێت.ئەم کەسێتیە لەکاتێکدا که هەوڵدەدات بەو جۆرە خۆی له بەرامبەر ئەو کوڕە گەنجەدا دەربخات لەهەمان کاتدا ئەوەش ئاشکرادەکات کەئەم هەڵگری پرۆژەیەکە بۆتۆڵەکردنەوە واتە ئەم هەڵگری رقێکە بەرامبەر بە کوڕان کە ئەوەش لە ئەنجامی ئەو هەموو هەڵسوکەوتە توندو تیژەدا دروستبووە کە لە قۆناغی ژیانی زانکۆدا بەرامبەری کراوە لە کاتێکدا کە ئەم بەجۆرێکی جیاواز له هەمووکچانی هاوڕێی رەفتاری کردووەو گوایە کچێکی کراوەتر بووە لە چاو ئەوانی تردا ،بەلاّم ئەوەی بەخراپی بۆ شکاوەتەوەو بۆتە جێگای قسەو باسی خەڵکی.ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو واقیعەی ئەمی تیا ژیاوە واقیعێکە بەرهەمی پەیوەندی کۆمەلاّیەتی تایبەت بەخۆی و هەرجۆرە پەیوەندی وهەڵسوکەوتێك کە لەگەڵ داب و نەریت و رەفتاری باوی کۆمەڵگادا نەگونجێت ئەوە دەبێتە مایەی رەخنە لێگرتن و گرفت بۆ ئەنجامدەرەکەی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەتاکەکەس چەندێ هەوڵبدات بۆ رەفتار کردن لەدەرەوەی واقیعی باوی کۆمەلاّیەتی ناشێت هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ درووست بکات بەڵکو دەشێ خۆی لەو ئاقارەدا ببێتە قوربانی، هەرچەندە ناکرێت دەوری نوخبە لە گۆڕانکاری کۆمەلاّیەتی و مێژوویدا پشتگوێ بخرێت.

دیارە لێرەدا لە رووی زەمینەو پێشینەی ئەم کەسێتیەوە کە لەسەرەتادا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی کەسێتی خۆیەوە نادرکێنێت یان باشتر وایە بڵێین شتێکی ئەو تۆی لەبارەوە نازانرێت هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ مان لەبەردەستدا نییە تا بەهۆیەوە بزانین کەخاوەنی دیدو بۆچوونێکی رادیکالانەیەو هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاریە ئەم کەسێتیە کە لەدرێژەی گێڕانەوەو قسەو هەڵسوکەوتەکانیدا دەردەکەوێت کچێکی گەنجی چینی. خوارەوەی

کۆمەڵگایە، باوکی کەلەراستیشدا باوکی شەرعی نییە هەر کە دایکی بە ناشەرعی سکی بەم پڕ دەبێت خۆی دەکوژێت کەواتە ئەم کەسێتیە وەکو منداڵێکی بێ باوك و لەلایەن دایکێکی هەڵگیراوەوە پەروەردە دەکرێت،هەرچەندە ئەم خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات بەلاّم لەرووی نەستەوە جۆریك لە هەست بەکەمی کردن لە بوونیدا ئامادەبوونی هەیەو هەر ئەو هەستەشە وایلێکردووە کە بەو جۆرە کراوەیە رەفتار بکات، واتە ئەو جۆرە رەفتارکردنە هەوڵێك بووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو باری هەست بە کەمیکردنە.

ئەم کچە دوای هەستکردنی بەشکستی رابردوو ئەویش لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی کراوەی لەگەڵ کوڕانداو سەرباری پەرۆشبوونیشی بۆ گەیشتن بە رەگەزی بەرامبەر بەلاّم تا ئەندازەیەکی دیار بەچاوی ئەوێکی دژ یان نەیار دەڕوانێتە پیاوان ئەمەش وایلێدەکات کە هەڵگری دیدێکی دوژمنکارانە بێت بەرامبەر بە ئەوی پیاو و نزیکبوونەوەشی لەو کوڕەی کە تازە بووەتە دراوسێیان زیاتر بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوەیە ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم کچە سەرباری ئەوەی کە خۆی پێشتر وەکو تاکێکی جیاواز لە کۆی گشتی خەڵك رەفتاری کردووەو ویستوویەتی دەوری نوخبە ببینێت کەچی لە هەڵسوکەوت کردنیدا لە بەرامبەر پیاواندا تەنیا یەك روانینی هەیەو هەموویان بەیەك چاو سەیر دەکات. ئەمەش لە خۆیدا جۆرێك لە دووفاقی ئەو کەسێتە نیشان دەدات.دیارە ئەگەر لە روانگەی مارکسیزمەوە سەیر بکەین ئەم کەسێتە کە بەپێی ئاستی خوێندنی و پایەی کۆمەلاّیەتی وردە بۆرژوایە کە ئەم پێکهاتە کۆمەلاّیەتیەش بارێکی ناجێگیری هەیە لە رووی فیکری ودەرونیشەوە،بێگومان یەکێك لەسیما دیارەکانی کەسێتیەکانی چیرۆکەکانی کاروان عومەرئەوەیە کەهەڵبژاردەیەکن لەخوێندکاری زانکۆو کەسانی گەنجی سەر بە وردە بۆرژوا یان چینی ناوەند کە ئەمانەش زیاتر کەسانی ناجێگیرن و هەڵگری ویست و ئارەزووی

گۆڕانن بەلاّم بەدەگمەن خاوەنی پرۆژەو بەرنامەی دیاری کراون بەڵکو زیاتر بەسۆزو عاتیفەو هەڵچوون و کاردانەوە کار دەکەن ،هەرئەم هۆکارانەشە کە هەڵوێستی کاردانەوەو جۆرێك لە گیانی تۆڵەسەندنەوەی لەلای ئەم کچە درووست کردووە.

ئەم کچە کە لە یەکەم رۆژی چوونە زانکۆیەوە بەشێوەیەکی کراوەو وەکو کوڕان پێیان دەگوت پیاوانەو ئازایانە رەفتاری دەکرد، جۆرێك لە متمانە بوونی بە راستی و درووستی هەڵوێستی خۆیی لەلا درووست بووە بە جۆرێك کە واهەست بکات کە کەسێکی تەواو و بێ کەموکورتیە، بەلاّم ئەم بۆچوونەی هەتا سەر بەردەوام نابێت و جۆرێك لەگومانی لادروست دەبێت بە تایبەتی لەو رۆژەوە کە لەگەڵ سالاری فیزیادا دەکەوێتە گفتوگۆوە کاتێ ئەم بە سالار دەڵێت بۆهەتاهەتایە پێکەوەبن،ئەو بەجۆرێك وەلاّمی دەداتەوە کە ئەم توشی خورپەیەك دەکات چونکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو پێی دەڵێت کە ئامادە نییە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ ئەمدا پێکبهێنێت. ئەم وەلاّمە ناڕاستەوخۆیە وای لێدەکات وێستێك بکات و بەجۆرێك هەست بەساویلکەیی خۆی بکات. بێگومان ئەو چرکە ساتەی کەمرۆڤ دەگاتە ئەوەی هەست بەدەبەنگی یان ساویلکەیی خۆی بکات مانای وایە سەرەتایەك بۆ خۆناسین دێتە ئاراوە. دیارە هەر دەرکەوتنی ئەو سەرەتایەشە کەوا لەم کەسێتە دەکات کە بەرەو ئەو تێگەیشتنە بچێت کە ئەوانەی وەسفی شێوازو جۆری هەڵسوکەوتەکانی ئەم دەکەن کەچی ئامادە نین لەگەڵیدا بژین.لێرەوە دەشێ سەرەتایەك بۆ پەیبردن بە راستی مەسەلەکان سەرهەڵبدات.

گێڕەرەوە کە خودی کچەکە خۆیەتی تێڕوانینی ئەو کوڕانە لەبەرامبەر خۆیدا ئاشکرا دەکات کەبە مارکسی ناویان دەبات وگوایە بەبۆچوونی ئەوان ئەم ئازاترین و تێگەیشتووترین کچی زانکۆیە چونکە بە تەنیا توانیوویەتی بێسڵکردنەوە لە گەڵ کوڕاندا

هەڵسوکەوت بکات و بەو پێیەش هەوڵبدات هاوشانی و یەکسانی نێوان دوو ڕەگەزەکە بسەلمێنێت، ئەمەش بەرجەستەکردنێکی جوان و ئاشکرای مارکسیەکانی ئێمەیە کە دوور لەتێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵگاو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وداب و نەریت و عەقڵی باو لە سەربنەمای ڕەفتاری تاکە کەسی وەهمی گۆڕانکارییان بنیاد دەنا ، ئەمەش زیاتر شێوازی جۆرێك لە پەشێویی و فەوزای کۆمەڵایەتی بەرهەمهێناوەو سەرئەنجامیش چەندین تاکە کەسی لەجۆری پاڵەوانی ئەم چیرۆکەی دووچاری ونبوون و تێکشکاندن کردووە.لێرەدا چیرۆکنووس وێنەیەکی درووستی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵی قۆناغی زانکۆی ئێمە پێشکەش دەکات کەزۆرێك لەئێمە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەو هەندێ چیرۆکی تری کارواندا هەست بکەین کەئەوە بەشێکە لەژیانی ڕۆژانی زانکۆی ئێمە،ئەمەش زیاتر بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەمانبات کەچۆن کاروان توانیویەتی لەدرێژەی ئەزموونی ژیانی زانکۆی خۆی ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێ دەقی زیندوی هەڵگری پرسیاری گرنگ دەستەبەر بکات و لەو میانەشدا کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ سەبارەت بە ژیانی گەنج و زانکۆ و کێبەرکێی تێروانینە فیکرییە جیاوازو لەگەڵ یەکتر ناکۆکەکان بخاتەروو.ئەمە سەرباری خستنە رووی ئاستی لاوازی تێگەیشتنی خوێندکارو هەموو ئێمەش وەکو کۆمەڵگا لە کایە فیکرییەکان و وەرگرتنی تەنیا هەندێ شتی سادەو رروکەش و کەم بەهاو هەوڵدانیش بۆ سەپاندنی ئەو بۆچوونە سادەو رووکەشانە بە سەر هەمووواندا ئەویش لەو روانگەیەوە کە پێمان وابووە ئێمە خاوەنی راستترین بیرو باوەڕین و ئەوی لەگەڵ ئێمەدا نییە دواکەوتوو کۆنەپەرست و نەزانە ئەمەش ئەو پەروەردە نادروست و ناتەواوە بووە کە ئێمە لە مارکسیزم و کایە فیکرییەکانی ترمان وەرگرتووە.

کەسێتی چیرۆکەکە هۆکاری پەیوەندی کراوەی خۆی  دەگێڕێتەوە بۆ کاریگەری قسەی ئەو کوڕەی کە پێی گوتبوو ئافرەت وەکو پەڕەسێلکە وایە ، هەردووکیان وەکو یەك ناسکن، بەلاَم پەڕەسێلکە ئازاترە چونکە لەنێو ماڵی مرۆڤدا هێلانە دەکات و بەوەش مرۆڤ ناچار دەکات بیپارێزێت.ئەمە جگە لەوەی کە لە بارەی پیرۆزی پەڕەسێلکەوە بۆی دەدوێت و بە جۆرێك کاری لێدەکات کە ئەم پەڕەسێلکەی لەلا ببێتە نموونەی بالاَو هەولَبدات لەژیانی خۆیدا ببێتە پەڕەسێلکە.دیارە لێرەدا گەڕانەوەیەك بۆبەهای پەڕەسێلکە لەروانینی ئیسلامەوە دێتە ئاراوە کە پەڕەسێلکە وەکو باڵندەیەکی پیرۆز سەیر دەکرێت و چەندین جارلەقورئاندا ناوی هاتووە،ئەمەو خاسێتی سروشتی ئەم باڵندەیە وایکردووە لەمرۆڤی مسولَمان کەئەم باڵندەی خۆش بوێت و بە پیرۆز سەیری بکات و زۆر جاریش پڕکێشی ئەوە نەکات کەئازاری بدات یان ماڵی لێتێکبدات. لێرەدا بە ئاشکرا جۆرێك لە هاوشێوە کردن لەنێوان ئافرەت و پەڕەسێلکەدا دەکرێت کە ئەویش لە چەند ئاستی دیاردا بەرجەستە دەبێت کەیەکەمیان لەو روانگەیەوەیە ئافرەت و پەڕەسێلکە هەردووکیان دوو ئەفریدەبووی کەم هێزو لاوازن کەئەم بۆچوونەش رەگ و ریشەیەکی ئایینی هەیە.ئاستی دووەم ئەوەیە کەئەم دوو بوونەوەرە هەردووکیان بە پیرۆز سەیر دەکرێن بە تایبەتی کاتێ ئافرەت وەکو دایك سەیر بکرێت کە دیسان ئەمەش سەرچاوەیەکی ئایینی هەیەو بەندە بە چەندین ئایەت و فەرموودەوە کە دیارترینیان ئەوەیە کە پێی وایە بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە یان رازیکردنی دایك و باوك رازیکردنی خودایە.ئاستی سێیەم ئەوەیە کە هەریەکە لەئافرەت و پەڕەسێلکە دەیانەوێت لەنێو ماڵی پیاودا یان لەنێو قولاَیی دلَی پیاودا جێگای خۆیان بکەنەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەریەکە لەم دوو بوونەوەرە کە یەکێکیان مرۆڤەو ئەویتریشیان باڵندەیە بە دوای هێزێکدا دەگەڕێن کە لەو ئاستەدا بێت هەم

بیانپارێزێت و هەم دڵنیابیان پێببەخشێت. سەرباری هاوشێوە بوونی نێوان ئافرەت و پەرەسێلکە بەڵام لەسنووری دەقەکەدا پەرەسێلکە کراوە بە نموونەی باڵاو هەوڵدەدرێت ئافرەت بۆ ئەوەی بەنامۆیی نەکەوێتە نێو باوەشی پیاوەوەو پیاویش هەڵینەلوشێت باشتر وایە چاو لە پەرەسێلکە بکات و خۆی بە ویستی خۆی هەوڵبدات لە نێو دڵی پیاودا جێگای خۆی بگرێت. واتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت کاتێ کە تەنیا پیاو بەدوای ئافرەتدا رادەکات بۆ ئەوەی رامی بکات رووبەرێکی ئەوتۆ بۆ هاوسنگی نامێنێتەوە چونکە لەپرۆسەیەکی لەم جۆرەدا شێوازێك لەکاری بازرگانی دەردەکەوێت کە چۆن پیاو لەژیانی تایبەتی رۆژانەی خۆیدا بەدوای کاڵاو پێداویستی ژیاندا دەروات بەهەمان جۆرو شێوازیش بەدوای ئافرەتدا دەروات بەڵام کاتێ ئافرەت خۆی دەسەپێنێت و لەنێو دڵی پیاودا جێگای خۆی دەگرێت کەواتە دەتوانێت ببێتە بەشێك لە بوونی پیاو. لەم حاڵەتەشدا وەکو هاوشانی پیاو دەردەکەوێت و چیتر لەبەردەم مەترسی لەناو چوون و هەڵلوشیندا نابێت لە لایەن پیاوەوە وەکو ئەوەی یەکێك لە کورەکان بەکچەکەی گوتبوو. ئەم کچە بە شێوەیەکی پڕ لە بڕواوە ئەو قسەیە وەردەگرێت و هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا بەردەوام دەیڵێتەوەو تەنانەت وایشی دەردەخات کە نەك هەرخۆی بە پەرەسێلکە دەزانێت بەڵکو هەوڵیش دەدات کچانی تریش بکات بەپەرەسێلکە، هەرچەندە ئەوان بەئاسانی گوێ بۆئەم ناگرن چونکە ئەوان دەیانەوێت بەپێی داب و نەریتی باوی کۆمەڵگا رەفتار بکەن و سەرباری ئەوەشی کە لە گەڵ کوراندا پێکەوەن لە ناو هۆڵەکانی خوێندندا بەڵام لە ئاستی ئاشکرادا بە شێوەیەکی خۆپارێزانە کاردەکەن و دەشێ بەوردیش هەوڵ بدەن لە نێو دڵی پیاواندا جێگای خۆیان بگرن بەواتایەکی دی دەیانەوێت ببنە پەرەسێلکە.لێرەدا دوو جۆر کەسێتی دەردەکەوێت کە یەکەمیان ئەم کچەی چیرۆکەکە

نوێنەرایەتی دەکات و واینیشان دەدات کە  پێشکەوتن خوازو شۆڕشگێڕەو هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری کۆمەلأیەتیە ، بەلأم ئەم کەسێتیە زیاتر نموونەی کەسێتییەکی رووکەش و تێنەگەیشتووە لە واقیعی ژیانی کۆمەلأیەتی کۆمەلگاو تەنانەت تێنەگەیشتوو لە گەوهەری ئەو فیکرو ئایدیۆلۆژیایەی کەخۆی بەهەلگری دەزانێت، بەواتا ئەم کەسێتیە بەلایەنی کەمەوە نموونەی راستەقینەی ئەو لاوانەیە لە سەردەمی لاوێتی چیرۆکنووس و ژیانی زانکۆیدا خۆیان بە قوتابی راستەقینەی رێبازی ماکسیزم زانیووە.

جۆری دووەمی ئەو کەسێتییەی لێرەدا دەردەکەوێت کەسێتی ئەو کچانەیە کە بەچاوێکی سووك وکەم بەهاوە دەڕواننە جۆری یەکەم و پێیان وایە ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و رەفتارە لادانە لە داب و نەریتی باوو سەرئەنجامیش نەك تەنیا بۆخودی ئەو کەسانەی کە بەو شێوەیە رەفتار دەکەن بەلکو بۆ سەرجەمی کۆمەلگا بەگشتی و بۆ ئافرەتانیش بە تایبەتی بە زەرەر دەشکێتەوەو بەلکو لە بەردەم رەگەزی بەرامبەردا واتە لەبەردەم پیاواندا سوك و بێبەهایان دەکات.ئەم کەسێتیەش کەسێتیەکی خۆپارێزەو هەوڵیش دەدات پارێزگاری لەداب و نەریت و بەها تەقلیدیەکانی کۆمەلگا بکات و هەمیشە لە گۆڕانکاری دەترسێت و بۆ رێگا گرتنیش لەهەر گۆڕانکارییەك زیاتر خۆی پەیوەست دەکاتەوە بەبەها جێگیرەکانی ژیانی کۆمەلگاوەو تەنانەت پیرۆزیشیان پێدەبەخشێت.

گێڕەرەوە کەکەسێتی دیاری ناو چیرۆکەکەیە لەئەنجامی گفتوگۆیەکی کورتی نێوان خۆی و یەکێك لە کچە کانی هاوەڵیدا دەگاتە چرکە ساتێکی گرنگ بە گوێرەی  ناسینی بوون و شووناسی راستەقینەی خۆی.ئەویش کاتێك کەئەو کچەی هاوەڵی پێی دەڵێت (تۆ ئازابە خۆت ببە بە پەرەسێلکە، خەمی ئێمەت نەبێت).ئەم دەربڕینە راستەوخۆیە زەنگێکی ترسناك ولەهەمان کاتدا گرنگ بۆ ئەم چیرۆکەکە لێدەدات و وایلێدەکات کە پرسیار لە

ئەسڵی خۆی بکات و لەو ئاقارەشدا ناسنامەی خۆی بەلایەنی کەمەوە بۆ خودی خۆی ئاشکرا دەکات و دەری دەخات کە ئەم لە ئەسڵدا کونەپەپوویەکی زۆڵە چۆن دەتوانێت ئەو ئەسڵەی خۆی ون بکات و ببێتە پەڕەسێلکە. ئەم کەسێتییە لە دواندنێکی راستەوخۆدا بۆ خودی خۆی پەردە لەسەر بوون و ئەسڵی خۆی لادەبات و بەلایەنی کەمەوە بۆ دروستکردنی جۆرێك لە قەناعەت لەلای خۆی بەوەی کە ئەم لە سەرچاوەوە لەوانی تر جیاوازەو سەرچاوەکەشی لێڵە بۆیە ناشێت لە رەفتارو هەڵسوکەوتیشدا لەوانی تر بچێت.لێرەوە بەئاشکرا لاوازی ئەم کەسێتە دەردەکەوێت کەنموونەی هەڵگری بیرۆکەی گۆڕان و تێکشکێنەری بەهاو بنەما جێگیرەکانی داب و نەریت و رەفتاری باوی کۆمەڵگایە. ئەگەر لێرەوە سنووری دەقەکە بەجێبهێڵین و لەناو واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدوای وێنەی ئەم جۆرە پاڵەوانەدا بگەڕێین ئەوا لەوە تێدەگەین کە زۆرینەی ئەوانەی کە خۆیان واپێشکەش کردووە کە هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری بوون کێ بوون و بۆچیش نەیانتوانیووە لە سەر زەمینەی واقیع ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان هەبێت و تەنانەت ئەگەرگۆڕانکاریشیان پێ نەکرێت ئەوا بتوانن پارێزگاری لەخۆیان و لەبیرو بۆچوونەکانیان بکەن و کەسێتیەکی کۆمەڵایەتی ئەو تۆشیان هەبێت کەبەرێزەوە سەیریان بکرێت چونکە لەواقیعێکی وەکو کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی کەسێتییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزو پەسەند لەروانینی کۆمەڵگاوە گرنگە بۆ هەرکارێکی دیاروگرنگ بە ئاراستەی گۆڕان.بە واتایەکی تر لە کۆمەڵگادا کەسانێك دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن کە لە رووی جەماوەریی وکۆمەڵایەتییەوە ئامادەبوونیان هەبێت و بتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن ولەو ئاستەدابن کە هەم پرۆژەی گۆڕانکارییان هەبێت هەم بزانن چۆن ئەو پرۆژەیە دەکەنە پرۆژەیەکی جەماوەری بێگومان ئەم کەسێتیەی چیرۆکەکە راستەوخۆ دەگاتە حاڵەتی هەڵسەنگاندی کەسێتی خۆی

ئەویش لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆهەڵسەنگاندی رەگ وریشەی راستەقینەی خۆی و لەوەشدا پێی وایە لەبەرئەوەی ئەم بەرهەمی پەیوەندیەکی ناشەرعیە ناشێت هیچ پیرۆزییەکی پێببەخشرێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە مرۆڤ بێ ویستی خۆی گوناهبارە چونکە دەبێ گوناهی ئەم کچە چیبێت کە دایکی لەکارێکی سێکسی ناشەرعیدا ئەمی بووە.ئەمەش لە ئاستێکی قوڵتردا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە یەکەم گوناه کە بوو بە هۆی فڕێدانی مرۆڤ بۆ سەر زەوی گیان و جەستەی سەرجەم مرۆڤایەتی بارگاوی کردووەو تاوانی یەکەم هەڵە نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە.بەواتا نەوەکان هەرچۆن لەسەر زەوی میراتگرو جێنشینی باوباپیرانیانن بەهەمان شێوەش ئالودەو گرفتارن بەگوناهو هەڵەکانی ئەوان.بۆیە دەبینین ئەم کەسێتیە بەهۆی هەڵەی دایکیەوە چۆن گرفتار دەبێت،لەلایەك کاریگەری ئەو هەڵەیە دەچێتە بوون و ماهیەتیەوە لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵگا بەو چاوە سەیری دەکات کەمادەم ئەم بەرهەمی کاری ناشەرعی و دەرەوەی پەیوەندی خێزانە کەواتە کەسێتیەکی ناتەواوەو دەشێ ئەمیش بە هەمان رێگای دایکیدا بڕوات.

کەسێتی ئەم چیرۆکە کە بەرهەمی ناپاکی دایکیەتی لە باوکی بە هیچ شێوەیەك گوناهی بوونی خۆی ناخاتە ئەستۆی باوکی.لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کەبڵێین پیاو وەك جەمسەری دووەم بەشێکی گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە هەرچۆن تاوانی یەکەم گوناه دەخرێتە ئەستۆی حەوا بە هەمان شێوە ئەم گوناهەو گوناهەکانی تریش کەلە مێژووی ژندا روویانداوە یان روودەدەن دەخرێنە ئەستۆی ژن.ئەمەش راستییەکە تاکو ئێستا لەو کۆمەڵگایەی کە چیرۆکەکەی تیا بەرهەم هاتووەو زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی تریشدا هەیەو دەبینرێت ،ئیتر کرنگ نییە ئەو ئافرەتەی کە تاوانی دەخرێتە ئەستۆ کێیەو چۆن بیر دەکاتەوەو سەر بەچ بیرو ئایدیۆلۆژیایەکە،بەڵکو ئەوەی

گرنگە ئەوەیە کەئەو ئافرەتە لە نێو واقیعی کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی رۆژهەڵاتیدا دەژی جارێکی تر کەسێتی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی ئاشکراتر شوناسی دایکی دەخاتە روو کە لەوەشدا زیاتر مەبەستیەتی پەیوەندی خۆی بە دایکیەوە ئاشکرا بکات و لەو ئاقارەشدا پێی وایە مادەم ئەم کچی دایکێکی سەرچاوە لێڵ و لە هەمان کاتیشدا رەفتار نادروستە ناشێت هەروەها بە ئاسانی لە کاریگەری بۆماوەیی و رەفتاری و کۆمەڵایەتی دایکی رزگاری ببێت،ئەمەش سەرنجمان بەلای ئەوبۆچوونەدا رادەکێشت کەچۆن وێنەی رابردوو لە ئێستادا زیندوو دەبێتەوەو چۆن رۆحی رابردوو دەسەڵات بە سەر ئێستادا دەکات و دەرباز بوون لێی کارێکی گران و تەنانەت نەشیاو دەبێت.لێرەوە لە ئاستێکی نادیاردا گەڕانەوەیەك بۆ روانینی ئیبسن هەیە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا وێنەکانی رابردوو لە شانۆگەریەکانیدا هەمیشە بە شێوازێکی تەواو نێگەتیفانە دەسەڵات بەسەر ئێستادا دەکەن.هەر لێرەوە کەسێتی چیرۆکەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەم دوور لە ویست و توانای خۆی هێزێك دەیجولێنێت کە لە دایکیەوە سەرچاوە دەگرێت.ئەوەتا دەڵێت (ئاخرمن کچی ناهیدەی دەموچاو هەڵگربووم کەهەرچی لۆتی و شەقاوەو چەورەو مەورە هەن لەم شارە دەیناسن هەموو ناوەکەیان لە سەر دەستیان کوتیووە،چی دەیکردم بە پەڕەسێلکە! ئەوە بۆچی خۆم بیرچووبووەوە؟ ئەوان چونکە وەکو من نەبوون هەموو بوون بە پەڕەسێلکە،منی کونەپەپووی کچی کونوپەپووش چاوشۆڕو زارەترەك هاتمەوە کەلاوەکەی خۆم ). لێرەدا سەرباری ئاشکراکردن،خۆناسینی ئەم کەسێتیەش ئاشکرا دەبێت بەتایبەتی لەلای خۆی، ئەمەش بارێکی نائاساییە کەسێتییەك کە پێشتر خۆی بە داواکاری گۆڕانکاری و پێشکەوتن زانیووە کەچی ئێستا بەو جۆرە بەلاوازی خۆی نمایش دەکات و راستەوخۆ لەوە دەدوێت کە ئەم کۆیلەی دەستی رابردووە ،رابردوویەك کە خۆی هیچ دەورێکی لە دروستکردن و

بنیادنانیدا نەبووە. ئێستا لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا بۆ دەبێ ئەم بە نەفرەت بکرێت لەسەر مەسەلەیەك کە لە دەرەوەی دەسەلاٚتی خۆی بەسەریدا سەپێنراوە.مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیەبۆ دەبێ ئەم لەسەر تاوان و گوناهی دایکی بە نەفرەت بکرێت؟بێگومان لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر کەلتورو عەقڵی باوی کۆمەڵگا کە جۆرە کەلتورو عەقڵێکە ناتوانێت تاکە کەس وەکو خۆی ببینێت و بەپێی بوون و تواناو کەسێتی خۆی بەهای مرۆیی پێ ببەخشێت و لەسەر کارو ئامادەبوونی تایبەتی خۆی ڕێزی لێبنێت و لەسەر هەڵەو گوناە و تاوانە تایبەتییەکانی خۆیشی سزای بدات ،بە واتایەکی تر سەرباری ئەوەی کە ئەم کەسێتییە نازانێت لە نێو واقیعی ژیانی کۆمەلاٚیەتی ئەەم کۆمەڵگایەدا چۆن هەڵسوکەوت بکات بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە بەپێی کەسێتی دایکی ئەم هەڵبسەنگێنرێت ئەوە کارێکی دژوارو نامرۆڤانەیەو دیارە ئەوەش زیاتر دەرئەنجامی کەلتوورو عەقڵی خێڵە کەئەوەش ڕاستەوخۆ وێناکردنێکی دروستی نێو واقیعی کۆمەلاٚیەتی کۆمەڵگای ئێمەیە کە چیرۆکەکەش لەم واقیعەدا بەرهەم هاتووەو وێنەکردنەوەی ئەو واقیعەیە لە شێوازێکی هونەریدا. بەواتایەکی دی دەتوانین بڵێین کاروان ڕەگەزو تۆخمەکانی بەرهەمهێنانی ئەم چیرۆکەی لەنێو واقیی ژیانی کۆمەلاٚیەتی ئێمەوە وەرگرتووە،بۆیە دەشێ لەئاستە جیاوازەکانی دەقەکەدا ڕووبەرێکی فراوان بۆ قسەکردن لەسەر ئەو لایەنانەی ژیانی کۆمەلاٚیەتی بدۆزرێتەوە کەچیرۆکەکە دەیەوێ پرسیاریان لە بارەوە بەرز بکاتەوە.

ئەم کەسێتییە لە دوای ئاشکرابوونی شوناسەکی و دەرکەوتنی ڕەگ و ڕیشەی بۆ هەمووان،بەشێکی تاوانی ئەو ئاشکرا کردنە دەخاتە ئەستۆی خۆی چونکە پێی وایە ئەگەر بەو جۆرە ڕەفتاری نەکردایەو خۆیی بەوجۆرە نمایش نەکردایە و هەڵسوکەوتەکانیشی لە

هەڵسوکەوتی ئەوانی دی جیاواز نەبوایە ئەوا دەشیا بیتوانیایە پارێزگاری لە نهێنی بوونی خۆی بکردایە،بەهەرحاڵ لەکاتێکدا ئەم کەسێتە وەها بیردەکاتەوە دەبێ ئەوەش بزانین کەکارە دزێوو نامەشروعەکان ناشێت هەتا هەتایە بشارێنەوە بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین پاڵنەرێکی نادیار دەوری هەیە لە ئاشکراکردنی نهێنییەکاندا ، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەو گرێی هەست بە کەمی کردنەی کە بووەتە بەشێك لە بوونی ئەم دەوری سەرەکی هەیە لە چۆنێتی پێکهێنانی بنیادی کەسێتی ئەمدا و ئەوەش وایلێکردووە کە هەمیشە لە بارێکی شلۆق و ناجێگیری دەروونیدا بژی و هەوڵبدات بە رێگای جۆراو جۆر ئەو گرێی هەست بە کەمی کردنە پڕبکاتەوە،بە واتا ئەو جۆرە رەفتار کردنە بووەتە بەشێك لەبوونی ئەنتۆلۆژیانەی ئەم و ناتوانێت بە شێوەی مرۆڤێکی هاوسەنگ رەفتار بکات. چیرۆکنووس لە رێگای گەڕانەوەوە بۆ رابردووی خۆی لە سەردەمی ژیانی زانکۆیدا پەردە لەسەر بەشێك لە فایلی نهێنی زانکۆ لادەبات و بەشێك لە نهێنییەکان ئاشکرا دەکات کە ئەو ئاشکرا کردنەش راستەوخۆ پەیوەستە بە ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆیەوە لەناو زانکۆدا کە مەبەست لەمەش ئەوەیە چیرۆکنووس لە گەڵ ئەو واقیعەدا ژیاوە کە رەگەزەکانی بەرهەمهێنانی ئەم دەقەی لێبەرهەم هێناوە ،ئەوەشی زیاتر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کاروان لەم چیرۆکەو چەند چیرۆکێکی تریدا بینای جۆرە کەسێتیەکی ئافرەت دەکات کە مەگەر تەنیا ئافرەت خۆی لەو خاسێتە وردانەی خۆی شارەزا بێت ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم چیرۆکنووسە بە وریاییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە چۆنێتی بنیادنانی کەسێتی لەچیرۆکەکانیدا و بە جۆرێکی ئەوتۆ مامەڵە لە گەڵ ئەم رەگەزە سەرکیەی چیرۆکدا دەکات کە هەموو رەهەندو ئاراستەکانی کەسێتی و تەنانەت شێوازی دواندن و هەڵسوکەوت و باری دەروونی و ئەخلاقی و پێگەی کۆمەڵایەتیشی لەبەرچاو دەگرێت و

بەپێی ئەو بنەمایانە کەسێتیەکانی دەجولێنێت.ئەوەتا دەبینین چۆن کەسێتی ئەم کچە بنیاد دەنێت بەجۆرێك کەئامادەی بکات بۆ ئەو ئەرك و کارانە بگونجێت کەدواتر و لە سنووری دەقەکەدا پێی دەسپێرێت.

چیرۆکنووس لە بەرجەستەکردنی ئەو قۆناغەی ژیانی خۆی کە لە زانکۆ بووە بە شێوەیکی واقیعیانە تێڕوانینی دەستەو گروپە جیاوازەکان سەبارەت بە هەڵوێست و رەفتاری کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەی دەخاتە روو. مارکسیەکان سەرباری ئەوەی باس لە ئازادی رەهای بێمەرج و بەند دەکەن کەچی هێشتابە گومانەوە دەڕواننە ئەو هەڵسوکەوتانەی ئەم کچەو پێیان وایە ئەوەی ئەو دەیکات بریتی نییە لە دەربڕینی ئازادی بەڵکو گەڕانە بە دوای حەزوو ئارەزووە جەستەییەکانیدا و هەرچەندە ئەمان وایدەبینن کە لە رژێمی سەرمایەداریدا ئافرەت وەکو کالاَ دەشیَ جەستەی خۆی بفرۆشێت یان بیخاتە بازاڕەوە بەلاَم ئەوەی کە ئەم کچە والێدەکات جەستەی خۆی هەراج بکات تەنیا لەزەتە.دیارە لە ئاستی قوڵی دەقەکەدا دەردەکەوێت کە ئەم لێکدانەوەی مارکسیەکان بۆ ئەم کچەو ئەو قسانەی لە بارەیەوە دەکرێت هیچ بنەمایەکی راستی نییەو بە پێی قسەی خەڵکی حوکم دەدەن بەسەر کچەکەدا. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە تا چ ئاستێك مارکسیەکانی ئێمە درشت و رووکەش بوون لەهەڵسەنگاندن و بڕیاردانیاندا و هەرئەوەش وایکردوە کە دیوارێکی ئەستوور لە نێوان روانین و بۆچوونەکانی ئەوان و واقیعدا هەبێت و زۆربەی کات روانین و بۆچوونەکانیان لە سەر زەمینەی واقیع وەکو جۆرێك لە وەهم و خەیاڵ یان بەرهەم و دەرئەنجامی جۆرێك لە نەست یان نائاگایی دەربکەوێت. لە لایەکی ترەوە چیرۆکنووس روانینی ئەو کەسانە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەی دەخاتە روو کە خۆیان بە نەتەوەیی دەزانن و پێیان وایە ئەم کچە

بووته مایەی سووکایەتی  بۆ نەتەوەکیان و پێویست بەوە دەکات سنووریێك بۆ ئەو جۆرە کەسانە دابنرێت ،لێرەدا وادەردەکەوێت کە بە پێی روانینی ئەمان بوونی کەسێتی لەم جۆرە زیان لە ئاسایشی نەتەوەی کورد دەدات.دیارە گومانی تێدا نییە کە ئەم روانینەی کوردە خۆ بەناسیونال زانەکان لە گەوهەردا هەڵگری ئەو دەلالەتەیە کە ئەمان بەروانینێکی داخراوی خێلاٌیەتیەوە سەیری دنیا دەکەن و ناتوانن ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە تاکە کەس و ئازادییەکانی تاکەوە ناشێت هیچ کەس و گروپێك بەهیچ ناو بیانوویەکەوە خۆیانی تێهەڵقورتێنن بەواتایەکی دی لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەئەوانەی خۆیان بە ناسیونالیست دەزانن لە بری ئەوەی کە بیر لەمەسەلە گرنك و چارەنووسازە بالاٌکان بکەنەوەو ستراتیژی نەتەوەیی بنیاد بنێن کەچی  خۆیان لە شتی زۆر لاوەکی و پەراوێزییەوە خەریك دەکەن.لێرەدا دەتوانین بڵێین لەئاستی نەگوتراوی دەقەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کەناسیونالیستەکانی ئێمە کەسانێك یان ئاراستەیەك نەبوون کە هەڵگری دیدو کەلتورو روانینێکی کراوەی ئەوتۆ بووبن لەمەسە گشتی و تایبەتمەندەکان تێگەیشتبن و توانیبێتیان لەوە تێبگەن کە ئەرکی ئەوان چییەو دەبێ چی بکەن.بێگومان کۆکردنەوەی روانین و هەڵوێستی ئەم ئاراستە لە گەڵ یەکتر ناکۆکانە و سەرنجدانیان بەتەواوی شوناسی هەریەکە لەو ئاراستانەمان بۆ دەردەخات کە تا چ ئاستێك سەرەتایی و رووکەش بوون و هەر لەوێشەوە شوناسی کۆمەڵگای کوردیمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەتاچ ئەندازەیەك کۆمەڵگایەکی سەرەتایی دەرەوەی مێژووەو هێشتا نە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تیایدا تەنانەت ئەو نوخبانەشی کە خۆیان بە هەڵگری بیرو ئایدیۆلۆژیای جۆراو جۆر دەزانن سنووری دەسەلاٌت و مافەکانی خۆیان بزانن و لەوە تێبگەن کە مافی ئەوەیان نییە رێگا لەکەسانی تر بگرن و مافە تایبەتی و کەسیەکانیان لێ داگیربکەن.بە هەر حاڵ ئەوەی

لێرەدا لەو رووەوە ئەم دەقە بەرجەستەی دەکات وێنەی راستەقینەی ژیانی کۆمەلأیەتی نێو کۆمەڵگای ئێمە و کۆمەڵگا هاوشێوەکانیەتی کە تیایاندا تاکە کەس ناتوانێت ئازادی تایبەتی خۆی پیادەبکات.

گێڕەرەوە کە هەمان کەسێتی چیرۆکەکەیە لەوە دەدوێت کە ئەم خۆی بێ ئاگابووە لەو هەموو شتەی کە لە بارەیەوە باس دەکران ئەمەش بە جۆرێکی تر سەرنجمان بەلای ئەوەدا رادەکێشێت کە ئەم لەو جۆرە قسەو قسەلۆکانە بەدوور بووە کە دوایان خستووە.لێرەشەوە لێکدانەوەیەکی تر بۆئەو پێودانگانە دێتە ئاراوە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەکرێن بە بنەما بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی شتەکان کە بەشێکی زۆری پشت بەبەڵگەی راست و دروست نابەستێت،ئەمەش نەك تەنیا کاریگەری نێگەتیفی لەسەر ژیانی ئەخلاقی ئێمە هەیە بەڵکو کاریگەری خراپی لە سەر شێوەی بڕیاردان و هەڵبژاردنی کۆمەلأیەتی و ئیداریشمان هەیە ئەم کچە سەرباری ئەوەی کە دڵنیایە ئەوەی لەبارەیەوە دەگوترێت راست نییە بەلأم دەکەوێتە گومان و دڵە راوکێوە بەجۆرێکی ئەوتۆ کە هەوڵبدات بەلایەنی کەمەوە بۆ خۆیی بسەلمێنێت کە ئەوەی لە بارەیەوە دەگوترێت راست نییە.واتە دەیەوێت بزانێت ئایا پەردەی پاکیزەیی ماوە یان نا.دیارە ئەوەش حاڵەتێکی نائاساییە لە رووی دەروونیەوە کە کچێك بگاتە ئەو ئاستەی کە دڵنیا نەبێت لەوەی ئایا کاری سێکسی لەو جۆرەی کردووە کە پەردەی کچێنی لەدەست دابێت یان نا، لێرەدا لە بەردەم دوو لێکدانەوەداین ، یەکەم ئەوەیە کە جێگای خۆیەتی وای بۆ بچین کە ئەم کچە خۆی دڵنیایە لەوەی کەپەردەی کچێنی نەماوەو ئەو هەوڵدانەی لە بەردەم ئاوێنەکەدا تەنیا بۆ ئەوەیە لە رووی دەروونیەوە قەناعەت بە خۆی بهێنێت کە ئەو قسانەی لە بارەیەوە دەکرێن راست نین و مەبەستی ئەوە نییە کەبۆ خەڵکی بسەلمێنێت کەهێشتا کچەو ئەگینا

لە بری ئەوەی خۆی پشکنین بۆ خۆی بکات پەنای دەبردە بەر پزیشکی تایبەت تا تاقیکردنەوەی بۆ بکات،بەلاّم دیارە ترس لە ئاشکرا بوونی ئەنجامی پشکنینێکی لەو جۆرە وای لێدەکات کە خۆی لە رووبە روو بوونەوەی هەر کاریکّی لەو جۆرە بپارێزێت کەراستی بۆ دەردەخات و دەیگەیەنێت بە یەقین. دووەم بۆچوون ئەوەیە کە ئەم کچە خۆیشی دەزانێت کە هیچ کارێکی سێکسی لەو جۆرەی نەکردووە کە بووبیّ بەهۆی لە دەستدانی پەردەی کچێنی بەلاّم ئەو هەموو قسانەی کە لە بارەیەوە بلاّو بوونەتەوە دووچاری بارێکی دەروونی ئالۆزی ئەوتۆیان کردووە کەبکەوێتە گومانەوە بەرامبەر بە خۆی و وایشی لێبێت هەست بکات کە زاکیرەی ئیش ناکات و بیری ناکەوێتەوە ئایا کارێکی لەو جۆرەی کردووە کەبوو بێت بە هۆی لە دەستدانی پەردەی کچێنی. لەم بارەیاندا هەولّدانی لە بەردەم ئاوێنەکەدا بە مەبەست خۆ دلّنیا کردنەوەو گەیشتنە بە بارێکی دەروونی سەقامگیر سەبارەت بە مانەوەی ئەو پەردەیە. لێرەدا لەبەردەم پرسیارێکدا راوەستاوین ئەویش ئەوەیە کە بۆچی دەبیّ کچێك کە خۆی بە نموونەی بیری پێشکەوتنخوازانەو هەلّگری بەرنامەو پرۆژەی گۆڕان دەزانی،کەچی بەو شێوەیە لەبەردەم تاوانبار کردنیدا بەوەی کەگوایە لەلایەنگران و داکۆکیکەرانی بڕوابوونە بەسێکسی ئازاد ،توشی ئەو بارە دەروونیە ناهەموارە دەبێت و هەرەس دەهێنێت؟

لێرەشدا دیسان دەشیّ دوو لێکدانەوەمان هەبێت کە یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم کچە لە بنەڕەتدا بڕوای بەو جۆرە بۆچوونە نیەو گرێی هەست بەکەمیکردن بەوەی کە لەدایکێکی هەلّگیراوەو بەشێوەیەکی ناشەرعی لە دایك بووەو زۆلّە وای لێکردووە کە بەو جۆرە رەفتار بکات بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو گرێی هەست بە کەمیکردنەی کەدەشیّ لەرووی دەروونی و کۆمەلاّیەتیشەوە ئازارێکی زۆری بدات و لەوەش بترسیّ کەهیچ کوڕێك ئامادە

نەبێت خێزان لە گەڵ ئافرەتێكدا پێكبهێنێت كە بە پێی كەلتووری باوی كۆمەڵگا بە زۆڵ ناوبرێت بەو جۆرە رەفتاربكات بەو ئومێدەی كەببێتە جێگای سەرنجی كورێك وخێزانی لەگەڵدا دروست بكات.واتە ئەو جۆرە رەفتار كردنە بەمەبەستی هاوسەنگ كردنی باری دەروونی و كۆمەلاٌیەتی خۆیەتی.

لێكدانەوەی دووەم ئەوەیە كە لە بنەڕەتدا بیرو ئایدیۆژیای چەپ كە ئەم كچەو زۆرێكی تریش لە هاوەڵانی ئەو لە هەردوو رەگەزەكە لە قۆناغی زانكۆدا خۆیان بە هەڵگرو خەبات گێڕی ئەو بیرو ئایدیۆلۆژیایە دەزانی هەم بیرەكە بە لاوازی و ناتەواوی گەیشتبووە لای ئەمان ،هەم خۆیشیان لە رووی پەروەردەو رەفتارو كاری رۆژانەو هەڵسوكەوتی كۆمەلاٌیەتییەوە نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی كە لە كاریگەری كەلتووری باو و داب و نەریت رزگاریان بێت و وەكو كەسانی چەپ یان ماركسی لە ولاٌتانی گەشە ئاسایی و سروشتیدا رەفتار بكەن.دیارە لە بارێكی لەو جۆرەشدا بۆ كچێكی وەكو كەسێتی چیرۆكەكە ئاسایی دەبوو هەم بە ئازادی و بیٚ ترس لە داهاتوو كاری سێكس بكات وكەسیش لەوە نەپرسێت كە دایكی كێیەو لە كوێوە هاتووەو ، ئایا بەرهەمی ژن و مێردایەتیەكی شەرعیە یان بەرهەمی پەیوەندییەكی كراوەی دەرەوەی سنووری خێزانە؟!

كەواتە لێرەدا دەشیٚ بڵێین نەئەو بیرو ئایدیۆلۆژیایە بە شێوەیەكی سروشتی گەیشتۆتە نێو واقیعی ژیانی كۆمەلاٌیەتی ئێمە و نە زەمینەی كۆمەلاٌیەتیش ئامادە بوونی ئەوەی هەبووە كەجێگای ئەو بیرو بۆچوون و ئایدیایەی تێدا ببێتەوە بەجۆرێكی ئەوتۆ كە بتوانێت كاربكات و رۆڵی پۆزەتیف ببینێت لە بەدیهێنانی گۆڕانكاریدا.

كاتیٚ كە ئەم كچە هەوڵدەدات لە بەردەمی ئاوێنەكەدا لە پاكیزەیی خۆی دڵنیا بێت ترسێكی تەواو دایدەگرێت كە ئەویش دەشیٚ لە ئاستی یەكەمدا ترس بێت لەوەی كە

پەردەی کچێنی لەدەست دابێت و ئەو قسانەی لە بارەیەوە دەکراو تاکو ئێستا بە دەست هەڵبەستی دەزانین ئێستا ببێتە راستی و چیتر نەتوانێت بەرگری لەخۆی بکات.لە ئاستی دووەمدا دەترسێت لەوەی کەبە هۆی ئەو دەست لێدانەوە پەردەی کچێنی لە دەست بدات،هەر لە چرکەساتی ئەم ترسەدا بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی خۆی کە کاتێ لە قۆناغی ئامادەیدا بووە و مامۆستای زیندەوەرزانی وێنەی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەتی لەسەر تەختەکە چەسپ کردبوو، لە پێش هەموو شتێکەوە ئاماژەی بۆ ئەو پەردەیە کردبوو،پێیشی گوتبوون کە کە ئەوە گەورەترین سەرمایەی ئافرەتە کاتێ شوو دەکات و ئەو ئافرەتەی ئەو بلیتەی پێ نەبێت لە ماڵی مێرد جێگای نابێتەوە.ئەو قسەیەی کەمامۆستاکەی ئەو کاتە بە دەموچاوێکی شێواوە پێی گووتن ئێستا لەمێشکی ئەمدا زیندوو دەبێتەوەو ترسی ئەوە دایدەیگرێت کەئەو بلیتەی کە مامۆستاکەی ئەو سەروەختە لە بارەیەوە وریای کردنەوە ئێستا لە دەستی چوو بێت.هەروەك لە هەمان کاتدا لە رێگای فلاش باکێکی مەودا کورتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتانەی کەدایکی هەندێ جار لەرێگای ئامۆژگاری و هەندێ جاری تریش لە رێگای هەڕەشەوە لە بارەی ئەو پەردەیەوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وریای کردۆتەوە.ئێستا لەبەهاو گرنگی ئەو ئامۆژگاری و هەڕەشانە تێدەگات.هەرچەندە لێرەدا خاڵێکی تر دێتە ئاراوە کە مایەی لەسەر راوەستانە ئەویش ئەوەیە ئەگەر دایکی ئەم کچە ئافرەتێکی بەرەڵا بوو بێت و ئەم کچەشی بەرهەمی کاری سێکسی نامەشروعی ئەو بێت لەپشتی ئەو پیاوەوە کەلە گەڵی رایکردووە بۆچی دەبێ ژنێکی هێندە خۆپارێزبێت لەهەر جوڵەیەکی کچەکەی بترسێت.ئەگەر هەموو ئەم مەسەلانە پێکەوە کۆبکەینەوەو سەرنجیان بدەین ئەوە دەگەینە ئەوەی کە پرسیار لە شوناسی ئەم ئافرەتە بکەین کەکچەکەی خۆی وای وەسف دەکات گوایە ئافرەتێکی قەرەچ

بووەو لەگەڵ باوکی ئەمدا رایکردوەو پاشانیش بەهۆی دوعای باپیری ئەمەوە لەبەرچاوی باوکی بووەتە کونەپەپوو،ئەم ئافرەتە لەهەڵوێستەکانیدا بەرامبەر بەکچەکەی دەردەکەوێت هەر ئەسڵێکی هەبێت و هەڵیش گیرابێت و لەپشتی مێردەکەشیەوە کاری سێکسی کردبێت هێشتا هەروەکو قوربانیەك دەردەکەوێت کەئینسانیەتی خۆیی لەدەست نەداوە.بە واتایەکی تر ناشێت ئەو کەسایەتیە لە دەرەوەی ئەو واقیعە کۆمەلآیەتیەی کەتیایدا دەژی سەیر بکرێت هەرچەندە مەبەست لەم قسەیە ئەوە نیە کە پاساو بۆ هەر هەڵەو کارێکی نابەجێ بهێنرێتەوە کە تاکە کەس بیکات.

کچە لە ئێستادا کە چاوەڕوانی ئەوەیە کوڕەی تازە دراوسێیان بێت و لە دەرگاکەیان بدات،بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چرکە ساتەی کە لە بەردەم ئاوێنەکەدا دەیویست لەوە دڵنیا بێت کە پەردەی کچێنی لە دەست نەداوە، بەلآم ئێستا بە ترس و گومانەوە دەڕوانێتە ئەو کارەی کە کردوویەتی و وای بۆ دەچێت ئەگەر دوو هاوڕێکەی نەهاتنایەتە ژووررەوە ئەوە بە دەست و پەنجەکانی خۆی ئەوەی دەیویست لەبارەی مانەوەی و پاراستنیەوە دڵنیا بێت لە دەستی دەدا.بێگومان ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکانی وەکو ئێمەدا زۆربەی کات نەشارەزایی دەبێتە هۆی درووستکردنی دەیان گرفت وکێشەی تایبەت بۆ تاکەکان، بۆ نموونە ئەگەر ئەم کچە لە نێوکۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی ئاسایدا بژیایە ئەوا لەرێگای پەروەردەی خێزان و قوتابخانەشەوە فێری ئەوە دەبووکە پەروەردەی تەندروستی چیەو لەبارێکی لەو جۆرەدا بەشێوەیەکی ئاسایی دەچووە بەردەم پزیشکی تایبەت بەو مەسەلەیە، هەرچەندە لە راستیدا ئەوەی کەبۆ ئەم کەسێتیەی چیرۆکەکە بووەتە کێشە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو ئاساییەکاندا بایەخێکی وای نییە بەڵکو دەشێ پێچەوانەکەی راست بێت و مانەوەی

پەردەی کچێنی تاتەمەنێکی لەجۆری تەمەنی ئەم کچەیە بەگرفت یان کێشەی تایبەتی بۆئەو کچە سەیر بکرێت و رەنگە وەکو کەموکورتی لەکەسێتی ئەو کچەدا دابنرێت. هەر لێرەشەوە بە ئاشکرا جیاوازی نێوان کەلتوورو شارستانیەکان یان داب و نەریتە جیاوازەکان دەردەکەوێت و ئەگەر مرۆڤ نەزانێت چۆن بەپێی کەلتوورو داب ونەریتی کۆمەڵگاکەی خۆی رەفتارو هەڵسوکەوت بکات ئەوا دەشێ رووبەرووی هەندێ کێشە ببێتەوە کە سەرئەنجام خۆی بە تێکشاوو قوربانی ببینێتەوە وەکو کەسێتی ئەم چیرۆکەیە.هەرچەندە مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە کە پێمان وابێت تاکە کەس هیچ دەورێکی نییە لە گۆڕنکارییە کۆمەلآیەتیەکاندا،بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە چۆن تاکەکەس یان نوخبە دەتوانێت لەسەر زەمینەی واقیعی کۆمەلآیەتی کاربکەن و پرۆژەو بەرنامەی دیاری گۆڕانکاریان هەبێت و بتوانن لەسەر زەمینەی واقیع ئەو پرۆژەو بەرنامەیە بکەنە پرۆژەو بەرنامەی فراوان و جەماوەری چونکە ئەوە راستیەکی رەتنەکراوەیە کە لە کۆمەڵگادا هەر بەرنامەو پرۆژەیەك جەماوەریبوون بەدەست نەهێنێت سەرکەوتوو نابێت.

بەهەرحاڵ ئەم کاتێ دەیەوێت خۆی لەگومانێك رزگار بکات رووبەڕووی گرفتی گەورەتر و ترسناکتر دەبێتەوەو ئەوەی کە پێی وابوو تەنیا خەڵکی لە بارەیەوە دەیڵێن ئێستا بە گوێی خۆی بیستی کە هاوڕێ نزیکەکانی هەمان شت و زیاتریشی پێ دەڵێن و هەواڵێکی تریشی لە بارەی خۆیەوە پێ رادەگەیەنن کە گوایە نەزۆکە ئەگینا ئەو هەموو کارە سێکسیەی کە ئەو بە بۆچوونی خەڵك و هاوڕێکانی لە گەڵ کوڕانی زانکۆ ئەنجامی دەدات دەبوو بەهۆی ئەوەی چەندین منداڵی هەبووایە. دیسان لێرەشەوە نەشارەزای هەردوو کچەکەی هاوڕێی لە بارەی جووتبوون و منداڵ بوونەوە نیشان دەدات.بە پێی بۆچوونی ئەوان جووتبوون لەهەموو حاڵەتێکدا دەبێ بە هۆی منداڵ بوون،خۆ ئەگەر نەبوو بەهۆی

منداڵ بوون مانای وایە ئەو ئافرەتە نەزۆکە بە تایبەتی بۆ ئافرەتێك کە لە گەڵ چەند پیاوێکدا جووت بێت.ئەم کاتێ لەسەر زمانی دوو کچە هاوڕێکەیەوە دەبیستێ نەزۆکە سەری سوڕدەمێنێت لەوەی کە ئەوان لە بارەیەوە دەیزانن.دەشێ ئەمەش دەوری هەبێت لە زیاتر کردنی گومانەکەیدا سەبارەت بەو قسانەی کە لە بارەیەوە دەکرێن چونکە ئەگەر ئەوە راست بێت کە خەڵك پێش خۆی بزانن کە نەزۆکە مانای وایە رێگاشی تێدەچێت کە ئەوان لە خۆی باشتر بزانن کە ئەم پەردەی کچێنی لە دەست داوە.ئەمەش کچە دەخاتە بارێکی دەروونی نائاساییەوە کە بەگشتی ژیانی خۆیی وەکو خەون بێتە بەرچاوو نەتوانێت جیاوازی لە نێوان رووداوەکاندا بکات و لە ئاکامیشدا ئەو قسانەی کەلە خەڵەوە بیستوویەتی یان بۆیان درووست کردووە لێی ببێت بەحەقیقەت ئەم بارە دەروونیەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو حاڵەتی گومان کردنەی کەناتوانێت لەوە دڵنیا بێت کەئایا ئەم مرۆڤە یان کونە پەپوو.ئەم حاڵەتەش ئەگەر پەیوەستی بکەینەوە بە بنەمای کەسێتی کۆمەلآیەتیەوە ئەوا دەشێ بڵێین ئەم جۆرە کەسێتیە لەبەر ئەوەی بەپێی پەیوەستبوونی کۆمەلآیەتیان پێگەو بنەمای کۆمەلآیەتییان لاوازو شلۆقە لە بارن بۆ ئەوەی لە بارێکی دەروونی شلۆق و ناجێگیردا بژین یان کێشەکانی ژیانی رۆژانە بەزوویی کاریان لێبکات و رووبەڕووی گیروگرفتی سەختیشیان بکاتەوەو لە بەرامبەریشدا لاوازبن و توانای مانەوەو خۆڕاگرتنیان نەبێت و ئەو بارە شلۆقەش بەرەو بیرکردنەوە لەخۆکوشتنیان ببات. هەمان شێوەی ئەم کچە کەچەند جارێك بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە بەلاّم لەرووی پراکتیکەوە بوێری ئەنجامدانی نییە ئەمەش دیسان خاسێتێکی تری ئەم جۆرە کەسێتیەیە کەزیاتر کەسێتیەکی قسەکەرە لەبری ئەوەی کەسێتیەك بێت توانای بە بکەر بوونی هەبێت و رووداو درووست بکات. ئەوەتا دەبینین کاتێ ئەم کچە بیر لەخۆکوشتن دەکاتەوە بوێری ئەوەی نیە

به هەر ڕێگایەك بێت خۆی بکوژێت بەڵکو بە ڕووتی دەچێتە دەرەوە بەو ئومێدەی خەڵك بیکوژن.دیارە ئەوەش ڕوونادات چونکە زۆربەی خەڵك لەبری ئەوەی وەکو ئافرەت ببیبنن وەکو کونەپەپوو دەیبینن.لێرەوە دیمەنێکی فانتازی فەزای ئەم چیرۆکە داگیر دەکات و زیاتریش خاسێتی میتامۆرفیسی هەیە کە مرۆڤ لە شێوەی ئاژەڵ یان مێروو یان باڵندەدا دەربکەوێت.

بێگومان لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ئایا هۆکاری دەرکەوتنی ئەم کچە لە شێوەی کونەپەپوودا لە بەر ئەوەیە کە بەرهەمی سێکسی نامەشروعە یان بە هۆی ئەو گوناهەوەیە کە دایکی پێش لە دایکبوونی ئەم کردویەتی بەرامبەر بە باوکی یان لە بەر ئەوەیە کە باوکی گوێی لە باپیرەی نەگرت بەڵکو دوای حەزو ئارەزووەکانی خۆی کەوت و سەرئەجامیش تێکشکاو بوو بەقوربانی یان بە هۆی ئەوەوەیە کەگوایە هەرکەسێك بە شێوەی ئەم کچە هەڵسوکەوت بکات واتە هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵ واقیعی ژیانی کۆمەڵگادا ناجۆر دەربکەوێت ئەوا دەشێ ناسنامەی مرۆیی خۆی لە دەستبدات و لە شێوەی هەر زیندەوەر یان بوونەوەرێکی تری غەیری مرۆڤدا دەربکەوێت.بێگومان هەرکام لەم لێکدانەوانەی سەرەوە ڕاستبن وەك لەو ڕوانگەوە کە ببنە هۆکاری سەندنەوەی ناسنامەی مرۆڤ لەم کچە ئەوا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کارێکی توندو نامرۆڤانە ئەنجام دەدرێت چونکە هیچ پێوانەیەکی ویژدانی ناتوانێت بەوە ڕازی بێت کەوا ناسنامەی مرۆیی لە مرۆڤێك بسەندرێتەوە بە هۆی گوناه یان هەڵەی کەسێکی ترەوە یان تەنانەت بەهۆی هەڵەو گوناهی خۆیشیەوە.هەرچەندە لە کاتێکدا ئەم کچە تاوانبار دەکرێت جگە لەو گومانەی کەوا لەلای خۆی دروست بووە بەهۆی قسەی خەڵکیەوە هیچ بەڵگەیەکی تر لە سنووری دەقەکەدا بەرچاو ناکەوێت کە داوێن پیسی ئەو بسەلمێنێت. لێرەدا ئەو دەلالەتە

بەرهەم دێت کە مرۆڤ ناتوانێت لەدەسەڵاتی رابردوو رزگاری ببێت بەڵکو بۆ هەمیشە وەکو کۆیلەی رابردوو دەمێنێتەوە،واتە تارمایەکانی رابردوو چی تارمایی کەلتوری بن چی تارمایی ئایینی یان داب ونەریت یان عەقڵی خۆ پارێزو دژە گۆڕان ئەوا هەمیشە لەسەر رووبەری کۆنەستی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا ئامادەبوونیان هەیەو کار دەکەن. جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا بۆچی کچە بە رووتی دێتە دەرەوە؟ ئایا لە باری بێئاگایدایە یان هەربە راستی بۆ ئەوە دێتە دەرەوە بەڵکو خەڵك بیکوژن؟ یان لە بنەرەتدا ئەم ئافرەتێکە دەیەوێت لەو رێگایەوە رادیکاڵبوونی خۆی نیشان بدات و بڵێت ئەو بڕوای بەو سنوورو یاسایانە نییە کە لە کۆمەڵگادا هەن یان دانراون و پەیڕەو دەکرێن و تەنانەت هەندێ جار بەپیرۆزیش سەیر دەکرێن.یان لە روویەکی ترەوە مادەم ئەم لە دایکێکی هەڵگیراو و لەپیاوێکی تر بووە دەشێ بگەرێتەوە بۆ ئەسڵی خۆی. بەهەرحاڵ ئەوەی کەلە هەموو شتێ زیاتر مایەی لەسەر وەستانە ئەوەیە کە ئەم تا ئەو کاتەی کە بە گوێی خۆی گوێی لێدەبێت کەچۆن خەڵك لەو کاتەدا بە رووتی بە بەردەمیاندا دەڕوات بە کونەپەپوو ناوی دەبەن بڕوا بەوە ناکات کە پێشتر خەڵکی پێیان دەگووت گوایە ئەم لە دایکێکی کەنەپەپوو بووە، بەڵام ئێستا ئەوەی ئەوسا گومانێکی لەلا دروست کردبوو ئێستا دەبێت بەحەقیقەت و خەڵکی لە بری ئەوەی کچێکی جوانی گەنجی رووت ببینن کەچی کونەپەپوویەکی گەورە دەبینن. تەنیا پیاوە بڕوادارەکان نەبێت کەوەکو ئافرەتێکی رووت دەیبینن ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە تەنیا کەسانی خاوەن بڕواو رۆح خاوێن دەتوانن شتەکان وەکو خۆیان ببینن. لێرەشەوە ئاماژەیەك بۆ ئەوە دەکرێت کەزۆرینەی کۆمەڵگا دەمامکی کردووە ئەگینا لە گەوهەرو ماهیەتدا زۆرینە هەمان شێوەی ئەم کچەیەن. بێگومان بەلای خەڵکەوە دەرکەوتنی کونەپەپوویەکی گەورەی لەو جۆرە جگە لە

بەدبەختی و کارەسات هیچی تر ناگەیەنێت چونکە ئەوە لە کەلتوری زۆربەی نەتەوەکاتدا جێگیرە کە کونەپەپوو هێمای کارەسات و رووداني تراژیدیای ترسناك و جگەر برە.ئێستا خەڵکی شار نەك تەنیا کونەپەپوویەکی ئاسایی بەڵکو کونەپەپوویەکی سەیر دەبینن کە لەگەورەیدا لەهەموو هاوشێوەکاني جیاوازە.

کچە لە کاتێکدا بۆی دەردەکەوێت کە خەڵکی وەکو کونەپەپوو دەیبینن راستەوخۆ لە رووی یادوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو واتە بۆ ئامادەکردنەوەی هەموو رووداوەکاني پێشتر لەزیهنی خۆیداو لەوێشەوە دەگات بەو سەرئەنجامەی کەدان بنێت بە پیسی و ناپاکی خۆیدا بەلاّم هۆکاری ئەوەش بە پلەی یەکەم دەخاتە ئەستۆی دایکی.دیسان باوکیشی واتە ئەو پیاوەی کەمێردی دایکی بووەو ئەم لەو نیە بەتاوانبار دەبینێت چونکە بەبڕوای ئەم باوکی لەبری ئەوەی خۆی بکوژێت دەبوو ژنە ناپاکەکەیی بکوشتایەو ئەمیشی پێش لە دایك بوون هەر لە سکی دایکیدا لەناو ببردایە بۆ ئەوەی بەرهەمی کاری سێکی ناشەرعی نەهاتایەتە سەر زەوی و دوایش بەم جۆرە لەپای گوناهی دایکی ئاوا ئازار بچێژێت.کاتێ دەبینینن کەئەم بەچ جۆرێ دەڕوانێتە مێژووی دایك و باوکی و ئەو کارەی کە دایکی کردویەتی و ئەمی لێ بووە ئەوەمان لادروست دەبێت کە ئەم کچە کچێکی خاوێن بێت و ئەوەی لە بارەیەوە دەگوترێت تەنیا قسەو پڕو پاگەندەیەو لەسەر بنەمای پەیوەندی کراوەو بەربلاّوی لەگەڵ کوڕاندا ئەوەی بۆ دروستکراوە.

کچە لە رستەیەکی کورتدا روانینی خۆی لە بارەی خۆیەوە ئاشکرا دەکات کاتێ دەڵێت (خۆشم نازانم بنیادەمم، یان کونەپەپوو؟! لە هیچیان ناچم).ئەم باری دابەشبوونە کە لەکەسێتی ئەم کچەدا بەو شێوەیە خۆی رایدەگەیەنێت دەشێ سەرچاوەی ئازارێکی دەرووني سەخت بێت کاتێ کە ئەو نەزانێت داخۆ مرۆڤە یان باڵندەیەکی دزێوو ناشیرین لە

روانینی مرۆڤەوە.بە تایبەتیش ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم لە بوونی خۆیدا مرۆڤە بە هەموو تایبەتمەندی و سیفەتەکانیەوە بەڵام خەڵکی لەبەرگی ئەو باڵندە دزێو و بەدقومەدا دەیبینن.ئەم کە لەم بارە ناهەموارە دەروونیەدا خۆی دەبینێت هەست دەکات هەموو شتێکی لە دەست چووە بۆیە سەرنجدانی ئەو کوڕەی کەتازە بووە بە دراوسێیان بایەخێکی زۆری هەیە بۆی و هەست دەکات جارێکی تر ژیانی پێ دەبەخشرێتەوەو سیمای کونەپەپووی لێ بووەتەوە مادەم ئەو کوڕە پێی سەرسامەو ئاواتە خوازی ئەوەیە کە ئەم سۆزی پێ ببەخشێت.بەڵام بێگومان کاریگەری رابردوو هێندە بەهێز بووە لە سەری ناتوانێت ساتێك لێی دەرباز بێت بۆیە راستەوخۆ یادەوەرییە تاڵەکانی ئەو رابردووە کێشی دەکەن بەجۆرێك کە لە نێو ئەو یادەوەریانەدا ون دەبێت.ئێستا بیرلەوە دەکاتەوە کەدەبوو باوکی لەسەردەمی خۆیدا چی بکردایە. بە هەرحاڵ ئەوەی ئەم ئێستا بیری لێدەکاتەوە لە سنووری نەشیاو دایە چونکە تازە دەنیا مەگەر لە رێگای خەیاڵەوە بگاتەوە بەو رابردووە کە ئەویش خەیاڵێکی پڕ لە ئازارە.

ئەم ئێستا باوکی تاوانبار دەکات بەوەی کە ئەوسا بۆچی دایکی نەکوشتووە بەڵام هەر زوو پاساو بۆ باوکی دەهێنێتەوەو خۆیشی دەکات بە هاوشێوەی ئەو کاتێ کە باسی ئەوە دەکات کە چۆن هەوڵیداوە دایکی بکوژێت بەڵام نەیتوانیووە.کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا ئەو هۆکارانە چین کەدەبنە بەربەست لە رێگای ئەم کچەدا بۆ ئەوەی کەنەتوانێت دایکی بکوژێت؟بێگومان راستەوخۆ کە گوێمان لە دەربڕینی کوشتنی دایك دەبێت بەلامانەوە دەربڕینێکی نامۆو ناجۆرە چونکە تاکو ئێستا ئەوەی بە گوێمان ئاشنایە تاوانی کوشتنی باوکە. دایك سەرچاوەی سۆزو نەرم و نیانی و خۆشەویستیە نەك سەرچاوەی رق یان کینەو توندو تیژی چونکە ئەم لەو ساتەوە کەقۆناغی دایکسالاری

کۆتایی هاتووە نەبووەتەوە بەخاوەنی دەسەلاَت هەتا بوونی دەسەلاَت و شێوازی پیادەکردنی ناشیرین ودزێوی بکات و بیگەیەنێت بەو ئاستەی کەلەلایەن منداڵی خۆیەوە بیر لەکوشتنی بکرێتەوە کەواتە دەشێ لەئاستی یەکەمدا نەتوانینی جێبەجێ کردنی پرۆەی کوشتنی دایك لە لایەن کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکەوە کە کچەکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کەدایك لە بنەڕەتدا ئافریدەیەکە نابێت بکوژرێت،لە لایەکی تریشەوە ئەوەی کە پرۆژەی کوشتنەکە دادەنێت ئەویش دیسان ئافرەتە کەهەڵگری هەمان سۆزو نەرم و نیانیەو ناشێت هەروا بە ئاسانی بتوانێت تاوانی کوشتنی دایك ئەنجام بدات. ئەوەتا لە رستەیەکدا دەڵێت (لە دنیادا لە کوشتن زەحمەتتر نییە) ئەمە ئەو ئەنجامەیە کە کچەکە دوای شکست هێنانی لە کوشتنی دایکیدا پێی دەگات.بەتایبەتی دوای ئەوەی کەپرۆژەکەی ئامادە دەکات و دەیەوێت جێبەجێی بکات بەلاَم ترس بەجۆرێك دەسەلاَتی بەسەردا دەکات کە توانای جوڵەی نەمێنێت و لە هەمان کاتدا دەکەوێتە بارێکی دەروونی زۆر ترسناکەوە چونکە سەرباری نەتوانینی جێبەجێ کردنی ئەو کارەیە هەست دەکات ئەو بکوژی دایکیەتی.

ئەم کچە لە بنەڕەتدا هەڵگری گیانی تۆڵە کردنەوەیە لە دایکی چونکە ئەو بە هۆکاری سەرەکی گرفت و بەدبەختییەکانی خۆی دەزانێت و دیسانیش بڕوای وایە کە مادەم دایکی ناپاکی لە باوکی کردووە دەبووا باوکی لە کاتی خۆیدا ئەو کارەی ئەنجام بدایە بەلاَم ئەو لە بری ئەوەی ژنەکەی بکوژێت خۆی دەکوژێت کە ئەمەش کارێکە بە تەواوی لە گەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێت.بەلاَم ئەو کەسێتەی کە کاروان بینای کردووە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ ئەو کارە ناجۆرە بەداب و نەریتی کوردی ئامادە کراوە چونکە پێشتر ئەم کەسێتیە سەرباری ئەوەی کەکوڕی شێخێکی دیارو ناسراو بووە کەچی بەدوای کچە

قەرەچێکدا دەڕوات و کاتێك باوکی رازی نابێت بیخوازێت لە گەڵ کچە هەڵدێت کە ئەوەش بۆ کوڕی شێخ کارێکی دزێوو ناجۆرەو ئەوە دەردەخات کە ئەم کەسێتیە کەسێتیەکی ئاسایی نییە کە بەو جۆرە پشت لە پێگەو پایەی کۆمەلاّیەتی باوکی وبنەماڵەکەی دەکات و دوای حەزو ئارەزوە دنیایەکانی خۆی دەکەوێت، ئەوەش وای لێدەکات بەر نەفرەتی باوکی و کومەڵگاو ئایین و داب ونەریتیش بکەوێت. هەر ئەم بارە نائاسایەیە کەلەم کەسێتەدا دواتر وای لێدەکات لە ئەنجامی ناپاکی ژنەکەیدا خۆی دەکوژێت ئەو ژنەی کە لە پێناوی ئەودا پشتی لە مێژووی باوك و بنەماڵەکەی کرد.

ئەم کچە پێی وایە لە دوو ئاستدا مافی ئەوەی هەیە دایکی بکوژێت، یەکەمیان لە بەرئەوەی ئەو واتە دایکی بە هۆکاری هەموو بەدبەختیەکانی خۆی دەزانێت و بە هۆی تاوانی ئەوەوەیە کە ئەم نەفرەتی بەدقومی کونەپەپوو دەڕژێتە رۆحیەوەو هەم لەلای خەڵکی و هەم لە لای خۆیشی لەشێوەی کونەپەپوودا دەردەکەوێت.ئاستی دووەمیش ئەوەیە کە ئەم بەئەرکی سەرشانی خۆیی دەزانێت کارێك کەدەبوو پێش ئەم باوکی جێبەجیّ بکات بەلاّم جێبەجێی نەکردووە کەواتە ئەو کارە دەکەوێتە ئەستۆی ئەم و دەبێت لەبری باوکی ئەم ئەنجامی بدات.بەلاّم سەرباری ئەوەی کچەکە کوشتنی دایکی لەسەر ئەو دوو بنەمایە بە رەوا دەزانێت بەلاّم لە رووی پراکتیکەوە ناتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات.بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە گیانی تۆڵە سەندنەوە گیانێکی شەڕەنگێزە،بەلاّم ئەم کچە لەژێر کاریگەری ترس و بەزەیدا ناتوانێت کاری کوشتن ئەنجام بدات ئەمەش دەریدەخات کە کەسێکی خاوەن سۆزو میهرەبانیە بە تایبەتی لەو کاتەدا کەدایکی دەبینێت بەسیمایەکی خەمبارەوە خەوتوە هەست دەکات دایکشی هەمان شێوەی ئەم قوربانی دەستی رۆژگارو ئەو هەوێنی نەفرەتەیە کەمرۆڤ لە بوونیەوە رژێنراوەتە نێو رۆحیەوەو نایەڵێت بحەوێتەوە. لێرەدا ئەو

دەلالەتە بەرهەم دێت کە زۆربەی ئەوانەی لە کۆمەڵگادا وەکو جەلاد دەردەکەون و جێگای رق وکینەن لەراستیدا ئەوانیش جۆرێکی ترن لەقوربانی، قوربانیەك کە لە سۆزی کۆمەڵایەتیش بێبەش دەکرێن. ئەم کچە جارێك بیری لە خۆکوشتن کردۆتەوەو نەیتوانیووە ئەنجامی بدات،هەروەها بەرنامەی بۆ کوشتنی دایکی دانا بەڵام نەیتوانی ئەویش جێبەجێ بکات.لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کەسێکی ئەوتۆ نییە ببێتە بکەرێکی رووداو دروستکەر با ئەو رووداوە نێگەتیفیش بێت،ئەمەش زیاتر دەگەرێتەوە بۆ ئینتیمای چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئەم کەسێتیە کە لەو رووەوە لە بارێکی شلۆق و ناجێگیردایە، بەڵام سەرباری ئەوەی کە کرداری کوشتنی بۆ ئەنجام نادرێت، هێشتا سوورە لە سەر ئەوەی کە ئەو لە کوشتنی دایکی پاشگەز نەبۆتەوەو دەبێ رۆژێ لە رۆژان ئەو کارە هەر ئەنجام بدات.هەرچەندە دەزانێت کارێکی زۆر سەخت و گرانە بۆ ئەو بە جۆرێك کە دەڵێت (من کوشتنی خۆمم زۆر بە لاوە ئاسانترە لە کوشتنی تۆ، بەڵام نامەوێت خۆم بکوژم.. ئاخر من هەموو تەمەنم بووە بە پرسیار، تا وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە نەدۆزمەوە بیر لە کوشتنی خۆم ناکەمەوە، هەر خۆم پرسیارێکم و لە وەڵام دەگەرێم،زۆر پەشیمانم لەوەی ئەو جارە ویستم خۆم بکوژم بلێم خۆم دایە دەست خەڵك تابمکوژن،خۆ باشیش بوو وامکرد،هەر هیچ نەبێت ئەوەم بۆ دەرکەوت من بەراستی کونەپەپووم،کوا تەواویش بۆم دەرکەوت؟ ئەوەندەی تر گومانم لە بوونی خۆم کرد) لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتیە سەرباری ئەوەی کە دەیەوێت دایکی بکوژێت بەڵام ئەوەی لەلا ئاشکرایە کەکوشتنی خۆی لەو کارە بەلاوە ئاسانترە، ئەمەش جارێکی تر پەیوەندی بە خۆشەویستی و سۆزی مرۆڤەوە هەیە بۆ دایك.لەلایەکی ترەوە ئەم پاساو بۆ ئەوەش دێنێتەوە کەبۆچی نایەوێت لە ئێستادا خۆی بکوژێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ئێستا دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەست

بکەوێت کە رووبە رووی کراونەتەوە  کە ئەوانیش بریتین لە پرسیار لە شوناسی راستەقینەی خۆی کە ئایا بە راستی مرۆڤە یان کونەپەپوو؟ئایا ئەو هەموو قسەیەی کەلە بارەیەوە دەکرێت راستن یان درۆ؟ ئایا ئەم پەردەی کچێنی لەدەست  داوە یان نا؟ ئەگەر لەدەستی داوە ئایا لە ئەنجامی ئەو یاریانەی کە بە منداڵی دەیکردن ئەوە روویداوە یان لەئەنجامی دەست لێدانی خۆی بۆ دڵنیا بوون لەوەی کەئایا ئەو قسانەی پێی دەڵێن راستن یان نا، یان ئەم لە ئەنجامی پەیوەندی بەربلاوی لە گەڵ کوڕاندا ئەو پەردەیەی لە دەست داوە؟  ئەنجا ئایا ئەو خۆی ئاگای لەو لە دەستدانەیەو بە پرسیارکردن دەیەوێت ئێمە لە راستی مەسەلەکە بخاتە گومانەوە یان ئەگەر شتێکی وەهاش روویدابێت لە بێئاگایدا بووەو ئەم پێی نەزانیووە؟ یان دەشێ ئەو پێشتر بە ئاگاوە کاری جووتبوونی ئەنجام دابێت و کەوتبێتە دوای حەزو ئارەزوەکانی خۆی وەکو مارکسیەکان پێی دەڵێن بەلاَم پاشان لە ئەنجامی هەست بە شکست کردندا دووچاری نەخۆشی لەبیر چوونەوە بوو بێت و ئێستا شتەکانی نەیەتەوە یادو هەوڵبدات لە رووی یادەرییەوە رابردوو لەئێستادا ئامادە بکاتەوە بەو ئومێدەی کە وەلاَمێکی یەکلاکەرەوەی دەست بکەوێت و بگات بە جۆرێك لە یەقین و لە گومان و دڵەڕاوکێ رزگاری ببێت،رەنگەگرنگیش نەبێت کە ئەو یەقینە یەقینی مانەوەو سەلامەنی ئەو پەردەیە بێت یان یەقینی دۆڕاندن و لە دەستچوونی.

ئەم  کچە کە خۆی گێڕەرەوەیە لەو ساتەی لە نزیك دەرگای حەوشەی خۆیان چاوەڕوانی کوڕەی تازە  دراوسێیان دەکات بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی بەڕووتی چووە دەرەوەو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە خەڵك بیکوژن بەلاَم لە بەرچاوی خەڵك کونەپەپوویەکی هێجگار گەورە بوو لەجیاتی ئەوەی کە ئافرەتێکی رووت و قووت بێت،ئەم دیمەنەش ترسێکی زۆری لای خەڵکی شار دروستدەکات چونکە خەڵك بەگشتی لە

کونەپەپووی ئاسایی دەترسن نەخوازەلا کونوپەپوویەکی گەورەی لەم جۆرەو لە بری ئەوەش بفڕێت وەکو هەر زیندەوەرێکی ئاسایی بەسەر زەویدا ڕێگا دەکات. لە بینینی ئەم دیمەنە شار کە دیارە مەبەست لە شاری موسڵە دەوروژێت. هەریەکە لە لای خۆیەوە دەکەوێتە پاڕانەوەو خێر کردن بەڵکو خودا لە مەترسی ئەو بەلاْیەی کە دەرکەوتنی ئەو کونەپەپووە بەدقومە نیشانەی هاتنێتی بیانپارێزێت. لێرەدا گەڕانەوەیەك بۆ پانتایی بیروباوەڕو کۆنەستی کۆمەلاْیەتی خەڵك دەردکەوێت کەچۆن بڕوایان بەئەفسانەو هەندێ شت هەیە کەلەو پانتاییەدا جێگایان گرتووەو دەشێ هیچ بنەمایەکی درووستی زانستی و تەنانەت ئایینشیان نەبێت.لەلایەکی ترەوە هەموو خەڵکی شارو تەنانەت دەسەلاْتیش ترسی ئەوە دایان دەگرێت کە کەسێك ئەم کونەپەپوە گەورەیە بکوژێت و خوێنی بڕژێتە سەر زەوی ئەو شارە کە دەشێ بیکات بەزەوییەکی وشك و بێبەرو چیتر شینایی بە خۆیەوە نەبینێت. لێرەدا ئەوەی ئاشکرایە کە خوێن ڕشتن لەخۆیدا کارێکی دزێوو ترسناکەو کاتێ خوێن دەڕژێنرێت مانای وایە ژیان دەکوژرێت لە بنەرەتیشدا لە گەردووندا ژیان بۆ ئەوە نەخولڨێنراوە کەبکوژرێت بەڵکو دەبێ سووڕی سرووشتی خۆی تەواوبکات ئەوسا بەرەو کۆتای لە ناوچوون و بچێت.دیسان خوێن دەلالەتی وێرانەیی و لە ناوچوون هەڵدەگرێت ،دیارە بە گوێرەی خوێنی کونەپەپوو کە وەك دەگوترێت خۆی بە باڵندەیەکی بەدقوم ناسراوە کەواتە ئەگەری ئەوە هەیە خوێنەکەی مەترسیدارتر بێت بەتایبەتیش کونەپەپوویەکی نائاسایی.دەرکەوتنی ئەم کونەپەپووە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی ناسنامەی خەڵکی کە دابەشیان دەکات بۆ دوو پۆل. پۆلی یەکەم کە ژمارەیان زۆر کەمەو ئەو خوا پەرستانەن کە هەموو ژیانیان بە خوا پەرستی بەسەر بردووەو زاهیدانە ژیاون.ئەمانەش ئەوانەن کەکچەکە وەکو خۆی بەرووتی دەبینن وهیچ سیمایەکی غەیری مرۆڤی تیا بەدیناکەن.پۆلی دووەم

ئەوانەن کە لە جیاتی ئافرەتێکی رووت کونەپەپوویەکی گەورە دەبینن بەپێ بەناو شاردا رێگا دەکات. هەڵبەت ئەمانە زۆرینەی خەڵکەکەن. هەر پیاو چاك و خواپەرستەکانیش رایانگەیاند ئەوەی کە لە بری کچێکی عازەبی رووت کونەپەپوو دەبینێت ئەوە داوێن پیسە. ئەم قسەیەش شوناسی شار دەخاتە بەردەم گومانەوەو ئەو پرسیارەش درووست دەکات ئایا دەشێ زۆرینەی دانیشتوانی شارێك داوێن پیس بن؟ یان لە بنەڕەتدا چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت مرۆڤایەتی لە خۆیدا بارگاوی کراوە بە تاوان و خراپەکاری و بەدرەوشتی.ئەنجا گریمان ئێمە بووینە لایەنگری ئەو بۆچوونە بەلاَم دیسان بۆمان هەیە بپرسین ئایا بە پێی چ پێوانەو بنەمایەك ئەو حوکمە دەدەین بەسەر مرۆڤایەتیدا؟ ئایا دەشێ بڕوا بەو قسەیەی پیاوچاکانی شارەکە بهێنین و زۆرینەی دانیشتوان بە نەفرەت بکەین؟ لە راستیدا دەشێ ئەو بەلاَیەی ئەم کونەپەپووە بۆ شارەکەی هێناوە بەلاَی تۆمەتبار کردنیان بێت بە داوێن پیسی کەدەشێ کاریگەری دەرکەوتنی کونەپەپوو یان بەلاَی سوڕانەوەی ئافرەتێکی رووت بەناو شاردا کاری لەپیاوچاکان و خواپەرستانی شار کردبێت و وایان لێهاتبێت لەئەنجامی هەڵچوون و ترسدا زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە بە داوێن پیس وەسف بکەن و مەبەستیشیان لەمە ئەوە بێت کە ئەوەی روودەدات لە ئەنجامی لەفەرمان دەرچوونی خەڵکدا روودەدات و ئەوەش جۆرێکە لە غەزەبی خودا بەرامبەر بە شارێك کە تا سەر ئێسقان لە پیسی و تاوان و بەرەڵاَیی و شەهوەتدا نقوم بوون و دەشێ هاتنی کونەپەپوو یان کچێکی عازەبی رووت ئاماژەو پێشینە بێت بۆ روودانی کارەساتێکی گەورەو ترسناکی ئەوتۆ کەئەگەری ئەوەی لێبکرێت شارەکە وێران و خاپوور بکات.

لەم شارەدا سەرجەمی هەموو ئافرەتەکان داوێن پیس دەردەچن بەڵام تا هاتنی ئەم کونە پەپووە بەدقوومە ئەوە وەکو نهێنی ماوەتەوە.کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هاتنی ئەم کونە پەپووە دەبێت بەهۆی ئاشکرا بوونی نهێنیەکانی شارێك کە لە بنەڕەتدا شانازی بەخاوێنی وخواپەرستی خۆیەوە دەکات. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە هەموو شتێ لە گەردووندا جێگای ئەوەیە بە گومان و دوو دڵیەوە سەیر بکرێت و دیسان دەشێ ئەوەمان لا دروست بکات کە مرۆڤایەتی پێکهاتەیەکی بارگاوی کراوە بە تاوان و درۆو لە ژێر پەردەی رەنگاو رەنگدا خۆی حەشار داوە. بەڵام دیسان هەر سەیرکردنێکی بەم جۆرە گشتگر مایەی لەسەر راوەستانە چونکە سەرباری ئەوەی مرۆڤ هەڵگری کۆمەڵێك غەریزەی ئاژەڵیانەی بەربلاوە بەڵام دەبێ لە رووی سیۆسیۆلۆژیەوە بزانین بە پێی پەرەسەندنی ئاستی کۆمەلایەتی بوونی زۆرێك لەو غەریزە ئاژەڵیانە لاواز بوون بە جۆرێك لە هەندێ ئاستدا گەیشتوونەتە ئاستی پاسیڤ بوون کە ئەوەش هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو پێکهاتەکانی تری سەر زەوی جیابکرێتەوە. ژیانی ژنان لەم شارەدا تا ساتەوەختی هاتنی کونەپەپووەکە نهێنیەکی پەردە لە سەر نراو بوو. هەمووان بەچاوی فریشتە سەیری ژن و خوشکەکانی خۆیانیان دەکردو هەرگیز خەیاڵی پیاوان بەلای ئەوەدا نەچووە کەئەوان ژیانی نهێنی خۆیانیان هەبێت و لەپشتی مێردو براکانیانەوە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاوانی تردا ببەستن.بۆیە ئاشکرابوونی ئەم نهێنیە هەر ئەوەنیە کەوەهمی پاراستنی ئەخلاق بڕوخێنێت بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەی فەوزایەکی کۆمەلایەتی بە جۆرێك کە پرۆسەی جینۆسایدکردنی ئافرەتان بە دوای خۆیدا دەهێنێت. کاتێ کە گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن پیاوان ژن و خوشك و کچەکانینان بە چەقۆ لەشێوەی درێژیدا کەهاوشێوەی درێژە دابەشبوونی بایۆلۆژیانەیە دوو

کەرت دەکەن. دەشێ ئەم کارە لە ئاستێکدا سیمایەکی ئەفسانەیی بە دەقەکە ببەخشێت و ئەوە لە زیهنماندا درووست بکات کە ئەوەی لەم دەقەدا باس دەکرێت جگە لەبەرهەمی خەیاڵێکی فراوان هیچی تر نییە و ناشێت وێنەی ئەوە یان هاوشێوەی ئەوە لەژیانی راستەقینەی رۆژانەدا ببینرێت یان تەنانەت تەسەور بکرێت کە ئافرەتانی شارێك هەموویان پێکەوە داوێن پیس و بەرەڵا بن، یان لە ئاستێکی تردا پیاوان هەموو ئافرەتانی ئەو شارە دوو کەرت بکەن و بەوەش کۆتایی بە رەگەزی مێ لە شارەکەدا بێت کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا مانای کۆتایی هاتنی ژیان و زیندەگانی لەو شارەدا دەگەیەنێت کە ئەمەش بە پێچەوانەی رەوتی سروشتی و پەرەسندنی ژیانەوەیە لە گەردووندا،بۆیە لەم رووەوە چیرۆکەکە زیاتر لەشێوەی ئەفسانەدا دەردەکەوێت و بەجۆرێك چیرۆکنووس مامەڵە لە گەل خەیاڵدا دەکات کە دنیایەکی وەهای پێ بەرهەم دێنێت کە زۆر جیاوازە لەو دنیایەی کە ئێمە تیایدا دەژین و دەیبینین ئەو دنیایەشی کە دەیخولقێنێ بە چەندین توخم و رەگەزی هونەری و ئێستاتیی دەنەخشێنرێت کە دەشێ ئەو نەخشاندنە جێگای رازیبوونی ئێمە نەبێت لە رووی هەست و عەقڵەوە بەلاّم دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەو دنیایەی کە چیرۆکنووس لە چوارچێوەی ئەم دەقەدا بەرجەستەی دەکات لە ئاستێکی قوڵتردا بریتیە لە بەرجەستە کردنێکی ریالیستانەی بوون و ژیانی مرۆڤ بە هەموو نهێنی و لایەنە شاراوەو ئاڵۆزییەکانیەوە بەلاّم ئەوەی تاکو ئێستا ئەو سەقاگیری و باری ئاسایی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی راگرتووە شاردنەوەو پەردە لەسەر نانی هەموو ئەو نهێنیانەیە بێگومان جێگای خۆیەتی ئێمە وای لێکبدەینەوە کە ئەو پەشێوییەی لەباری سایکۆلۆژی کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگادا دەبینرێت بەرهەمی ئەو شاردنەوەو پەردە لەسەر نانەیە چونکە بۆ راگرتنی ئەو بارە نائاساییە هەمیشە دەبێ جۆریك رووپۆش بە رووی راسەقینەی کۆمەڵگادا

بدرێت.چیرۆکنووس له  رێگای بیناکردنی کەسێتی ئەم کچەوە دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوەی بەلای ئێمەوە پیرۆزەو جێگای رێز لێگرتن و بەرز سەیرکردنە بوونی خێزانە لەوێشەوە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤە کە مرۆڤی گەیاندۆتە پلەو ئاستێك لە بوونەوەرانی تری جیاکردۆتەوە، بەلاّم  ئەم پێکهاتەیەش ئەوەتا لە بەرجەستە کردنەکەی ئەودا بۆگەنی کردووەو دارزاوە بە جۆرێك کە مایەی بێز لێکردنەوەیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەشێ لە راستیدا لەسەر زەمینەی واقیع نەك لەسەر ئاستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی بەڵکو لە رووبەری زۆر تەسکی تەسکی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا نموونەی لەم جۆرە ببینرێت؟ هەڵبەت مەبەستمان ئەوە نییە کە دەبێ چیرۆك وێناکردنی راستەوخۆی ئەوە بێت کە دەشێ لەسەر زەمینەی واقیع ببینین . لە لایەکی ترەوە ئەگەر لە روانینی فیمینیستەکانەوە سەیر بکەین ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە لە دوو ئاستدا روانینی دژە فیمینیستی بەرجەستە دەکرێت. یەکەمیان ئەوەیە کە هەموو ئافرەتانی ئەم شارە داوێن پیس و بەرەلاّ دەردەچن.دووەمیش ئەوەیە کەپیاوان بەشێوەیەکی درندانەرەفتار لەگەڵ ئافرەتان دەکەن بەجۆرێکی ئەوتۆ هەم هەموویان لەناو دەبەن هەم لە کردەی لە ناوبردنیاندا جۆرێك لە رێگای سەیرو شارەزایی بەکار دەهێنن کەناشێت مرۆڤ بوێری ئەوەی هەبێت بەو جۆرە مرۆڤی تر لەناو ببات بەتایبەتی کاتێ مرۆڤەکەی تریش لە کەسە نزیکەکانی خۆی بێت.دیارە ئەوە ئاشکرایە کە لە بارێکی وەهادا کە لە شارێکدا تاکە ئافرەتێکی داوێن پاك نەبێت ئەوە مانای وایە ئەگەر هەموو پیاوانی ئەو شارەش داوێن پیس نەبن ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە زۆرینەی پیاوانی شارەکە داوێن پیسن چونکە ئەو کردارە بە هەردوو رەگەز دەگاتە ئەنجام،کەچی لەم دەقەشدا هەمان شێوەی ئەوەی کە چۆن لە سەر زەمینەی واقیع کاتێ ئافرەتێك کاری سێکسی ناشەرعی دەکات روو بەڕووی توندترین سزا دەبێتەوە،

ئافرەتان سزا دەدرێن بەڵام ئەو پیاوەی کارەکەی لەگەڵ ئەنجام دەدات زۆربەی کات بێ لێپرسینەوە بۆی دردەچێت و دەرباز دەبێت هەرلێرەوە دەتوانین بڵێین چیرۆکەکەی کاروان بریتیە لەپێکەوە کۆکردنەوەی رەگەزی ریالیستی و رەگەزی ئەفسانەیی کە ئەم دوو رەگەزەش پێکەوە کاردەکەن بۆ بەرهەمهێنانی جیهانبینی کۆمەلایەتی نەریتی ئەخلاقی سایکۆلوژی کە ئەمانەش پێکەوە ئەوە بەرجەستە دەکەن کە لە لایەك مرۆڤایەتی بە گشتی بە رەگەزەکانی گوناھ و تاوان و ناپاکی و غەریزەی ئاژەڵی بارگاوی کراوەو ئەگەرچی بە هۆی کۆمەلایەتی بوونەوە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا ئەم توخمە نێگەتیفانە سەرکوت کراون و مەگەرتەنیا لەبارە نائاساییەکاندا خۆیان نمایش بکەنەوەو رووی دزێوی خۆیان دەربخەن.لە لایەکی تریشەوە ئەوەمان پێدەڵێت لە کاتێکدا چەندین کەسی وەکو ئەم کچە خۆیان وا نیشان دەدەن کە هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری و خەباتکەری رێگای فراوانکردنی رووبەری ئازادیی و مافی تاکە کەس و ماف و ئازادی چینەکانی خوارەوەو ئافرەتانن. بەلام لەبەر ئەوەی ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵ لەرووی ئابووری و کۆمەلایەتی وکەلتوری و عەقڵیەوە ئامادەیی بۆهیچ گۆڕانکارییەك نییە، بۆیە هەڵگرانی هەر پرۆژەو بەرنامەیەکی گۆڕانکای کارەکانیان دەبێتە شتی زۆر رووکەش و سادەو خەریك بوون بە شتی زۆر لاوەکی و بێ گەوهەری ئەوتۆوە کە سەرئەنجام ئەم جۆرە کەسانە لە نێو ئەو واقیعەدا وەکو کچەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دەبنە قوربانی و ناتوانن لە سەر زەمینەی واقیع بوون و ئامادەبوونی خۆیان بسەلمێنن، دوای ئەوەی کە کچە دان بەوەدا دەنێت کە گوناھی پیاوەکانی تێدا نییە کاتێ ئافرەتەکان دوو کەرت دەکەن بەڵکو گوناھی سەرەکی لە ئەستۆی ئەمدایە چونکە هاتنی ئەم لە شێوەی کونەپەپوودا بوو بە هۆی ئاشکرا کردنی ئەو نهێنیەو ئەو پەشێوییەی دروستکرد.ئێستاش وای نیشان دەدات کە ئەو لەو رووەوە

هیچ گوناهێكی نییە بەڵكو گوناهی سەرەكی لەئەستۆی دایكیەتی،بۆیە سووربوونی خۆی لە سەر كوشتنی ئەو جارێی تر نیشان دەداتەوە.ئێستا كچەكە لە بارێكی دوو دڵی هێجگار خنكێنەردا دەردەكەوێت سەبارەت بەوەی كە داخۆ مرۆڤ بێت یان كونەپەپوو.بەڵام یەكەم جار گومان و دوو دڵیەكەی سەبارەت بەوە بوو كە داخۆ پەردەی پاكیزەیی لە دەست دابێت یان نا.ئەم ئیستا لە چاوەروانی ئەوەدایە كە ئەوەی بۆ یەكلایی ببێتەوە،دیارە ئەوەش بە هاتنی كوڕەی تازە دراوسێیان بۆ وەرگرتنی چرایەك یان رووناكیەك دەبێت كە ئەم هەست بكات بە راستی لە بەرچاوی ئەو كوڕە ئافرەتە نەك كونەپەپوو.واتە ئەگەر ئەم ببینێت كەوا كوڕێك خۆشی دەوێت ئەوە مانای وایە بۆی دەردەكەوێت كە مرۆڤە. ئەمەش لەبارەی شوناسی مرۆڤانەی خۆیەوە دەیگەیەنێت بەجۆرێك لەیەقین كەئەویش یەقینی مرۆڤ بوونیەتی.هەروەك پێیشی وایە گەیشتن بە یەقینی مرۆڤ بوونی وەڵامی ئەو پرسیارە هاملێتیەشی دەداتەوە كە دەڵێت(من هەم یان نیم؟)

ئەم كچە پێش هەستكردنی بەوەی كە كوڕەی تازە دراوسێیان دەشێ پێی سەرسام بێت گەیشتبوو بە جۆرێك لە یەقین سەبارەت بەوەی كە ئەم كونەپەپوو بێت نەك كچێكی عازەب ، بەڵام دەركەوتنی ئەم كوڕە جارێكیتر خستیەوە بارێكی دوودڵی و گومان كردنەوە لەوەی كە دەشێ ئەم هێشتا مرۆڤ بێت. ئێستا ئەم دیسان دەیەوێت لەو حاڵەتی دوو دڵی و گومانكردنە رزگاری ببێت.ئەوەشی كە دەتوانێت رزگاری بكات هاتنی كوڕەكەیە لەم ئێوارەیەدا كە دیارە ئەویش بۆ داواكردنی چرایەك یان روناكیەك كە لە راستیشدا دەشێ مەبەستی بینینی ئەم كچەیە بێت لە نزیكەوە.كچەكە هاتنی كوڕەكە دەكات بە پێوانە بۆ دڵنیابوون لە شوناسی خۆی و ئەگەر بگاتە ئەو ئاستەی كەهەست بكات بەراستی كوڕەكە خۆشی دەوێت ئەوا لەلایەك لەوە دڵنیا دەبێت كە مرۆڤە و لەلایەكی تریشەوە دەگاتە ئەو

ئاستەی کە وەڵامی ئەو پرسیارە هاملێتیە بداتەوە سەبارەت بە بوون یان نەبوونی خۆی کە پێی وایە ئەگەر کوڕەکە خۆشی بوێت ،ئەوە مانای وایە ئەم هەیەخۆ ئەگەرکوڕەکە نەیەت مانای وایە کەخۆشی ناوێت ئەمەش لەئاستێکی تردائەوە دەگەیەنێت کە ئەم بوونی نیە.لێرەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە خۆشەویستی بوون دیاری دەکات کە ئەمەش لەگەڵ ئەو پێشینە فیکری و ئایدیۆلۆژیەدا ناکۆکە ئەگەر لە سەر بنەمای هەڵسوکەوتی کچەکە لە قۆناغی زانکۆدا پێمان وابێت ئەم کەسێتیە خۆی بە هەڵگری بیری مارکسیزم و چەپ زانیبێت چونکە لە روانینی تیۆری مارکسیزمەوە کار بوونی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات.بەلاّم ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لەو قۆناغە مێژووییەدا کەدەقەکە لێی دەدوێت مەسەلەی خۆ بەمارکسی و چەپ زانین وەکو جۆرە مۆدێلێکی لێهاتبوو ئەگەر کەسێك بەو جۆرە خۆی نیشان نەدایە ئەوا بە کۆنە پەرست و بۆرژوا لە قەڵەم دەدرا، بۆیە جێگای خۆیەتی سەرباری کاریگەری ئەو هۆکارانەی کە پێشتر لە بارەی هەڵسوکەوتی ئەم کچەوە باسمان کردن وەهایشی لێکبدەینەوە کە فاکتەری ترس لەوەی کە بخرێتە لیستی رەشی کۆنەپەرستان و بۆرژواوە دەوریان هەبووە لە دیاریکردنی شێوازی هەڵسوکەوتی ئەم کچەدا.شێوازی هەڵسوکەوتەکانی دواتریشی کە نموونەی هەڵسوکەوتی کەسێکی ئایدیالی نێو واقیعێکی دواکەوتووی بڕوا بووە بە هەموو مۆدێلە خورافی و بێ بنەماکان لە رووی زانست و تەنانەت ئاینیشەوە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەئەم کەسێتیە لەبەر ئەوەی لە رووی پێگەی کۆمەڵایەتیەوە لاوازەو، لەرووی بنەمای خێزانیەوە لە دایکێکی هەڵگیراو بووەو جگە لەوەش لە باوکی خۆی نییە، هەم لە بارێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی ناجێگیردایە هەم بەردەوام هەست کردن بەگرێی کەموکورتی وایلێدەکات کەهەمیشە وەکو کەسێکی نائاسایی و جیاواز خۆی نیشان بدات و بەمەبەستی گەیشتن بە بارێکی دەروونی

جێگیر بە جۆرێك رەفتار بکات کە دیسان نائاسایی ناسروشتی و جێگای تێڕامان بێت و بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی پەیوەنییە کۆمەلآیەتییەکان نائاسایی دەربکەوێت. سەر ئەنجام ئەوەی ئەم چاوەڕێی دەکات رووناداوت واتە کوڕەی تازە دراوسێیان نایەت و پاشانیش بۆی دەردەکەوێت کە بە چرای دەستی کچێکی تر ژووری تاریکی خۆیی رووناك کردۆتەوە کەدەشێ ئەمەش لە ئاستێکی قولّتردا مەبەست چرای خۆشەویستی بێت. بەهەرحالّ لێرەوە کچە ئەو ئۆمێدەی کەلەئەنجامی بینینی ئەو کوڕەدا لای دروست بوو بوو هەرەس دەهێنێت و دیسان دەگەوێتەوەبۆ ئەو گومانەی کە دەبێ ئەم کونەپەپوو بێت نەك مرۆڤ.لە ئەنجامدا ئەم دەگات بەو بۆچوونەی کە ئەم هەموو شتێکی لە دەست چووە. لەو چرکە ساتەدا لەو خەیالّە قولّەی کە لە سەرەتای چیرۆکەکەوە تێیکەوتووەو گێڕانەوەی دوورو درێژی بەسەرهاتەکانی چیرۆکەکەش هەر لەرێگای گەڕانەوە بۆ رابردوو لەمیانەی ئەو خەیالّەوە بنیادنراوە لەم چرکە ساتەدا داوەکانی خەیالّ دەپچڕێن و دەگەڕێتەوە بۆ نێو ژیانی راستەقینەی خۆی کاتێ راکشاوەو سەری لەسەر رانی دایکی داناوەو رەنگی بۆیاخی پەنجەکانی وەکو خوێنی کونەپەپوو یان خوێنی دامێنی کچێك دەێتە پێش چاو. ئەمەش دیسان ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە تاکو ئێستاش ئەم لەوە دلّنیا نییە کە مرۆڤە یان کونەپەپوو، بەلآم لەوە دلّنیایە کە ئەم پەڕە سێلکە نییە و ئەو قسەیەی کە یەکێك لە کوڕەکان لەسەرەتای چوونە زانکۆیدا پێی گوتبوو کە پێویستە ببێت بە پەڕەسێلکەو هەولّبدات لەنێو دلّی کوڕێکدا جێگای خۆی بکاتەوە هیچی بۆ ئەم بەرهەم نەهێنا جگە لەوەی کەبوو بەهۆی تێکشکاندن و هەرەس پێهێنانی و کوشتنی داهاتووی. ئێستا دوای ئەو هەموو کێشەو ململانێیەی کەرووبەڕووی بووەتەوە هێشتا ئەم لە بارێکی دەروونی تێکشکاودایەو بە گومانەوە دەڕوانێتە بوون و شووناسی خۆیی و سەرباری ئەوەی کە

چیرۆکنووس وەکو کەسێکی رادیکاڵ پێشکەشی دەکات بەلاّم ئەم وەکو هەر کەسێکی ئاسایی تر بەبێ ویستی خۆی ملکەچی دەسەلاّتی کەلتورو داب و نەریت دەبێت. هەر لە ئەنجامی ئەو ملکەچ بوونەشدا دەبێتە قوربانی دەستی هەڵەو گوناهێك کە لە رابردوودا کراوەو ئەم هیچ گوناهێکی لەو مەسەلەیەدا نییە تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بەرهەمی ئەو گوناهەیە. لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە مرۆڤ ناتوانێت لەدەستی دەسەلاّت و هێزی رابردوو رزگاری ببێت، بە واتا ئیستای ئێمە لە هەمووکاتێکدا هەم بەرهەمی رابردووە، هەم رابردوو رێکی دەخات و دەیجولێنێت، ئەمەش ئەو بارو دۆخەیە کە مرۆڤ تێیدا دەژی. ئەگەر ئەم بۆچوونە بگوازینەوە بۆسەر زەمینەی واقیع ئەوا لاوازی ئێستامان و نەتوانینی بیناکردنی ئێستایەکی گەشاوەو پڕ لەئاسوودەیی پەیوەندی بە لاوازی و ئامادەنەبوونی ئێمەوە هەیە لەرابردوودا بۆیە لەباری لاوازو پڕ لەشکستی ئێستاماندا ناتوانین لەنیگەرانی و دوودڵی رزگارمان بێت کە ئەوەش نیگەرانی و دوو دڵیە سەبارەت بە داهاتوو، واتە ئەم کچەیە بە گومانەوە دەڕوانێتە داهاتوو، دەترسێت لاوازی بنەماکانی بوونی لە رابردوداو گومانکردنی ئێستای لە شوناسی خۆی وای لێبکات لە چاوەروانی ئایندەیەکی ترسناك و رەشدا بێت ، ئایندەیەك کە لە ئێستای هەست بە شکست کردنیدا هیچ تروسکەیەکی تیا بەدی ناکات.

به واتایەکی تر ئەم چیرۆکە دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوەی خاوەنی رابردوویەکی خاوێن و سەرچاوەیەکی روون نەبێت ناشێت نە لەئێستادا بوون و ئامادە بوونی هەبێت نە لە ئایندەشدا بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و وەکو کەسێکی ئەکتیڤ و بەرهەمهێن لە نێو کۆمەڵدا لە رێگای ئامادەبوونیەوە وەکو تاکە کەس ببێتە خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆی.

**سلێمانی**

**بەهاری 2007**

# بوون لەجوگرافیای خەیاڵدا لەچیرۆکی

# (تەتەری مێژووە ئەندێشەییەکان)ی عەتا محەمەددا

یەکێك لەو چیرۆکنووسانەی نەوەی نوێ، کە ئامادەبوونی دیاری لەنووسین و بڵاوکردنەوەدا هەیەو تا ئەندازەیەکی دیار سیماو تایبەتمەندیی خۆیی هەیەو مەودایەکی فراوانی خەیاڵ و فانتازیا لەدەقەکاندا رەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنانن، بەواتایەکی دی، دەتوانین بڵێین ئەم چیرۆکنووسە خاوەنی خەیاڵێکی فراوان و مەودا قوڵە، ئەمە جگە لەتایبەتمەندییەکی تر کە ئەویش کارکردنیەتی لەنێو مێژووی خەیاڵیّ و ئەندێشەی شاردا، یان بەواتایەکی دی، لەمێژوویەکدا کاردەکات لەڕووی تۆماری کردارو دروستکردنی رووداوەوە، رووبەرێکی چۆڵەو هیچ خاڵێکی ئەوتۆی لەسەر تۆمار نەکراوە. بەو مانایەی کە کردار بوونی بکەرێکی ئەکتیڤ و چالاك و خاوەن ناسنامە نیشان دەدات، بەواتایەکی دی، دەتوانین بڵێین هەندێك لەکارەکانی ئەم دواییەی ئەم چیرۆکنووسە ئاخاوتن و بەرجەستەکردن و تۆمارکردنی مێژووی نهێنی شارێك یان رووبەرێکە کە تەنیا لەخەیاڵداو بەوەهم ئەو مێژووە ناسنامەی پێدەبڕێت، ئەو چیرۆکنووسەش، عەتا محەمەدە.

لێرەدا هەوڵدەدەین چیرۆکی (تەتەری مێژووە ئەندێشەییەکان) شیبکەینەوە کە لە(ئەدەب و هونەر)ی ژمارە (499)ی 2006/8/17دا بڵاوکراوەتەوە. ئەو مێژووەی کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت، مێژووی میرنشینی بابانە لەسەردەمی ئیبراهیم پاشادا. ئەگەرچی ناونیشانی چیرۆکەکە (تەتەری مێژووە ئەندێشەییەکان) مانای زیاتر لەمێژوویەك هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو مێژووانە لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە بەئەندێشە مێژوون، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات نووسەر وەها سەیری ئەو مێژووە

دەکات کە ئەندێشە بەرهەمیهێناوە یان باشتر بڵێین، ئەندێشە دروستیکردووە، ئەویش لەدوو ئاستدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، یەکەم: ئەوەیە کە لەبنەڕەتدا ئەو مێژووەی کە خەڵك بەمێژووی میرنشینی بابانی دەزانن و زۆرجار لەژێر کاریگەریی خەیاڵ و سۆزو هەڵچووندا بەمێژوویەکی زیندووی خاوەن شووناس سەیری ئەو قۆناغە دەکەن و پێیان وایە ئەو دەسەڵاتە ناوچەییە سنوور دیاریکراوە دەسەڵاتێکی گەورە بووەو ئامادەبوونی تەواوی هەبووە، ئەو مێژووە لەڕووی ئامادەبوون و بەرهەمهێنانی شارستانێتەوە هیچ ئامادەبوونێکی نەبووە، تەنانەت ئەگەر لەڕوانگەی خودی ئەو ئیتنیکەشەوە سەیری بکەین کە ئەو میرنشینەی دروستکردووە، ئەوا دەگەینە ئەو بۆچوونەی بڵێین، بکەری دروستکەری ئەو میرنشینەو هەموو میرنشینەکانی تریش ئیتنیکێکی لاوازو بێناسنامەو کەسێتی تێکشکاو بووە، بۆیە جێگای خۆیەتی ئەو مێژووە بەمێژووی ئەندێشەیی ناوببرێت، بەواتا مێژوویەك کە لەئەندێشەو بەئەندێشە ئێمە دروستمانکردووە، ئەگینا لەڕووی پێناسەی زانستیانەی مێژووەوە، ناشێت بەمێژوو ناوببرێت.

دووەم: ئاخاوتن لەسەر ئەو رووبەرە فراوانەی ئەندێشەیە کە دۆنکیشوت و ئیبراهیم پاشا لەیەك کاتدا کۆدەکاتەوە، بێگومان ئەوە کارێکی ئاساییە کە لەهەر چرکەساتێکی مێژوویيدا بەخەیاڵ رابردوو ئامادەبکرێتەوە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ماناو دەلالات و جیهانبینییەك کە خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراو بکات لەدەقەکەدا. هێنانی دۆنکیشۆت و گەیاندنی بەسنووری بابان و کۆکردنەوەی لەگەڵ ئیبراهیم پاشادا، تەنیا لەڕووبەری خەیاڵدا جێگای دەبێتەوە، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا کەسێتی دۆنکیشۆت تا چ ئاستێك خزمەتی بەرهەمهێنانی ئەو جیهانبینییە دەکات کە دەقەکە هەڵیدەگرێت؟ ئایا لەڕاستیدا دۆنکیشۆت ئەو کەسێتییەیە کە هەروا بەئاسانیی گوێ لەئیبراهیم پاشا بگرێت و

بێته سنووری دەسەڵاتی ئەوەوە، هەرچەند ئامانجی ئیبراهیم پاشاو دۆنکیشۆت زۆر جیاوازە لەیەکتر. بەهەرحاڵ لێرەدا بەچەند دێڕێك رووداوی چیرۆکەکە دەخەینەڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت لەچی دەدوێین: ئیبراهیم پاشای میری بابان هەواڵی ئەو جەنگانە دەبیستێ کە دۆنکیشۆت لەپێناوی دادپەروەرییدا کردوونی، بۆیە بڕیار دەدات داوا لەدۆنکیشۆت بکات لەشەڕی میرنشینەکەیدا یارمەتی بدات، دەنێرێت بەدوای دۆنکیشۆتدا، دۆنکیشوەت دێت، بەڵام بەئیبراهیم پاشا دەڵێت: هاتووە دادپەروەریی لەسنووری میرنیشنەکەیدا بڵاوبکاتەوە، گێڕەرەوەی چیرۆکەکە دوای ئەوەی لەخەیاڵدا رووداوەکان پێکەوە دەبەستێت، لەگەڵ تەتەری سوپا تێکشکاوەکەی باباندا دەکەوێتە دووان، بەڵام جەمسەری ئەو مێژوو و رووداوانەی لەبارەیەوە دەدوێن، تەنیا لەسنووری خەیاڵدا جیگایان دەکرێتەوە، ئەوەش لەو رووبەرە فراوانەدا دەبێت کە چیرۆکنووس بۆ خوێندنەوەی ئەو مێژووە دروستیکردووە.

ئەگەر سەرنجی مێژووی بابان و مێژووی دۆنکیشۆت بدەین، ئەوا کات ناتوانێت پێکەوە کۆیان بکاتەوە، بەڵام ئەوەی دەشێت کۆیان بکاتەوە، شێوەی ئەفسانەیی هەریەکەیانە. دۆنکشیۆت پاڵەوانێکی ئەفسانەیی لەسەر زمانی خۆیەوەو لەچوارچێوەی دەقەکەدا خۆی بەخەباتگێڕێکی سەرسەختی رێگای دادپەروەی پێشکەش دەکات، ئیتر گرنگ نییە ئەو لەپێناوی ئەو دادپەروەرییەدا چەند شەڕ دەکات و کێ دەکوژێت و کوێ وێران دەکات. لەلایەکی ترەوە میری بابان لەپێناوی مانەوەی خۆیدا یان لەپێناوی فراوانکردنی دەسەڵاتێدا، شەڕ لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات، کاتێك میری بابان دەنێرێت بەدوای دۆنکیشۆتدا تا لەشەڕی میرنیشنەکاندا یارمەتی بدات، یەکەم ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە میری بابان وەکو شەڕکەرێکی ئازاو بەهەڵمەت سەیری دۆنکیشۆت دەکات، بەڵام میر ناتوانێت جیاوازیی لەنێوان شەڕ لەپێناوی دادپەروەری و شەڕی لەپێناوی

فراوانخوازیدا ناکات. یان ئەوەتا میری بابانیش وەکو هەر دەسەڵاتدارێکی تر، هەموو شتێك بۆ خۆی و لەپێناوی خۆیدا بەڕەوا دەزانێت، کە ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر چەمکی ڕەوایەتی و دادپەروەری لەڕوانگەی دەسەڵاتەوە کە هەموو دەسەڵاتێك با لەلوتکەی تۆتالیتاری و دڕندەییشدا بێت، هێشتا خۆی بەباشترین نموونە دەزانێت، هەر ئەمەشە کە سەرجەم چەمکەکانی ماف و دادپەروەری و ڕەوایەتی هاووڵاتییبوون لەسنووری زاراوەدا دەهێڵێتەوەو لەسەر زەمینەی واقیع بوونیان نابێت.

گێڕەرەوە هەر لەسەرەتاوە شووناسی میرنشینی بابان پێشکەش دەکات، کە دەسەڵاتێکە خەریکی شەڕکردنە، شەڕکردنیش لەگەڵ میرنشینەکانی تری کورددا یان شەڕکردنی لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەدا، ئەمەش ڕوانینێکی واقیعیانەو دروستە بۆ ڕابردووی مێژووی کورد بەگشتی و میرنشینی بابانیش بەشێکە لەو مێژووە کە دەشێت بەمێژووی شەڕ، یان مێژووی پێکدادانی ناوخۆو دەرەوە یان وەکو ناونیشانی چیرۆکەکە نیشانی دەدات، بەمێژووی ئەندێشەیی ناوبرێت، چونکە ئەوەی کە ئەو ڕابردووەی پێبناسرێتەوە، تەنیا شەڕو پێکدادان و کوشتنە، لەکاتێکدا کە مێژووی خاوەن شووناس، ئەو مێژووەیە شارستانێتی تیا بەرهەم هاتبێت و بکەرێکی ڕووداو دروستکەر تیایدا ئامادەیی هەبووبێت و ئەو رووبەرەی لەجوگرافیای سروشتەوە گۆڕیبێت بۆ نیشتمان و لەوێشەوە بۆ شار. خستنەڕووی تێڕوانینی ئیبراهیم پاشا بۆ ڕەوایەتی ئەو شەڕانەی لەگەڵ ئەوانی تردا دەیکات، ئاشکراکردنی ڕووی شاراوەی بەشێکە لەمێژووی ئێمە، ئەوە ئاشکرایە کە دۆنکیشۆت ڕەوایەتیی دەدات بەشەڕەکانی خۆی، چونکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەپێناوی دادپەروەرییدا دەجەنگێت، بەڵام ئیبراهیم پاشا لەپێناوی یەکگرتنی میرنشینەکانیشدا نییە، خۆ ناشتوانێت بڵێت لەپێناوی ئاشتیدا شەڕدەکەم هەرچۆن دوای

دوو سەدەو چەند ساڵێك هەندێك لەنەوەکانی ئەو هەر لەشارەکەی ئەودا کە یەکتریان دەبڕییەوە، بێشەرمانە هاواریان دەکرد شەڕ لەپێناوی ئاشتیدا دەکەین، بەڵێ عەتا محەمەد لەئاستی نەگوتراودا لەمێژووی ئیبراهیم پاشادا مێژووی پۆخڵی پەردە لەسەرنراوی ئێمەو نەوەکانی ئەویش دەگێڕێتەوە، مێژوویەك ئەگەر پێداچوونەوەی بکەیت، بارگاوی کراوە بەکوشتن و شەڕو ناکۆکی و وێرانکاری، مێژوویەك بارگاویکراو بەسۆزو عاتیفەو هەڵچوون. دیارە لەپشتی ئەم مێژووەشەوە، ئەو پاڵەوانە ئیفلیجانە راوەستاون کە تەنیا دەزانن بکوژن یان شەڕ بکەن، ئەویش لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ خۆیان، لەگەڵ خۆیان دەجەنگن و خۆیان دەکوژن، ئەمەیە سروشتی ئەو مێژووەی کە ئێمە وەکو رابردووی خۆمان سەیری دەکەین و زۆر جاریش لەژێر کاریگەریی سۆزو عاتیفەدا بەپیرۆزو دەوڵەمەندو خاوەن شووناس دایدەنێین.

پێشتر وتمان تەنیا لەسنووری خەیاڵدا مێژووی بابان و مێژووی دۆنکیشۆت کۆدەکرێنەوە، ئەوەش دەزانین کە دۆنکیشۆت پاڵەوانی ئەفسانەیی مێژوویەکی جیاوازو خاوەن ناسنامەیە بەپێچەوانەی مێژووی ئیبراهیم پاشاوە کە مێژوویەکی ئەندێشەیی و مێژوویەکی بێ ناسنامەین. لەودیوی ئەم بۆچوونەوە مێژوو دوو بکەر دەردەکەوێت، مێژووی دۆنکیشۆت واتە پاڵەوانێکی ئامادەو خاوەن ناسنامەو رووداو دروستکە کە ئەویش رووداوی سەپاندنی دادپەروەرییە، مێژووی ئیبراهیم پاشا کە مێژووی شەڕی خێڵ و میرنشینەکانی کوردە، ناوبەناویش شەری رۆم و عەجەم دەکات، بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا گفتوگۆ لەنێوان کەسێکی خاوەن شووناس و کەسێك بێ ناسنامەدا دروست دەبێت؟ راستە هەموو بنەماو پێکهاتەی چیرۆکەکە لەفەزای خەیاڵدایە، بەڵام دیسان دەبێت بزانین هەروا بەئاسانی گفتوگۆ لەنێوان پاڵەوانێکی ئەندێشەیی خاوەن

شووناسی وەکو دۆنکیشۆت و ئیبراهیم پاشایەکی بێ شووناسدا دروست نابێت، بەتایبەتییش کاتێك ژمارەیەك لەسوارەکانی ئیبراهیم پاشا دەچن بەدوای ئەو پاڵەوانە ئەندێشەییەدا بەئومێدی ئەوەی شەڕیان بۆ بکات. بێگومان شەڕی میرنشینی بابان لەلایەك شەڕی ناوخۆ بووە، لەلایەکی تریشەوە شەڕی رۆم و عەجەم بووە. وەك لەسنووری دەقەکەدا دەردەکەوێت، ئیبراهیم پاشا دۆنکیشۆتی بۆ ئەوەیە شەڕی رۆم و عەجەمی بۆ بکات، کە ئەوەش دیسان مایەی گومانە لەڕوانگەی لێکدانەوەی ئێمەوە بۆ عەقڵی میرنشینی کوردیی کە بتوانێت پاڵەوانێکی ئەندێشەیی رازی بکات و بیهێنێت بۆ ئەو شەرە، کە شەڕی پێکهاتەیەکی بێ شووناسە لەبەرامبەر دوو پێکهاتەی خاوەن شووناسدا، دوو پێکهاتە کە ئەوان لەزیهن و عەقڵی دۆنکیشۆتدا ئامادەبوونیان هەیە، ئایا دەشێت دۆنکیشۆت رازی بکرێت بێتە سەر زەمینێکی نەناسراوو لەبەردەم هێزو ناسنامەیەکدا رابوەستێت، کە ئامادەبوونی تەواویان هەیە؟ کاتێك دۆنکیشۆت باسی ئەوە دەکات بەسەر زەمینی موسوڵمانەکاندا تێپەڕیووە بۆ ئەوەی دادپەروەری بچەسپێنێت، ئایا دەتوانێت داوای چەسپاندنی دادپەروەری لەسەر زەمینی رۆم و عەجەمدا بکات؟ یان ئایا هەر لەبنەڕەتدا دۆنکیشۆتی پاڵەوانی خەیاڵیی، توانای ئەوەی هەیە هیچ جێبەجێ بکات؟ بێگومان دۆنکیشۆت هێماو رەمزی ئەو کەسێتیەیە کە ناتوانێت لەسەر زەمینەی واقیع هیچ قسەو بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، واتە لێرەوە ئەو دادپەروەرییە کە باسی دەکات و گوایە خەباتی لەپێناودا دەکات، لەسنووری خەیاڵدا دەمێنێتەوە. کەواتە سەرباری جیاوازییەکان لەبوون و مێژووی دۆنکیشۆت و ئیبراهیم پاشادا، لەوەدا هاوشێوەن کە دۆنکیشۆت هێمای بەدیهێنانی دادپەروەرییە لەجوگرافیای خەیاڵدا، مێژووی بابان و ئیبراهیم پاشاو نەتەوەکەشیان، تەنیا لەجوگرافیای خەیاڵدا بوونیان هەیە، هەر لەم رووەوە

پێکەوە بەستنی ئەم دوو کەسێتییە، جۆرێك لەهاوشێوەیی دروست دەکات کە ئەوەش ئەو دەلالەتە بەرهەمدێنێت مێژووی ئیبراهیم پاشاو بابان و سلێمانیش لەڕووی ئامادەبوونەوە هاوشێوەی ئەو دادپەروەرییەیە کە پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بانگەشەی بۆ دەکات.

لەهەمان کاتدا دۆنکیشۆت بەئیبراهیم پاشا رادەگەیەنێت ئەو هاتووە دادپەروەریی لەسەر زەمینی باباندا بچەسپێنێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دادپەروەریی لەسەر زەمینی باباندا بوونی نەبووە، بێگومان ئەوە روانینی چیرۆکنووسە بۆ ئەو مێژووەی کە دەتوانین بڵێین بەپێی لێکدانەوەی ئێمە بۆ باری کۆمەڵایەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی بابان و کوردستانیش بەگشتی، لەهیچ زەمەنێکی مێژوویيدا دادپەروەری نەبووە، ئەمەش سەرنجمان بەلای لێکدانەوەیەکی کولتوری و عەقڵی و سۆسیۆلۆژی شاری باباندا رادەکێشێت کە سروشتی پێکهاتن و دروستبوونی زەمینە خۆشکەر نییە بۆ سەپاندنی دادپەروەری و عەدالەت و ماف، چونکە لەدروستبووندا شارێکی ناسروشتییە، بەمانایەکی تر، چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو شارەی ئەو سەر زەمینەی کە دۆنکیشۆت رووبەڕووی لوتکەی دەسەڵاتەکەی دەڵێت هاتووم دادپەروەریی لەقەڵەمڕەوەکەتدا بچەسپێنم، زەمینەیەك نییە کە تۆوی دادپەروەری و ماف و چەمکی هاووڵاتیبوونی تێدا سەوز ببێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە باری ئێستای نائامادەبوون و وێرانەیی لەڕووی بەرهەمهێنانی شارستانێتی ئەم سەر زەمینەوە پەیوەستە بەو رابردووەوە کە تەنیا لەخەیاڵ و ئەندێشەدا دەشێت ناسنامەی بۆ بدۆزرێتەوە. گێڕەرەوە کاتێك باسی نووسینەوەی ئەو بەسەرهاتە دەکات، واتە بەسەرهاتی یەکتر بینینی ئیبراهیم پاشاو دۆنکیشۆت و ئەو شەڕانەی کە کردوویەتی، وای نیشان دەدات کە چی بیستووە تەنیا ئەوە دەنووسێتەوە. پاشان دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی رابردووی خۆی لەشاری سلێمانیدا کە

لەوەسفکردنی شوێنی خۆیدا لەسلێمانی لەوە دەدوێت ماڵیان لەنزیك مزگەوتی گەورەو لەخانوویەکی گڵدا بووە، ئەمەش رووخساری کۆنی شار بووە هەر لەدروستکردنییەوە تاکو ئەم چەند دەیەی پێشتر، لێرەشەوە چیرۆکنووس سیمای مێژوویی ئەم شارەمان نیشان دەدات کە هەرچەند ناوی شاری لێنراوە، بەڵام لەڕووی بیناسازی و ئەندازیاری و نەخشەی بنەڕەتییەوە، هاوشێوەی گوند بوو. بێگومان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و عەقڵی ئامادەش هەر عەقڵی گوند بووە کە مەبەست لەوەش عەقڵی خێڵە، وەسفکردنی کۆڵان و شوێنی ماڵەکەو دەوروبەری مزگەوتی گەورەو سیماو رووخساری ئەوکاتەی شار نیشان دەدات، واتە سەردەمی میرنشینی بابان، بەڵام ئەو سیماو رووخسارە تاکو ئێستاش لەهەندێك شوێنی شاردا ماوەتەوە.

ئەگەرچی بەشە نوێیەکانی شار بەشێوازێکی تری بیناسازی دروستکراون و تەنانەت عەقڵی بەڕێوەبردنی ئێمە نەیتوانیوە شێوازو پێکهاتەی بیناسازی یەکەمجاری شار بپارێزێت، بەڵکو بێ بیرکردنەوە لەگرنگیی و بایەخی ئەو بیناسازییە بۆ رابردووی ئێمەو چۆنیەتی ئاخاوتن لەسەر عەقڵی رابردوومان لەبواری بیناسازی و هونەری بیناسازیدا زۆربەی تەختکراو ئاپارتمانی چەند نهۆمی لەشوێنیدا بەرزکرایەوە، بێگومان بەرزکردنەوەی بیناو ئاپارتمانی چەند نهۆم جوانیی و گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام بەمەرجێك لەگەڵ ئەو بیناو ئاپارتمانانەدا، عەقڵی باوی کۆمەڵگەش هەڵچوویێت و بەپێی بیناو ئاپارتمانەکان بەرز بوویێتەوە. لەدوای وەسفکردنی کۆڵانە باریکەکەی دەوروبەری مزگەوتی گەورە، گێڕەرەوە باسی ئەوە دەکات کە لەکاتی لێدانی دەرگای ماڵەکەیدا، ئەو سەرقاڵی نووسینی چیرۆکێك بووە لەبارەی کەسێکەوە کە یادەوەرییەکی سەیرو سامناکی هەبووە (بەوەی یادەوەری سەر بەئایندەیە نەوەك رابردوو، وەك ئەوەیە رابردووی ئەو لەئایندەدا بێت، بەڵام گێڕەرەوە

رایدەگەیەنێت کێشەی لەگەڵ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسێتیەدا هەبووە، بۆیە چیرۆکەکەی تەواو نەکردووە).

ئەگەر ئەو کەسێتیەی کە گێڕەرەوە باسی لێدەکات و نەیتوانیووە بەرجەستەی بکات لەبەر کێشەکانی، هێزی بزوێنەر یان جوڵێنەری مێژوو بێت لەکۆمەڵگەی ئێمەداو لەڕابردوودا ئەو کەسێتیەی دروستکردبێت کە کەسێتی ئێمەیەیە لەمێژوودا. وەك دەزانین لەهەموو روویەکەوە کەسێتیەکی تێکشکاوی نائامادەی ناکارایە لەهەر چرکەساتێکدا بیگریت، هەر ئەوەش وایکردووە ئەم کەسێتییە یادەوەری رابردووی نەبێت، چونکە ئامادەبوونی نەبووە لەمێژوودا، ئیتر چۆن بگەڕێتەوە بۆ رابردووی خۆی و یادەوەری رابردوو بگێڕێتەوە یان بنووسێتەوە. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە ئەو کەسێتییە تەنیا لەئێستادا دەژی و هیچ پاشخانێکی پێشتری نییە، ئەگەر سەیری مێژووی ئەندێشاوی کورد بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین هاوشێوەی مێژووی ئەو کەسێتییە بێ مێژوو، بێ رابردووەیە کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکە وازی لێدەهێنێت، مەسەلەکەش ئەوەیە کە کەسێتیەك پاشخانی رابردووی نەبێت و لەڕابردوودا ئامادەبوونی نەبووبێت، هەروا بەئاسانی ناتوانێت بەرنامەی ئایندەی بۆ دیاری بکەیت، بەواتەیەکی دی چەمکی(پێشینەیی) کە بوونی هەمەلایەنە لەڕابردوودا دەگرێتەوە، رەگەزێکی سەرەکییە بۆ خۆسەلماندن و ئامادەبوون لەئێستاداو هەوڵدانیشە بۆ دەستەبەرکردنی ئایندە.

گێڕەرەوە لەوە دەدوێت ئەو کەسێتییە یادەوەری ئایندەی هەبووە، بێگومان ئەمەش حاڵەتێکە بەگومانەوە سەیر دەکرێت، کەسێتییەك ئەگەر نەیتوانیبێت رابردووی هەبێت و ئێستای لەسەر بینابکات، ناشێت هەروا بائاسانی ببێت بەخاوەنی داهاتوو، بەڵکو لێرەدا لێکدانەوەیەکی تر بۆ گەوهەرو ماهیەتی ئەم کەسێتییە دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە مادەم

رابردووی نییه، لەئێستاشدا بوونی خۆی بۆ ناسەلمێنریت و دەشێت بەئومێدی ئاینده بژی، بەگەر بێتوو ئاستی هەستکردن و تێگەیشتنی بگاتە ئەوەی کە پەی بەچەمکی بوون و مەسەلەی ئامادەبوون ببات و وای لێبکات خەون بەداهاتووەوە ببینێت، بەڵام لێرەدا ئاماژەیەکی تر سەبارەت بەو کەسێتییە دەردەکەوێت، کە ئەویش ئەوەیە لەبری هەوڵدان بۆ دروستکردنی داهاتوو، دەشێت بەخەیاڵ لەداهاتوودا بژی بۆ لەبیرکردنی ئێستاو رابردووی، کە ئەوەش بۆ خۆ رزگارکردن لەهەستکردن بەئازاری شکست و ئامادەنەبوون، کە لەڕاستیدا ئەمەش خاسێتێکی دیاری کەسێتی کوردییە کە بەخەیاڵکردنی ئاییندەوە وەهمی ئاینده دەیەوێت ئێستاو رابردووی خۆی لەبیرببباتەوە، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ خۆشاردنەوەو خۆپاراستن لەدانپێدانانی ئەوەی کە هەیە. هەموو ئەوەش بۆ ئەوەیە کە هەست بەئازارەکانی شکست و نائامادەبوون نەکات، بەتایبەتی کەسێتی کوردی لەبەرئەوەی لەئێستادا بوون و ئامادەبوونی نییە یان ئەوەتا بەخەیاڵ دەپەڕێتەوە بۆ ئاینده، ئەو خەیاڵەش تەنیا بۆ شاردنەوەی شکستی ئێستایە نەك لەو روانگەیەوە کە کەسێتی کوردی کەسێتییەکی ئاییندەخوازبێت، یان ئەوەتا ئەم کەسێتییە لەئەنجامی هەستکردن بەنائامادەبوونی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو، رابردوویەك مەگەر لەچاو شکستی ئێستایدا، ئەگینا ئەویش هیچ ئامادەبوونێکی نییە، بەڵام ئەم لەئێستادا بەپیرۆز سەیری دەکات. ئەو کەسێتییەی کە عەتا محەمەد دەیەوێت دروستی بکات، لەجۆری یەکەمیانە، واتە ئەو جۆرەیان کە بەخەیاڵ داهاتوو دروست دەکات، ئەو خەیاڵخوازی و خەیاڵپڵاوییەی کەسێتی کوردی لەگەڵ مێژووی ئەندێشەیی ئێمەدا دەگونجێت و بگرە لەمێژووی ئەندێشەییدا هەر دەشێت کەسێتی خەونبین بەداهاتووەوە دروست ببێت، داهاتوویەك کە بەخەیاڵ دروستی دەکات، بەرهەم بێت. ئەمەش خاسێتی کەسێتییەکە کە ناتوانێت ببێتە

بکەرو رووداو دروست بکات، رووداو بەو مانایەی کە گۆڕانکاری بەرهەم بهێنێت، گۆڕانکارییەك کە توانای گواستنەوەی هەبێت لەدەرەوەی مێژوو بۆ نێو مێژوو، لەجوگرافیای خەیاڵەوە بۆ سەر زەمینەی واقیع.

دەشێت بەبارێکی تریشدا ئەم کەسێتییەی کە ئێستا لەزەمەنی داهاتوودا دەژی شرۆڤە بکەین، ئەویش ئەوەیە دەشێت سەرباری نەبوونی رابردوو، سەرباری نائامادەیی ئێستاو لاوازیی زەمینەی ئێستا بۆ خۆسەلماندن، داهاتوو بەخەیاڵ بگوازرێتەوە بۆ ئێستاو لەزەمەنی ئێستادا بەبوون و خاسێتی داهاتووەوە بژی، ئەمەش ئەوە دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە دەشێت بێ بوونی رابردوو، بێ ئامادەبوونی ئێستاش، ئاینده دەستەبەر بکرێت، دەشێت بەم ئاڕاستەیەش شیکاری بنەمای دروستکردنی ئەو کەسێتییە لای چیرۆکنووس بکرێت، بەواتە دەشێت بەدابڕان لەڕابردوو، لەئێستا، ئاینده دروست بکرێت، هەرچەندە ئەم لێکدانەوەیە لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بەئاسانی جێگای بۆ ناکرێتەوە، مەگەر لەهەندێك حاڵەتی رێکەوتدا.

دەشێت بەبارێکی تریشدا ئەم کەسێتییەی کە ئێستا لەزەمەنی داهاتوودا دەژی شرۆڤە بکەین، ئەویش ئەوەیە دەشێت سەرباری نەبوونی رابردوو، سەرباری نائامادەیی ئێستاو لاوازیی زەمینەی ئێستا بۆ خۆسەلماندن، داهاتوو بەخەیاڵ بگوازرێتەوە بۆ ئێستاو لەزەمەنی ئێستادا بەبوون و خاسێتی داهاتووەوە بژی، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەمدێنێت کە دەشێت بێ بوونی رابردوو، بێ ئامادەبوونی ئێستاش، ئاینده دەستەبەر بکرێت، دەشێت بەم ئاڕاستەیەش شیکاری بنەمای دروستکردنی ئەو کەسێتییە لای چیرۆکنووس بکرێت، بەواتە دەشێت بەدابڕان لەڕابردوو، لەئێستا، ئاینده دروست بکرێت، هەرچەندە ئەم

لێکدانەوەیە لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە بەئاسانی جێگای بۆ ناکرێتەوە، مەگەر لەهەندێك حاڵەتی ڕێکەوتدا.

کاتیٚ گێڕەرەوە دەرگا دەکاتەوەو ئەو تەتەرە دەبینێت بەدوای ماڵی میردا دەگەڕێت، ڕاستەوخۆ دوو مێژوو لێکدەدات، مێژووی میرنشینی بابان کە سەدەو نیوێکە رووخاوە، لەگەڵ مێژووی خۆی کە بەپێی دەقەکە مێژوویەکی نزیکەو هی ئەوکاتەیە کە ماڵیان لەنزیك مزگەوتی گەورە بووەو بەپێی قسەی تەتەرەکە سلێمانی گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، بۆیە ئەو ماڵی میر نادۆزێتەوە، جلوبەرگی تەتەرەکە هی ئەم سەردەمە نییەو خۆیشی بۆنی ژێرزەمینی لێدێت. دەشیٚ وای لێکدەینەوە کە ئەو تەتەرە لەگۆڕستانەوە گەڕابێتەوە، وەکو ئەو بەسەرهاتەی لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە، (کتێبی پیرۆز باسی دوو پیاو دەکات کە هەردووکیان ناویان بەعازرە، یەکێکیان برای ماری و مارتایە کە مەسیح ژیانی بۆ گێڕایەوە، بەڵام ئەویتریان سواڵکەر بووە کە بەسەرهاتەکەی لوق دەیگێڕێتەوە، ئەم سواڵکەرە هەژارە دەیەوێت لەخوانی دەوڵەمەندێك بخوات. پاشان یەعازەری هەژار دەمرێت و دەچێت بۆ بەهەشت، دەوڵەمەندەش دەمرێت و دەچێت بۆ دۆزەخ، کابرای دەوڵەمەند دوای مردنی و ڕۆیشتنی بۆ دۆزەخ دەیەوێت براکانی وریا بکاتەوە سەبارەت بەهاتن بۆ ئەو شوێنەی کە ئەوی لێیە، لەبەرئەوە داوا لەئیبراهیم پێغەمبەر دەکات، کە یەکێك لەمردووەکان بنێرێتەوە بۆ لای براکانی، بەڵکو خودا بیانخاتە سەر ڕێگای ڕاست، بەڵام ئیبراهیم دەڵێت: ئەگەر ئەوان گوێیان لەموساو پێغەمبەرانی تر نەگرتبێت، ئەوا بڕوا ناهێنن تەنانەت ئەگەر یەکێك لەمردووەکانیش بگەڕێتەوە بۆ لایان).

بێگومان گەڕانەوەی تەتەرێك کە ماوەی سەدەو نیوێك بەسەر ڕووخانی ئەو دەسەڵات و سوپایەدا تێپەڕیووە لەئێستادا، ئەوە نیشان دەدات کە لەو دنیاوە هاتبێتەوە،

بەتایبەتیش کە بۆنی ژێرزەمینی لێبێت، واتە بۆنی گۆڕو نەمانی هەڵگرتووە، لەهەما کاتدا دەشێ وای لێکبدەینەوە لەڕووی ئامادەبوون و خۆسەلماندنەوە قۆناغی دەسەڵاتی بابان و ئیبراهیم پاشا مێژوویەکی بێ شووناسە، واتە مێژوویەکی مردووە، هەر دەنگێك، هەر رەنگێك، هەر هەواڵێك لەو بارەیەوە ببیسترێت یان باس بکرێت، وەکو ئەوە وایە باسی مردوو بکەیت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە سەردەمی بابان قۆناغی دەرەوەی مێژووە، ئەو تەتەرەش رۆحی بەئاستەم زیندووی ئێمەیە وەکو کورد کە لەڕابردووەوە بۆ ئێستا بەلاوازی ماوەتەوەو پەیامی لاوازیی مانەوە لەڕووبەرێکی زۆر تەسکدا دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی دواتر. دیارە لەسنووری ئەم دەقەدا، مێژووی ئەو کەسێتییە لاوازە لەڕووی کاتەوە دیاریکراوە، کە لەسەردەمی بابانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەوکاتەی تەتەرەکە لەدەرگای ماڵی گێڕەرەوە دەدات، بەڵام لەڕاستیدا ئەو تەتەرە لەمێژووی پەراوێزو نائامادەی ئێمەدا ئەو کەسێتییە لاوازەیە کە هەڵگری بوون و مانەوەو لاوازی ئێمەیە، بوون و مانەوەیەك کە تەنیا هەڵگری خاسێتی بایۆلۆژییەو لەڕووی ئەنتۆلۆژیی و کۆمەڵایەتی و شارستانێتییەوە ناسنامەی نییە.

نەتوانینی دۆزینەوەی ماڵی میر لەلایەن تەتەرەوە، هەڵگری ئەو دەلالەتەیە کە تەنانەت (میر)یش خاوەنی ناسنامە نییە، بۆیە ماڵەکەی  نادۆزێتەوە، ماڵەکەی میر بریتییە لەمێژوو، لەئامادەبوونی میر، کاتێ نەیتوانیبێت رووداو لەمێژووی دەسەڵاتە سنووردارەکەیدا دروستبکات و ئەو دەسەڵاتە لەسنووری تەسك و هەرێمگیریی خێڵایەتییەوە بگوازێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی بەربڵاو کە سەرتاپای جوگرافیای کوردستان بگرێتەوەو شارستانێتی لەسەر ئەو جوگرافیایە بنیاد بنێت، واتە  نەیتوانیوە مێژوو بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەشی دروستبکات. هەرلێرەوە چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت، راستە

لەڕوانینی عەقڵی باڵای ئێستای کوردەوە، کە عەقڵێکی لاوازە، دەسەڵاتی بابان و دەوری ئیبراهیم پاشا بەگرنگ سەیر دەکرێت، بەڵام لەڕووی ئامادەبوون و خۆسەلماندنەوە مێژووی میرو دەسەڵاتەکەی مێژوویەکی لاوازو بێ شووناسە. بەوستنەوەی ئەو رابردووەو ئێستا پێکەوە ئەو ئاماژەیە دەدات کە (ئێستا) وەکو درێژکراوەی ئەو رابردووە، مادام بکەری خاوەن شووناسی تیا دروستنەبووە، نابێتە زەمەنێکی خاوەن شووناس، بەواتایەکی تر، مێژووی ئێمە لەبابانەوە بۆ ئێستا هەمان مێژووە، ئەوسا ئیبراهیم پاشا دەخوازێت دۆنکیشۆت شەڕی رۆم و عەجەمی بۆ بکات، ئێستاش کورد بەو ئومێدەیە ئەوی دی شەڕی داگیرکەری ولاتەکەی بۆ بکات. دۆنکیشۆت بەئیبراهیم پاشا دەڵێت، هاتووم دادپەروەری لەقەڵەمڕەوەکەدا بلاوبکەمەوە، بەڵام دۆنکیشۆتی ئەم قۆناغەو ئێستا شەڕی ئەوی داگیرکەری کوردستان دەکات و دەیشیڕوخێنێت، ئەمیش لەبری ئەوەی کورد بکات بەخاوەنی بڕیارو دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی، دەڵێت دیموکراسی و ئازادی و فرەدەنگی و فرەڕەنگی لەقەڵەمڕەوەکەتاندا دەچەسپێنم، ئێمەش لەبەر کورتبینی و تێنەگەیشتن و نەناسینی گەوهەرو ماهیەتی ئەوی دی بەخێرایی بڕوا بەو قسانە دێنین و هەمیشە وەکو تووتی دەیلێینەوە، بەبێ ئەوەی لەوە تێبگەین کە نەدادپەروەری و نەدیموکراسی و نەئازادی و نەفرەدەنگی و نەفرەڕەنگی لەجوگرافیایەکدا دروست بێت ئەگەر مرۆڤەکانی سەر ئەو زەمینەیە خاوەنی شووناس و خاوەنی بوونی خۆیان نەبن و سەروەرێتیی خۆیانیان نەبێت. کەسێك یان کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەك نەتوانێت خۆی بپارێزێت و خۆی لەدەسەڵاتی ئەوانی دی بۆ رزگار نەکرێت، نەدەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، نەدەتوانێت شارستانێتی بەرهەمبهێنێت، نەدەتوانێت لەچەمکی دادپەروەری و ئازادی و ماف و فرەدەنگی تێبگات، بەمانایەکی دی، ئەو کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە، ئەم لێکدانەوەیەش

بەپشتبەستن بەلێکدانەوەی دەقەکەو پێکەوەبەستنی دوو مێژووی جیاواز لەڕووی کاتەوە، بەتەواوەتی بەسەر میرنشینی بابان و دەسەڵاتی ئێستای کوردیدا دەچەسپێت کە نەئەوساو نەئێستاش دەسەڵاتی کوردی خاوەنی شووناس نەبووەو نییە لەبەرامبەر ئەوانی ترداو بەئاڕاستەی دەرەوەی جوگرافیای خۆی هیچ ئامادەبوونێکی نەبووەو نییە. تەتەرەکەی لەشکری رووخاوی میر باسی ئەوە دەکات کە چۆن سوپای بەرامبەر نابەزن، کاتێ دەڵێت: (تۆ نازاتیت کە لەشکرەکەی ئەوان نامرن وەك ئەوەی خەیاڵکرد بن..) سەبارەت بەلەشکری خۆیشیان دەڵێت: (لەپێرێوە لەشکرەکەمان روو لەشکانەو کوژراومان زۆرە، ئەگەر میر بەفریامان نەکەوێت ئەوا ئەو لەشکرە ماندووە بەرگەی شەڕ ناگرێت و سلێمانی دەڕووخێت)، بەسەرسامییەوە وتم کام لەشکر؟ تۆ باسی چ شەڕێك دەکەیت؟ لەکاتێکدا سەدەونێوێك زیاترە بابان رووخاوە؟

لەقسەکانی تەتەرەوە ناسنامەی هەریەکە لەسوپای بابان و هێزی بەرامبەری دەردەکەوێت کە دەشێ سوپای عەجەم یان رۆم بێت، یان دەشێ هێزی خێڵ و میرنشینی تری کوردی بێت، بەڵام لەوەسفی ئەو سوپایەدا، کە گوایە نامرن و وەك ئەوە وایە کە خەیاڵکرد بن، دەردەکەوێت ئەوە سوپای عەجەم یان رۆمە، چونکە لەهیچ کاتێکدا نەبابان و نەهیچ دەسەڵاتێکی تری میرنشین یان خێڵی کوردی ئەو هێزەی نەبووە توانای بەرگری بەردەوامی لەخۆی هەبێت. بەهەرحاڵ لەگفتوگۆی نێوان تەتەرەکەی سوپای تێکشکاوی میرو گێڕەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەمان لەبەردەم شکستدان و هێزی بەرامبەریش مردن زەفەریان پێنابات، لێرەدا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە هەریەکە لەو دوو سوپایە نوێنەری مێژوو و شارستانێتییەکی جیاوازن، ئەو لەشکرەی کە مردن زەفەریان پێنابات، لەشکری کۆمەڵگەیەکی خاوەن شووناسە، کۆمەڵگەیەك کە ئامادەبوونی هەیەو لەبەردەم مەترسی

تێکشکان و لەناوچووندا نییە، ئەوەش لەشکری داگیرکەرەکانی کوردستانە. لەشکری دووەم ئەو لەشکرە لاوازو بێهێزو تێکشکاوەیە کە لەکۆمەڵگەیەکی لاوازو دواکەوتووی پەراوێزی مێژوودا دروستبووەو تاکو ئێستاش تەتەری ئەو لەشکرە کە وەکو قسەکەری لەشکرەکە وایە، رای وایە کە هیچ شتێك هێندەی رۆچوونی خەنجەر بەلەشدا سامناك نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی روانین و بیرکردنەوەی تەتەری سوپاکەی میر، روانین و بیرکردنەوەیەکی زۆر سەرەتاییانەیە، کە هێشتا لەنێو چەکی شەڕدا رۆچوونی خەنجەر لەهەموو چەکێك بەسامناکتر دەداتە قەڵەم، هەر بەو پێیە خەنجەر ترسناکترین چەکە.

لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئەگەر میرنشینی بابان گەیشتبێتە ئەو ئاستەی شار دروستبکات، مانای وایە سەرەتای دەرکەوتنی پیشەسازییش لەگەڵ دروستبوونی شارو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی شاردا دەردەکەوێت، هەر بەو پێیەش ئیتر چەکی شەڕ خەنجەرو شمشێر نابێت، بەڵکو دەبێ لەگەڵ دروستبوونی شاردا، پەیوەندیی شارو تەکنەلۆژیای کۆمەڵگەی شاریش بەرهەمبێت، بەو پێیەش چەکی ترسناکتر لەخەنجەر بەرچاو دەکەوێت و ئەوەش وادەکات کە چیتر لەڕوانینی باوی دەسەڵاتی میرنشینی بابانەوە خەنجەر ترسناکترین چەك نەبێت. هەر لێرەوە قسەکردن لەناسنامەی سلێمانی وەکو شارێك کە لەئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا دروست بووبێت، دەکەوێتە بەردەم گومانەوە، بەواتایەکی دی، دەتوانین بڵێین سلێمانی شارێك نییە لەئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییدا دروستبووبێت و تیایدا بۆرژوای نیشتمانی بووبێتە پێکهاتەیەکی خاوەن ماهیەت و شووناسی چینایەتی و ئابووری ئەو قۆناغەی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت و لەو گۆڕانکارییەشدا بۆرژوای پیشەسازی دەسەڵاتی بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێناندا کردبێت و ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەئابووری و پەیوەندی خێڵ و

فیودیالییەوە کە خاسێتی کۆمەڵگەی لادێن، گۆڕابێت بۆ پەیوەندی ئابووری و بەرهەمهێنانی بۆرژوا کە لەم قۆناغەشدا پەرەسەندنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا خاسێتی دیارو باو دەبن و بەو پێیەش ئەو کۆمەڵگەیە قۆناغی پەیوەندی خێڵ و میرنشین وەکو دامەزراوی خێڵ بەجێدەهێڵێت و پەیوەندی شارو دەسەڵاتی شاری تێدا دروستدەبێت، کە دەسەڵاتی شار بریتییە لەدامەزراوی دەوڵەت، لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە میرنشینی بابان نەك لەپێش دروستکردنی سلێمانیدا، بەڵکو لەدوای دروستکردنی سلێمانی و گواستنەوەی پایتەختی میرنشین لەقەڵاچوالانەوە بۆ ئەم شارە، گەوهەرو ماهیەتی دامەزراوەی میرنشینی بابان نەگۆڕاوەو هەروەك دەسەڵاتێکی خێڵایەتی ماوەتەوە، دیارە لەدەسەڵاتی خێڵایەتیشدا نەسوپایەکی ڕێکخراوی دیسپلین کراو دروستدەبێت و نەچەك و پێداویستی پێشکەوتووی شەڕیش بەکاردێت، سوپاکەی ئیبراهیم پاشا سوپایەکی لاواز بووە کە لەپیاوانی خێڵ پێکهاتووەو عەقڵی خێڵیش بردوویەتی بەڕێوە، بۆیە هەمیشە لاوازو بەزیوو بووەو ئیبراهیم پاشا پەنا دەباتە بەر پاڵەوانێکی ئەفسانەیی وەکو دۆنکیشۆت هەتا لەهێرشی رۆم و عەجەم بیپارێزێت.

گێڕەوە بەتەتەر دەڵێت: (لەنێوان من و تۆدا زیاتر لەسەدەو نیوێك هەیە، کە تەنها ئەندێشە توانای بڕینی هەیە، مەحاڵە تۆ بەشوێندا گەڕابیتەوە) لێرەدا ئاشکرایە کە گێڕەوە خودی چیرۆکنووسە، تەتەریش مێژووی شکستی بابانە، کە ئەو مێژووە تەنیا وەکو زەمەن و لەڕووبەری خەیاڵدا گرێدەدرێن پێکەوە، بەڵام لەئاستی نەبینراوو نەگوتراودا، لێرەدا ئەو دەلالەتە بەرهەمدێت کە مێژووی ئەو نەتەوەو کۆمەڵگەیەی میرنشینی بابانی بەرهەمهێناوە، لەئێستاشدا هەرهەمان مێژووەو لەگەوهەرو ماهیەتدا نەگۆڕاوە، واتە ئاستی تێکشکاندن و لاوازی ئەوسا، لەئێستاشدا هەر ئامادەیە، بەواتایەکی دی، مێژووی

ئەم پێکهاتەیە کە ئێمەین، لەڕابردووەوە بۆ ئێستا بارگاوی کراوە بەشکست و هەرەس و خۆحەشاردان و خۆ دفن کردن، دیارە بەگوێرەی ئەم حاڵەتە شوێن ئەو بایەخەی نامێنێت لەکاتێکدا زەمەن هەمیشە یەك شووناسی هەبێت و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، کە ئەویش شووناسی نائامادەبوون و بەپەراوێز بوونە.

میرنشینی بابان لەخەیاڵدا ویستوویەتی رۆم و عەجەم تێکبشکێنێت و رووبەری میرنشین فراوان بکات، هەرچەند بەگوێرەی عەقڵ و روانینی کوردی ئەوە شتێکە لەدەرەوەی تەسەورکردن، چونکە کورد هەرگیز روانینی لەو جۆرەی نەبووە کە لەڕووی ئەوانی تردا بوەستێت و وڵاتیان داگیر بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەباشترین حاڵەتدا ویستوویەتی خۆی بپارێزێت، کەواتە پڕۆژەی داگیرکردنی وڵاتانی دی تەنیا لەخەیاڵدا بووە، هەرچۆن بەخەیاڵ دۆنکیشۆت دەهێنرێت بۆ شەڕکردن، بێگومان ئەوە دەزانین کە ئەفسانەو فەنتازیا لەپایەکانی ناسیۆنالیزمن، بەڵام مێژوو بەخەیاڵ نابێت بەخاوەنی ناسنامە، بۆیە هەموو ئەو رەگەزانەی کە خەیاڵ دروستیکردوون لەسوپاو هێزو دەسەڵات، لەگەڵ شکاندنی سنووری خەیاڵ و گەڕانەوە بۆ سەر زەمینەی واقیع، هەموو دەڕوخێن و هیچ پاشماوەیەکیان لێنامێنێتەوە، هەرچۆن دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کورد لەڕابردوودا هیچیان لێبەجێنەماوە. هەرچۆن میرنشینی بابان و هەموو میرنشینەکانی تری کورد کاتێك رووخاون شتێکی ئەوتۆیان بەجێنەهێشتووە جگە لەیادەوەریی هەرەس و تێکشکاندن، کە ئەوەش لەکۆنەستی کۆمەڵایەتی ئێمەدا جێگیرەو لەهەر چرکەساتێکدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووە ترسناکەو کارەساتی شکست و هەرەس هەمیشە جوگرافیای یادەوەرییمان داگیردەکات. بەواتایەکی دی، مانەوەی ئەو رابردووە لەیادەوەری ئێمەدا، لەڕوانگەی مانەوەماندایە لەبەردەم ترسی شکستدا، نەك لەسەر بنەمای ئامادەبوون و بەرهەمهێنانی شارستانێتی

ئەو رابردووە لەئێستادا بوونی هەبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەو مێژووەی کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت، مێژوویەکی ناوچەییەو هەرگیز خاسێتی گەردوونی یان گشتی وەرنەگرتووە. ئەمەش بەرامبەر بەرۆڵی کورد لەبەرهەمهێنان و دروستکردنی مێژوودا دەمانخاتە بەردەم گومانەوە، گومانێك کە کۆنترۆڵی بنەمای کۆمەڵایەتیبوونی ئەم پێکهاتەیە دەکات، چونکە ئەوە ئاشکرایە ئەگەر کۆمەڵایەتیبوون لەئاستێکی لاواز یان ناسروشتیدا بێت، ئەوا بێ چەندوچوون توانای خۆسەلماندن و خۆدروستکردن و هاتنە ناو مێژووەوە لەبەردەم گوماندا دەبێت.

کاتێ میرنشینی بابان و دەسەڵاتی ئەم میرنشینەو توانای بۆ خۆسەلماندن و بەدەستهێنانی ناسنامە لاوازەو نەك هەر ئەم میرنشینە، بەڵکو کاتێ کە کورد ناتوانێت مێژوو لەسەر زەمینەی واقیع دروست بکات، ئەوا دەبێ لەڕووبەرێکی تردا بۆ داربووکردنەوەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و شکستە بگەڕێت، کە ئەویش سنووری خەیاڵە. کەواتە چیرۆکنووس لەسەر بنەمای بەئاگابوون لەو راستییە تاڵە، کە راستی شکست و پەراوێز بوونە، هەوڵدەدات لەڕێگای خەیاڵەوەو لەسەر جوگرافیای خەیاڵ مێژوو بۆ بابان و بەو پێیەش بۆ کورد دروست بکات، هەر خۆیشی رایدەگەیەنێت کە ئەو مێژووەی ئەو دروستی دەکات، ئەو رووداوانەی کە ئەو بەرجەستەیان دەکات، ئەو پاڵەوانەی شەڕکەرە ئەفسانەییەی کە ئەو دەیهێنێت بۆ یارمەتیدانی سوپای بابان، ئەو دوو سەردەمە جیاوازەی کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە، هەموویان لەسەر جوگرافیای خەیاڵ جێگادەکاتەوەو لەواقیعدا بوونیان نییە، ئەمەش لەئاستی نەگوتراودا ئەو دەلالەتە بەرهەمدەهێنێت کە سەرباری خۆخەریککردنی ئێمە بەمێژووی ناوچەیی خۆمانەوە، سەرباری خەریك بوونی ئێمە بەنووسینەوەی مێژووی خۆمان بەپێی چەمکی (وەسفی) بۆ مێژوو، بەڵام ئێمە

پێکهاتەیەکی تێکشکاوی دەرەوەی مێژووین و لەدەرەوەی پرۆژەی خۆدروستکردنەوە ئێمە تەنیا لەڕوانینی ناوچەییانەی خۆمانەوە ئامادەبوونمان هەبووەو هەیە، ئەگینا لەڕووی دروستکردن و بەرهەمهێنان و بنیاتنانەوە هیچ ئامادەبوونێکمان لەڕابردوودا نەبووەو لەئێستاشدا نەمانتوانیوە بێینە ناو مێژووەوە.

گێڕەرەوە دەڵێت: (باران دەباری و تەتەرەکە بەخۆی و بۆنە ناخۆشەکەیەوە کە هەر لەبۆنی گۆڕی دەکرد دوورکەوتەوە...) وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، تەتەر هێمای مێژووی کوردو ئامادەبوونی ئەو مێژووەیە، کاتێ بۆنی گۆڕ تەتەری داگیرکردبێت، مانای وایە ئەو مێژووە خۆی مێژوویەکی مردووە، یان مێژوویەکە لەپێش قۆناغی بووندایە، باران کە هێمای زیندەگی و پاکژبوونەوەو ژیاندۆستییە، کەچی ناتوانێت بۆنی مەرگ و گۆڕ لەتەتەر بشواتەوە، بەواتایەکی دی، مێژووی ئەم تەتەرە کە مێژووی کوردە بەگشتی تاناتۆس دەسەڵاتی بەسەردا کردووەو رووبەری کارکردنی ئیرۆس زۆر تەسکە، بۆنی گۆڕ، بۆنی مێژوویەکە کە مەرگ تیایدا باڵادەستەو ژیاندۆستی و زیندەگانی بەجۆرێك کە لەئاستی بەرهەمهێنان و خۆدروستکرندندا بێت تیایدا لەپەراوێزدایە. تەنانەت لەبەر بارینی بارانیشدا، کە باران رۆحی زیندەگانییە، ئەم مێژووە ژیانی پێنابڕێت و ئامادەبوونی خۆی بۆ ناسەلمێنرێت، ئەمەش سروشتی راستەقینەی مێژووی ئێمەیە، کە عەتا **محەمەد** لەچیرۆکەکەیدا بەرجەستەی ئەو مێژووە دەکات و لەڕووبەرێکی فراوانی خەیاڵدا ئەو جیهانبینییە بەرهەمدەهێنێت، بەواتایەکی تر، ئەم چیرۆکەی عەتا **محەمەد** کارکردنە لەمێژووی پەردە لەسەرنراوو نهێنی بابان. مێژوویەك کە بەبێ هیچ بنەمایەکی ماددی ئامادەو لەبەردەستدابوو، گەورەو پیرۆز کراوە، کە دەبێ بزانین مادام ئێمە رابردوویەکی ئامادەو خاوەن شووناسمان نییە، مانای وایە پیرۆزیی لەڕابردووی ئێمەدا نییە.

# پێشبینیکردنی مەرگی شار لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا

# لە چیرۆکی(ئەو کاتەی سلێمانی ئەسووتیٚ) ی نەجات نوری دا

(ئەو کاتەی سلێمانی ئەسوتیٚ) یەکێکە لە چیرۆکەکانی نەجات نوری، لێرەدا هەوڵدەدەین لە روویبنیادی پێکهاتنەوە خوێندنەوەی جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دەرکەوتووە ئەم چیرۆکە بکەینبێگومان.لێرەدا دەبیٚ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نەجات یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی ئێمە کە لە نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا پێمباشە بە چەند دێڕێك کورتەی چیرۆکەکە بگێڕمەوە. (گێڕەرەوە باسی ئەو رووبەرە جوگرافیە دەکات کە سلێمانی تیا درووستکراوە.هەروەها لەوە دەدوێت کە چۆن بنەماڵەی میر لە ناو یەکتردا ناکۆك بوون وەکو ئەوەی لە مێژوودا بیستوومانە.پاشان باسی هەندیٚ لەو ڕووداوە گرنگانە دەکات کە سلێمانی لە مێژووی درووستبوونیەوە بە خۆیەوە بینیوە وەکو ڕۆژی ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمرو ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول و ڕا پەڕینی. بەهاری ساڵی 1991 و دوتریش مێژوویەك دەستنیشان دەکات کە تیایدا سلێمانی دەسووتێت لەم چیرۆکەدا جگە لە گێڕەرەوە کەسی تر ئامادەبوونی نییە ئەمەش وایکردووە کە چیرۆکەکە بریتی بێت لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەو شێوەیەی کە روویانداوە.واتە ئاستی گێڕانەوەو تەکنیکی گێڕانەوە لایەنی هونەری چیرۆکەکەی داگیرکردووە کە دەشێت ئەوەش یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەم چیرۆکە بێت.بەلاٚم لێرەدا سەرباری ئەم تەکنیکە ئەم دەقە هەڵگری هەندیٚ پرسیاری گرنگە کە شایەنی لە سەر ڕاوەستانن ، بۆیە لێرە بەدواوە هەوڵدەدەین کە بەدوای دیاری کردنی ئەو پرسیارانەو شێوازی ئاراستەکردنیاندا بگەڕێین و

لەوەش بپرسین ئایا لە راستیدا ئەم پرسیارانە شووناسی پرسیاریان  هەیە لەو روانگەیەوە کە پرسیاربن سەبارەت بە نەزانراو بەرزکرابنەوەو هەڵگری فیکرو مەعریفەت بن.

لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە باسی ئەو شوێنە دەکات کە سلێمانی تیادروستکراوەکەوینێکی فراوان و پڕلە کانیىو ئاوو مێرگ و دەشتاییە، ئەمەش هەر تەسەرەتاوە ئەوە نیشان دەدات  کە ئەم شارەیەلە سەر جوگرافیایەکی دەوڵەمەندو پڕ لە سەرچاوەکانی ژیان و زیندەگانی بنیادنراوە ئەمەش بە لای ئەوجۆرە لێکدانەوەیەدا دەمان بات کە چیروکنووس دەیەوێت بڵێت هەر لە بنەڕەتەوە ئەم شارە بۆ ئەوە دروستکراوە کە ببێتە زەمینەی ئاوەدانی و پەرەسەندن و نموونەی شار بێت لەو روانگەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە زەمینەی سەرهەڵدان و هەر لێرەدا کورد هەنگاوی بەرەو هاتنە نێو مێژوو بنێت بێگومان ئەم سەرەتایە دەبێتە زەمینەیەك بۆ ئاخاوتن لە سەر سروشتی سلێمانی و شوین و پێگەی لە مێژووی نوێی کورددا.

ئەگەر سەرنجی ناونیشانی چیرۆکەکە بدەین ئەوا پێشبینیەکی ترسناك دەبینین بەلاّم ئایا بەمجۆرە پێشبینیکردنە بنەمایەکی واقیعیانەی هەیە یان تەنیا بەرهەمی خەیاڵەو بەس؟ دیارە بەپێی رووانینی ئەرستۆیانە بۆ مێژوو دەشێ شارستانیەکانیش وەکو هەر بوونەوەرێکی ئەم گەردوونە چۆن سەرەتایان هەیە  بە هەمان شێوە کۆتایشیان هەبێت.بەلاّم سووتاندنی سلێمانی لەو روانگەیەوە نییە کۆتایی و پیربوونی شارستانییەك بێت بەو ئەندازەی کە چیرۆکنووس دەیەوێت لە سەر بنەمای ئەو ڕابردووەی کە شاری پیا تێپڕیووە پێمان بڵێت چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشی بۆ ناکرێت ، ڕەنگە لە ئاستێکی تردا ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کە ئەم شارە لە بەر ئەوەی بە ناسروشتی دروستبووەو هەر لە سەرەتاشەوە  بنەماڵەێ میر لە نێو خۆیاندا لە سەر کورسی دەسەلاّت تیادا ناکۆك و ناتەبا

بوون و چەمكی لێكترتێگەیشتن و یەكتر قبوڵكردن و پێكەوە ژیان بوونی نەبووەو شتێك نەبووە تیایدا ناوی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە بووبێت.

گێڕەرەوە راستەوخۆ باسی چەند پیاوێكی پیر دەكات كە پێی وایە ئەوانە بریتین لە یادەوەری ئەم شارەو خوێندنەوەی یادەوەری ئەمانە بەسە بۆ ئەوەی مێژووی شكستی شارەی پێبخوێنیتەوە.هەروەك گێڕەرەوە وێنای ئەو حاجی لەقلەقە پیرانەش دەكات كە هاوشان و هاوتەمەنی پیاوەكانن وئەمانیش هەڵگری بیرەوەرییەكانی شارو ئەم ناوچەیەن ، ئەو بیرەوەریانەی تێكڕا كارەسات و ناهەمواربیەكانی ئەم ناوچەیە دەگێڕنەوە ، لێرەدا چیرۆكنووس دوو رەگەزی دیار دەكات بە شایەت كە ئەوانیش پیرەمێردەكان و حاجی لەقلەقەكانن.لەم گێڕانەوەشدا پێمان دەڵێت ئێمە خاوەنی عەقڵێكی ئەو تۆ نین كە توانای خوێندنەوەی ئەو یادوەرییەی هەبێت ، یادوەرییەك كە تا سەر ئێسقان بارگاوی كراوە بە رەگەزەكانی شكست وئامادەنەبوون.ئەوەی گێڕەرەوە لە بارەی ئەو یادوەرییانەوە پێمان دەڵێت ئەوەیە كە تەنیا شاعیرەكان توانیوویانە لە بارەی ئەو رابردووەوە لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەكانیاندا بەرجەستەی بكەن. دەقە زیندووەكانی نالی و سالم لەو بوارەدا دەبنە بەڵگەی تەواو بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە.بەلاّم سەرباری ئەوەش ئێمە لەبەر ئامادەنەبوونمان نەمانتوانی تەنانەت رێگا لە لەناوچوونی ئەو یادەوەریانەش بگرین كە دەشیا نەوەكانی دوا تر بیانتوانیایە خوێندنەوەی وردو پڕ لە بایەخی بۆ بكەن.

دوای دەستپێكی چیرۆكەكە كە لە دەقەكەدا بە یادەوەری ناو براوە ، گێڕەرەوە كە تاكە قسەكەرە لە دەقەكەدا چركەساتێكی ترسناكی مێژوویمان لە بەردەمدا ئامادە دەكات كە ئەویش چركەساتی بەر لە مردنە واتە پێمان دەڵێت خۆتان بۆ مردن ئامادە بكەن كە ئەوەش دەشێت دوو لێكدانەوەی بۆ بكرێت كە یەكەمیان لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە

نائامادەبوونی ئێمەوە هەیە لە رووی خۆسەلماندن و بەرهەم هێنانی شارستانێتییەوە بە واتا مادەم ئێمە نەمانتوایووە بوونی خۆمان بسەلمێنین مانای وایە لە بەردەم ئەگەری . مردن و لە نێوچووندایین.دووەمیان ئەوەیە کە شار لە بەردەم مەترسی هەڕەشەی دەرەکیدایە کە ئەویش هەڕەشەی هێزە دەرەکی و داگیرکەرەکانە کە لە هەوڵی سڕینەوەو لە نێوبردنی بوونی لاوازی ئێەدان بە واتا ئێمە لە بەردەم دەروازەکانی مەرگدا راوەستاوین و لەوێشڕا گێڕەرەوە بە خێرایی چەند دیمەنێکی دیاری رووداوەکانی سلێمانیمان پێشکەش دەکات کەرووداوی چەند قۆناغێکی جیاوازن.

رووداوی یەکەم مێژووی دامەزراندنی سلێمانییە. رووداوی دووەم دامەزراندنی یەکەم دەسەلاتی کوردییە لەم شارەدا لە دوای رووخاندنی دەسەلاتی بابانەکان کە ئەویش دەسەلاتدارییەکەی شێخ مەحمودە لە ساڵی 1918 دا.رووداوی سێیەم کارەساتی رۆژی رەشی شەشی ئەیلولە ، رووداوی گرنگی دوای ئەوەش راپەڕینی بەهاری ساڵی (1991) و چەند رووداوێکی تری تراژیدی،چیرۆکنووس لە رێگای هێنانی ئەم جۆرە رووداوانەوە دەیەوێت لە ئاستی یەکەمدا بایەخ و گرنگی ئەم شارە دەربخات ، لە ئاستی دووەمیشدا ئەم رووداوانە کە لە بنەڕەتدا دژو لە گەڵ یەکتر ناکۆکن ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە ئەم شارە زەمینەی هەم بینا کردن و ئاوەدانکردنەوەو هەم زەمینەی مەرگەسات و وێرانکارییە ، واتە شوێنێك کە هاوکات تیایدا لە دایك بوون و مردن ئامادەبوونیان هەیە ،ئەمەش دەلالەتی ئەوە بۆ ئەم شارە بەرهەم دێنێت کە وەك هەر شوێنێکی تر مەحکومە بە ملکەچ بوون بۆ یاساکانی سرووشت و هارمۆنیای سرووشت کە لە سەر بنەمای دووانەی مەرگ و ژیان بنیاد نراوە.،لە هەمان کاتدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە ئەم شارە لە بەرئەوەی نەیتوانیووە لە رووی بەرهەمهێنانی شارستانێتەوە خۆی بسەلمێنێت و ببێتە خاوەنی شوناس

و له سەربنەمای بوونی ئەو شوناسە بناسرێتەوە، دەبێ لە ڕێگای هەندێ ڕووداوی دیارەوە کە هەر لەوکاتەی شار دروستکراوە تاکو ئێستا ئەو ڕووداوانە لە یادوەری خەڵکەکەیدا ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە و لە هەر چرکە ساتێکدا دەشێ بۆی بگەڕێنەوە ،ئەم شارە دەناسرێتەوە. هەروەکو نەبوونی ئێستایەك کە شایانی ئەوە بێت شانازی پێوە بکرێت و بوونی لە سەر پێناسە بکرێت دەبێ بە هۆی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەوێڕا لە ڕێگای باسکردنی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی خۆ سەلماندن دەدرێت. لە دوای گەڕانەوە بۆ ڕابردوی شارو ئامادەکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکەدا چیرۆکنووس لە ڕێگەی گێڕەرەوەوە پێشبینی ڕووداوێك دەکات کە تەنیا لە سنووری خەیاڵدا دەشێ پێشبینییەکی لەو جۆرە بکرێت کە ئەویش پێشبینیکردنی مردنی شارە لە ماوەی نزیکەی حەفتا ساڵ دوای بەرهەمهێنانی دەقەکە. دەشێ لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات ئایا ئەو ماوە مێژووە هەروا لە خۆوە دانراوە یان بنەمایەکی بابەتی و مەدلوول دار بۆ ئەو دیاریکردنە هەیە؟

گێڕەرەوە لە وەسفی زەمینەی پێش ئەو ڕووداوە تراژیدیە چاوەڕوانکراوەدا فەزایەك پێشکەش دەکات کە بە ئاشکرا فەزای پێش کارەساتێکی تراژیدیای لەو جۆرەیە کە لە بەردەم مەترسیەکی گەورەدا ڕاوەستابیت بەواتا گێڕەرەوە دەیەوێت لە ڕووی دەروونیەوە ئامادەمان بکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووداوێکی ئاڵۆزو ترسناك کە ڕووداوی وێرانبوونی سلێمانیەوچیرۆکنووس لە ژێر ناوی بە یەکەوە مردندا بەرجەستەی دەکات گێڕەرەوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە وێرانبوونی شار لە ئەنجامی ئەوەدا ڕوودەدات کە خەڵکەکەی دەیەوێت شار بکات بە قوربانی لە پێناوی ئەوەدا کە نەوەکانی داهاتوو فێربن جەنگ ڕەتبکەنەوە ، لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کەئەم شارە بەردەوام زەمینەی شەڕوماڵوێرانی بووەو تاکو

ئێستاش خەڵکەکەی لە رووی هوشیارییەوە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە توانای رەتکردنەوەیان هەبێت.ئەمەش مێژووی شار دەخاتە بەردەم گومانەوە، لە کاتێکدا کە بە بۆچوونی رای خەڵکی شارو ئەوانەشی کە لەسەر ئەم شارە دوواون ئەم شارە زەمینەی خەبات و بەرخووردان و رەتکردنەوەو رۆشنبیری و هەستی نەتەوەیی و راپەڕین بووە.

چیرۆکنووس لە سنووری دەقەکەیدا بە جۆرێك دیمەن و سرووشتی شار لەکاتی ئەو کارەساتە ترسناك و تراژیدیەدا پێشکەش دەکات کە وا پێدەچێت بە درێژایی ماوەی حەفتا ساڵی دوای بەرهەمهێنانی ئەم دەقەدا شار نەك بەرەو پێشەوە نەچووەو گەشەی نەکردووە بەڵکو بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، لە راستیدا ئەمەش دوو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ،یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم شارە لە بنەڕەتدا هەڵگری رۆحی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەکردن و بەرهەمهێنانی شارستانی نییە ،یان ئەوەیە ئەم شارە هیچ خاوەنێکی نییەو لە بنەڕەتدا ئەوەی لەم شارەدا دەژین و ژیاون نەوەی رەسەنی ئەم نین ،دیارە ئەم لێکدانەوەیەشلە گەڵ رووی راستەقینەی دروستبوونی شاردا یەکدەگرێتەوە.دووەمیان ئەوەیە ئەگەر لە رووی تیۆری کۆمەڵناسیەوە سەیری پەرەسەندنی کۆمەڵگای کوردی بکەین کە پەرەسەندنێکی ناسرووشتی هەیە لەو روانگەیەوە کە نەیتوانیووە لە قۆناغەکانی جوڵەی خۆیدا سیستەمی ئابووری و کۆمەلاّیەتی بەرێوەبردنی خۆی پێکبهێنێت و لە ئاقارەشدا دەوڵەتی خۆیی وەکو گۆمەڵکا سرووشتییەکان پێکبهێنایە و بەو جۆرە هەنگاوی بەرەو هاتنە ناو مێژووی هەڵبنایە ، بە هەرحاڵ کۆمەڵگای کوردی لە بەرزترین ئاستی گەشەو پەرەسەندنی خۆیدا توانیوویێتی دامەزراوی میرنشین یان دەسەلاّتی سنووردارو وابەستە دروست بکات بەهەمان شێوە ئەگەر وایدابنێین کە شار زەمینەی بەرهەمهێنان و بنیادنانی شارستانی بێت و لەو روانگەشەوە کە شارستانییەکانیش دوای گەیشتن بە

بەرزترین ئاستی پەرەسەندنیان بەرەو هەرەس و دارمان دەچن ،دیارە بە هەمان پێودانگ سلێمانی وەکو شارێکی ناسرووشتی لەرووی درووستبوونیەوە و لەرووی پەیوەستکردنیەوە بە شێوازی پەرەسەندنی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگای کوردیەوە ئەوە بەرزترین پلەی پەرەسەندنی خۆیی بڕیووەو هەر چۆن کۆمەڵگای کوردی لە بری دەوڵەت دامەزراوی میرنشینی بەرهەم هێناوە ،شاریش رووکەش و سەرخانێکی بێگەوهەر بەرهەم دێنێت وەکو ئەو رووکەشە بێبنەمایەی کە ئێستا لە سیلێمانیدا دەبینرێت. بۆیە ئەگەر لەم رووەوە سەیری سلێمانی بکەین ئەوا دەشێ وای بۆ بچین کە ئەم شارە چیتر توانای گەشەکردن و بەرەو پێشەوە چوونی نەماوە. چیرۆکنووس وێنەیەکی ئەوتۆمان پێشکەش دەکات کە تیایدا شار سیمای مەرگی پۆشیوەو بە گشتی روخساری زیندەگانی پێوە نەماوە. هیچ کەس ئومێدی ژیانی نەماوە دیارە ئەوەش چرکەساتێکی ترسناکە کە تیایدا شارێك کە چاوەڕوانی ئەوەی لێکرابێت ببێتە زەمینەی ناساندنی نەتەوەیەك کەچی ئێستا چیرۆکنووس پێشبینی ئەوەی بۆ دەکات کە هەرەس بهێنێت. لە هەمان کاتدا چیرۆکنووس هۆکاری ئەو مەرگەساتەش دەستنیشان دەکات کە شەڕێك لەئارادایەو خەڵکی شاریش داوایان لێدەکرێت کە هەشتا هەزار سەرباز رەوانەی بەرەکانی جەنگ بکەن. دیارە خەڵکی شاریش لە بەر هەر هۆکارێك بێت ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو داوایە نین بەڵکو دەیانەوێت بۆ خۆیان هەڵوێستێك تۆمار بکەن و لەهەمان کاتیشدا نەوەکانی دوای خۆیان فێربکەن کە جەنگ رەتبکەنەوە. بەلاّم لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا ئەو جەنگەی کە چیرۆکنووس باسی لێوە دەکات جەنگی چیەو مەبەست لە دەوڵەت کێیەو لە گەڵ کێدا جەنگ دەکات و لە پێناوی چیدا ئەو جەنگە بەرپا دەبێت؟ ئەو جەنگەی کە چیرۆکنووس باسی دەکات دەمانگێڕتەوە بۆ یادوەری تالّی جەنگی نێوان عێراق و ئێران کە سەدان هەزار

کەسی تێدا بوو بە قوربانی بۆیە لێرەدا دەشێ وای بۆ بچین کە گواستنەوەی رووداوە ترسناکەکانی ئەو جەنگە بۆ نێو پانتایی نەست لە قۆناغێکداو کارکردن و دەرکەوتنەوەیان لە قۆناغ و کاتێکی تردا دەوری هەبێت لە سەر بەرهەمهێنانی ئەم دەقە چونکە بە ئاشکرا فەزای ئەم چیرۆکە فەزای جەنگی نێوان عێراق و ئێرانە کە تیایدا سلێمانی بوو بووە زەمینەی کوشتن و برین و گولە باران کردنی گەنج و پیرو شار بە گشتی سیمای مەرگی پۆشی بوو ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەم شارە لەو دەمەدا هەڵگری رۆحی رەتکردنەوەو مل نەدان بوو، هەردەم رووبەرێك بوو بۆ بەرهەمهێنانی رۆحی بەرگری.لێرەشەوە دەشێ ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کەمەبەستی چیرۆکنووس بەتەواوی ئاشکرا بکات کە ئەویش ئەوەیە کە مادەم ئەم شارە رۆحی بەرگری و رەتکردنەوەی لە دەستداوە مانای وایە لە گەوهەرو ماهیەتی خۆیدا ماکی تێکشکاندن و هەرەسهێنان و مردنی خۆیی بە ئاشکرا هەڵگرتووە.هەستکردنی خەڵکی شار بە لە دەستچوونی ئەو خاسێتە سروشتییەی کە لە درووست بوونی شارەوە بوویانە هۆکاری سەرەکیە بۆ ئەوەی درووشمی پێکەوە مردن بەرزبکەنەوە کە ئەوەش وەکو جۆرێك لە خۆکوشتن وایە. بە واتا خەڵکی شار لە بەر ئەوەی هەست دەکەن شوناسی راستەقینەی خۆیان لە دەست داوەو لەوەش ناچێت هەروا بە ئاسانی ببنەوە بە خاوەنی ئەو ناسنامە لە دەست چووە بۆیە رێگای پێکەوە مردن هەڵدەبژێرن کە ئەوەش دەلالەتی ناکارایی و نائامادە بوون بەرهەم دێنێت.

دیسانەوە دەگەرێینەوە بۆ قسە کردن لەسەر ئەوەی ئایا بۆچی سەرجەم خەڵکی شار پێکەوە هەمویان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بریاری مردن دەدەن. بەڵام پێش ئەوە باشتر وایە سەیری ئەوە بکەین کە چۆن خەڵکی هەریەکە بەجۆرێکی ئەوتۆ رەفتارو هەڵس و کەوت دەکەن کەبە ئاشکرا خۆ ئامادەکردنە بۆ پێشوازی مەرگ. ( بازرگانەکانی شار

سەریان لە بێدەنگی شارسوڕمابوو، بازرگانە دەرەکییەکان و میوانەکان لە یەك کاتد اشار جێدێڵن، عەرەبانەکان فڕێدرابوون و وڵاخەکان بەرەڵا کرابوون، پاسەوانەکان رایانکردبوو تفەنگەکان فڕێدرابوون، سەك و پشیلەکان بەرەڵاو ئۆتۆمۆبێلەکان بەجێهێڵرابوون ، مزگەوتەکان بێ بانگ و شەقامەکان تاك و تەرا درەختیان تێدا مابوو، شار بێدەنگ و خامۆش فەزای مەرگی پۆشیبوو...)

گێڕەرەوە پێمان دەڵێت شار لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە و ئەوەتی ئەم شارە هەیە دووچاری چەندین شەڕو ماڵوێرانی هاتووە بەڵام هەرگیز بەشێوەی ئەم جارە سیمای مردنی نەپۆشیوە. ئەم دیمەنانە بە گشتی دەبنە ئامادەکەری فەزایەك کە فەزای پێش کارەساتە. بەڵام ئەوەی مایەی لەسەر راوەستانە ئەوەیە بۆچی شارێك بە گشتی خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات؟ بێگومان لێرەشدا لەبەردەمی ئەو بۆچوون یان لێکدانەوەیەدا دەوەستین کەدەشێت خۆ ئامادەکردنی شار بۆ پێکەوە مردن دەلالەتی ئیشکردنی عەقڵی دەستەجەمی بەرهەم بهێنێت لە کاتێکدا لە رووی سرووشتییەوە لە شاردا هبێت عەقلی تاکە کەس ئیش بکات یان بەمانایەکی تر دەبێت بەئەندازەی کەسەکان عەقڵ هەبێت. ئەمەش ناسنامەی شار دەخاتە بەردەم گومانەوە،گومانی ئەوەی کە دەشێ ئەم پێکهاتەیە تەنیا لەروی ژمارەی دانیشتوانەوە بە شار دابنرێت ئەگینا خاسێتەکانی شارو عەقڵی شارو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای شاری تێدا دروست

نەبووە هەر ئەوەش وادەکات کە شار بەشێوەیەکی کۆدەنگی و بەبێ دروست بوونی دەنگی جیاواز یان اکۆك لەگەڵ دەنکی کۆدا هەموو خۆ ئامادە دەکەن بۆ مردن.هەر لێرەشەوە دەواتین سەرنجی کۆمەڵگای کوردی بدەین و لەوە تێبگەین کاتێ ئەم کۆمەڵگایە بە کۆمەڵگای مەدەنی ناو دەبەین مانای وایە لە پلەی یەکەمدا ئێمە پێناسەمان نییە بۆ

چەمکە کۆمەلاّیەتییەکان بە تایبەتی لە کاتێکدا کە سلێمانی یەکەم شاری کوردستانە ئەمە خاسێتەکانیەتی ئایا دەبێ حاڵی شارەکانی تری چۆن بێت کە بێگومان بەراورد بە سلێمانی زۆر لە دواترن ،بۆیە دەشێ سەرباری دۆزینەوەی چەندین هۆکار بۆ روودانی ئەو ترژیدیایەی کە شار چاوەڕوانی دەکات، ئەو دەلالەتە بەرهەم بێت کە کاتێ ئەو پێکهاتەیەی بە شار ناو دەبرێت و تەکانی شاری هەڵنەگرتووە مانای وایە لە بەردەم مەترسی لە ناوچووندایە کە دەشێ لە سنووری ئەم دەقەدا ئەو مەترسیە لە چوارچێوەی مەرگی شاردا بە هەموو رەگەزەکانیەوە واتە بە مرۆڤ و غەیری مرۆڤەوە پێکەوە بەرجەستە بکرێت.

گێڕەرەوە هەندێ دیمەنی تری تراژیدیان نیشان دەدات وەکو هەڵکەندنی گۆڕەکان لەلایەن خودی خەڵك خۆیانەوەو دانیشتنی پیاوو ژن و کچە گەنجەکان واتە هەموو خەڵك بە دیار گۆڕەکانیانەوەو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی رابردوو، باسی پەیکەری ئەنفال کراوەکان و مردوەکانی گۆڕی بەکۆمەڵ و لە سێدارەدراوەکان وکوژراوەکان لە گەڵ گاڵتەکردنی پیرەکان بە بانگەوازەکانی مەرگ ) ، هەموو ئەم شتانەی کە پێکەوە دەلالەتی هاتنی کارەساتێك هەڵدەگرن کە ئەویش وەکو لە سنووری دەقەکەدا دەردەکەوێت کارەساتی تراژیدیای پێکەوە مردن و مەرگی شارە، کە ئەمەش بەبێ رێکەوتنێکی پێشوەختە درووستبووە کە ئەوەش دیارە بەڵگەی ئامادەبوونی کۆنەستییەکی بەهێزە لەو رووبەرەدا کە بەشار ناوی دەبەین و ناسراوە کە ئەمەش لە رووی کەلتوورو عەقڵی شارەوە بە خاڵێکی لاواز دادەنرێت چونکە لە زەمینەی شاری سروشتیدا بەو ئەندازەی کە عەقڵی تاکە کەس و روانینی تاکە کەس و ئامادەبوونی تاك کار دەکەن و بوونیان هەیە ئەوەندە مەسەلە پەیوەستەکان بە عەقڵی دەستەجەمی وکاری بە کۆمەڵی عەفەوییانەو رۆیشتن بە دوای کارواندا بوونیان نییە.بە مانایەکی دی سەرباری ئەو دەلالەتە گشتیەی لە پشتی

پێشبینیکردنی مەرگی شارەوە بەرهەم دێت دیسان ئەم دەقە پرسیار لە سەر شوناسی شار لە زەمینەی سیۆسیۆلۆژی ئێمەدا بەرز دەکاتەوە، ئایا لە زەمینەی کۆمەلآیەتی ئێمەدا شاری خاوەن شوناس هەیە؟ ئایا شار هەلگری بنەماکانی شارو خاسێتەکانی شارە؟ ئایا کۆمەلگای شار درووست بووە؟ ئایا ئەگەر وەلآمی درووستی ئەم پرسیارانە بە نێگەتیف بدرێتەوە کەواتە ئەو دامەزراوانەی ئێمە بە دامەزراوی حیزب و حکومەت و خێل و سەرجەم دامەزراوەکانی تر چ جۆرە دامەزراوێکن؟

راستە چیرۆکنوس لە سەر بنەمای ئەو زەمینە وێرانەیەی واقیعی کۆمەلآیەتی و شارستانی و مێژووی و کەلتووری و سیاسییەی ئێمە و لەو بارو دۆخە ترسناکەی سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا کە هەمیشە شار لە بەردەم مەترسی گەورەدا بوو لە بەرئەوەی خۆی نەدەدایە دەستەوەو گوێڕایەلی داواکانی دەسەلآتی داگیرکەر نەدەبوو ،دەشێ ئەوەی چیرۆکنوس لە چوارچێوەی دەقەکەدا بەرجەستەی دەکات هەرهەمان ئەو رووداوانە بێت کە بە واقیعی روویان داوەو خەلکیش بەجەستوورانە بەرگریان کردووەو خۆیان نەداوەتە دەستەوە ، بەلآم لە ئێستادا لە بەرئەوەی کە خەلکی توانای بەرگرییان نەماوە یان ئەوەیە بە کۆمەل و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شار بەجێدەهێلن یان هەریەکەو لە بەردەم مالەکەی خۆیدا بەدەستی خۆی گۆڕی خۆی هەلدەکەنێت و خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات کە ئەوەش رەتکردنەوەیەکی سەختە و بەلگەی ئەوەیە کە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە بەهێزەیە کە ئامادەیە لە پێناوی رەتکردنەوەی ئەوەدا کە بڕوای پێی نییە بەدەستی خۆی گۆڕ بۆخۆی هەلبکەنێت وبمرێت کە ئەمەش جۆرێکە لە خۆکوشتن لە پێناوی کەرامەت و پاراستنی ماهیەتی راستەقینەی مرۆڤانەی خۆیدا.

گێڕەرەوە چەندین دیمەنی سەربازو ئەفسەرو چۆڵ و هۆڵی شارو راکردنی خەڵکەکەی و تووشبوونی سەربازەکان بە نەخۆشی رشانەوەو گرانی ژیان و جوڵەو هەرچالاکییەك بەجۆرێك بەرجەستە دەکات کە راستەوخۆ فەزای مەرگ درووست دەکات. هەموو ئەم دیمەنانە کە هەمان مانا بەرهەم دەهێنن و چەند جارێك دووبارە دەبنەوە ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە چیرۆکنووس دەیەوێت بەوجۆرەی کە خۆی بڕوای بەمەرگی شار هەیە ئێمەش بۆ بڕواهێنان بەو چارەنووسە سەختە تراژیدیە ئامادە بکات یان بە لایەنی کەمەوە وامان لێبکات کە لە بارێکی دەروونی پەشێودا بەترس و گومانەوە بڕوانینە داهاتوو، ئەمەش وەکو ئەوە وایە لەبەردەم مەترسی مردندا راوەستابین ، دیارە لە بارێکی لەو جۆرەشدا مرۆڤ توانای کار کردنی نامێنێت، ئەمەش ئەو چرکە ساتەیە کە تیایدا جیهانبینی گشتی چیرۆکە بەرجەستە دەبێت کە ئەویش بریتییە لە بە پەراوێز بوونی شار لە ئەنجامی لە دەستدانی خاسێتی (بکەری) لەلایەن ئەو بکەرانەوە کە لە رابردوودا توانیوویانە شووناسی شار بۆ سلێمانی بەدەست بهێنن یان مێژوو بۆ شار درووست بکەن یان ئامادەیی شار بسەلمێنن و دەستەبەر بکەن کە ئەویش لەوەدا خۆی دەبینێتەوەو دەردەکەوێت کە جیاوازی ئەم شارەیە لە گەڵ سەرجەم ئەو شوێنانەی تری کوردستاندا کە ناوی شاریان لێنراوە. گێڕەرەوەکە لە بنەڕەتدا خودی چیرۆکنوسە کۆمەڵێك دیمەنی ناو شارمان پێشکەش دەکات کە خاسێتی بەشاربوونی سلێمانی نیشان دەدەن بۆ نموونە خەڵکی سار هەرچی پەڕتووك و رۆژنامەو کاغەزی سپی هەبوو هەموویان دڕاندو فڕێیان دانە کۆلأنەکانەوە ، شار لە مۆزەخانەیەکی سەیر دەچێت. کاتێ خەڵکی دەبینن کە لە ئاکامی نکوڵی کردنیان لە فەرمانی سەرۆك بۆ بەشداریکردنیان لە جەنگدا رووبەڕووی ئەو هێرشە گەورەیە دەبنەوە کە هێزەکانی سەرۆك دەیکاتە سەریان بەلاّم لە گەڵ ئەوەشدا

ئەمان مل نادەن و بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر نارەزایی خۆیان دەردەبڕن. سەرەتا بە دەربڕینی هەڵوێستی رەتکردنەوەی شەڕ پاشان بڕیار دەدەن کە کەس بەشداری نەکات لە شەڕداو دوای ئەوەش هەندێك شار جێدەهێڵن و هەندێکی ترگۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن و وەکو لە رووداو وەستانێك بە دوژمن دەڵێن ئەمان ئامادەن لە پێناوی بەرگری کردن لە بیرو باوەڕی خۆیان وخۆیان بەخت بکەن تەنانەت ئەگەر ئەوە بە خۆ کوشتنیش بگاتە ئەنجام هەروەك بەرپرسی ئەو سوپایەی کە دێتە ناو شارەوە هەوڵدەدات خەڵکەکە لەو بڕیارە ترسناکە پەشیمان بکاتەوە بەلاّم کەس گوێی لێناگرێت و لەسەر بڕیاری خۆیان سوور دەبن و تەنانەت خەڵکی ئەوەش رەت دەکەنەوە کەوەلاّمی پرسیارەکانی سەرباز و ئەفسەرەکان بدەنەوە ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە لە نێوان ئەوانی داگیرکەرو هێمای دەسەلاّت و خەڵکیدا زمانی گفتوگۆ بوونی نییە ، تەنانەت ئەگەرئەمانی جەماوەر وەلاّمیش بدەنەوە هێشتا هیچ مانایەکی نییە چونکە قسەکانیان لەلایەن جەمسەری دووەمەوە کە ئەوانی هێمای دەسەلاّتن نابیسترێت.ئەمەش دیسان پێچەوانەی کەلتوری شارە کە کەلتوری گوێ لە یەکتر گرتن و لە یەکتر تێگەیشتن و یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیانە.

خەڵکی شار بێدەنگی وەکو چەکێك بەدژی هێزی دوژمن بەکار دەهێنن بەتایبەتی کاتێك کەخەڵکی دەچنە سەربانی ماڵەکانی خۆیان و بە لێدانی ئاسنەکان فەزایەکی ترسناك دروست دەکەن کە تیایدا سەربازەکان هەست بەترسێکی رووخێنەر دەکەن و دەگەنە ئاستی جۆرێك لە هەرس هێنان کە ئەوەش کەواتە بێدەنگیش هەندێ جار دەوری چەکێکی بەهێزو کاریگەر دەبینێت بۆ هەرەس هێنانی بەرامبەر.

لێرەدا گێڕەرەوە لە ڕێگای نیشاندانی دووانەیەکەوە هەوڵدەدات بەراورد لە نێوان دوو جۆر بەرگریدا بکات کە یەکەمیان ئەو بەرگرییەیە کە سوپای وڵات لە بەرەکانی جەنگ دەیکەن و گوایە ئەوەش لە پێناوی ژیان و سەروەری وڵاتدا دەکەت بەڵام خەڵکی ئەم شارە بە بێدەنگی و بەرەتکردنەوەی داواکانی سەرۆك بە ملنەدان بۆ بەشداریکردن لە جەنگێکدا کە پێیان وایە جەنگێکی ناڕوایە بەرگری دەکەن و تەنانەت بۆ مردنێکی بە کۆمەڵیش خۆیان ئامادە دەکەن یان بڕیار دەدەن بە کۆمەڵ شار بە جێبهێڵن بۆ ئەوەی لە جەنگێك خۆیان بە دوور بگرن کە بە لایانەوە ناڕوایە ،ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دێنێت کە خەڵکی ئەم شارە هەروا بە ئاسانی ناهێنرێنە ژێر باری ئەنجامدانی کارێکەوە کە بە دڵیان نەبێت یان بڕوایان پێی نەبێت بەواتایەکی دی خەڵکی ئەم شارە ناتوانن بە دوای هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بڕۆن یان ببنە پاشکۆو پەراوێزی خەڵکانی تر کە دەشێت ئەو خەڵکانەی تر لە بنەڕەتدا خەڵکی شار نەبن یان هەڵگری خاسێتی شار نەبن یان هیچ ئەتەکێتێکی شار نەزانن.هە لە سەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە دەشێ بگوترێت لە سەر زەمینەی شار ئەوەی خەڵك پێکەوە کۆ دەکاتەوە بیرباوەڕی هاوبەشە یان بەرژەوەندی هاوبەشە. ئەگەر ئەم بۆچوونە بگوازینەوە بۆ سەر زەمینەی واقیعی سلێمانی وەکو شوێنێك کە ڕوداوەکانی ئەم چیرۆکەلەو دەدوێن و پەیوەندیان بەوەوە هەیە ئەوا دەبینین تەنانەت لە زۆر ئاستی گرنگ و هەستیارو پڕ بایەخدا خەڵکی ئەم شارە بێباکانە دەکشێنەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا مانای بەزین نییە بەو ئەندازەی کە پڕوا نەبوونە بە چوونە ململانێیەکەوە کە ئەوی بەرامبەر هیچ بنەمایەکی بۆ ئەو جۆرە ململانێیە نییەو لە ناتوانێت ململانێی شارستانیانە بکات کە بنەماکەی فیکرو بۆچوون و جیهانبینییە ،هەر ئەوەشە کە لە ئێستادا دەبینین بوونی ئەم شارە لە پێکهاتەی دەسەڵات حیزبی کوردیدا لە ئاستی

نەبوودایەو  ئەوەش کە بەناو لە سەر ئەم شارە حساب بکرێت و لە نێو دەسەلاّت و حیزبی کوردیدایە یان لە پەراوێزدایە یان پاشکۆی ئەوانی خەڵکی دەرەوەی شارن و نەبوونەتە تاکی خاوەن شوناس هەتا بتوانن بەتەنیاو وەکو تاکە کەسی خاوەن شوناس خاوەنی کەسێتی خۆیان و جیهانبینی خۆیان و بڕیاری خۆیان بن.

کاتیّ ئەفسەرەکەی سوپای دوژمن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باشتر وابوو لە بری جەنگی دوورو درێژو خەڵکی ولاّت بەگشتی و لاوان بە تایبەتی لە بری مردن لە سەنگەرەکانی جەنگدا مێژووی ئەم شارەیان  بخوێندایەتەوە بۆ ئەوەی فێری ژیان ببوونایەو لە مانای ژیان تێبگەیشتنایەو بینزانیایە ژیان دۆستی چی مانایکی هەیە. ئەمەش دیسان ئەوە نیشان دەدات کە لە نێو دامەزراوەی سەربازیدا مرۆڤ تەنانەت  ئەگەر  خاوەنی راو بۆچوونی تیبەتی خۆیشی بێت ناچارە مل کەچی عەقڵی دەستەجەمی ببێت.

بە هەرحاڵ هەرچۆن خەڵکی شار خۆیان نادەنە دەستەوە بەشێك لە ئەفسەرو سەربازەکانیش نارازین لەو کارەی بەناچاری ئەنجامی دەدەن و تەنانەت بڕیارەکانی سەرۆکیش بۆ گوللە بارانکردنی هەرکەسێك کە سەرپێچی دەکات بە ناڕەواو نابەجیّ دەزانن بەلاّم کارکردنیان لە نێو دامەزراوەیەکدا کە ئاراستەی فەرمان تیایدا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە هیچ بوارێکیان نادات کە بتوانن ئەو فەرمانانە رەتبکەنەوە ئەمەش هاوشێوەی هەمان ئەو کەسانەیە کە لە نێو دەسەلاّت و حیزبی کوردیدا لەهەر ئاست و پلەیەکدا بن توانای  بیرکردنەوە یان یان بڕیاردانیان نییە بەڵکو دوای قسەو بیرکردنەوەو بڕیاری لوتکەی هەرەمی دەسەلاّت یان ئەو پێکهاتەیە یان ئەو حیزبەیە دەکەون کە ئەمەش لە گەڵ زەمینەی شارو کەلتوری شاردا کۆك نیە بەهەرحاڵ گێڕەرەوە چەندین دیمەنی جۆراو جۆرو چەندین هەڵوێستی دژ بەیەك و خەماویمان نیشان دەداتبەو مەبەستەی کە بە تەواوی لە

رووی دەروونیەوە ئامادەمان بکات بۆ وەرگرتنی ئەو پێشبینییەی کە بۆ مردنی شار دەیخاتە روو. لەو سەرو بەندەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شار هێمای خۆڕاگری و خۆبەدەستەوە نەدانە ئەگەر چی رووبەڕووی مەرگ و کارەساتیش بێتەوە ، هەروەك لە شاریشداً عەقڵی تاکەکەس و هەڵوێستی تاکەکەسی خاوەن شووناس جێگای عەقڵی دەستەجەمی دەگرێتەوە کە ئەمەی دوواییان واتە عەقڵی دەستەجەمی لە خاسێتەکانی خێڵ و کۆملەگای خێلاێەتییە، لەم شارەدا لە ژێر کاریگەری گیانی بەرگریدا خەڵك بەکۆ و لە دەرەوەی بڕیاری سەرخێڵ یان سەرۆکی حیزب و پێدەچێت لە دەرەوەی هەر رێکەوتنێکی بەرنامە بۆ دارێژراویش ئەو هەڵوێستە وەربگرن.کەواتە لێرەوە ئەوەمان لەلا ئاشکرا دەبێت کە کە سلێمانی لە بەر بوونی بەشێکی سادە لە خاسێتەکانی شار بە ئاسانی مل بۆ ئەو شتانە نادات کە بڕوای پێی نییە کە ئەمەش وایکردووە لە سەر نەخشەی سیۆسیۆلۆژیای کوردی ئەم شارە لە شارەکانی تری کوردستان جیاواز بێت و نەك هەر لە روانینی ئێمەوە لە نێو کوردستاندا بەڵکو ئەوانەی کە لە دەرەوەی کوردستانیش لەسەر کۆمەلگای کوردی و مێژووی نوێی ئەم کۆمەڵگایە قسەیان کردووە وای دەبینن کە سلێمانی یەکەمین شاری کوردستانە کەدەشێ ببێتە سەرچاوەی زیندوو بوونەوەو رابوونەوەو رێنیسانسی کوردی،بەلاّم کاتێ چیرۆکنووس پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەم شارە لە ئایندەیەکی نزیکد وێران دەبێت مانای وایە زەنگێکی ترسناکمان بۆ لێدەدات و پێمان دەڵێت ئەو سەرچاوەیەی کە ئێوە دەتانەوێت لێیەوە بێە ناو مێژووەوە ئێستا لە بەردەم مەترسی وێرانبوون و لە نێوچووندایە بە واتا ئومێدی بەدەستهێنانی داهاتوومان لە پێشبینیەکەی چیرۆکنووسدا هەرەس دەهێنێت ، ئەمەش ئەو چرکە ساتە ترسناکەیە کە ئێمە وەکو نەتەوەیەك تیایدا هەست بە کوشتنی داهاتوومان دەکەین.

لەم چیرۆکەدا کەسی دیار گێڕەرەوەیە کە لە ڕێگای گێڕانەوەیەکی ئاساییەوە وەکو چاودێرێك کە لە دەرە سەیری ئۆتۆبایۆگرافیای شار دەکات هەرلە دروستکردنیەوە تاکو کاتی دروستکردنی یەکەمین حوکمداری تیایداو پاشان زنجیرەیەك ڕووداوی تراژیدی کە لە سەر بنەمای ئەو ڕابردووەو ئەو ململانێ سەختەی کە شاری پیا تێپەڕیوە پێشبینی ئەوە دەکات کە لە ئایندەدا شار ڕووبەڕووی وێرانبوون و لەناوچوون دەبێتەوە هەروەك وەسفی مێژووی شارو گێڕانەوەی ئەو مێژووەو ڕووداوە تراژیدییەکانی لەلایەن گێڕەرەوەوەو نەبوونی کەسێتی دیاری ئەو تۆ کە درووستکەرو خولقێنەری ڕووداوەکان بێت بە جۆرێك کە دەوری بکەری ڕووداو دروستکەر ببینێت وایکردووە کە چیرۆکەکە زیاتر چیرۆکێکی وەسفی بێت کە ئەوەش پەیوەندی بەجۆری گێڕانەوەوە هەیە گە ئاراستەیەکی ئاسۆیی هەیەو بەو شێوەیەی کە زنجیرەی ڕووداوەکان لەواقیعدا بەدوای یەکدا دێن بەهەمان شێوە لەو گێڕانەوەیەشدا دێن یان وەسف دەکرێن کەئەوەش لەراستیدا بەخاڵێکی لاواز دادەنرێت لە ڕووی تەکنیکەوە بە جۆرێك کە نە لەسەر شێوازی تەکنیکی تەقلیدیی ئەرستۆیی دەڕوات نەتەکنیکی نوێ پەیرەو دەکات نەبەرهەمهێنانی جۆرێك لەفانتازیایە بەلاّم لەگەڵ ئەوشدا فراوانی ئاستی خەیاڵ دەقێکی بەرهەم هێناوە کە دەشێ وەکو دەقێکی زیندووی خاوەن پرسیار سەیر بکرێت بەلاّم دیارە دیارە ئەو خەیاڵە پێویستی بە جۆرێکی تر لە مامەڵە لە گەڵ کردنە بۆ ئەوەی بە شێوەی ڕەگەزێکی خاو یان ڕەگەزێکی سرووشتی دەست لێنەدراوی ڕێکنەخراو نەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە هاسەنگیەك لە نێوان ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی دەقێکی چیرۆکی زیندوودا دروست ببێت پێویستە ڕەگەزەکانی زمان و تەکنیك و ڕووداوو خەیاڵ هەموو پێکەوە کاربکەن بۆ بەرهەمهێنانی جیهانبینی دەق و ئاراستە کردنی پرسیارەکانی دەق بە شێوەیەکی ئەو تۆ کە هاوسەنگی نێوان ڕەگەزو توخمەکانی

بەرهەمهێنانی دەق و هارمۆنیای نێوانیان پێکبێت. بەهەر حاڵ ئەم دەقەی نەجات نوری لە گەڵ ئەوە ی کەلە رووی بنیادی دەقەوە کە مەبەست لەوەش رەگەزەکانی نووسینە لاوازی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی جیهانبینی و ئەو پرسیارانەی کە هەڵیگرتووەو لە رووی فراوانی خەیاڵەوە شایانی لە سەر راوەستان و قسە لە سەر کردنە.

کانونی دووەمی2007